زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# کێشەی ڕۆمانی خەیاڵی و واقیعی لە چەند ڕۆمانێکی نوێی کوردیدا (توێژینەوەیەکی شیکاری- تیۆری- پراکتیکی)یە

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

لە لایەن
**هاوارە رەمەزان وەلی**
بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی- زانکۆی سلێمانی- ٢٠١٥

بە سەرپەرشتی
**پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر**

هەولێر- کوردستان
تەموز ٢٠٢٣

**بەڵێننامە**

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانەکەی بریتیە لە (کێشەی ڕۆمانی خەیاڵی و واقیعی لە چەند ڕۆمانێکی نوێی کوردیدا، توێژینەوەیەکی شیکاری – تیۆری – پراکتیکی)، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردووەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە .

واژوو:

ناوی قوتابی: **هاوارە ڕەمەزان وەلی**

ڕێکەوت: ١٢/ ٧/ ٢٠٢٣

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردی من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کەبەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:
ناو: **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:
ناو: **د.سۆران مامەند عەبدوڵڵا**
سەرۆکی بەشی کوردی
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

واژوو:
ناو: **پ.ی.د. جیهاد شوکری ڕەشید**
بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژی زمان
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

**بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە**

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان، کە ناونیشانی بریتی بوو لە(کێشەی ڕۆمانی خەیاڵی و واقیعی لە چەند رۆمانێکی نوێی کوردیدا، توێژینەوەیەکی شیکاری- تیۆری – پراکتیکیی) خوێندەوە و قوتابیەکەمان کە ناوی (هاوارە ڕەمەزان وەلی) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری ئەدەبی تێدایە.

واژوو:
ناو: **پ.ی د. جەبار احمد حسن**
ئەندام
ڕێکەوت: ١٢/ ٧/ ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.د. مەریوان عومەر دەوڵەت**
ئەندام
ڕێکەوت: ١٢/ ٧/ ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.د. موحسین احمد عمر**
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ١٢/ ٧/ ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.د. مەولود ابراهیم حسن**
سەرۆکی لێژنە
ڕێکەوت: ١٢/ ٧/ ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: **پ.ی.د. سامان حسێن عمر**
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕێکەوت: / ٧/ ٢٠٢٣

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستایش بۆ یەزدانی میهرەبان کە سەرچاوەی بوون و زانستە.
- سوپاس بۆ پ.د موحسین ئەحمەد عومەر کە سەرپەرشتی نامەکەی گرتە ئەستۆ و بە تێبینی و سەرنجە وردەکانی هاوکارم بوو.
- سوپاس و پێزانینی بێ ئەندازەم بۆ هاوسەری ژیانم کە لە ساتی یەکەمەوە لە خۆم زیاتر خەمی باشی وبە پێزی نامەکەی بووە و و سەربازی ونی پشت نووسینی هەر وشەیەکە.
- سوپاسی بێ پایانم بۆ سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن و بەتایبەت قۆناغی ماستەر مامۆستا و ڕێپیشاندەرم بوون.
- سوپاسی بێ ئەندازەم بۆ هاوڕێ بەڕێزەکانم کە بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو کات و ساتێکدا لەگەڵم بوون و ڕەخنە و تێبینی و خوێندنەوەکانیان نامەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

## پێشکەشە

- به كورد و كوردستان

- به ڕۆحی دایكم كه تەمەن مەودای بینینی ئەم ڕۆژەی پێ نەدا.

- به باوكی ماندووم كه به شەونخونی و ماندوویەتییەكی هەمیشەیی منی گەیاندە ئەمڕۆ.

- به هاوسەر و هاوڕێی ژیانم كه هەمیشه قەڵایەكی پۆڵایینه له پشت سەركەوتنەكانم.

- به مامۆستایان و فێرخوازان و دۆستانی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی كوردی.

- به خوشك و براكانم.

- به هاوڕێ ئازیز و قەدرگرانەكانم.

**پوختە:**

بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە کێشەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵییە لە ئەدەبی نوێی کوردی، ڕەهەندی واقیعی و خەیاڵی لە ئەدەبی کوردی مێژووێکی هەیە، ئەم مێژووە لەگەڵ دەرکەوتن و گەشەسەندنی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی دەردەکەوێ و پەرەدەسێنێ، بەڵام وەک ڕەگ و ڕیشە مێژوویەکی کۆنتری هەیە، لە فۆرمە کۆنەکانی گێڕانەوە لە ئەدەبی کۆنی کوردی وەک داستانە شیعرییەکان و چیرۆکە میللییەکان و زۆر فۆڕمی تر دەدۆزرێتەوە. توێژینەوەکەی ئێمە لە بارەی ئەدەبی نوێی کوردییە. لە سەرەتای توێژینەوە پێشینەیەکمان پێشکەش کردووە بۆ تێگەیشتن لە کێشەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە ناوەندە جیاجیاکانی ئەدەبی و سەرچاوە جیاجیاکان لە پازدە ساڵی دوایی. پاشان بەشی یەکەم و دووەمی توێژینەوەکە کە بەشە تیۆرییەکانی ئەم توێژینەوەیە، تایبەتە بە لێکدانەوەی تیۆریی و ناساندنە تیۆرییەکان، دوو تەوەریش بۆ مێژووی کێشەی ڕۆمانی خەیاڵی و واقیعی لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی جیهانی تەرخان کراوە. لە بەشی سێیەم کە تایبەت بە کاری شیکاری و کردەکی، سێ رۆمانی نوێی کوردیمان بە یارمەتی بەشە تیۆرییەکانی بەرایی شیکردۆتەوە و باسمان لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی خەیاڵی و واقیعی کردووە وەک: کارەکتەر و شوێن و ڕووداو و وەسف و کات. وەک ئەنجامیش لەو باوەڕەداین ئەم بابەتە بە هۆی گرێچنی تیۆری و کردەکی تایبەت بە خۆی دەشێ هێشتا پێویستی بە چەند توێژینەوەی تر بێ. ئەم هەوڵەی ئێمەش وەک کارێکی پێشەنگ، کرنەوەی دەروازەیەکە بەم ئاراستەیە.

**پێڕست**


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێننامە | II |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | III |
| بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە | IV |
| سوپاس و پێزانین | V |
| پێشکەشە بە | VI |
| پوختە | VII |
| پێڕست | X-VIII |
| پێشەکی | 3-1 |
| پێشینە | 11-4 |
| **بەشی یەکەم: لەبارەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵییەوە** | **26-12** |
| تەوەری یەکەم: چەمک و واتای (واقیع و خەیاڵ) | 12 |
| ١-چەمک و واتای واقیع | 12 |
| ٢-چەمک و واتای خەیاڵ | 13 |
| ٣- مەبەست لە ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی چییە ؟ | 14 |
| تەوەری دووەم: پێناسەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی | 24 |
| پێناسەی رۆمانی واقیعی و خەیاڵی | 24 |
| **بەشی دووەم** | **72-27** |
| تەوەری یەکەم : دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی | 27 |
| ١- کێشەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە ئەدەبی کوردیدا: دەرکەوتن و گەشەسەندن | 27 |
| تەوەری دووەم: | 39 |
| ٢- دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە ئەدەبی جیهانیدا | 39 |
| تەوەری سێیەم: ڕەخنەی کوردی لەبارەی ڕۆمانی (واقیعی و خەیاڵی) | 44 |
| یەکەم: ڕوانینی تیۆری ڕەخنەی کوردی لە بارەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی | 44 |
| دووەم: تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی. | 49 |
| ١-کارەکتەر | 49 |
| ٢- شوێن | 52 |
| ٣- ڕووداو | 56 |
| ٤- وەسف | 58 |
| ٥- کات | 60 |
| سێیەم: تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی خەیاڵی | 62 |
| ١-کارەکتەر | 63 |
| ٢- ڕووداو | 66 |

| | |
|---|---|
| ٣- شوێن | 67 |
| ٤- کات | 70 |
| ٥- وەسف | 71 |
| **بەشی سێیەم: بەشی سێیەم: شیکاری و لێکدانەوەکردەکی.** | **132-73** |
| یەکەم: ناساندنی ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی | 73 |
| ١- دەستپێک لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی | 76 |
| ٢-کارەکتەری ڕۆمانی واقیعو خەیاڵی داگیرکردنی تاریکی. | 78 |
| ٣-ڕووداوی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی | 84 |
| ٤- شوێنی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی | 92 |
| ٥-کات لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی | 98 |
| ٦-وەسف لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا. | 101 |
| دووەم: ڕۆمانی دێوانەیەک لەم شارەیە | 106 |
| ١-ناساندنی ڕۆمانی دێوانەیەک لەم شارەیە | 106 |
| ٢- کارەکتەری واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: دێوانەیەک لەم شارەیە. | 107 |
| ٣- ڕووداوی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: دێوانەیەک لەم شارەیە. | 112 |
| ٤-کاتی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی "دێوانەیەک لەم شارەیە"دا. | 115 |
| ٥- شوێنی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: دێوانەیەک لەم شارەیە. | 116 |
| ٦- وەسف لە ڕۆمانی: دێوانەیەک لەم شارەیە. | 121 |
| سێیەم: ڕۆمانی شازادە و شاعیر | 123 |
| ١- ناساندنی ڕۆمانی شازادە و شاعیر | 123 |
| ٢- کارەکتەری واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: شازادە و شاعیر. | 124 |
| ٣-ڕووداوی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: شازادە و شاعیر. | 127 |
| ٤- شوێن و کاتی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: شازادە و شاعیر. | 128 |
| ٥- وەسفی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: شازادە و شاعیر. | 130 |
| ئەنجام | 133 |
| **لیستی سەرچاوەکان** | **R140-R135** |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | A-B |

## پێشەکی

ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی وەک کێشەیەک بابەتێکە کۆن و هەردەم نوێیە، وەک چۆن ئەم بابەتە و ئەم دوو جۆرە ڕەهەندە لە ئەدەبی جیهانی مێژوویەکی هەیە، لە ئەدەبی کوردیش مێژوویەکی هەیە. مێژووی ئەم دوو جۆرە ڕۆمانە لە ئەدەبی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی لە شێوەی گێڕانەوەی نوێ لە فۆڕمی چیرۆک و ڕۆمان و فۆڕمی دی. ڕەگ و ڕیشەی گێڕانەوەی واقیعی و خەیاڵی لەناو داستانە شیعرییە کۆنەکان دەدۆزرێتەوە. لێرەوە ڕەنگە ئەو پرسیارە لە جێی خۆی بێ بڵێین چیرۆک یان بەسەرهاتی خەیاڵی زیاتر لە سەردەمە کۆنەکانی ژیانی کوردی باوتر بوو بێ، بەو هۆیەی لەو سەردەمە ژیان ئەوەندە ئاڵۆز نەبووە وەک ئێستا، کە سەردەمی خێرایی و نەمانی سنووەرەکان و سەختی دابینکردنی ژیانە. هەر ئەم خاڵەش وایکردووە لەم سەردەمە ڕۆمانی واقیعی باڵادەستی زۆرتر بێ و زیاتریش سەرنجی خەڵک و خوێنەران ڕابکێشێ. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ڕۆمانی خەیاڵی، بەتایبەتی ئەو ڕۆمانانەی زیاتر ناوەڕۆکی بریتییە لە ئەفسوون و فەنتازیا کە ماوەیەکی زۆر نیە ڕەواجی پەیدا کردۆتەوە، سوودی نیە یان لەناو دەچێ، نەخێر، بە پێچەوانەوە بوارەکە بەم جۆرە زیاتر ڕێکی و پوختەیی تێدەکەوێ و دەوڵەمەندتر دەبێ. کەواتە ئەم کێشەیە بابەتێکە هەردەم لە ڕۆژەڤە و نوێیە و تا ئێستاش بە پێی گرنگی بابەتەکە توێژینەوەی زانستی لەبارەوە ئەنجام نەدراوە.

### گرنگی و ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردن و ناساندنی هەردوو جۆری ڕۆمانی (واقیعی و خەیاڵی) و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانیان و مێژووی دەرکەوتن و گەشەکردنیان لە ئەدەبی گێڕانەوەی کوردیدا، گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە کارێکی پێشەنگە و بابەتێکی نوێیە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تایبەت بە ڕۆمان ،چونکە تێمای سەرەکی توێژینەوەکە بە دیاریکراوی بابەتی (خەیاڵ و واقیع)ە لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا.

**سنوری توێژینەوە:** سنوری ئەم توێژینەوەیە کێشەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵییە لە ڕۆمانەکانی (داگیرکردنی تاریکی - بەختیار عەلی) و ڕۆمانی (دێوانەیەک لەم شارەیە - نەبەز گۆران) و ڕۆمانی (شازادە و شاعیر - خوسرەو جاف)دا.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) پەیڕەوکراوە، پاش خوێندنەوەیەکی بەرفراوانی چەندین ڕۆمانی نوێی کوردی، دواجار گەیشتین بەو ئەنجامەی هەرسێ ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی- بەختیارعەلی) ، (دێوانەیەک لەم شارەیە- نەبەزگۆران)، (شازادە و شاعیر- خوسرەوجاف) وەک نمونەی کارەکەمان وەربگرین، کاری شیکاری و پراکتیکییان لەسەر ئەنجام بدەین، چونکە ئەم سێ ڕۆمانە هەردوو ڕەگەزی (واقیع و خەیاڵ) بە تەواوی تێیاندا دەرکەوتووە،بە جۆرێکە کە دەست دەدەن بۆ دیاریکردنیان وەک ڕۆمانی (خەیاڵی یان واقیعی).

**پرسیاری توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵماندادوە لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە، بگەین بە ئەنجامی توێژینەوەکە، لەوانە: واقیع و خەیاڵ چین؟ مەبەست لە ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی چییە؟

ڕۆمـانی واقیعـی و خـەیـاڵی لە ئەدەبـی جیهـانی و کوردیـدا کەی سـەریهەڵداوە؟ تایبەتمەنـدییەکانی ڕۆمانی واقیعی و ڕۆمـانی خـەیاڵی چین؟ بنیـاتی توخمەکـانی (کـارەکتەر، ڕووداو، شـوێن، کـات، وەسف)ی واقیعی و خـەیـاڵی لە ڕۆمانەکـانی (داگیرکردنـی تـاریکی) (بەختیـار عەلـی) و ڕۆمـانی (دێـوانەیەک لەم شـارەیە)ی (نەبەز گـۆران) و ڕۆمـانی (شـازادە و شـاعیر)ی (خوسـرەو جـاف)دا چۆنە؟

**پێکهـاتەی تـوێژینەوە:** ئەم تـوێژینەوەیە لە پـوختە و پێشـەکی و پێشـینە و سـێ بەشـی سـەرەکی پێکهاتووە، لەم پێشەینەدا بە پلەیەکەم بۆ وەڵامدانەوەی چەنـد پرسـیارێک بـووە لە بـارەی کێشـەیی ڕۆمـانی واقیعـی و خـەیـاڵی لە ناوەنـدە جیاجیاکـانی ئەدەبـی کـوردی وەک ناوەنـدی ئەکـادیمی و نائەکادیمی. ئەوان لەم پانزە ساڵەی دوایی چۆن لەم بابەتە گەیشتوون. سەرچاوەکانت چین و چی لەم بـارەیەوە نووسـراوە. ئەمەش بەو ئامـانجە بـووە ئێمە لە تەوێژینەوەکەمـان نەکەوینـە نـاو گـوترا و نووسراوی ئەوان و ڕوانین و بۆچوونەکـانی ئەوان دووبـارە نەکەیـنەوە، بەڵکـو ئێمە ئاراسـتەیەکی نوێ بدەینە توێژینەوەکەمان.

**بەشـی یەکەم:** ئەم توێژینەوەیە بـریتییە لە دوو تەوەر، تەوەری یەکەم سـێ بـابەت لە خـۆ دەگرێـت، لەوانە: چەمک و واتای واقیع، چەمک و واتای خەیاڵ، لەگەڵ مەبەست و مانای ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی، لە تەوەری دووەمدا پێناسەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی خراوتەڕوو.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشە تایبەتە بە ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی جیهانی. لە سێ تەوەر و چەند بابەتێک پێکهاتوون. باس لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە ئەدەبی کوردی دەکەین. پاشان سەرهەڵدانی لە ئەدەبی جیهانی. تەوەری سێیەم تایبەتە بە ڕوانینی ڕەخنەی کوردی بۆ کێشەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی. هەر دوو بەشی دوایی تەوەری دوایی تایبەتە بە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی. بۆ هەر یەک لە ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە پێنج بابەتی جیا باس لەم تایبەتمەندییانەی ناوەوەی ڕۆمان دەکەین وەک : کارەکتەر، شوێن، ڕووداو، وەسف و کات. لێرەوە توێژینەوەی تیۆری لەم بارەیەوە کۆتایی دێ.

**بەشی سێیەم:** تایبەتە بە کاری شیکاری و کردەکی. بۆئەم بەشەش ئێمە سێ ڕۆمانی نوێی کوردیمان هەڵبژاردووە، ئەمانەش بریتین لە ڕۆمانی: (داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلی) ڕۆمانی (دێوانەیەک لەم شارەیە-ی نەبەز گۆران) لەگەڵ ڕۆمانی: (شازادە و شاعیر-ی خوسرەو جاف) لەم بەشە بە درێژی لەهەژدە باس بە وردی تەواوی ڕوانین و لێکدانەوە تیۆرییەکانی بەشی یەکەم و دووەممان خستۆتە خزمەتی بەشی سێیەم، بۆ هەر یەک لە ڕۆمانەکان لە ڕووی واقیعی و خەیاڵییەوە بۆ دەستنیشانکردنی کێشەی خەیاڵی و واقیعی، بۆ هەر یەک لە ڕۆمانەکان لە پێنج باس و تێما باسمان کردوون، ئەمانەش بریتین لە:( کارەکتەر، شوێن، ڕووداو، وەسف و کات) لە کۆتایی توێژینەوەیەکەدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## پێشینەی توێژینەوە

کێشەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی وەک بابەتێکی نوێ لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، لە ڕەخنەی کۆن و نوێی ئەدەبی کوردیدا، لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە، لە توێژینەوە ڕەخنەییەکانی دەرەوەی زانستگا و لە توێژینەوە گشتییەکان، بایەخێکی کەمی پێدراوە، هەر ئەم هەڵکەوتە تایبەتییەش هانی داین ئەم بابەتە بکەینە پرۆژەی توێژینەوەکەمان. وەک هەنگاوی یەکەم لە سەرەتاوە هەوڵدەدەین وەک پێشینەیەک بۆ توێژینەوەکەمان، لەو سەرچاوانە بدوێین کەم و زۆر بایەخیان بەم بابەتە داوە، بۆ ئەوەی ڕوانگەیەکمان بۆ ڕابردووی نزیک تاڕادەیەکیش دووری ئەم بابەتە هەبێت، ئەمەش لە پێناوی بەخشینی ئاراستە و ڕوانینێکی نوێ بە توێژینەوەکەمان و نەکەوتنە ناو دووبارەبوونەوە. هەوڵ دەدەین لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندنەوە، ئەو سەرچاوانە بخەینەڕوو کە لەم بارەیەوە ڕوانین و سەرنجیان هەبووە.

ئەگەرچی ئەم بابەتە تا ئێستاش نەبۆتە تیمای سەرەکی و ڕاستەوخۆی توێژینەوەیەک، بەڵام هەوڵدەدەین باس لە زۆربەی ئەو بەرهەمانە بکەین بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باسیان لێ کردووە. ئەم پێشینەیە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە و ئەو توێژینەوانەش کە پاش ئێمە ئەنجام دەدرێن گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. چونکە وادەکات هەردەم چاوێکمان لە ڕابردوو بێت بۆ زیاتر و جوانتر ناسینی ڕوانین وکارە ئەدەبییەکانی تایبەت بە ڕۆمانی نوێی کوردی، بە تایبەتی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی. بێجگە لەم لایەنەوە، ئێمە دەتوانین بەسوود وەرگرتن لەم پێشینەیە، بنیاتی ئامارێکی ڕەخنەییش بخەینەڕوو، بۆ زانینی ئاستی ڕەخنە و توێژینەوە لە بابەتە جیاجیاکانی ئەدەبی کوردی.

یەکێک لەو سەرچاوە پێشەنگانە توێژینەوەکەی دکتۆر عادل گەرمیانییە لە ژێر ناو(*ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخی باشوری کوردستاندا١٩٢٨-١٩٩٦. هەولێر،٢٠١٩*) بێگومان ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و گرنگە لەبارەی ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیدا، نەک ڕۆمانی ڕیالیزمی کوردی، کە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە.

ئەگەرچی ئەم نامەیە بۆ ئەمڕۆ نوێ نییە، بەڵام یەکێکە لە گرنگترین توێژینەوەکان دەربارەی ڕۆمانی کوردی، بە تایبەتیش ڕۆمانی واقیعی یان ڕیالیزمی. ئەم نامەیە بە دووەم سەرچاوەی ئەکادیمی دادەنرێت دەربارەی ڕۆمانی کوردی لە باشوری کوردستاندا. توێژەر هەوڵی تەواوی داوە بۆ بۆ سەلماندنی ڕەنگدانەوەی ڕیالیزم لە قۆناغێکی دیاریکراوی ڕۆمانی کوردیدا، توێژینەوەکە لە سەردەمێکدا ئەنجامدراوە کە سەردەمی زێڕینی ڕۆمانی کوردی بووە. ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە هاتووە، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام جیا لە ڕیالیزم کە بە پلەی یەکەم گرنگی پێدراوە، دەکرا بەشێکیش لە توێژینەوەکە تایبەت بەو خەیاڵە بەرفراوانانە بێ کە لەو سەردەمەدا لە نووسینی ڕۆمانی کوردی زاڵبووە. لەم توێژینەوەیەدا گرفتێک بەرچاو دەکەوێت، ئەویش گرنگیدانی لە ڕادده بەدەرە بە باسکردنی چەمکی ڕیالیزم و جۆرەکانی و بابەتەکانی پەیوەست بە ڕیالیزم، لە کاتێکدا لەوانەیە بە شێک لەو نووسەرانەی کە بەرهەمەکانیان لە چاپچێوەی ئەم توێژینەوەیەدان، یەکجاریش وشەی ڕیالیزمیان نەبیستبێت و لێی بێ ئاگابن، بەڵام بە فۆرم و تەکنیکێکی هاوشێوەی نووسەرانی ڕیالیزمی دەیاننووسی. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هێندە گرنگی بە

ڕیالیزم دراوە، ئەوەندە گرنگی بە ڕۆمانە کوردییەکان و فۆڕم و ناوەڕۆکیان نەدراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەم بابەتە کە کێشەی خەیاڵ و واقیعە لە ڕۆمانی کوردیدا، تا ئەو کاتەش بە هەند وەرنەگیراوە و بیری لێ نەکراوەتەوە. ئەم گرفتە کە گرفتی نەبوونی ڕۆمانێکی ڕاستەقینەی واقیعییە کە ڕاستەوخۆ و بە ڕوونی باسی ژیانی واقیعی کوردی کردبێت، بەشێکی بۆ لاوازی ڕەخنەی ئەدەبی تیۆری و پراکتیکی کوردی دەگەڕێتەوە.

یەکێکی دیکە لەو بەرهەمانەی کە دەربارەی ڕۆمانی کوردییە، کتێبی (*سابیر ڕەشید (٢٠٠٧) ڕۆمانی کوردی ، خوێندنەوە و پرسیار، هەولێر.*) ئەم سەرچاوەیە خوێندنەوەیەکی باش و بە پێزە بۆ ڕۆمانی کوردی، کە ئەو وشەی نۆڤلێت _یشی بۆ بەکار دەهێنێت، ئەمەش کەمتر لەناو ئەدەبیاتی کوردی بەکاردێ چونکەزیاتر سەر بە تایبەتمەندی ئەدەبی ئینگلیزییە. نووسەر هەوڵدەدا چەند سەرنج و خوێندنەوەیەکی نوێ و لە بارەی ڕۆمانی کوردی بخاتەڕوو. باس لە ڕەوتی گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردی و ڕۆمانەکانی دونیا دەکات. لەم سەرچاوەیە وەک لایەنێکی پراکتیکی، خوێندنەوە بۆ چەند ڕۆمانێک کراوە، لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە کاری شیکارییان بۆ کراوە. ئەگەرچی ئەم بەرهەمە دەربارەی ڕۆمانە و وەک کارێکی شیکاری و ڕەخنەی کردەکی دەردەکەوێ، بەڵام زیاتر ناساندن و پێناسەیە بۆ ڕۆمان و جۆرەکانی، باسی گیروگرفت و کێشەکانی ڕۆمانی کوردی تێدا نەکراوە.

یەکێکی دیکە لەو بەرهەمانەی دەربارەی گێڕانەوەی کوردییە کتێبێکە لەبارەی گەشەی چیرۆک و گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردی (*عەزیز مەحمودپور (١٣٩٨) ڕەوتی گەشەکردنی چیرۆک و گێڕانەوەی کوردی، سەقز. چاپخانەی خانی.*) لەم کتێبەدا نووسەر باس لە سەرهەڵدان و قۆناغەکانی چیرۆک و گێڕانەوەی کوردی دەکات. بەڵام تەنیا چیرۆک و گێڕانەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرگرتووە. قۆناغەکانی گێڕانەوەش بەم جۆرە دیاریدەکات: (خاڵی دەستپێک و سەرەتا - بۆشایی زەمانی و دابڕان- ژیانەوەی سەرلەنوێ - بەردەوام بوون - نووسەرانی قۆناغی تێپەڕین-نووسەرانی مۆدێرن - دەنگە نوێیەکان.) بۆ هەریەک لەم قۆناغانەش چەند نووسەرێکی وەرگرتووە و کاری لەسەر بەرهەمەکان کردووە. باسی ئەو تەکنیک و گۆڕانکارییە فۆڕمیی و ناوەڕۆکییانەی کردووە کە وا دەکەن بەرهەمێک تایبەتمەندی قۆناغێک تێپەڕێنێت و بچێتە ناو فۆڕمی قۆناغێکی نوێ لە گێڕانەوەی ئەدەبیدا. ئەم کتێبە وەک یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی مێژوو و تایبەتمەندی قۆناغ بەندی چیرۆک و گێڕانەوەی کوردی دەژمێردرێت، دەتوانین وەک سەرچاوەیەکی گرنگ لە بارەی قۆناغەکانی گەشەکردن و ڕەوتی ڕۆمانی کوردی سوودی لێ وەربگرین.

سەرچاوەیەکی دیکە توێژینەوەیەکی ڕەخنەییە لە بارەی ڕۆمان و ڕیالیزم (*دەریا حەوێزی(٢٠١٢) دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی لە ئاوێنەی ڕیالیزمدا، کۆیە.*) لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە دوو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییە بۆ دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی، ماوەی نێوان نووسینیان چوارساڵە. یەکەمیان بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەک بە ناونیشانی: *ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان لە گۆشەنیگای ڕیالیزمەوە*"، لە ساڵی ٢٠١٢ دا لە ژمارە (٢٢)ی گۆڤاری ئەکادیمی (زانکۆی کۆیە) بڵاو کراوەتەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا نووسەر لە سەرەتاوە باس لە ڕیالیزم و جۆرەکانی ڕیالیزم دەکات، چەند جۆرێکی باوی ڕیالیزم باس دەکات. پاشان نمونەی بەناوبانگترین پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە لە ئەدەبی ئەوروپی و جیهانیدا دەهێنێتەوە. لە

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەی باس لە ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیدا دەکات. پاشان بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕەنگدانەوەی ڕیالیزم لە ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"دەخاتە ڕوو. هەرچی لێکۆڵینەوەی دووەمیشە توێژینەوەیەکی ڕەخنەییە بە ناوونیشانی: *"جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد وەک نموونەیەک بۆ ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی'*. لە بەشی یەکەمدا باس لە ڕیالیزم و جۆر و ڕێرەوەکانی ڕیالیزم دەکات، لە بەشی دووەمیشدا باس لە ڕیالیزم و ڕۆمانی کوردی، چەمک و زاراوەی ڕۆمان و پەیوەندی ڕۆمان بە ڕیالیزمەوە. پاشان لە بەشی سێیەمدا، بە شێوەیەکی پراکتیکی، چەند جۆرێکی ڕیالیزم لە ڕۆمانەکەدا دەخاتە ڕوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکێکە لەو توێژینەوانەی تا ڕاددەیەکی باش باسی لە واقیع و خەیاڵ لەو دوو ڕۆمانەدا کردووە. لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەی دووەمیشدا بەشێک تەرخان کراوە بۆ خەیاڵ و فەنتازیا لە ڕۆمانەکە. لەبەر ئەوەی سنوری کارکردنی لێکۆڵینەوەکە دیاریکراوبووە بۆیە ناتوانین وەک بەرهەمێکی سەرتاپاگیر لێی بڕوانین، چونکە تەنها لە دوو ڕۆماندا باسی خەیاڵ و واقیع، یان ڕیالیزم و فەنتازیای کردووە، بەڵام وەک دوو ڕۆمانی کوردی واقیعی یان خەیاڵی نەیناساندوون، کە ئەمەیان پرسیارە گرنگەکەیە و بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە.

سەرچاوەیەکی دیکە لەو کتێبانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا نووسراوە بریتییە لە کتێبی *(شاخەوان سدیق (٢٠٢١) ڕۆمان و ناساندن. سلێمانی.)* ئەم کتێبە ڕانان و خوێندنەوەیەکی هونەری و ئەدەبییە وەک نووسەر خۆی دەیڵێ سەر بە پرۆژەی ڕۆژنامەگەری ئەدەبی خۆیەتی کە لەم ڕووەو هەنگاوی باشی ناوە. واتە توێژینەوەی زانستی نیە، بەڵام سەرچاوەیەکی بە پێز و دەوڵەمەندە بە خوێندنەوە و ڕوانین. نووسەر خوێندنەوەیەکمان بۆ چەند ڕۆمانێکی کوردی و بیانی پێشکەش دەکا. هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی بۆ چەند ڕۆمانێک کراوە. نووسەر باسی کۆمەڵێک بابەت و تێمای وەک تەکنیک و شێوازی گێڕانەوە، بیر و ئایدیای ڕۆمان، چیرۆکی ڕۆمان، زمان و تەکنیکی زمان و گرنگی شێوازی گێڕانەوە کردووە. ئەم بەرهەمە یەکێکە لە نوێترین و دەوڵەمەندترین سەرچاوەکان لە ڕوانگەیەکی نوێ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ ڕۆمان کردووە، تا ڕاددەیەک خۆی لە کۆت و بەندی جوینەوەی ڕاو سەرنجی ڕەخنەگرانی پێش خۆی ڕزگار کردووە، سەرنجێکی نوێی سەبارەت بە ڕۆمان پێشکەش کردووە. بەڵام ئەم بەرهەمەش ئەو خاڵەی باس نەکردووە کە لە ئێستادا گرفتێکە و بەرۆکی ڕۆمانی کوردی گرتووە، ئەویش بابەتی خەیاڵی بوون یان واقیعی بوونی ڕۆمانی نوێی کوردییە، کە کێشەی ئاشکرا و ڕوونی ڕۆمانی نوێ و هاوچەرخی کوردییە.

سەرچاوەیەکی دیکە کە لە ڕۆمان و تایبەتمەندییەکانی دەدوێت بریتییە لە کتێبی *(عەلی عوسمان یاقووب(٢٠٢١ )ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان، دوو بەرگ.سلێمانی.)* یەکێکە لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکان لە بارەی تەکنیک و وردەکارییە هونەرییەکانی ڕۆمان نووسین. بابەتەکانی (کارەکتەر، ناو، پێگە، بەراوردی کارەکتەر لە نێوان دونیای ڕۆمان و دونیای ڕاستەقینە، بابەتەکانی وەک ڕۆمانی مێژوویی، ڕەوتی هۆش، مەنەلۆژ، ئێستاتیکای ڕۆمان.) لە گرنگترین ئەو ناوونیشانانەن کە نووسەر لە کتێبەکەیدا لێیان دواوە. بە شێک لەم بابەتانە کە نووسەر دەستی بۆبردوون، لە مێژووی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردیدا نوێن، پێشتر کاریان لەسەر نەکراوە یان کەمتر بەر سەرنج و تێبینی توێژەران کەوتوون. بۆیە سەرچاوەکە بە سەرچاوەیەکی نوێ و پڕ لە سەرنجی نوێخوازانە دادەنرێت بۆ ڕۆمانی کوردی.

بەشێک لەم کتێبە بۆ مێژوو و گێڕانەوەی مێژوویی لە ڕۆمان و چیرۆک تەرخان کراوە. بۆیە چەند خاڵێک باسکراون کە چۆنیەتی کارتێکردنی واقیع و مێژوو لەسەر ڕۆمان و گێڕانەوەکان دەردەخات. نووسەری ئەم کتێبە بە شێوازێکی دیکە تا ڕاددەیەک لە بابەتەکەی ئێمە نزیک بووەتەوە. لەم سەرچاوەیە گێڕانەوە وەک بابەتێکی نوێی ئەدەبی سەروکاری ڕاستەوخۆی بە ڕۆمانەوە هەیە، هەموو ئەو ژانرانەش دەگرێتەوە کە تێیایاندا گێڕانەوە توخمی سەرەکی و یەکەمە. چیرۆک، سەرگوزەشتە، ڕۆمان، کورتە ڕۆمان هەموویان بە شێواز و زمانی گێڕانەوە، دەبنە بەرهەمێکی هونەریی و جێگای خوێندنەوە و چێژ بینین. هاوبەشییەک هەیە لە نێوان گێڕانەوە لە چیرۆک و لە ڕۆماندا، کە باس لە یەکێکیان دەکەیت، بە شێوەیەک لە شێوەکان، دەکرێت سەرنجەکە بۆ هەر دوو ژانرەکە بشێ و گونجاو بێت، چونکە هەردووکیان سەر بە ئەدەبی گێڕانەوەن.

یەکێکی دیکە لەو توێژینەوانەی بایەخیان بەم لایەنە داوە، توێژینەوەیەکی دیکەیە لە بارەی چیرۆک و گێڕانەوەی کوردی (*بوشرا کەسنەزانی (٢٠٢١) پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٩٦-٢٠٠٥.سلێمانی.*)

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بابەتێکی زانستی نوێیە لە بارەی گەشەسەندن و ڕەوتی پەرەسەندنی چیرۆکی کوردی لە ناوەوە. نووسەر توخمێکی نوێی لە چیرۆک و گێڕانەوە، هەڵبژاردووە ئەویش بابەتی (پلۆت)ە، کە تا ڕاددەیەک لە نێو ڕەخنەی چیرۆک گێڕانەوەی کوردیدا نوێیە، لە چەندین گۆشەی جیاوازەوە لە بابەتەکە دواوە و شی کردووەتەوە. ئەم کتێبە یارمەتیدەرێکی زۆر باشی خوێنەرانە تاکو لەم چەمکە تێبگەن. هەروەها نووسەر قۆناغێکی دیاریکراوی هەڵبژاردووە کە دوای ڕاپەڕین و سەردەمی ئازادییە. ئەمەش بۆخۆی خاڵێکی دیکەی بەهێزی ئەم لێکۆڵینەوەیە پیشان دەدات، چونکە ئێستاش بەشێک لە توێژەران کاتێک دێن توێژینەوەیەک ئەنجام دەدەن، دەست بۆ بەرهەمە نوێیەکان نابەن و زیاتر ڕوودەکەنە بەرهەمە بەناوبانگ و کۆنەکان، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە و وادەکات دووبارە بوونەوەیەک لە لێکۆڵینەوە و باس و نامە زانستییەکاندا هەبێ. ئەم بەرهەمە تا ڕاددەیەکی باش خۆی لە دووبارە بوونەوە پاراستووە.

توێژینەوەیەکی دیکە لە بارەی ڕۆمانی کوردی کە لەم ساڵانەی دوایی پێشکەشکراوە توێژینەوەیەکی زانستییە (*هیوا وەیسی، محەمەد زاهید ، عەتا ئەڵماسی (٢٠١٦) ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلیدا، پژوهشنامەای ادبیات کردی دەورەی ١ ژمارە ١ ساڵی ١٣٩٤.دانشگاە کردستان. سنە. ایران*) ئەم توێژینەوەیە لەبارەی هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا-ی بەختیار عەلی–یە. لەبارەی ئەو خەسڵەتانەن کە زیاتر وەک ڕیالیزمی جادوویی لەم ڕۆمانە دەردەکەوێ. جگە لە پێشەکیەک دەربارەی ڕیالیزمی جادوویی، سەرهەڵدانی لە ئەدەبی جیهانی، ڕوانینێکی گشتی لە بارەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە خراوەتە ڕوو، هەروەها بەراوردێک لە نێوان ڕۆمانی (سەدساڵ تەنیایی) "مارکیز" و (دواهەمین هەناری دونیا) لە ڕووی دەستپێکی گێڕانەوە و، مەبەست و واتاکانی سیمبول و ڕەمزەکاندا کراوە، هاوکات لە ڕێگەی تایبەتمەندی و ژیانی کارەکتەرانی ڕۆمانەکە، ڕووداو و ئەنجامەکانی، سیمبول و ڕەمزەکانی نێو ڕۆمان، دیمەنە سەرنجڕاکێش وخەیاڵییەکانی، ئەم بەراوردە بۆ سەلماندنی ئەوەیە کە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)، بە فۆرمی ڕیالیزمی جادوویی نووسراوە کە مارکیز داهێنەرەکەیەتی، لە مێژووی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردیدا چەند لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لە بارەی ڕیالیزم و جۆرەکانی لە ڕۆمانی کوردی هەن.

یەکێکی دیکە لە توێژینەوە گرنگەکان کە لەبارەی ڕۆمانی نوێی کوردییەوە ئەم توێژینەوەیە (*موحسین ئەحمەد عومەر(٢٠٢٠) ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی، توێژینەوەیەکی پراکتیکی بۆ پێنج ڕۆمان. پژوهشنامەای ادبیات کردی. دەورەی ٥ ژمارە ٨، ساڵی ١٣٩٨. دانشگاه کردستان. سنە .ایران*) وەک لە ناونیشانی باسەکەوە دیارە باسەکە توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی پراکتیکییە بۆ پێنج ڕۆمانی کوردی، کە لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوبوونەتەوە، نووسەر لێرەدا ئەم ڕۆمانانە وەک نموونە و مۆدێل، بۆ ڕۆمانی نوێ و هاوچەرخی کوردی دادەنێت، لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەشدا باس لە سەرهەڵدانی ڕۆمان دەکات لە ئەدەبی جیهانی و بەراوردی بە سەرهەڵدانی رۆمان لە ئەدەبی کوردیدا دەکات. پاشان باس لە سەرهەڵدان و گەشەسەندن و نوێبوونەوە لە ڕۆمانی کوردی دەکات، خوێندنەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و ڕەخنەیی پێشکەش دەکات، پاشان خوێندنەوەیەکی شیکارانە بۆ ڕۆمانەکان پێشکەش دەکات، نووسەر سەدەی بیستەم بە ماوەی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی دادەنێ و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم تا ئەمڕۆ بە سەردەمی نوێ و تازەی رۆمانی کوردی لە قەڵەم دەدات، ئەم سەرچاوەیە پەیوەندداره بە بابەتەکەی ئێمە چونکە لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە خوێندنەوە بۆ ڕۆمانەکان دەکات، ئەویش گۆشەنیگای ئاراستەی ڕۆمانەکەیە بە لای (حەقیقەتی ژیان و مێژوو و داهاتووی مرۆڤی کورددا). دەکرێت ئەمە بە جۆرێکی دیکە باسکردن بێت لە واقیع.

بەرهەمێکی دیکە لە بارەی واقیع یان ڕیالیزم لە چیرۆکی کوردی توێژینەوەیەکی دکتۆر (بەختیار سەجادی)یە بە ناونیشانی (*بەختیار سەجادی (٢٠١٩) گێڕانەوەی کوردی لە نێوان واقیعیخوازی و دژە واقیعیخوازیدا. کۆنفرانسی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی خانەی کتێبی کوردی .هەولێر*) باس لە گێڕانەوەی کوردی لە فۆرمی (چیرۆک و ڕۆمان) دەکات، بە بڕوای دکتۆر سەجادی پەیوەندییەک لە نێوان سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ئەدەبی چیرۆکی کوردی هەیە، ئەم پەیوەندییە بریتییە لە گێڕانەوەی ئەو واقیعەی لەو دەمەدا گەلی کورد تێیدا ژیاوە، هەروەها بەراوردێکی ڕێبازە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی ڕۆژئاوادا دەکات، بێجگە لەمە خاڵێکی گرنگ کە لەم توێژینەوەیەدا تیشکی خراوەتە سەر بریتییە لە ڕەوت و قۆناغبەندی گێڕانەوەی کوردی، نووسەر باس لە کاریگەری سەردەمی مۆدێرنیتێ دەکات لەسەر گێڕانەوەی کوردی لە سەدەی بیستەمدا.

ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لە توێژینەوە دەوڵەمەندەکان لەبارەی ڕۆمان و گێرانەوەی کوردی، ڕەوتی واقیعیخوازی و دژە واقیعیخوازی لە ئەدەبی کوردیدا. چەمکی "دژە واقیعیخوازی" بۆ ئەدەبی خەیاڵی بەکاردێنێت، هەروەها ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەدات کە ئەویش بەکارهێنانی چەند زاراوە و چەمکێکی ئەدەبییە بە هەڵە، وەک (شیعری واقیعیخوازی و ڕۆمانی ڕۆمانتیکی) پێی وایە کە پێچەوانەکەی ڕاستە، ئێمەش پێمان وایە ئەم هەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی گرفت لە پاشخانی تیۆری ئەدەبی لە لای ئەوانەی داڕێژەری ئەو ڕوانینەن، ئەم وتارە تیشکی خستووەتە سەر بابەتێکی نوێ و گرنگ، دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی زانستی گرنگ لە ئێستا و داهاتوودا سودی بۆ ڕەخنەگران و توێژەرانی ئەدەب هەبێت.

نووسەر هەر لەم بوارەوە خاوەنی بەرهەمێکی دیکەیە بە ناونیشانی (عەتاقەرەداغی(٢٠٠٤)، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع. سلێمانی.) کتێبەکە لە چەند باسێکی جیاواز لە بارەی بابەتەکانی پەیوەست بە مێژوو و تراژیدیا و دەسەڵات و کۆمەڵێک بابەتی دیکە لە چەند چیرۆک و ڕۆمانێکدا دەخاتەڕوو. عەتا قەرەداغی پێی وایە بەشێک لە گێڕانەوەی کوردی بە تایبەتی ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی لەم توێژینەوەیە کاریان لەسەر کراوە، زیاتر واقیعین و لە هەناوی واقیع و گرفت و کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە سەریانهەڵداوە، مێژووش ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە داهێنان و فۆرم گرتنی ئەم بەرهەمانەدا.

بەرهەمێکی دیکە لەبارەی ڕۆمان و گێڕانەوەی کوردی بریتییە لەکتێبی (*عەتا قەرەداغی* (٢٠١٧) *گەڕان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەک لە ڕۆمانی کوردی،سلێمانی.*) نووسەر لەم توێژینەوەیە لە سەرەتاوە باسێکی گرنگ و قووڵ لە بارەی ڕۆمان و ڕەگەزەکانی ڕۆمان پێشکەش دەکات. پاشان لە بەشی پراکتیکدا کار لەسەر چەند ڕۆمانێکی نوێی کوردی دەکات. بابەتەکانی وەک: (ڕیالیزم، ڕیالیزمی سیحری، خەیاڵی نەمری، جووڵەی میکانیکی، یۆتۆپیای پێکهاتن) لەو بابەتە سەرەکیانەن کە نووسەر لەم ڕۆمانە نوێیانەدا کاری لەسەر کردوون. نووسەر پێی وایە ڕۆمان بە شێوازێکی هونەریی وێنای واقیع دەکات. ئێمە لەم بۆچوونەدا هاوڕاین و ئەمە ئەو خاڵەیە بۆ باسەکەی ئێمە زۆر سوودی هەیە.

دوا سەرچاوە توێژینەوەیەکە بە ناوی (د. حەمەمەنتک (٢٠٢١) ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی. سلێمانی.) ئەم کتێبە ئارکیۆلۆژیای بەرفراوانی جۆرەکانی ڕۆمانی جیهانی و ڕۆمانی کوردییە، باسێکی چڕ و پڕە دەربارەی تیۆرەکانی سەرهەڵدان و شیکاری ڕۆمان و ژانری گێڕانەوە بە گشتی، بەشێکی کتێبەکەش بۆ پۆلێنکردنێکی بەرفراوانی جۆرەکانی ڕۆمانی کوردی دیاریکراوە کە تێیدا جۆرەکانی (واقیعی و واقیعی ئەفسوونی و رۆمانی فەنتازی و خەیاڵی و خەیاڵی زانستی) چەند جۆرێکی دی دیاریکراون. لە بارەی ڕۆمانی واقیعییەوە پێی وایە **«لەم جۆرەی ڕۆماندا کارەکتەر، شوێن، کات و کۆی ڕەگەزەکانی ڕۆمانەکە کاریگەری تەواوی واقیعیان لەسەرە، تەنانەت هێندێک جار تەواو واقیعین»**. ڕۆمانی واقیعی ئەو ڕۆمانەیە کە وەک واقیع داڕێژراوە، لە چنین و ڕێکخستن و وێناکردنیدا هەم نووسەر و هەم خوێنەر دەگەڕێنەوە بۆ واقیع.

لەبارەی ڕۆمانی فەنتازیشەوە دەگەڕێتەوە بۆ بنەڕەتی بەکارهێنانی وشەکە و زەمینەی بەکارهێنانەکەی بۆ داستان و ئەفسانەکان دەگێڕێتەوە، باس لەوە دەکات لە ڕۆمانە کلاسیکییەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرفراوان پەنا براوەتە بەر فەنتازیا و توانای مرۆڤ و دەوروبەر بەشێوەیەکی زۆر خەیاڵی و ناواقیعی پیشاندراوە. ئێمەش پێمان وایە ئەم بابەتە لە ڕۆمانی نوێی کوردیشدا بە جۆرێکی تر ڕەنگیداوەتەوە و بەشێک لە ڕۆماننووسان گەڕاونەتەوە بۆ هەمان ئاستی بەکارهێنانی خەیاڵ لە ڕۆمانەکانیاندا.

## بەشی یەکەم: لەبارەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵییەوە

### -تەوەری یەکەم

### -چەمک و واتای واقیع

وشەی واقیع وشەیەکی ئاشنایە بە گوێی ئینسانی کورد، چونکە وشەکە لە زەمەنێکی زۆر لەمەوبەرەوە ڕاستەوخۆ بە هەمان واتا (الواقعیة)، لە زمانی عەرەبییەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو زمانی کوردی، لە فەرهەنگی کوردیشدا وشەکە بە هەمان واتا و بەهەمان شێوە یان بە کەمێک گۆڕانکارییەوە دەوترێتەوە، وەک (واقع، واقیع ،واقیعیەت، حەقیقەت)ی بۆ بەکاردێنن. لە بەرامبەریشدا لە زمانی کوردیدا وشەکانی (ڕاستی و ڕاستەقینە)ش هەیە، بەڵام بەکارهێنانیان کەمتر بە ئاراستەی واقیعی ئەدەبی باوە.

لە زمانی ئینگلیزیشدا وشەی (Real) ی بۆ بەکاردێت کە دیسان بە واتای واقیعی و ڕاستی دێت. هەر لێرەشەوەیە کە ڕێبازی (ڕیالیزم یان واقیعیخوازی) ناودەنرێت. هەموو ئەو ئەدەبەش کە لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازە ئەدەبییەدا دەنووسرێت بە ئەدەبیاتی ڕیالیزمی یان واقیعی ناودەبرێت. ئەدەبیاتی واقیعی لە کات و سەردەمە جیاوازەکاندا خوازیارانی زۆر ونووسەرانی خۆی هەبووە، لە هەندێک کات و زەمەنی دیاریکراویی مێژووییشدا پرسەکە قووڵتر کاری لەسەرکراوە، بە نموونەی ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرن کە گرنگییەکی لە ڕادە بەدەر بە ئەدەبیاتی واقیعی دەدات، ئەم بابەتەش بووەتە جێگەی لێکۆڵینەوە و سەرنجی ڕەخنەگران،

**«یەکێک لەو پرسانەی کە لە قۆناغی پۆست مۆدێرندا زۆر دیارە، لێکۆڵینەوەیە دەربارەی پەیوەندی (بیرکردنەوە و واقیعیەتە)، ئەدەبی پۆست مۆدێرن دەیەوێت ئەوە پیشانبدات، کە واقیعیەت درووستکراوی زەینی مرۆڤە لەبەرئەوەیە کە ڕۆماننووس و چیرۆکنووسانی پۆست مۆدێرنیش هەوڵدەدەن ڕۆمانەکانیان بە واقیعی بنووسن.»** [1]

هەردوو وشەی واقیع و واقیعیخوازی لە ئەدەب و وێژەی کوردیشدا فۆرم و واتای خۆیان وەرگرتووە و بەکاردەهێنرێن، لەناو زمانی گشتی خەڵکیشدا بە هەمان شێوە وشەکە زۆر باوە و بەکاردەهێنرێت.

### - چەمک و واتای خەیاڵ

چەمک و واتای وشەی خەیاڵ لە فەرهەنگ و زمانەوانی کوردیدا دەمێکە جێی خۆی گرتووە، وشەکە بە هەمان شێوەی وشەی (واقیع) لە زمانی عەرەبییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی. لە هزری مرۆڤی کورددا فۆڕمی وەرگرتووە. لە زمانی عەرەبیدا وشەکە بە (خیال یان الخیال) دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە، لە زمانی فارسیشدا بەهەمان شێوە وشەی (خیال)ی بۆ بەکاردەهێنرێت. سەبارەت بە زمانی ئینگلیزیش وشەی: فەنتازیا بەکاردێت، لەم بارەیەشەوە خانمە

[1] سیما پور مرادی، رضا صادقی شهپر، فراداستان شگردی پسامدرن: مطالعه در موردی رمان تماشای یک رؤیای تباه شده، اثر بیژن بیجاری، مقاله پژوهشی انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، دوره ۲۵ شماره ۸۹ ، ۱٤۰۰،ص ۱۹۳.

نووسەری جەزائیری (بهاء بن نوارە) لە دکتۆرا نامەکەی خۆیدا لە بارەی وشەی (فەنتازیا) کە لەبەرامبەر وشەی (خەیاڵ)ی کوردی و عەرەبی بەکاردێت، دەڵێت: « **لە سەدەی حەقدەدا فەنتازیا بە واتای ئەو شتانەبوو لە دەرەوەی واقیعدا ڕوویان دەدا**»[1]

ڕەنگە ئەو شتانەی لە دەرەوەی واقیع ڕوودەدەن هەمان ئەو ڕووداوانە بن کە لە چیرۆک و ڕۆمانە خەیاڵییەکاندا ڕوودەدەن. سەبارەت بە مانا و دەلالەتی وشەکە لە زانستی زمانەوانیشدا بەم جۆرەیە

**«لە زانستی زمانەوانیدا "خەیاڵ" بە واتای وێنا و تارمایی ڕووخسارێکە کە لە خەودا دەبینرێت، یان لە دوورەوە پیشاندەدرێت، یان وێنایەکە لە چاو یان ئاوێنە یان شوشەدا دەردەکەوێت، لێرەشەوە بە واتای ئەندێشە و وەهم و گومانیش دێت»**[2]

لە سەدەی حەڤدەوە تاکو ئێستا ئەم وشەیە لە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری گەلاندا جێگەی گرتووە و بە مانای هەموو ئەو شتانە دێت کە لە دەرەوەی واقیع و حەقیقەتی ژیاندا ڕوودەدەن.

سەبارەت بە سوود وەرگرتن لە خەیاڵ بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی و داهێنانی کاری هونەریی دەکرێت بڵێین، هیچ کارێکی هونەری و ئەدەبی لە دەرەوەی پرۆسەی خەیاڵکردن نییە، بۆیە دەگوترێت:

**«خەیاڵ و خەیاڵکردن گەوهەری سەرەکی هونەر و ئەدەبیاتن، لە وەهمەوە بیگرە تا دونیابینی و ئیلهام، لە سەردەمی یۆنانی دێرینەوە تا فەلسەفە و عیرفانی ئیسلامی سەرجەمیان پەیوەستن بە خەیاڵ و خەیاڵکردنەوە.»**[3]، ئەوەی کە ڕۆمان و چیرۆکە ئەدەبییەکان دادەهێنێت خەیاڵکردنی نووسەرە، پرۆسەی خەیاڵکردنەکە هەمان پرۆسەی نووسینە، چونکە وێناکردنە و پیشاندانی ئەو وێنایەیە بە وشە و ڕستە لە چیرۆک و ڕۆمان و ئەدەبیاتی گێرانەوەیی بە گشتی.

**- مەبەست لە ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی چییە ؟**

وەک تێمای سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، مەبەستمانە ئەوە ڕوونبکەینەوە کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ڕۆمانی (واقیعی و خەیاڵی) هەردوو جۆرەکەش هەریەکەیان دابەشدەبن بۆ چەند جۆرێکی جیاواز وەک: (ڕۆمانی واقیعی باڵا، واقیعی و خەیاڵی تێکەڵاو، خەیاڵی جادوویی، ڕۆمانی ئۆتۆبیۆگرافی و دۆکیۆمێنتاری و ڕۆمانی مێژوویی) کە لە ڕۆمانی واقیعی نزیک دەبێتەوە. مەبەستی سەرەکی ئێمە لە ڕۆمانی واقیعی ئەوە نییە کە هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو ڕۆمانەکە و خودی چیرۆکەکەش لە ڕاستیدا ڕوویاندابێت و ڕۆماننوس هاتبێت بە شێوەی ڕۆمانێک بۆی گێرابینەوە. ئەگەر وا بیر لە ڕۆمانی واقیعی بکەینەوە بێگومان هەڵەیەکی گەورە دەکەین. زۆربەی ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بەم شێوەیە بیر لە واتا و مەبەستی دەستەواژەکە دەکەنەوە. یەکێک لە تێگەیشتنە باوەکانیش سەبارەت بەم بابەتە پێی وایە هەموو چیرۆک و ڕۆمان و گێرانەوەیەک بەرهەمی خەیاڵە و نابێت واقیع ڕەنگدانەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لە

[1] بهاء بن نواره، العجائبیه فی الروایه العربیه المعاصره، مقاربه موضوعیه التحلیلیه، رساله الدکتوراه. جامعه الحاج لخضر، باتنه جزائر٢٠١٣، ص١٠.

[2] محمدرضا ریختەگران، تأملی در مبانی نظری هنر و زیبایی،حقیقت و نسبت آن با هنر، فصلنامه هنر شماره ١٨ طهران، ١٣٩٧،ص ١٠.

[3] کرامت نسیم، فقیهی حسین، از خیال عارفان تا تخیل ژیلبر دوران. ادبیات عرفانی. علوم انسانی زهرا نشریه ادبیات عرفانی دوره ١٠ شماره ١٨، ١٣٩٧، ص ٧.

گێڕانەوەکەدا هەبێت، تەنانەت باشترین ڕۆمان و چیرۆک، ئەوانەن کە بە خەیاڵیترین شێوە نووسراون.

بە بۆچوونی ئێمە مەبەست لە رۆمانی واقیعی ئەوەیە کە عەقڵ قبووڵی ئەو بەسەرهاتە بکات کە ڕۆماننووس دەیگێڕێتەوە، هەروەها مەبەست لێی گێڕانەوەیەکی واقیعبینانەی ئەو کۆمەڵگەیە بێت کە ڕۆمانەکەی تێدا نووسراوە، لە ناوی کارەکتەر و شوێن و کەل و پەل وکەرەستەکانەوە بگرە، هەتا شێوازی ئاخاوتن و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان. پێویستە پەیوەندی و هەماهەنگییەک لە نێو فەزا و ژینگەی ڕۆمانەکە و شوێنی ڕاستەقینەی باسکراودا هەبێت، بۆ نموونە ناکرێت ڕۆمانێک بۆ باشوری کوردستان بنووسرێت و سەرجەم ناوی کارەکتەرەکان ئەو ناوە کرمانجی و تورکییانە بن کە لە باکوری کوردستان بەکاردێن.

باسکردن و ناوهێنانی شوێن لە گێڕانەوەدا، بابەتێکی گرنگە و یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعییە. بەڵام زۆرکەم دەبینین لە ڕۆمانی نوێی کوردی ڕاستەوخۆ ناوی شار یان گوند و شەقام و گەڕەگ بهێنرێت. دەپرسین بۆچی لەو چیرۆکەی کە باسی ژیانی کورد دەکات، کە شوێن هەردەم شار و گوند و گەڕەکێکە، ناوی ڕاستەقینەی خۆیان نایێ و زیاتر شوێنی خەیاڵی و زادەی خەیاڵی نووسەرە؟ بەڵام ئەو شوێنە خەیاڵیانەی لە ڕۆمانە خەیاڵییەکاندا باس دەکرێن هیچیان لە کوردستان ناچن. دەپرسین ئەگەر بە ئاشکرا ناوی شارو گوند و شەقام و گەڕەک هێنرا، ئایا ئەمە دەبێتە هۆیەک سەرنجی خوێنەران ڕانەکێشن؟ بێگومان ئەم دیاردەیە لە ڕۆمانی کوردی هەیە، چونکە ناوهێنانی ناوی شوێنێکی ڕاستەقینە، یەکەم بەڵگەی واقیعییەتی ڕۆمانێکە.

توێژەرانی ئەدەب و بە تایبەت شارەزایانی ڕەخنەی ڕۆمان، سەرنجی جیاوازیان دەربارەی ڕۆمان بەگشتی و بە دیاریکراویش ڕۆمانی واقیعی یان (ڕیالیستی) دەربڕیوە. بەڵام ڕۆمانی خەیاڵی وەک جۆرێک لە ڕۆمان هێشتا لەلای بەشێک لە ڕەخنەگران دانی پێدا نەنراوە، بۆیە دەستکەوتنی پێناسەیەک بۆ ڕۆمانی خەیاڵی کەمێک قورسە و دەبێت لە کۆی گشتی سەرنجەکانەوە ئەو پێناسەیە دروست بکەین.

سەبارەت بە دابەشکردنی ڕۆمان بەسەر واقیعی و خەیاڵی یان پێناسەکردنی ئەم دوو جۆرە، سەرچاوەیەکی گرنگی بەردەست کتێبەکەی نووسەر "عەتا قەرەداغییە: (گەڕان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا) نووسەر لە پۆلێنکردنی ڕۆماندا، بەم شێوەیە باس لە ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی دەکات، ئەم ناونیشانانە هەیە: (ڕۆمانی مێژوویی، ڕۆمانی زانستی، ڕۆمانس، ڕۆمانی فەلسەفی، ڕۆمانی خەیاڵی، ڕۆمانی واقیعی). بۆ ئەوەی لە چەمک و واتای ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی تێبگەین، دەبێت بڕوانینە سەرنجە گشتییەکان لەبارەی ڕۆمان بە گشتی و ڕوونکردنەوە و باسەکان لە بارەی هەردوو توخمی خەیاڵ و واقیع لە ڕۆماندا وەربگرین، لەم بارەیەوە عەتا قەرەداغی پێی وایە:

**«ڕۆمان ئەو ژانرەیە کە پەیوەستە بە دونیا و مرۆڤەوە، بە واتایەکی تر ڕۆمان وێنای واقیع دەکات بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە، بەڵام بە شێوازێکی هونەریانە.»**[1]

---

[1] عەتا قەرەداخی، گەڕان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، سلێمانی. سەردەم، ٢٠١٧، ل ٢١.

کاتێک دەڵێین ڕۆمان پەیوەستە بە دونیاو مرۆڤەوە کەواتە پەیوەستە بە واقیعی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی، واتە ڕۆمان لەسەر بنەمای ئەو پەیوەستییە بە واقیع بونیاد دەنرێت و درێژ دەبێتەوە، ئەوە شێوازە هونەرییەکەی گێڕانەوەیە کە وادەکات ڕۆمان لە گێڕانەوەیەکی ئاسایی یان دەقێکی مێژوویی نەچێت، بەڵام ئێمە لەم خاڵەدا هەڵوەستەیەک دەکەین و دەپرسین ئایا ئەم شێوازە هونەرییە کە وەسفی واقیعی پێدەکرێت و چیرۆکەکەی پێ دەگێڕدرێتەوە، ڕێگە دەدات خەیاڵ لە سنوری ئاسایی دەرچێت و بەرهەمەکە بەرەوە فەنتازی بوونێکی تەواو بچێت؟ ڕەنگە هەڵە نەبین کە ئەم وتەیە بە وەڵامی ئەم پرسیارە دابنێین کە دەڵێت:

**«سنوری خەیاڵ و ئەفسانەش ڕەنگە نە لە ڕیالیزمی سیحریدا و نە لە ژیانی ئاساییدا ڕەها نەبێت بۆ هەندێ ئاست، کە بنەمایەکی عەقڵی یان هاوشێوە لەسەر زەمینەی واقیع بۆ ئەو ڕووداوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە بچوکترین ئاستدا نەبینراوە.»**[1]، کەواتە سنوری خەیاڵ و گێڕانەوەی خەیاڵییش دیاریکراوە و ناکرێت ڕۆماننووس شتێک بگێڕێتەوە هاوشێوەی یان شیانی بوونی لە ژیانی واقیعیدا نەبێت. ناسینەوەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی پێویستی بە وردبوونەوە لە گۆشە جیاوازەکانی ڕۆمان هەیە، پێویستە لە دیدگای جیاوازەوە لە توخمە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان بڕوانین و بیانخەینە ژێر ئەو شەرت و مەرجەی کە جۆری ڕۆمانەکە دیاری دەکات، باسکردن لە کات و شوێنی ڕووداو لە دەقە ئەدەبییەکاندا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ئەم گرنگییە بۆ ئێستا و داهاتووشە، دەکرێت ڕۆمان ببێت بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانینی مێژووییەکی ون کە هەرگیز مێژووی سیاسی نەینووسیبێتەوە، یان لە باسکردن و دیاریی یان دیاریکراوی شوێن و کاتی ڕووداوەکان جوانییەک ببینین هەرگیز لە واقیعی ئەو شوێنەدا هەستمان پێنەکردبێت.

لە هەمووشتێک گرنگتر دیاریکراوی و ڕوونی لە شوێن و کاتی گێڕانەوە ناسنامەیەکی واقیعی بە ڕۆمان دەبەخشێت، پەیوەندییەکی زیندوو و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەر دروستدەکات، لەم بارەیەوە شاخەوان سدیق دەڵێت:

**«ڕەنگە بەرچاوترین تایبەتمەندی ڕۆمان، دیاریکراویی شوێن و کاتی باسەکەی بێت کە هەرچەندە بە خەیاڵیش بێت بەڵام لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا وەدەری دەخات کە گێڕانەوەکە باسی کێ و کوێیە، ئەمە ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییەیە کە باختین گوتەنی کرۆنۆتۆپە و زەمەنی گێڕانەوە و شوێن پەیوەندی زیندوو و ئۆرگانیکیان هەیە و بەمەش گێڕانەوەکە لە ئەفسانە و ئوستوورەکان جیا دەبێتەوە.»**[2]

لە ئەفسانەکاندا مرۆڤ باسی لە ترس و وەهمەکانی خۆی دەکرد، باسی لە ژیانی پاش مردن و پەیوەندی خواوەندەکان بە زەوی و ئادەمیزاد دەکرد، دەیان ڕووداو و بەسەرهاتی جیاواز، لە نێو چیرۆکە خەیاڵی و ئەفسانەکاندا هەن کە لە سەردەمی ئێستادا کەس باوەڕی پێیان نییە و، لەوانەشە کەم بن ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت کاتی خۆیان بە خوێندنەوەی ئەو بابەتانە بە فیڕۆبدەن. بەڵام هەر ئەم ئەدەبە بۆ سەردەم و ڕۆژگاری خۆی، جێگای باوەڕی تەواو و قبووڵ کردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووە. واتە ئەدەبی هەر سەردەمێک پەیوەندی بە واقیعی سەردەمەکەیەوە هەیە.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٩.
[2] شاخەوان سدیق، ئەدەب و گێڕانەوە، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٢.

**«تێکەڵبوونی ڕووداو و بەسەرهاتی ڕۆمان بە ئەفسانە و خەون و خەیاڵ،ئازادی بەکارهێنانی کات لە ڕۆماننووسەکە دەخوازێ و لە پەیڕەوکردنی یەکە چەسپاوەکان دووری دەخاتەوە.»[1]**

شوێن و کات لە ئەفسانە و داستانە خەیاڵییەکاندا، زۆرجار شوێنێکی نادیار و زەمەنێکی خەیاڵییە چونکە مەبەست لە نووسین یان هۆنینەوەی ئەو داستانانە ئەوە نەبووە گوزارشت لە ژیان و واقیعی ژیانی ئادەمیزاد بکات، بەڵکو بۆ ئەوە بووە وەسفی ئەو خەیاڵە بکات کە مرۆڤ بۆ درووستبوونی گەردوون و وێنای خۆی بۆ خودا و شەڕی خوداکان و ژیانی پاش مردن بکات. بێگومان کەسانێک هەن لە خوێندنەوەی ئەو چیرۆک و ڕۆمانەی کە مۆرکی کۆمەڵگاکەی و ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکیان پێوە بێت چێژی زیاتر دەبینن، وەک لە خوێندنەوەی ڕۆمانێکی خەیاڵی.

لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا، ئەم بابەتانە زۆر بەرچاو دەکەون، واتە ناوی کارەکتەرەکان هەردەم ناوێکی خەیاڵی، یان ناوێکە کە لە دەرەوەی کوردستان بەکاردێت، یان ڕووداوەکان هەردەم ڕووداوگەلێکن هەرگیز خوێنەر پێشبینی ڕوودانیان ناکات، یان ناتوانێت وێنای ڕوودانیان بکات، ئێمە بڕیار نادەین ئایا ئەم جۆرە ڕۆمانانە باشن یان خراپ، بوونیان پێویستە یان زیادەیە، یان دەبێت ڕۆمان چۆن بێت، بەڵام بە خوێندنەوە و لێکدانەوە هەوڵدەدەین جۆری ڕۆمانەکان و تایبەتمەندییەکانیان بۆ خوێنەری کورد بەدیار بخەین.

لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە ڕەوتێکی ڕۆماننوسین، لەناو ڕۆماننوسانی کورددا دەرکەوتووە و بەردەوامە، زۆربەی نووسەران بە شێواز و فۆرمێکی لەیەک نزیک دەنووسن، ئەویش زاڵکردنی خەیاڵە بەسەر حەقیقەتی ژیاندا، ناچارکردنی خوێنەرە بە خوێندنەوەی شتگەلێک کە لە دڵەوە بڕوای پێیان نییە.ئەم تایبەتمەندییە ڕەنگە ببێتە هۆکارێک بۆ نەمانی چێژی خوێندنەوە.

بۆ تێگەیشتن لە بابەتی ڕۆمانی واقیعی دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی ( ئەدەبی واقیعی)، بپرسین ئایا ئەدەبی واقیعی گێڕانەوەی واقیعە؟ یان وێنەیەکی دەقاو دەقی ژیانی ڕاستەقینەیە؟ زۆرکەس هەتا ئێستا پێیان وایە کە دونیای ئەدەب بە گشتی دونیایەکی خەیاڵی و دوورە لە ڕاستی ژیانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی گەورەی سامانی ئەدەبی جیهانی لە (شیعر، چیرۆک، سەرگوزەشتە، ڕۆمان) و ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، لە کانیاوی واقیع ئاو دەخۆنەوە و ئیلهام وەردەگرن. لەم بارەیەوە نازم حیکمەت دەڵێت:

**«ڕیالیزم ڕووبارێکی گەورەیە و، ڕووبارە بچوکەکان تێیدا کۆدەبنەوە، قوتابخانەکانی دیکە لە نیوە ڕێگا لە ڕۆیشتن دەوەستن، بەڵام ڕیالیزم هەمیشە لە ڕۆیشتنەکەی بەردەوام دەبێت و، بە بەردەوامی قوڵتر دەبێت و، بە تاقیکردنەوەکان دەوڵەمەندتر دەبێت.»[2]**

ئەگەرچی ریالیزم وەک قوتابخانە یان ڕێبازێکی ئەدەبی، مێژوویەکی زۆر دێرینی نییە، بەڵام ئەگەر ئەدەبی ڕیالیزمی بە ئەدەبی واقیعی وەربگێڕین، ئەوا دەتوانین بڵێین: کۆنترین جۆری ئەدەبە، چونکە دەتوانین بڵێین لەوەتەی ژیانی واقیعی هەیە، ئەدەبی واقیعیش هەیە، هەتا زەویش بسوڕێتەوە، ئەدەبی

---

[1] -حسێن سابیر عەلی، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکە مەم بۆتانیدا، هەولێر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٨، ل ١٤٩.

[2] عادل گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا ١٩٢٨-١٩٩٦، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٩، ل ٦٢.

واقیعیش بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەم واقیعی بوونە لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی تری ئەدەبی جیاوازە، بابەتەکە بۆ شیعر بە جۆرێکی ترە، شیعر زیاتر لە زاڵبوونی هەست بەسەر عەقڵدا لە دایک دەبێت ئەو پرسیارە لە بەرانبەر شیعر ناکرێ ئایا واقیعییە یان خەیاڵی. بە پێچەوانەوە هەموو ئەدەبی گێڕانەوە، بە چیرۆک و ڕۆمان و کورتە چیرۆک و جۆرەکانی دیکەوە، لەناو ئەمانەشدا، ڕۆمان لە هەموویان زیاتر گونجاوە، بۆ دارشتنەوە و وێنەگرتنەوەی واقیع تێیدا و گێڕانەوەی حەقیقەت بە شێوازێکی هونەریی.

هەربۆیە دەبینین نووسەرانی ڕیالیست لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ نووسینەوەی چیرۆک و ڕۆمانەکانیان پەنا دەبەنە بەر ڕێبازی ڕیالیزم، چونکە ڕیالیزم ئەو ئاوێنە باڵانوێنەیە گێڕانەوە دەتوانێت خۆی تێدا بنوێنێت، پەیوەندی نێوان گێڕانەوە و ڕیالیزم وەک پەیوەندی نێوان شیعر و ڕۆمانسیزمە.

**«یەکێک لەو بابەتانەی کە ڕیالیزمییەکان گرنگییەکی تایبەتیان پێدەدا ڕۆمان بوو، ئەگەر جاران یان پێشتر ڕۆمانسیزمییەکان شیعری لیریکی بەلایانەوە ژانری یەکەم بوو ،کە زیاتر لەباربوو بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و خەمەکان، بەڵام بەلای ڕیالیزمییەکانەوە ڕۆمان دەیتوانی ئەو هەموو کێشەو ململانێ و جیاوازی بۆچوون و ئایدۆلۆژیا و پێشکەوتنە فەلسەفییە دەربڕێت کە لەو ڕۆژگارەدا هاتبوونە مەیدان.»**[1]

ئەگەرچی شیعر لە کات و سەردەمی خۆیدا توانیویەتی گوزارشتێکی باش لە خۆشی و ناخۆشییەکان بکات، شیعر بەرهەمی تاکەکەسە و زۆرجاریش باس لە ئازارەکانی تاکە کەسێک دەکات، بە تایبەت لە شیعری (لیریکی- ئەڤینی)، بەڵام ئەوەی کە نەمری بە شیعر دەبەخشێت ڕووکردنە واقیع نییە، بەڵکو باسکردنە لە هەست و تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ جوانی ژیان، ئەو شیعرانەی کە بۆ واقیع نووسراون شیعری نەمر نین و لەگەڵ گۆڕان و بەرەوپێشچوونی سەردەمدا بەسەردەچن و چێژی خۆیان لەدەست دەدەن. ئەم بابەتە بۆ ڕۆمان و چیرۆک تەواو پێچەوانەیە.

ڕیالیزم لە ئەدەبی ڕۆژئاوا و لە ئەدەبی ڕۆژهەڵات، لە قۆناغێکی تایبەتیدا دێتە ئاراوە، دەکرێت ئەم قۆناغە ناو بنێین قۆناغی هۆشیاری ئەدەبی، یان هەستکردنی مرۆڤ بەوەی کە دەتوانێت لە ڕێی ئەدەبەوە، واقیعی ژیان بگێڕێتەوە و کاریگەریشی هەبێت، ئەم واقیعەش تەنها بە گێڕانەوە دەتوانێت وەک خۆی پیشانی بدرێت، سەرهەڵدانی ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی پەیوەندی زۆری بە خواستی ئەدیبان بۆ گێڕانەوەی واقیع و کاریگەری دانان لەسەر واقیع هەبووە، ڕۆمان ئەو پانتاییە بەرفراوانەیە کە واقیع بە تەواوی تێیدا دەنوێنرێت، لەم بارەیەوە دکتۆر عادل گەرمیانی دەڵێت:

**«ڕۆمان ئەو سەربەستییە پێویستە بۆ هونەرمەند دابین دەکات، ئەگەر ویستی وێنەی ژیان بە شێوەیەکی تەواو بگرێت.»**[2]

دەستکراوەیی نووسەری ڕۆمان لە بەکارهێنانی وشە، درێژکردنەوەی گێڕانەوە، وەسفکردن، ئەو سەربەستییە بەدی دێنێت کە ڕۆماننووس ژیانی واقیعی وەک خۆی، بگرە بەو چاوەش بگێڕێتەوە کە

[1] هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٤٤.
[2] عادل گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا ١٩٢٨-١٩٩٦، ل ٦٢.

هونەرمەندێکی جوانبین دەیبینێت، چیرۆکێکی درێژی خۆشەویستی، یان واقیعی چەند ساڵەی ئەنفال تەنها بە ڕۆمان دەگێڕدرێتەوە.

سەبارەت بە ڕۆمانی خەیاڵیش، پێویستە بۆچوون و ڕوانینێکی گونجاو بخەینە بەردەست ڕوانگەیەکی روونمان بداتێ لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەمان سودی لێببینین، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێشینەیەک لە بارەی چیرۆک و گێڕانەوە خەیاڵییەکان پێویستە لەو باوەڕە باوەی خەڵک دەستپێبکەین کە پێیانوایە هەر چیرۆکێک ئەگەر جێگەی باوەڕ نەبوو ئەوا چیرۆکێکی خەیاڵییە و ئەگەریش بە پێچەوانەوە بوو ئەوا دەڵێن چیرۆک یان بەسەرهاتێکی واقیعی یان ڕاستییە، ئەمە ڕوانینیکی گشتی بەشێک لەو کەسانەشە کە دەخوێننەوە، تا ئەندازەیەکیش ڕاستی لەم ڕوانینەدا هەیە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی زانستی مەبەست و واتای ڕۆمانی (خەیاڵی) ڕوونبکەینەوە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە بە سەرچاوەی تیۆری دادەنرێن و بۆچوونی خۆیان بۆ بابەتەکە دەربڕیوە.

**«ڕۆمان لە پێناسە گشتگیرەکەیدا، بریتییە لە چیرۆکی خەیاڵیی پەخشانئامێزی درێژ، بەناوبانگترین ڕەگەزی ئەدەبیی پەخشانییە، گێرانەوەی چیرۆک، یان چەند چیرۆکێکە کە چێژ بە خوێنەر ببەخشێ، بابەتەکانی ڕۆمان، بریتین لە بابەتە کردەیی و خەیاڵییەکانی مرۆڤ.»[1]**

گێڕانەوەی خەیاڵی هەمان ئەو بابەتەیە ئێمە دەمانەوێت لێی بدوێین، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان گێڕانەوەی خەیاڵی و گێڕانەوەی واقیعی. ئەم جیاوازییە هەمان ئەو جیاوازییەیە کە لە فۆرم و ناوەڕۆکی ڕۆمانی سەرەتا و ڕۆمانی نوێی کوردیدا هەیە.

**«ئەگەر گێرانەوە یان ژانری خەیاڵ ناوێکی گشتی بەشێکی سەرەکی نووسین بێت، ئەوا بە دەیان لق و پۆپی جۆراو جۆری لێ دەبێتەوە، لە ڕۆمانسەوە بگرە هەتا رۆمان و نۆڤلێت و چیرۆکی کورت و چیرۆکی زۆر کورت، دەبنە ئەندامانی ئەم بنەماڵە گەورەیەی خەیاڵ.»[2]**

توانای خەیاڵکردن لای نووسەران جیاوازە، ئەو نووسەرەی کە قوڵترین خەیاڵ بکات بەرزترین بەرهەمی ئەدەبیمان پێشکەش دەکات. ئەگەر چیرۆکێکی کورت لەلایەن دوو کەس بگێردرێتەوە کە یەکێکیان توانای خەیاڵکردن و وێنا کردنی قوڵتر بێت، ئەو کات گرنگی ئەم ڕەگەزە گرنگە لە گێرانەوەدا دەبینین.

ڕۆماننووس کە دەست بە نووسینی ڕۆمانەکەی دەکات دەیەوێت دونیایەک دروست بکات مرۆڤەکانی هەمان ئەم مرۆڤانەبن کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا هەن. لەوانەشە بیەوێت بە جۆرێکی دیکە پێناسەی مرۆڤ و ژیانمان بۆ بکات، جیهانێکی تەواو جیاوازمان لە نێو رۆمانەکەدا پیشانبدات، ئەو جیهانەش کە خوڵقاندوویەتی، دەسەڵاتی تەواوی بەسەریدا هەیە و دەتوانێت کارەکتەر و ڕووداو و شوێن، چارەنووسی ڕۆمانەکە، بابەتی چیرۆکەکە بەو شێوەیە دابنێت کە خۆی دەیەوێت. بابەتەکە لێرەوە دەستپێدەکات کە ئایا تا چەند نووسەر توانیویەتی دونیاکەی خۆی، واتە جیهانی نێو ڕۆمان وەک جیهانێکی واقیعی پیشان بدات و لە هەمانکاتیشدا ئەو پیشاندان و وەسف و وێنا کردنە بە هونەریترین زمان و دەربڕین بە خوێنەر بگەیەنێت؟

---

[1] سەنگەر زراری، هونەری ڕۆمان، بڵاوکراوەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٨، ل١٥.
[2] شاخەوان سدیق، ئەدەب و گێڕانەوە، ل١٧.

لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا دۆخەکە لە نووسەرێک بۆ نووسەرێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام دەنگی زاڵ گێڕانەوەی واقیع نییە، بەڵکو نووسەرانی نوێ دەیانەوێت جیهانێکی دیکە لە نێو ڕۆمانەکەیان دروستبکەن، کە زۆر دوور و جیاوازە، لەو جیهانەی کە ئێستا مرۆڤی کوردی تێدا دەژی، ئەگەر ڕۆمانی نوێی کوردی هەقیقەتیش بگێڕێتەوە، ئەوا چەشنی گێڕانەوەکە و توخمە سەرەکییەکانی گێڕانەوەکەی بە جۆرێکە کە هیچ لەو چیرۆکە ڕاستەقینانە ناچێت کە عەقڵی مرۆڤ وێنای ڕوودانیان دەکات.

**«ڕۆمانی نوێ دەیەوێ هەقیقەتێک بگێڕێتەوە ئەگەرچی ئەم هەقیقەت گێڕانەوەیەش لە بنچینەدا پشت بە گێڕانەوەی مێژوویێک دەبەستێ.»[1]**

ئەم مێژووە کاریگەرییەکی زۆر قوڵ و درێژخایەنی لەسەر هەموو گۆشەکانی ژیانی تاکی کورد کردووە، جیاوازییەکی زۆری بیرکردنەوە و ڕوانین، بۆ بابەتەکانی وەک خۆشەویستی و ژینگەپارێزی و خۆ بە بەرپرس زانین بەرامبەر ئەوانی دی، لای تاکی کورد جیاوازە لە تاکی وڵاتانی دەوروبەرمان، تەنانەت ڕوانینی پیاوی کورد بۆ ژن، مەسەلەی ژن کوشتن ئەو گرێیانەن کە بە دەگمەن نەبێت لە گێڕانەوەی کوردیدا دەستیان بۆ نەبراوە.

لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا کۆمەڵێک ڕووداو، تایبەتمەندی کەسی و پەیوەندی هەن، کە دەکرێت وەک چیرۆکی ژیانی کەسەکە، دیاریکەری چارەنووسی تەماشا بکرێن، لەوانەیە ئەم بابەتە بۆ خەڵکی ئاسایی بەشێک بێت لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ، جێگەی گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆ نەبێت، بەڵام هەر ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانە لەلای ئەدیبێک، ببن بە هەوێن بۆ نووسینی جوانترین دەقی ئەدەبی شیعر، چیرۆک، یان ڕۆمان.

ڕۆمان وەک فراوانترین بواری کارکردنی ئەدەبی، نواندنی توانای نووسەر و وەک باشترین ڕێگا بۆ گێڕانەوەی ژیننامە، یان تێکەڵکردنی ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤ لەگەڵ ئەدەب لە هەموو ژانرەکانی دیکە زیاتر دەگونجێت بۆ ئەوەی لەگەڵ واقیعدا ئاوێتە بکرێت. بەشێکی گرنگ و پێکهێنەری ڕۆمان، هەمان واقیع یان ژیانی ڕاستەقینە، سروشت و ڕووداو و شوێن و کەسایەتی ڕاستەقینە بێت. ئەگەر ورد ببینەوە لە شیعر و پەخشان و چیرۆک و ڕۆمان و سەرجەم ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی ،ئەو ڕاستییە بە ڕوونی دیارە کە چ پەیوەندییەکی توندو تۆڵ و ڕیشەیی لە نێوان ژانری ڕۆمان و واقیعەتدا هەیە. لەم بارەیەوە دەریا جەمال حەوێزی دەڵێت:

**«سەبارەت بە پەیوەندی ئەم ژانرە ئەدەبییە بە ڕێبازی ڕیالیزمیشەوە، دەبینین ڕێبازی ڕیالیزم، لە هەموو ژانرەکانی ئەدەب زیاتر لە ڕۆمانەوە نزیکە.»[2]**

لەناو ئەدەبی کوردیشدا ڕیالیزم لەگەڵ دەرکەوتنی فۆرمە ئەدەبییە نوێیەکان خۆی دەنوێنێت، ئەو فۆرمە ئەدەبیانەی کە لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەدەبی ئینگلیزی و فەرەنسیدا دەنووسران. لە دوای شیعری کلاسیزمەوە، چیرۆک و گێڕانەوەی کوردی سەرهەڵدەدەن، لەگەڵ سەرهەڵدانیشدا بە فۆرم و ناوەڕۆکێکی واقیعیخوازانە یان ریالیزمییانە دەستپێدەکەن. چونکە واقیعی

---

[1] موحسین ئەحمەد عومەر. ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی. توێژینەوەیەکی پراکتیکی بۆ پێنج ڕۆمان. پژوهشنامەی ادبیات کردی دورەی ٥، ژمارە ٨، دانشگاه کردستان. سنە، ایران، ١٣٩٨ ،ل ١٧٩.

[2] دەریا جەمال حەوێزی، دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی لە ئاوێنەی ڕیالیزمدا ، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٣٧.

زاڵ لەو دەمەدا وای دەخواست کە ئەدەبیش ئەدەبێکی واقیعی بێت. لەنێو سەرجەم ژانرەکانی ئەدەبدا، گێڕانەوە بواری تەواو دەڕەخسێنێت بۆ خۆ نواندنی واقیع، ڕۆمان وەک چیرۆکێکی درێژ لە نێو واقیعەوە دێتە بەرهەم و ناوەڕۆکەکەشی گوزارشتە لە خەیاڵ و تێگەیشتن و لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ واقیع، هەر پەیوەست بە پەیوەندی ڕۆمان بە ڕیالیزمەوە دکتۆر عادل گەرمیانی دەڵێت:

**«پەیوەندی نێوان ڕۆمان و ڕیالیزم پەیوەندییەکی پتەوە، چونکە زیاتر لە دوو سەدە و نیوە مۆرکی ڕیالیزم لە جیهانی ڕۆماندا بەردەوامی خۆی پاراستووە ، ئەمەش بە پێچەوانەی پەیوەندی نێوان ڕۆمان و هەندێ شەپۆل و ڕێباز و قوتابخانەی ئەدەبی دیکە، کەوا بە هەمان جۆری ڕیالیزم نەیانتوانیووە بە بەردەوامی و بەرفراوانی لە نێو ژانری ڕۆماندا ڕەنگبدەنەوە.»**[1]

لەوانەیە هەڵە نەبین گەر بڵێین لەو ڕۆژگارەدا کە ڕۆماننووسین لەناو کورددا سەریهەڵدا ڕۆماننووسی کورد ئاگایی و زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی ڕێبازە ئەدەبییەکانی جیهان، بە تایبەت و دیاریکراویش لەبارەی ریالیزم نەبووبێت، تاکو لە چوارچێوەی پێوەر و یاساکانی ڕیالیزمدا ڕۆمانەکەی خۆی نووسیبێت، بەڵکو ئەوە واقیعی کۆمەڵگای کوردی بوو کە وای دەخواست ،نووسەران دەست بۆ نووسینی ڕۆمانگەلێک ببەن کە گوزارشت بێت لە گرفت و ئاریشەکانی کۆمەڵگای کوردی. ڕۆمانەکانی سەرەتا واقیعی تر بوون لە ڕۆمانەکانی ئێستا. ڕۆمانەکانی زەمەنی دەرکەوتنی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا زیاتر تایبەتمەندی ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای کوردی و ژیانی کوردەوارییان پێوەدیار بوو، مرۆڤ هەر کە دەیانخوێنێتەوە یەکسەر ئەو خاڵە لەلای گەڵاڵە دەبێت، کە ئەمەی نووسەر نووسیویەتی ژیانی ڕاستەقینەیە و بۆ خۆی و باب و باپیرانی پێشهاتووە، بەڵام نووسەر بە دەست و قەڵەم و خەیاڵێکی هونەری نووسیویەتیەوە و وایلێکردووە خوێندنەوەی زۆر لە ئەزموونکردنی چێژبەخشتر بێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر نموونەی یەکێک لەو ڕۆمانانە وەربگرین کە لە چوارچێوەی ئەو ڕەوتە خەیاڵی و نا واقعییەی ئێستادا نووسرابێت، هەر کە دەست بە خوێندنەوەی دەکەی هەست بە نامۆییەک دەکەیت کە لەگەڵ ماهیەتی ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤ و ئەو مێژووەدا ناگونجێت، کە مرۆڤایەتی تێیپەڕاندووە.

ئەدەبی واقیعی یان ئەدەبیاتی واقیعی خوازانە پانتاییەکی بەرفراوانی لە مێژووی ئەدەبی جیهانییدا داگیرکردووە، ئەدەبی واقیعی کوردیش بەشێکە لەو پانتاییە. لە کۆندا ئەدەبی واقیعی لەناو چیرۆک و سەرگوزەشتە و بابەتە میللی و فۆلکلۆرییەکاندا بوو، بەڵام ئێستا دەبێت لەنێو ڕۆمان و چیرۆکەکاندا بۆ ماکەکانی ئەم چەشنە ئەدەبە بگەڕێین.

1 عادل گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا ١٩٢٨-١٩٩٦، ل ١٠٣.

- تەوەری دووەم

- پێناسەی رۆمانی واقیعی و خەیاڵی

پێناسەکردنی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی یارمەتییەکی زۆرمان دەدات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ورد و پوخت، هەروەها ئاراستەی کارکردنمان دیاریدەکات، لە ساڵانێکی زۆر لەمەوبەرەوە توێژەران و ئەدەبناسان پێناسەی دیاریکراویان بۆ هەر یەک لە ژانرەکانی ئەدەب و لق و پۆپەکانی ئەو ژانرانە دیاریکردووە. ناوە ناوەش بە هۆی سەرهەڵدانی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکانی جیهانییەوە پێناسەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و وەک خۆیان نەماونەتەوە. بەڵام بە گشتی دەکرێت چەند بنەمایەکی گشتی لە بەشێک لەو پێناسانەدا هەبن کە پارێزگاریان لە بوونی خۆیان کردبێت و وەک خۆیان مابنەوە و تا ئێستاش بایەخ و گرنگیان لە جیهانی ئەدەب لە برەو دابێ.

ئەگەر بمانەوێت پێناسەی ڕۆمانی واقیعی بکەین پێویستە بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی ڕۆمانی ڕیالیزمی و لەوێوە لە کۆی بەشێک لەو پێناسانە پێناسەیەکی گونجاو و نوێ بۆ ڕۆمانی واقیعی دابنێین. ڕەنگە یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی ڕۆمان لە چیرۆک و ژانرەکانی دیکەی گێڕانەوەی پێش خۆی ئەوەبێت، سەرهەڵدانی هاوکات بێت لەگەڵ سەرهەڵدانی (ڕیالیزم) لە ئەدەبی ڕۆژئاوا، ڕۆمان و واقیعیخوازی ڕیشەیەکی دێرین و دانەبڕاویان هەیە و بوونی یەکێکیان بەندە بەبوونی ئەوی دیکەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر لە سەرەتاوە ڕۆمان بۆ گوزارشتکردن لە واقیع داهێنراوە و لەناو واقیعەوە سەرچاوە دەگرێ خۆی گەشەی پێدەدات و دەگاتە لوتکە.

بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد: **«ڕۆمان گێڕانەوەی پەخشانێکی خەیاڵییە یان حیکایەتێکە درێژییەکی لەبەرچاوی هەیە کە تیایدا خستنەڕووی کەسێتی و ڕووداوەکانی ژیانی ڕاستەقینەی ڕابردوو، ئێستا وێنا دەکرێت، لە گرێچنێکی زۆر یان کەم و ئاڵۆزدا.»**[1]

درێژبوونەوەی گێڕانەوە لە ڕۆماندا یارمەتی نووسەر دەدات ژیان بە وردەکارییە ڕاستەقینەکانی خۆیەوە بخاتەڕوو، هەروەها یارمەتی فراوانبوونی مەودای خەیاڵی نووسەر دەدات. لەبارەی ڕۆمانی ڕیالیزمی یان واقیعییەوە "جۆن فیتشەر" دەڵێت:

**«ڕۆمانی ریالیزمی ئاوێنەیەکی خەستە بە ڕووی کۆمەڵی چینی ناوەندی، لەبەرئەوەی وێنەکەی شەوقدار نەبوو، ئەوسا وەکو ئامێرێکی لێهات دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بکرێت. کۆمەڵە بەرفراوانەکان تەنیا ڕیایی کارەکان قبووڵ دەکەن نەک ڕەخنە لێگرەکانی، هەرچەندە ئەوەی جێی سەرسوڕهێنانە ئەو ڕەخنەگرانە جێی سەربڵندی ئەو کۆمەڵەن.»**[2]

وێناکردنەوەی واقیع لە ڕۆمانە ڕیالیزمییەکاندا بەشێکی بۆ ڕەخنەگرتن لەو واقیعەبوو، ئەو ئاوێنە خەستەی کە "جۆن فیتشەر" باسی دەکات هەموو کەم و کورتی و نەنگییەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوای تێدا دەردەکەوت، بۆیە خوازیارانی کەم بوون. بە ڕای ئیزمرمالکام ڕۆمان دەبێت وێنای واقیع بخاتەڕوو، ئەو واقیعەی لەسەر بنەمای باوەڕی گشتی بنیاتنراوە:

---

[1] عەتا قەرەداغی، گەڕان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەک لە ڕۆمانی کوردی، سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٥.
[2] جون فیتشر، نقد المقارنه، مجله فصول (المجلد الثالث) العدد الثالث، ١٩٨٣، ص ٦٦.

**«ڕۆمانیش پەیوەستە بە خستنەڕووی وێناگەلێک لە واقیعییەت لەسەر بنچینەی بیروباوەڕە باو و زاڵەکانی سەردەم، لەبارەی ئەوەی کە ئەزموونەکانی مرۆڤ لەژێر چ سیستمێکەوە ئەنجامدەدرێن درووستبووە و دەستبەکارە.»**[1]

ڕینیە ویلیک لە کتێبی (شاکارە ئەدەبییەکانی جیهاندا) دەڵێت: **«ڕیالیزم بەرجەستەکردنی ڕاستگۆیانەی واقیعیەتە، واتە ژیان و ڕەفتاری سەردەمیی لە دەورەیەکی یان قۆناغێکی تایبەتی ئەدەبیدا.»**[2]

لە یەکێک لە پێناسەکانی دیکەدا هاتووە: **«ڕۆمانی واقیعی دەیەوێت هەموو تێما و بابەتێک باس بکات کە دەشێ ببێتە بابەتی ناوەڕۆکی ڕۆمان، نووسەری واقیعی دەیەوێت ڕەخنە بگرێ و هەموو قەدەغە و تابوویەک بشکێنێ وەک: قەدەغە کۆمەڵایەتییەکان،توندوتیژی، ئایینی، ڕاسیزم و سیاسەت. هەر لەبەر ئەم خەسڵەتەش زۆربەی نووسەرە واقیعییەکان بوونەتە سەرچاوەی نارەزایەتی و ڕەخنە.»**[3]

ڕۆمانی واقیعی لەسەر بنەمای واقیع کار لەسەر پرسە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان دەکات، لە ڕێگەی زمان و هونەری چنین و گێڕانەوە، لە ڕۆمانی واقیعیدا واقیع بە جۆرێکی دیکە دادەڕێژرێتەوە،

چەمک و دەستەواژەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی چەمکێکی نوێن لە نێو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بۆیە زۆر کەم بەرچاو دەکەوێت لە کتێب و سەرچاوە و توێژینەوە کوردییەکاندا پێناسەی ئەم دوو جۆرەی ڕۆمان کرابێت، بۆیە بۆ بەدەستخستنی پێناسەی هەردوو جۆرەکە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو پێناسانەی کە ڕەخنەگران و ئەدەبناسانی جیهان پێشکەشیان کردووە.

مێژووی ئەدەبی فەنتازی بۆ ئەفسانە و داستانە یۆنانییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، چەمکی (فەنتازیا)ش، بۆ یەکەمجار لەلایەن تیۆرزانی بواری ئەدەب (تزفتیان تۆدۆرۆف) لە کتێبی (دەروازەیەک بۆ ئەدەبی فەنتازی)ساڵی (١٩٧٠) باسکراوە،لێرەوە لە بارەی ڕۆمانی خەیاڵیشەوە پێناسەیەک دەخەینەڕوو.

کە دەڵێت: **«ڕۆمانی خەیاڵی پەخشانێکە ڕووداو یان چیرۆکێکی خەیاڵی دەگێڕێتەوە، لەناو فەزا و شوێنێکی خەیاڵی، هەندێ کەسایەتی (کارەکتەری خەیاڵی).»** [4] ڕەپێش دەخا، بەهۆی ئەم هەڵکەوتەوە زیاتر وەک ڕەمز دەردەکەوێت. ڕۆمانی خەیاڵی جۆرێکە لە ڕۆمان، لەسەر بنەمای خەیاڵ و بە گێڕانەوەیەکی خەیاڵی و بە کەرەستەی خەیاڵ دەقی چیرۆکەکەی دادەڕێژێت. لەم جۆرە ڕۆمانەدا توخمە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان خەیاڵیین، بەڵام دەکرێت تایبەتمەندی واقیعییان تێدابێت.

[1] ئیبزامر مالکام برادبری نوتروپ فرای، ڕۆمان چییە، و: جەواد مستەفا، چاپخانەی خانی، دهۆک،٢٠٠٨ ، ل ١١٧.
[2] سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە وپرسیار، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٧
[3] Louis Rey.Pierre. 1992. Le roman. Hachette.p7.
[4] Ibid.p8

## بەشی دووەم

### تەوەری یەکەم

### کێشەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە ئەدەبی کوردیدا: (دەرکەوتن و گەشەسەندن)

بۆ ئاشنا بوون و تێگەیشتن لە کێشەی واقیع و خەیاڵ لە ڕۆمانی کوردیدا، پێویستە سەرەتا پوختەیەکی مێژوویی گشتی سەبارەت بە ڕۆمان و دەرکەوتن و گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئەم ژانرە لە ئەدەبی کوردیدا بخەینەڕوو، تاکو لە گۆشەنیگایەکی فراوانترەوە لە بابەتەکە بڕوانین و ڕەگ و ڕیشەی گرفتەکە پێشکەش بکەین. لە رووی مێژووییەوە بەکارهێنانی زاراوەی (ڕۆمان) لە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم و لە شیعرێکی شاعیر حاجی قادری کۆییدا بەرچاو دەکەوێت:

**زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە**

**چراغی ناظم و مونشی کوژاوە**

**لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە**

**ئەگەرچی مەقصەدە، زانینی باوە** [1]

گەر باسی مێژووی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی بکەین لە ئەدەبی کوردیدا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی ڕۆمانی کوردی. بە هۆی ئەوەی مێژووەکەی هێندە دوور نییە، ڕەنگە بە ئاسانی بتوانین سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم ژانرە و فۆرم و ناوەڕۆکەکەی دیاری بکەین. ئەوەشمان لە بیر نەچێت هیچ رۆمانێک نییە بە تەواویی و سەد لە سەد واقیعی یان خەیاڵی بێت، چونکە دواجار بە شێک لەوەی کە دەگێڕدرێتەوە زادەی خەیاڵی نووسەرە و بەشێکیشی ئەو واقیعەیە کە خۆی تێیدا ژیاوە یان بینیویەتی. بە پێی بە هێزی لایەنەکانی خەیاڵ و واقیع ڕۆمانەکە دیاری دەکرێت کە ڕۆمانێکی خەیاڵییە یان واقعییە.

لەسەر ئاستی هەموو کوردستان یەکەم ڕۆمانی نووسراو؛ "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار جافە، کە لە ساڵانی (١٩٢٧-١٩٢٨) نووسراوە، هەر بە دەستنووسی ماوەتەوە تا ساڵی (١٩٧٠)، پاشان بە هەوڵ و کۆششی دکتۆر ئیحسان فوئاد بە چاپ گەیەنراوە. هەر دکتۆر خۆیشی پێشەکیەکەی بۆ نووسیووە. ئەگەر بهاتبایە و ئەم ڕۆمانە لە کاتی خۆیدا چاپ و پەخش بکرایە، ئەوا هەموو هاوکێشەکانی بوون و نەبوونی ڕۆمانی کوردی دەگۆڕی و دەبوو بە یەکەم ڕۆمانی تۆمارکراو، نەک هەر لە ڕووی نووسینەوە، بەڵکو لە ڕووی چاپکردنیشەوە و هەنگاوی تریشی بە دوادا دەهات.

ڕۆمانی "مەسەلەی ویژدان" ڕۆمانێکی زۆر واقیعییە، زۆربەی ڕووداوەکانی دەشێت لە ژیانی ئاساییدا ڕوویاندابێت، هەروەها سەرجەم توخمەکانی گێڕانەوە و تەنانەت زمانی گێڕانەوەش واقیعی

[1] دیوانی حاجی قادری کۆیی، انتشارات کردستان، سنندج، ١٣٩٠، ل١١٨.

ئەو سەردەمەن کە تێیدا ڕۆمانەکە نووسراوە. ڕۆمانەکە بە قوڵی و وردی چووەتە ناو ڕاستییەکانی ژیانی ئەوسای کۆمەڵگای کوردستانەوە.
لەو دەمەدا کە ئەحمەد موختار جاف (مەسەلەی ویژدان) دەنووسێت، کە دەکرێت بە نۆبەرەی ڕۆمانی کوردی لە باشوری کوردستان دابنرێت، باسی ئەو گرفتانە دەکات کە ئەوکات تاک لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیبووە کە ئەویش ڕووکردنە پارەو سامان و دوورکەوتنەوە بووە لە ویژدانی مرۆڤایەتی. لەبارەی ڕۆمانی "مەسەلەی ویژدان"ەوە، دەتوانین بڵێین سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆمانی واقیعی کوردییە. ڕۆمانێکی تەواو واقیعییە، چونکە ڕێک لە هەناوی کۆمەڵگا و چەرمەسەریی و ژێردەستەیی و ڕەنجبەخەساریی چینی جووتیار و کرێکار، لە بەرامبەر ئاغا و دەرەبەگ و کاربەدەستانی میریی دەرهاتووە، وێنایەکی ئەو دۆخە بووە لە کوردستاندا هەبووەە. بە تایبەتیش لە ناوچەی سلێمانی و هەڵەبجە. (ئەحمەد موختار جاف) باسی زۆر ڕاستی تاڵ و نەخۆشیی کۆمەڵگە و ڕەفتار و بیرکردنەوەی خراپی کۆمەڵگای کوردی کردووە. وەک نەخوێندەواریی کە دەردێکی کوشندە بووە، خەڵک بە ئاسانی بەو قەناعەتە نەگەیشتوون کە منداڵەکانیان بخەنە بەر خوێندن، گرنگی نەدان  بە تەندروستی و پاکی و سەلامەتی جەستە.  پارێزگاری نەکردن لە خۆراک و پاراستننسەرچاوەکانی  ئاو و پاک و خاوێنی شارەکان.
کێشەیەکی دیکە کە نووسەر لەم ڕۆمانەی زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە، چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی خەڵکە بە قانوونی عەشایەریی، ئەمەش تائێستاش لە کۆمەڵگەی کوردی و عێراقیدا هەر ماوە و درێژەی هەیە. ئەو ڕوانینەش دەخاتەڕوو  کە هەموو گەندەڵی و کێشەکان لە سەرەوە سەرچاوە دەگرێت و شۆڕ دەبێتەوە بۆ پێکهاتەکانی دیکەی دەسەڵات و چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە. هەموو ئەمانەش لە نەبوونی خوێندەواری ڕاستەقینە و تێگەیشتوو، نەبوونی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا دەبینێت. نووسەر پێیوایە چارەی ئەم دەردە کوشندانەی کۆمەڵگە بە خوێندن و خۆگۆڕین و خۆگونجان  لەگەڵ سەردەمی نوێ دەبێ.

(مەسەلەی ویژدان) ڕۆمانێکە بە فۆرمی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە نووسراوە، ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەش ڕێبازێکی  ڕۆژئاواییە بۆ نووسینی بەرهەمی ئەدەبی، وەک دکتۆر (ئیحسان فوئاد)یش لە پێشەکی چاپی ڕۆمانەکەدا دەڵێت:

**«ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە لە ئەدەبی ئەوروپادا بەو ڕێبازە گەورەیە دەڵێن کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کەوتە پەیدابوون و گەشەسەندن، ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بایەخێکی گەورەی دا بە ڕووهەڵماڵینی دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و زۆری چینە دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا، ناتەواوی و تەڵەکەبازی و دەستبڕینی چینە کاربەدەستەکانی دەرخست، چاوی میللەتانی کردەوە و ڕاستیی بەختیاریی ژیانی ژێر سایەی ڕژێمی سەرمایەداری بۆ دەرخستن، لە نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەوروپا کە مەشخەڵی ئەم ڕێبازەیان هەڵگرتووە، دیکنیز، بەلزاک، ستانداڵ، تۆڵستۆیە، سەرکەوتنی ئەم ڕێبازە گەورەیە لە ڕاستی و وردیی نیگارکێشاندایە، دەتوانین بڵێین ئەم چیرۆکەی ئەحمەد موختار جاف لە ئەدەبی کوردیدا سەرەتای ئەو ڕێبازە ئەدەبییەیە.»**[1]

[1] ئەحمەد موختار جاف، مەسەلەی ویژدان یان چۆن بووم بە خانەدان، دکتۆر ئیحسان فوئاد، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٨.

ئێمە لەو باوەڕەدا نین کە لەو سەردەمەدا هیچ ئامێرێکی پێشکەوتووی پەیوەندی، ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەوتۆ لە کوردستان و عێراقیشدا نەبوون، بەرەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی زەوی لە هەموو ڕوویەکەوە دابڕان و مەودایەکی زۆریان لە نێواندا هەبوو، (ئەحمەد موختار جاف) لە هەڵەبجە ئاگاداری ڕێباز و قوتابخانەی ڕیالیزم و بە دیاریکراویش "ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە" بووبێ و ویستبێتی ڕۆمانەکەی لە چوارچێوە و یاساکانی ڕیالیزمدا بنووسێت، بەڵام ئامانجی ڕۆمانەکە و گرنگیدانی بە واقیعی سەردەم و ڕەخنەگرتن لە دۆخەکە،ڕاستەوخۆ ناسنامەیەکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت.

یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی واقیعی مێژوویی کوردستان، مەسەلەی تازە خوێندەوارەکان بوو، بە تایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئینگلیزەکاندا، واتە لە دەیەی بیست و سی سەدەی ڕابردوو، ئەو دەمەی کە ئەحمەد موختارجاف "مەسەلەی ویژدان"ی تێدا نووسیووە، ڕێک ئاماژە بەم کێشە گەورەیە دەدات کە ئەوکاتە لەناو بەشێک لە خوێندەوار و کاربەدەستەکاندا هەبووە. دەتوانین بڵێین "مەسەلەی ویژدان" ڕۆمانێکە کە خاڵیە لە خەیاڵ و فەنتازیا، پڕاوپڕ و بێ گرێ باسی ئەو قۆناغەی کوردستانی کردووە کە تێیدا نووسراوە.

لە مێژووی ڕەخنەی ڕۆمانی کوردیدا زۆرن ئەو توێژینەوانەی کە دەربارەی ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان) ئەنجامدراون، زۆرینەی بیروڕاکانیش لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەم ڕۆمانەی (ئەحمەد موختار جاف) ڕۆمانێکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەیە، نووسەر بە هۆشیارییەکی تەواو دەربارەی کاریگەریی ئەدەب لە گۆڕین و بەرەوپێشبردنی واقیع نووسیویەتی.

ڕیالیزم چەندین جۆری جیاوازی هەیە کە بەشێکیان لەسەر ئاستی دونیا و کوردستانیش بەربڵاوترن، دەتوانین جۆرە باوەکانی ڕیالیزم دیاری بکەین بە: (ڕیالیزمی ڕامیاری، ڕیالیزمی ڕەخنەیی، ڕیالیزمی میژوویی، ڕیالیزمی تۆماریی).

لە مێژووی چیرۆک و گێرانەوەی کوردیدا، لەگەڵ چیرۆکی (لەخەوما- ١٩٢٥)ی "جەمیل سائیب"دا کە کەمێک پێش (مەسەلەی ویژدان)یش نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە، ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە هەستی پێدەکرێت، هەروەها لە (مەسەلەی ویژدان)دا بە تەواوی خۆی دەنوێنێت و ناوەڕۆکەکەی سەرهەڵدانی ڕیالیزمی ڕەخنەییە لە میژووی ڕۆمانی کوردیدا. لە ڕۆمانەکانی حسێن عارف-یش مەسەلەکانی وەک (جووتیار و دەرەبەگ، هەژاری، نەخوێندەواری، توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت) بوونەتە هەوێنی نووسین و دەتوانین بڵێین ڕۆمانی ڕیالیزمی ڕەخنەیین.

**«چیرۆکی لە خەوما لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەچێتە خانەی (ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەوە) کە سیمایەکی مێژوویی پێوە لکاوە لە کات و سەردەمێکی دیاری دیاریکراودا.»[1]**

ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ڕێبازێکی ئەدەبی جیهانییە، کە تێیدا لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕەخنە لە دۆخی ژیان و سیاسەت و دەسەڵات و حکومڕانی و ئایین دەگیرێت، لە ئەدەبی کوردیدا لە بەرهەمەکانی (مەسەلەی ویژدان) و (لەخەوما) دەردەکەوێت، پاشان ڕێچکەکەی بەردەوام دەبێت و لە ڕۆمانەکانی

[1] ئازاد حەمە شەریف، جەمیل سائیبی شاکار نووس، کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر،٢٠١٢، ل ١٠٤.

دوایی درێژە بە خۆی دەدا، بۆ نموونە لە ڕۆمانێکی خوسرەو جاف بە ناونیشانی (پاشایان کوشت)، باس لە چەند ڕووداوێکی مێژوویی گرنگی نێوان هۆزی جاف و بابانەکان دەکرێت، ڕۆمان باس لە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی هۆزی جاف دەکات، دەیانخاتە بەر ڕەخنە و تانە ، دەتوانین ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی واقیعی دابنێین و لە نێو جۆرەکانی ڕیالیزمیشدا لەژێر چەتری ڕیالیزمی مێژووییدا دەوەستێت.

سەبارەت بە یەکەم ڕۆمانی چاپکراویش لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە. ڕۆمانی "شڤانی کورد"ی عەرەبی شەمۆ یە، کە لە ساڵی (١٩٣٥) دا لە شاری یەریڤانی ئەرمینیا، بە پیتی لاتینی و بە زاری کرمانجی چاپکراوە. ئەگەر ساڵی چاپ حساب بکەین، ئەوا ئەم ڕۆمانە نۆبەرەی ڕۆمانی کوردییە.

"شڤانی کورد" لەو ڕۆمانانەیە کە ناونیشانەکانیان کلیل و ڕێبەریی خوێنەرن. خوێنەر بەبێ ئەوەی پەڕەکانی هەڵبداتەوە، بیرۆکەیەکی گشتی لەمەڕ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە لەلا گەڵاڵە دەبێت. بە یەکەم سەرنجدان لە ناوونیشانەکەی دەتوانی بزانی باسی چی دەکات. ئەم ڕۆمانە لە هەناوی ژیان و نەریتی شوانکارەیی کوردەوە وەرگیراوە، باس لە نەهامەتی و نەداریی و سەختییەکانی ژیانی کەسێک دەکات، کە لە توێژی بەربڵاوی شوانکارە بووە. ئەو دەم عەرەبی شەمۆ دێت ژیانە واقعییەکەی کوردەواری دەکاتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ گێرانەوە و نووسینی خۆی، هەموو شتێک لەم ڕۆمانەدا مۆرکێکی کوردەواری هەیە، باس لە وێستگەیەکی ژیانی تاکی کورد دەکات لەو دەمدا و لەنێو گوندە چیاییەکانی قەفقازدا، ژیانی ڕاستەقینەی خودی نووسەر چیرۆکی ئەم ڕۆمانەیە، ڕۆتینی سادە و ساکاری کوردێک، لەخەو هەستانی سبەینان تا نووستنی شەوان، تەنانەت بیرکردنەوە و ڕوانین و خەیاڵیان بۆ ژیان و دونیا، لە وانەش گرنگتر بیری سیاسی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە و بەشداریکردنی لە خەبات و تێکۆشاندا، هەمووی لەم ڕۆمانەدا هەیە. موحسین ئەحمەد عومەر لەبارەی ڕۆمانەکەوە دەڵێت:

**«لەڕووی هونەری گێڕانەوە، تەواوی ئەو تەکنیکە هونەرییانە بەکار هاتوون کە لە ڕۆمان یان گێڕانەوەی کلاسیکی ڕۆمانی بیۆگرافی بەکارهاتووە. نووسەر ڕاستەوخۆ باسی ژیانی خۆی دەکات.»**[1]

ئەگەر کۆمەڵێک مەرج دابنێین بۆ ڕۆمانی واقیعی وەک: (وەسفی شوێن و ڕووداو کارەکتەر و ناوی کارەکتەرەکانی ڕۆمان، زمانی گێرانەوە) ئەوا دەکرێت ئەم ڕۆمانە وەک یەکەم ڕۆمانی واقیعی کوردی تەماشا بکەین. چونکە بەشێکی زۆری ئەو مەرجانەی تێدایە کە ڕۆمانێک دەکەن بە واقیعی. ڕۆمانەکە لە هەناوی دۆخە کۆمەڵایەتییەکەوە هاتووەتە دەرێ، هاوشێوەی ناو و پیشە و تایبەتمەندی کارەکتەرەکانیشی، دەکرێت دەیان جار و لە دەیان شوێن و سەردەمی کوردەواریدا هەبن. کاتێک ڕۆمانی (شڤانی کورد) دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت ئەندامێکی بەتەمەنی خێزانەکەت سەرگوزەشتەی پڕ نەهامەتی ڕاستەقینەی خۆیت بۆ دەگێڕێتەوە.

لەبارەی پۆلێنکردنی ڕۆمانەکەش لەناو لقەکانی ڕیالیزمدا، دکتۆر عادل گەرمیانی دەڵێت:

---

[1] عەرەبی شەمۆ، شڤانێ کورد، گۆڕینی لە پیتی لاتینییەوە: موحسین ئەحمەد عومەر، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٨.

**«ڕۆماننووسەکە لە ژێر کاریگەریی ڕیالیزمی سۆشیالیزمیدا ئەم ڕۆمانەی نووسیوە»[1]**

ڕیالیزمی سۆشیالیزمی وەک لقێک لە ڕیالیزم ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی لەم ڕۆمانەدا هەیە. فۆڕم و ناوەڕۆکی (شڤانێ کورد) واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی ئەندامانی خێزان و کەسەر و نەهامەتییەکانیان دەگێڕێتەوە. چەوساندنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕێتەوە، هەرکاتێک ژیانی کۆمەڵایەتی کارەکتەرانی چیرۆک و گێڕانەوە بە شێوەیەکی ڕاست و درووست وەک خۆی لە نێو ڕۆمان یان چیرۆکدا ڕەنگی دایەوە، ئەو ڕۆمانە دەکات بە بابەتێکی (ڕیالیزمی سۆشیالیزمی) ئەم خاڵە بە تەواوی بەسەر ئەم ڕۆمانەدا جێبەجێ دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆمانەکەی (محەمەد عەلی کوردی) بەناوی (نازدار یان ژنی کورد لە لادێ) کە لە ساڵی(١٩٣٦) لە ژمارەکانی (٧، ٩، ١١) لە گۆڤاری ڕووناکی بە ئەڵقە بڵاو کراوەتەوە. بۆ یەکەمجار لەسەر بەرگی ئەم بەرهەمە زاراوەی ڕۆمان بەکارهاتووە. ئەم بەرهەمە ئەگەرچی ناتەواوە و نیوەی ونبووە، بەڵام دەکرێت وەک بەشێک لە ڕەوتی ڕۆماننووسینی کوردی دابنرێت.

ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی (ڕەحیمی قازی) یەکێکی دیکەیە لەو ڕۆمانانەی پێویستە باسبکرێت، ئەم ڕۆمانە ساڵی (١٩٥٨) نووسراوە و ساڵی (١٩٦١) لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بەم ڕۆمانەوە

**«هەندێک لایان وایە کە کاریگەری بەسەر باشوری کوردستانەوە نییە، چونکە کەسێتی و ڕووداو و شوێن و کەش و هەواو و ژینگەکەی، هەڵقوڵاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و نووسەرەکەشی لە دایکبووی ئەوێیە.»[2]**

لەبەر ئەوەی کارەکەی ئێمە پەیوەندی بە دیاریکردنی کاتێک هەیە بۆ نوسین و سەرهەڵدانی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە ئەدەبی کوردیدا، بۆیە زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکان دەدەین پەیوەست بە قۆناغە مێژووییەکە، ڕۆمانی (پێشمەرگە) پێش هەموو شتێک ناوەکەی لە هەناوی واقیعی کۆمەڵگای کوردییەوە سەریهەڵداوە، نووسەر زیرەکانە ناوی پیرۆزترین ڕەمزی کوردایەتی بۆ ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە کە ئەویش (پێشمەرگە) یە، بە خوێندنەوەی ناونیشانی ئەم ڕۆمانە بۆت دەردەکەوێت کە باسی خەباتی کوردایەتی، دۆخی کوردستان، بەرخۆدان و قارەمانێتی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دەکات، سەبارەت بە کاریگەری بەسەر ڕەوتی ڕۆماننووسی لە باشوری کوردستان ئێمە پێمانوایە کە کاریگەرییەکی گەورە وگرنگی هەبووە، چونکە هەم لێرە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەم لە قۆناغێکدا بڵاوکراوەتەوە کە قۆناغی شۆڕش و تووڕەیی خەڵک بووە لە دەسەڵاتی ئەوسای ئێران و عێراق، لەو دەمەدا پێشمەرگە تروسکایی هیوای ڕزگاری میللەت بوو، کتێبێک بە ناوی پێشمەرگە بێگومان کاریگەریی بێوێنە دادەنێت، نووسەرانیش لەم کاریگەرییە بێبەری نابن، ئەگەر بێت و لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ڕەخنەیی ئەنجام بدرێت. لەوانەیە دەربکەوێت کە چەندین بەرهەمی ئەدەبی لەو دەمەدا بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕۆمانی پێشمەرگە نووسرابن، کە ئەمەش کاری ورد و پشوو درێژی دەوێت.

---

[1] عادل گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا ١٩٢٨-١٩٩٦، ل ٤٥.

[2] کارزان موحسین قادر، سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٩، ل١٠.

له دوای سەرهەڵدان و بە چاپ گەیاندنی یەکەمین ڕۆمانە کوردییەکان، سەردەم یان قۆناغێکی ئەدەبی تایبەت و پڕ نهێنی سەرهەڵدەدات کە ساڵانی (١٩٧١-١٩٨٠) و دەکرێت بڵێین جۆرێک لە بۆشایی هەیە بۆ ڕۆمانی کوردی. هۆکارەکانی ئەم بۆشایی و بێ دەنگییە زۆرن. لەم بارەیەوە کارزان موحسین قادر پێی وایە:

**«ئەم قۆناغە دەبوایە ببێتە قۆناغی ڕەگداکوتان و گەشەکردنی ڕۆمانی کوردی لە باتی دەیەی هەشتاکان، چونکە پێش ئەم قۆناغە بناغە و زەمینەیەکی تا ڕاددەیەک لەبار بۆ ڕۆمانی کوردی ڕەخسابوو، ڕەخنە و گفتوگۆی چیرۆک و چیرۆکی درێژ و ڕۆمانی کوردی سەریهەڵدابوو.»** [1]

بوونی ڕەخنەی چیرۆک و ڕۆمان بە واتای بوونی ڕۆمان و چیرۆکیش دێت، کەواتە گرنگە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە لە هۆکاری نەبوونی ڕۆمانی کوردی دەپرسێت بە تایبەتی لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا؟ ئاسان نییە بێ خوێندنەوەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژیاری ئەو سەردەمە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، زۆر ڕووداوی سیاسی گرنگ لەو ساڵانەدا لە عێراق و کوردستان ڕوویانداوە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر سەرجەم بوارەکان و لە نێویشیاندا بواری (ئەدەب) هەبووە.

لەو سەردەمەدا کە رۆمانی کوردی لە باشوری کوردستاندا سەرهەڵدەدات، کوردستان لە بارودۆخێکی تایبەت و لەبیرنەکراودا بوو. خەڵکی بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرەو سەنتەری شارەکان کۆچ دەکەن، هۆکارەکانی کۆچکردن جۆراو جۆر بوون، کێشە و گرفتی ئابوری و سیاسی، بێزاری لە ژیانی گوند، خوێندنی کچ و کوڕی خێزانە گوندنشینەکان، کە لە زانکۆکاندا وەردەگیران ناچار خێزانەکانیشیان بەرەو شار کۆچیان دەکرد. کە دەشهاتنە شار گرفتی زۆریان بۆ درووست دەبوو و ژیانی شار بۆیان نامۆ بوو، تووشی پێکدادان و تێکەڵی کلتوری دەبوون. ئەمە کێشەیەکی گەورەبوو، لە ڕۆمانی واقیعی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و گوزارشتی لێکراوە، تەنانەت ئەم ئەدەبە لە سەر زەمینەی واقیعیش، جۆرە دژایەتیەکی لە نێوان خەڵکی شار و گونددا درووستکرد، کە تا ئێستاش کاریگەریی ماوە.

بە ڕوانینێکی واقیعی و مێژوویی، گەڕانەوە بۆ فۆرم و ناوەڕۆکی ڕۆمانی کوردی، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، ڕۆمانی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە لە نێو ئەدەبی کوردیدا، وەک ژانرێکی سەربەخۆ و واتادار، زیاتر لە هەناوی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و ئابوری سەردەم و ژیاری خۆیەوە سەریهەڵداوە. بە هەموو شەرت و مەرجێک ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا، لەسەرەتاوە تاکو گەشەسەندن ڕەوتێکی واقعییانەی هەبووە، لەم بارەیەوە سابیر ڕەشید دەڵێت:

**«ڕۆمانی کوردی لە سەرەتای نووسینیدا وەک خۆی فۆتۆکۆپی واقیعی میللەتی کورد بووە، بەڵکو زۆربەشیان دەربڕی ئەو ئێش و ئازار و بەرگری مانەوەی تۆمارکردووە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هەژاری و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و کێشەی ئاغا و جووتیار و**

[1] کارزان موحسین قادر، سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، ل١١.

**مەسەلەی زەوی و زاری لادێ و کۆچی لە لادێ بۆشار و وێناکردنی کێشە نەتەوەییەکەی. ڕۆماننووسی کورد نەیانتوانیوە لەم مێژووە پڕ ستەمە دەرباز بێ.»**[1]

ئەم ڕایە کە دوای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی ڕۆمان وتراوە، بەڵگەی تەواوە لەسەر ئەوەی ڕۆمانی کوردی لە سەرەتا و دەستپێکدا ئاوێنەی بالا نوێنی واقیعی کۆمەڵگە و ژیاری کوردەواری بووە بە هەموو لایەنەکانیەوە، ڕۆمان بۆخۆی بەرهەمی سەرهەڵدان و گەورە بوونی شار و ژیانی شارنشینی، گەشەکردنی پیشەسازی و فراوانکردن و ڕێکخستنی بووە، ڕەنگدانەوەی کاری توێژێکی گەورەی پێکهێنەری کۆمەڵگە بووە کە فەرمانبەران و کرێکارانن، ئەنجامی زیادبوونی ڕۆڵی ئامێر و ئاسان بوونی ژیان بووە، ڕۆمان ئەوەشمان پێدەڵێ بەرهەمی نامۆبوون و دوورکەوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بووە، بۆیە زیاتر مەیلی بەلای ئەو بابەتانەدا دەچوو، کە ڕاستییە تاڵەکانی ژیان و گرفتەکانی کۆمەڵگە بگێڕێتەوە، هەستی نامۆبوون و کێشە کۆمەڵایتییەکان.

نووسەران لە ڕێگەی دەنگە جۆربەجۆر و جیاوازەکانی نێو ڕۆمانەکانیانەوە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەکەیاندا دەبەستن و پەیامی خۆیان دەگەیەنن. باشترین دەنگیش دەنگی ڤەگێڕە :

**« گێڕەرەوەش لە دەستپێکدا زۆربەی کات نووسەر خۆیەتی یان دەنگی ئەوە، کە لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەریەک دەکەون، لێرەشەوە نزیکی ئەم ژانرە ئەدەبییە لە واقیعەوە و پەیوەندی بە واقیعەوە زیاتر دەردەکەوێت.»**[2]

لەبارەی سەرهەڵدانی چەمکی ڕیالیزم و پەیوەندی بە سەرهەڵدانی ڕۆمانیشەوە، زۆرێک لە نوسەران ڕای خۆیان دەربڕیوە و پێیان وایە کە هەردوو چەمکەکە زادەی قۆناغی دەسەڵاتی چینی بۆرژوا و شارنشینی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتین، ئەم ڕایە سەبارەت بە سەرهەڵدانی هەردوو چەمکەکە لە کوردستانیش ڕاستە. لەم بارەیەوە (فەرهاد پیرباڵ) دەڵێت:

**«لە هەر سەردەمێکدا یەکێک لە جۆرەکانی ئەدەب فەرمانڕەوا دەبن، سەدەی حەڤدەهەم سەدەی تراژیدیا و شانۆ بوو، سەدەی ١٨ سەدەی بیرو پەخشانی بیر بووە، ئەگەر درەنگتریش بە سەردەمی ڕۆمانسیزم بژمێرین، ئەوا سەردەمی ڕیالیزم بە سەردەمی ڕۆمان دەژمێردرێت.»**[3]

بەسەرنجدان لە مێژووی ڕۆمانی کوردی بە تەواوی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت نەک تەنها ڕۆمان بەرهەمی شارە، بەڵکو ماتریاڵ یان کەرەستەکانی ڕۆمانیش بەرهەمی شارن، ژینگە و هەڵکەوتەی شارەکان بە جۆرێکن کە دەگونجێ دەیان چیرۆکی سەیرو سەمەرە یان واقیعی و سەرنجڕاکێشی تێدا ڕووبدات، بە نموونە زۆربەی ڕۆمانەکان لە شار دەگێڕدرێنەوە، یان پاڵەوان و کەسایەتییەکانیان ئەو کەسانەن کە لە شاردا دەژین و هەڵسوکەوت و کاریگەرییان بەسەر خەڵک و ژیانی شارەوە باس دەکرێت.

ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان) گێڕانەوە و شوێن لە شارەوە دەستپێدەکات. تەنانەت لە چەند شوێنیکیشدا باس لە فێڵبازی و بێ ویژدانی بەشێک لە خەڵکانی شار بەرامبەر بە گوند نشین و جووتیاران

[1] سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە وپرسیار، ل ١٩
[2] -ڤەنسان ژووڤ، بووتیقای ڕۆمان. و: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٣٩
[3] فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، هەولێر، بڵاوکراوەی خانەی کولتوور، ٢٠١٩، ل ١١٩.

دەکات. کەواتە وەک چۆن لە دونیادا سەرهەڵدانی ڕۆمان و ڕیالیزم پەیوەندییان بە یەکتر و پاشان پەیوەندییان بە سەرهەڵدانی ژیانی شارنشینی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاردا و ژیانی چینی بۆرژوازی هەیە، ئەم بابەتە بۆ ڕۆمانی کوردیش ڕاستە، ڕۆمانی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانی لە ئەدەبی کوردیدا لە ژێر کاریگەری واقیعی کۆمەڵگەی کوردستاندایە و تەنانەت بە ئامانجی گۆڕینی ئەو واقیعە لە دایکبووە. بەڵام ئایا بەردەوام بووە لە واقیعیبوونی خۆی؟

**«مێژووی ڕیالیزم لە ئەدەبی چیرۆکی کوردیدا کورت و سنورداره و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە چەندین کێشەی ئەدەبی ساز ببێت، بۆ وێنە، چیرۆک نووسانی قۆناغەکانی تر، بە هیچ شێوەیەک گرنگایەتی بە بنەماکانی ڕیالیزم نادەن، کەشێکی تەژی لە ڕەشبینی مەعریفی بە بێ ئاماژە بۆ بەستینی واقعی، باڵی بەسەر زۆرینەی ئەدەبی چیرۆکی کوردی سەدەی بیستەمدا کێشاوە.»**[1]

هەتا ئێستا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بۆ دەرخستنی هۆکارەکانی کورتیی تەمەنی ڕیالیزم لە ئەدەبی چیرۆکی کوردیدا ئەنجام نەدراوە. لێرەدا مەبەست لە ئەدەبی چیرۆک هەموو جۆرەکانی گێڕانەوەیە لە (چیرۆک و کورتە چیرۆک، ڕۆمان ، کورتە ڕۆمان......هتد). لەدوای سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕیالیزم و پەیڕەو کردنیشی لەلایەن نووسەرانی کوردەوە، چەند قۆناغێکی دیکەی ئەدەبی سەریانهەڵداوە، و لە ئەدەبی کوردیشدا خۆیان نواندووە وەک لە سەرەوە هاتووە، بەختیار سەجادی پێی وایە ئەو ئەدەبەی کە پەیڕەوەی لە یاساکانی ڕیالیزم ناکات، ئەدەبیاتێکە فەزایەکی ڕەشبینی مەعریفی بەسەریدا زاڵە، لە بەشی زۆری ئەدەبی چیرۆکی سەدەی بیستدا باو بووە، بەڵام ئەگەر تەنیا ڕۆمان لەبەرچاو بگرین، ئەم دۆخە بەسەر ڕۆمانی سەدەی بیست و یەکیشدا زاڵە، بەشێکی زۆر لە ڕۆمانەکان بە گێڕانەوەیەکی خەیاڵی و بە کارەکتەری خەیاڵی، کۆمەڵێک ڕووداوی خەیاڵی دەگێڕدرێنەوە.

ئەدەبیاتی خەیاڵیش لە جیهاندا ئەدەبیاتێکی ڕێپێدراوە، لە سەردەمێکیشدا خواستێکی زۆر هەبووە بۆی، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتن و وەئاگا هاتنەوەی مرۆڤایەتی و شۆڕشی عەقڵی و پیشەسازی و زانستیدا، دەبێت ئەدەبیش بگۆڕێت بۆ ئەو ئەدەبەی کە عەقڵی مرۆڤایەتی قبوڵی دەکات، با بابەتەکەش زادەی خەیاڵی نووسەر بێت، هەر دەبێت گێڕانەوەکە بە جۆرێک بێت کە دوور نەبێت لە واقیعەوە.

لە ساڵانی (١٩٩٠) بە دواوە ئیدی فۆڕمی ڕۆمانی خەیاڵی لە نووسینی ڕۆمانی کوردیدا سەرهەڵدەدات و دەبێت بە مۆدێلێکی باو. چەندین ڕۆمان بە فۆرم و ناوەڕۆکێکی خەیاڵی بڵاودەکرێنەوە وەک (ڕۆمانەکانی ڕۆستەمی زاڵ - خورشید میرزەنگی، گێلاسی خوێن-عەتا محەمەد ، مادەکان-ی بەیان سەلمان. مەرگی تاقانەی دووەم، غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ-ی بەختیار عەلی. دێوانەیەک لەم شارە-ی نەبەز گۆران ، ڕۆمانی دەغدو-ـخوسرەو جاف و زۆری تر.) هەموو ئەمانە بە فۆرمێکی جیاواز لە ڕۆمانەکانی پێش خۆیان نووسراون.

---

[1] بەختیار سەجادی، گێڕانەوەی کوردی لە نێوان واقیعی خوازی و دژە واقیعی خوازیدا، کۆنفرانسی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، هەولێر، خانەی کتێبی کوردی، ٢٠١٩، ل ٢٢-٢٣.

بەشێک لە لێکۆڵەران و ڕەخنەگران پێیان وایە ئێستا سەردەمی گەشەسەندن و پێشکەوتنی ڕۆمانی کوردییە:

**«دەتوانین بڵێین ئەگەر سەد ساڵی ڕابردوو، ساڵانی بونیاتنان و درووستکردنی پایە و بنەماکانی ڕۆمانی کوردی بووبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین ئێستا ساڵانی پێشکەوتن و گەشانەوەو بەرەو پێشچوون و بونیاتنانی ڕۆمانی کوردییە.»[1]**

لە سەرەتادا ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی بە گشتی و بە تایبەت (ڕۆمان)، واقیعی وەک خۆی پیشاندەدا، ژمارەی بەرهەمەکان کەم و دیاریکراوبوون، بەڵام خزمەتییان بە واقیع دەکرد، لە ئێستادا گەشە و پەرەسەندنێکی بەرچاو لە ژمارەی (ڕۆمان)ی چاپکراو و ناوەڕۆکی جیاوازدا هاتووەتە ئاراوە، بەشێکی بەرچاویش لە ڕۆمانە نوێیەکان بە فۆرم و ناوەڕۆکیکی (فەنتازی) نووسراون، ئەمەش وایکردووە لە پۆلێنی جۆرەکانی ڕۆماندا خاوەنی خشتەیەکی دەوڵەمەندبین.

ئەمە لە کاتێکدا کە زۆربەی تیۆردانەرانی دونیا بۆچوونیان وایە کە ڕۆمان دەبێت ژیان وەک خۆی بنوێنێت، تەنانەت بەشێکیان مەسەلەی سەرهەڵدانی ڕۆمان دەبەستنەوە بە پێویستی مرۆڤ بۆ جۆرە ئەدەبێک کە مانا بە ژیانی ببەخشێت، لە ڕوانگەی (شپینگلەر)ەوە:

1 شاخەوان سدیق، ئەدەب و گێڕانەوە، ل ١٢.

**«سەرهەڵدانی ڕۆمان لەبەر ئەوەبوو کە مرۆڤی (دەرەوەی مێژوو)ی سەردەمی نوێ پێویستی بە ژانرێک هەیە کە بتوانێ (ژیان بە گشتی) لە خۆبگرێت.»**[1]

ئەم بابەتە بۆ مرۆڤی کوردیش ڕاستە و دەگونجێت، چونکە مرۆڤی کوردیش پێویستی بەو جۆرە ئەدەبەیە کە گوزارشت لە کێشەکانی بکات و ژیانی وەک خۆی بنوێنێت. بەڵام بە پێچەوانەوە بەشێکی زۆر لە ڕۆمانە خەیاڵییەکان زۆر دوور کەوتوونەتەوە لە واقیعی ئینسانی کورد.

[1] کۆمەڵێک نووسەری بیانی، تیۆری ڕۆمان، و: محەمەد کەریم، سەردەم. سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٣٠.

تەوەری دووەم

**-دەرکەوتن و بڵاو بوونەوەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە ئەدەبی جیهانیدا**

مەبەست لە ئەدەبی جیهانی ئەو ئەدەبەیە کە لێیەوە ژانر و مۆدێلە نوێیەکانی ئەدەب دەردەکەون، کە دەبنە نمونەی بەرز و شیاو بۆ لاساییکردنەوە لە لای میللەتانی دیکە، لەم بارەیەوە مەبەستمان لە ئەدەبی (فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەلمانی و ڕووسی)یە.

ژمارەیەک ڕووداو و پێشهاتی مێژوویی هەن کاریگەرییەکی ڕیشەیی و دیاریان لەسەر ئەدەبی ئەورووپا و جیهان هەبووە، هۆکاربوون بۆ داهێنانی چەندین ژانر و مۆدێلی نوێی ئەدەبی. لە ناو ئەو ڕووداو و پێشهاتە مێژووییانەدا، دەکرێت ئاماژە بە شۆڕشی فکریی یان دەستپێکردنی سەردەمی (ڕێنیسانس) لە ئەورووپا بدرێت، شۆڕشی فەڕەنسی، هەردوو جەنگی جیهانیی، سەرهەڵدان و پەلهاویشتنی بزووتنەوە فیمینیزمییەکان بەرەو وڵاتانی جیاجیا، لە ئەورووپا بە گشتی و لە فەڕەنسا و ئینگلتەرا بە تایبەتی. هەموو ئەمانە گۆڕانێکی گەورە بەسەر کۆی گشتی کایەکانی ژیاندا دەهێنن. هەموو شتێک گۆڕان و بەرەوپێش چوون و نوێبوونەوەی بەخۆوە دەبینێ، ئەدەبیش لەم گۆڕانە مەزنە بێ بەری نەبووە، چونکە خەڵک لە جەنگ و کارەساتەکاندا گەلێک ئازاریان چەشتبوو، دەبوو ئەم ئازارە لە دوای دەرچوونی ماندوویەتی لە ڕێگەی ئەدەبەوە بۆ جیهان باس بکەن. دەبوو داستانی قارەمانی شۆڕشگێڕان بنووسنەوە، ئەدەبی پاش شۆڕشی فەڕەنسیش قۆناغێکی نوێیە، نەک تەنها لە ئەدەبی فەڕەنسیدا، بەڵکو بۆ ئەدەبی هەموو گەلانی ئەورووپا.

**«ئەدەبی فەڕەنسی نوێ، لە ئەنجامیماڵوێرانی و کارەساتە دڵتەزێنەکانی هەردوو جەنگی جیهانیدا گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەرداهات، بیرکردنەوە و بۆچوونی ئەدیبانی لەڕەگەوە هەڵتەکاند، وایلێکردن ناوەڕۆکی ئەم کارەساتە جەرگبڕانە، بەشێوازێکی هونەریی تازە، دوور لە شێوازی تەقلیدی دەرببڕن.»[1]**

ڕوانینی واقیعی لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا تەمەنێکی درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە پێش سەرهەڵدانی قوتابخانەی ڕیالیزمیش، پێش ئەوەی وەک چەمک و زاراوە لەناو بزاڤی ڕۆشنبیری و ئەدیباندا سەرهەڵبدات، جۆرە مەیلێک لەلای ڕۆژئاواییەکان بۆ نووسینی ئەو بابەتانە هەبوو کە دوورن لە ئەفسانە و خەیاڵی دوور و درێژ و پاڵەوانی ئەفسانەیی و چیرۆکی خەیاڵی. نووسەران خوویان دابووە نووسینی ئەو بابەتانەی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی مرۆڤیان وەک خۆی دەردەبڕی. بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی ڕیالیزمەوە نووسەران پۆلێنکران و ئەوانەی کە زۆر واقیعی دەیاننووسی بە نووسەرانی ڕیالیزمی ناودەبران.

**«واقیعی خوازی لە ئەدەبی ڕۆژئاواییدا، بە ئەدەبی فەڕەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و ڕووسیشەوە. خاوەن مێژینە و ڕابردوویەکی پتەوو درێژ و تێر و تەسەلە، ڕیالیزم بزاڤێک نەبووە لە پڕێکدا دەرکەوێت و لە پڕێکدا دامرکێت، لانی کەم دووسەد ساڵی لە پشتە.»[2]**

---

[1] سەلاح عومەر، ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، چەند وتارێک لە بارەی چیرۆک و ڕۆمانەوە، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٠، ل٤٣.

[2] بەختیار سەجادی، گێڕانەوەی کوردی لە نێوان واقیعی خوازی و دژە واقیعی خوازیدا، ل٣.

ڕەوتی واقیعی خوازی ڕەوتێکی جیهانییە، بابەتەکە پەیوەندی بە مێژووی مرۆڤ و ڕوانینی بۆ داهێنان و هونەر و ئەدەبەوە هەیە، ئەوانەی سەر بەم ڕەوتەن حەز بە قبوڵکردنی ئەو بابەتانە دەکەن ڕێک وەک جیهانی هەستپێکراون، لە سەردەمی فرە خواییدا پەیکەری زۆربەی خواوەندەکان لە شێوەی مرۆڤ بوون بە وردەکاریی زۆرەوە، پاشان لە شێوەکاری و نیگارکێشانیشدا بە هەمان شێوە، ئێستاش کەسانێک هەن باشترین هونەرمەند لایان ئەو هونەرمەندەیە وێنەی واقیع وەک خۆی دەکێشێتەوە. ئەگەر ئەمە بۆ پەیکەر سازی و وێنەکێشان ڕاست بێت ئەوا بۆ ئەدەبیش بە هەمان شێوەیە و زۆرجار خوێنەر حەز بەو گێڕانەوە و چیرۆکانە دەکات کە لە واقیعەوە نزیکن و ژیان وەک خۆی دەگێڕنەوە، هەر ئەمەش بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ئەدیبان ڕوو بکەنە نووسینی ئەدەبی واقیعی یان ڕیالیزمی.

لەلایەکی دیکەشەوە فەلسەفە و تێڕوانینی فەیلەسوفانی ئەوروپا بۆ ژیان و کۆمەڵ، بووە هۆی خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ ئاین و ڕەتکردنەوەی خورافات و چیرۆکە ئەفسانەییەکانی ئایینەکان. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بیرو فکری نوێ لای توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە سیاسەت گۆڕانکاری مەزن لە خواست و داواکاری خەڵکی بۆ داهاتوویان. ئەگەر پێشتر مرۆڤ ئومێدێکی بە ژیانی دوای مردن و بەهەشت هەبوو، ئەوا دوای شۆڕشی کۆمۆنیستەکان و سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی (ماتریالیزمی) خواستی هاوڵاتی ئەورووپیش دەگۆڕێت بۆ ژیانێکی ماددی و هەستپێکراوی واقیعی، شۆڕشیش مانایەکی دیکە وەردەگرێ و دژی نادادی ماددی و ژیاری دەبێت لە جیهان، بۆ گەڕاندنەوەی شکۆی مرۆڤ و داماڵینی حوکمداری لە خورافە و ڕووکردنە زانست.

**«نەریتی واقیعیخوازانەی ئەدەبی ڕۆژئاوایی خۆی لە بزووتنەوەیەکی گشتگیر، بەرفراوان، پلە بە پلە و هاوتەریب لەگەڵ ماتریالیزمی زانستی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا دەبینێتەوە.»**[1]

لە هەر قۆناغێک لە قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبی جیهانیدا، چەند نووسەرێک لە وڵاتانی جیا دەبنە پێشەنگ و ئەدەبەکەیان سنوری سیاسی دەبڕێت و دەگوازرێتەوە بۆ میللەتانی دیکە و دەبێتە نمونە و مۆدێل بۆ ئەدەبی جیهان. ئەم ڕاستییە بە نسبەت قۆناغی ڕیالیزمیشەوە ڕاستە.

**«بەناوبانگترین نووسەری ڕیالیستی لە ئەدەبی جیهانیدا، واتە بەلزاک، هاوتەریب لەگەڵ نووسەرە ئینگلیسیەکاندا، وەک جۆرج ئیلیۆت، چارلز دیکنیز، ئانتۆنی ترۆلیپی، ولیام تاکێری، هاوتەریب لە ڕووی ڕێبازی ئەدەبییەوە لەگەڵ نووسەرانی ڕووسییە ، وەک گوگۆل و زۆری تر، سەرلەبەر توانیان سامانێکی دەوڵەمەندی ڕۆمان و چیرۆکی واقعیخوازانە پێکبهێنن کە دەوری بنەڕەتێکی قایم و بنەمایەکی فراوان بۆ ئەدەبی دواتر بگێڕێ.»**[2]

ئەدەبی ڕیالیزم یان واقیعیخوازی پانتاییەکی بەرفراوانی لە ئەدەبی چیرۆک و گێڕانەوەی جیهانی داگرتووە، چونکە ژانری گێڕانەوە زیاتر دەستدەدات بۆ ئەوەی وەسفی ژیانی پێبکەیت، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزم لە شیعریشدا دەبینرێت، بەڵام ئەوەی کە مانای ئەدەبی ڕیالیزم تەواو و کامل

---

1 سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.
2 سەرچاوەی پێشوو ،ل ٦.

دەكات ئەدەبی گێڕانەوەیە بە هەموو جۆرەكانییەوە: (چیرۆک، كورتە چیرۆک، ڕۆمان، نۆڤێلا...). چونكە خودی ڕیالیزم دانانی واقیعە لە قاڵب و فۆڕمی ئەدەبدا، ئەم قاڵبە و فۆڕمە گونجاوەش گێڕانەوەیە. بۆیە ڕۆمانەكانی وەک: سەدساڵ تەنیایی ماركێز، دایک-ی مەكسیم گۆركی، جەنگ و ئاشتی-ی تۆڵستۆی، لەو دەمەدا بڵاو دەكرێنەوە كە ئەدەبی ڕیالیزمی باو بووە. ئەم ڕۆمانانە تا ئێستاش پڕ خوێنەرترین و خوازراوترین ڕۆمانەكانی جیهانن.

ئەدەبی واقیعخوازی وەک بەرپەرچدانەوەیەک بۆ ئەدەبی خەیاڵی و ئەندێشەیی هاتە كایەوە، لە سەردەمێكدا كە مرۆڤایەتی كارەساتی زۆرتر لەوەی كە لە چیرۆكە خەیاڵیەكان دەگێڕدرایەوە بەسەریدا هاتبوو، خواستێكی زۆر بۆ ئەو چەشنە ئەدەبە هەبوو كە واقیعی دەگێڕایەوە، پێش سەرهەڵدانی ڕیالیزم وەک قوتابخانەیەكی ئەدەبی، ئەدەبی جیهانی خاوەنی پاشخانێكی دەوڵەمەند بووە لە ئەدەبی واقیعی، بەڵام لەوانەبوو ئەم ئەدەبە گرفتی نەبوونی ناسنامە و چوارچێوەیەكی دیاریكراوی هەبووبێت.

**«ڕیالیزم خۆی نە دۆزییەوە وەكو (ناو) و (ڕێباز و قوتابخانە) تا نووسین و بەرهەمە سەرەتاییەكان لە ساڵی (١٨٤٣)دا بڵاو كردەوە و هەموو شێوە و شێوازە سەردەمیەكانی بۆ ئەدەبی ئەندێشە ئامێز ڕەتكردەوە.»**[1]

كەواتە تا دەرنەكەوتن و ناونەهێنانی ڕیالیزم وەک قوتابخانە و ڕێبازێكی ئەدەبی، لێرە و لەوێ بەردەوامی ئەدەبی خەیاڵی هەبووە، بەرهەمی ئەدەبی لە هێنانەكایەی مۆدێلی ئەدەبی گرنگی خۆی هەیە، نووسەر هەیە بە تەنها یەک بەرهەم توانیویەتی ڕێبازێكی ئەدەبی بنیاتبنێت، كە نووسەرانی هاوسەردەمی خۆی ڕێچكەكەی بگرن.

كێشەی ئەدەبی واقیعخوازی و ئەدەبی فەنتازی یان خەیاڵی، لە ئەدەبی جیهانیدا كێشەیەكی كۆنە، تەمەنی زیاترە لە چەند سەدەیەک، بەڵام هەتا ئێستاش هەردوو مۆدێلەكە نووسەر و خوێنەری خۆیان هەیە، ئەوەی كە یەكێكیان بەسەر یەكێكیاندا باڵادەست دەكات خواستی خوێنەر و ئەدەبناسانە، دۆخی ئێستای كۆمەڵگای جیهان وا دەخوازێت، ئەدەب ڕەنگدەرەوەی ژیان و نەهامەتییەكانی مرۆڤ بێت. لەم چەند ساڵەی دواییشدا تیبینی ئەوە دەكرێت بەشێكی زۆر لە خەڵاتە ئەدەبییە گرنگەكانی جیهان بۆ ئەو نووسەرانەیە بەرهەمەكانیان گوزارشتە لە گرفتەكانی مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە و بەرهەمی واقیعین.

**«ددانپێدانانی لیژنەی نۆبڵ بەو ئافرەتە نووسەرەی گوزارشت لە خۆی دەكات، لە میانەی كەسانی ڕاستەقینەی زیندووەوە، نەک كارەكتەری ئەندێشەیی، وەرچەرخانێكی ڕۆشنبیری گرنگە.»**[2]

خەڵاتی نۆبڵ كە گرنگترین خەڵاتی جیهانییە، كە دەدرێت بەو نووسەرەی كە گوزارشت لە ئازارەكانی خۆی و كۆمەڵگاكەی دەكات، مانای ئەوەیە كە مرۆڤایەتی وا دەخوازێت، ئەدەب خەمی ئەو بگێڕێتەوە. ساڵی(٢٠٢١) خەڵاتی نۆبڵ بۆ ڕۆماننوسی تەنزانی "عەبدولڕەزاق گۆڕنە" بوو. كە بە نووسینی چەند ڕۆمانێكی واقیعی كێشە و گرفتەكانی كۆچبەران دەگێڕێتەوە و باس لە

---

[1] كارزان موحسین قادر، سیما تازەكانی ڕۆمانی كوردی لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، ل ٨٧
[2] جەودەت هۆشیار، ڕۆمان لە نێوان ئەندێشە و واقیعدا، وە: سەباح ئیسماعیل. سەردەم، سلێمانی ٢٠٢٠، ل٤٥.

قەیرانەکانی برسیەتی و جەنگ و هەژاری و نەهامەتییەکانی خەڵکی دەکات کە ناچارن ڕێگای نادیاری کۆچ بگرنە بەر. ئەم بابەتە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ بەخشینی ئەم خەڵات بە عەبدولرەزاق گۆڕنە. کەواتە جیهان مەیلێکی زۆری بۆ ئەدەبی واقعیخوازانە هەیە. بەڵام لەلای ئێمەی کورد سەرەڕای بوونی ئەو هەموو نەهامەتی و کارەساتە یەک لە دوای یەکە، هێشتا خەریکی نووسینەوەی خەیاڵێکی زۆر دوور لە واقیعین.

**تەوەری سێیەم**

**-ڕوانینی تیۆری ڕەخنەی کوردی لە بارەی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی**

بوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە جیهانی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی کوردیدا شتێکی نوێ نییە، بەڵام ڕەخنە بە شێوە ئەکادیمی و زانستییەکەی فۆرمێکی نوێیە لە ئەدەبی کوردیدا. وەک مێژووی دەرکەوتنی ڕۆمان و شیعر مێژووی دەرکەوتنی ڕەخنەی ڕۆمانیش جیاوازە لە مێژووی ڕەخنەی شیعر. هەرچۆنێک بێت ڕەخنەی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا لە سەردەمێکەوە سەرهەڵدەدات و، پانتاییەکی فراوانیش لە کۆی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی داگیر دەکات. زۆر بابەت و لایەنی شاراوە و دیار دەکرێنە تێمای سەرەکی کارکردن بۆ لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی ڕۆمان، بە تایبەتی لە ساڵانی (١٩٧٠) بەدواوە ئیدی ڕۆمان دەبێتە بوارێکی فراوانی توێژینەوە ئەکادیمییەکان، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوانە باسی لێ نەکراوە و تیشکی نەخراوەتە سەر، بابەتی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵییە لە ئەدەبی کوردیدا. بێگومان دەشێ لێرە و لەوێ، لە هەندێ سەرچاوە باسی لێکرابێ و توێژەران ڕای خۆیانیان لەبارەوە دەربڕیبێ، بەڵام بە دیاریکراوی و تایبەت نەبووەتە بابەتی کارکردنێکی تیۆری زانستی و ئەکادیمی. لێرەوە دەکرێ بە سوود وەرگرتن لەم بیر و ڕایانە باسەکەمان دەوڵەمەند بکەین.

عەتا قەرەداغی پێی وایە ئەو ڕۆمانانەی تا ئێستا نووسراون یان واقیعین یان ڕۆمانسین و لەم بارەیەوە دەڵێت:

**«سەرجەم ئەو هەوڵانەی ڕۆمان لە بواری ئەدەبی کوردیدا دراون یان وێنە گرتنەوەی واقیعن وەکو خۆی، یان تێڕوانینێکی ڕۆمانسییانەی سادەن بۆ چەمکی نووسین و بۆ هونەری ڕۆمان و بۆ خودی ژیان و فیکر و عەقڵ و مێژوو و سیاسەت.»**[1]

ئێمە پێمانوایە ڕۆمانی کوردی هەیە و توانیویەتی خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ چەمکی ژیان و گرفتەکانی مرۆڤی کورد بکات، بە پێچەوانەشەوە ڕۆمانمان هەیە لەو بوارە زۆر لاوازە و تەنیا بەسەرهاتێکی سادە دەگێڕێتەوە.

1 عەتا قەرەداغی، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٨٧.

حەمەسەعید حەسەن پێی وایە:

**«ڕۆمان ئەوە نییە چەند لاپەڕەیەکی بێ ناسنامە پڕ بکەینەوە، ئەوەیە واقیعی جڤاتێکی لە قۆناغێکدا تێدا چڕ بکەینەوە.»[1]**

ئەم واقیع چڕکردنەوەیە بە کەرەستە و ماتریاڵی واقیعیش دەبێت، ناکرێت هەموو شتێک لە ڕۆمانێکدا خەیاڵی بێت، مەبەست و واتاکەش لێی چڕ کردنەوەی واقیع بێت، ئەم بابەتە بۆ مەسەلەی ڕۆمانی واقیعیش ڕاستە، ناکرێت وێنەیەکی دەقاو دەقی ژیان بگرین و ناوی بنێین ڕۆمان، هەربۆیە عەبدوڵلا سەڕاج دەڵێت: **«ئەڵبەتە واقیع داڕژتن، یان ڕەنگدانەوەی واقیعەکە لە ڕۆماندا، بە ڕاستەوخۆیی و هەم بە لابەلایی کاری پەسەند و ویستراوە، نەک ئەوەش بە شێوەی دەقا و دەقی کامێرا ئاسایی وتۆمارگەی دەوڵەتی.»[2]**

شێوازی گێڕانەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی فۆرمی ڕۆمانێک بە ئاراستەی جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی لە نێوان واقیعی و خەیاڵیدا، گێڕانەوەی خەیاڵی و واقیعی دەتوانن ڕۆمانێک بکەن بە ڕۆمانێکی خەیاڵی یان واقیعی، ئەوە ئەم بابەتەیە کە لێرەشدا باسی لێوەکراوە، شێوازی گێڕانەوەی زۆرینەی ڕۆمانی نوێ و مۆدێرنی کوردی خەیاڵی بوونێکی زۆری پێوە دیارە، بەجۆرێک کە بەشێک لە نووسەران دەیانەوێت بمانبەنە ناو جیهانێکی دیکە لە دەرەوەی ئەو واقیعەی مرۆڤ دەیبینێ و هەستی پێ دەکات و ئەزموونی دەکات، وەک ئەوەی چیتر ئەم جیهانە شتێکی تێدا نەبێت بگێڕدرێتەوە و سەرنجمان ڕابکێشێت، تەنانەت ئەگەر چیرۆکێکی واقیعیش بێت بە جۆرێک دەگێڕدرێتەوە خوێنەر ناچار دەکات شتگەلێک بخوێنێتەوە هەرگیز لە ژیانی واقیعیدا ڕوونادەن، ئەمە خاڵی لاوازی ئێستای ڕۆمانی کوردییە، بۆ ئەمەش دەتوانین ڕۆمانەکانی: (گێلاسی خوێن ٢٠٠٧، ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک ٢٠٠٦ی عەتا محەمەد، ئەڵوەن و ئەفسانە ٢٠٠٤ی مامۆستا جەعفەر)، زۆربەی ئەم ڕۆمانانە لەسەر بنچینەی خەیاڵ و فەنتازیا داڕێژراون.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بێت و لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانێکی ئاسایی یان ستاندارد بکۆڵینەوە دەبێت ڕۆمان کۆمەڵێک تایبەتمەندی تێدا بێت تاکو لەچوارچێوەی ژانری ڕۆماندا جێی خۆی بگرێت، تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان لە ڕێگەی دیاریکردن و ناسین و شیکردنەوەی توخمەکانی ڕۆمانەوە دەکرێت، وەک کات و شوێن و ڕووداو و کارەکتەر و پلۆت، لە بارەی دیاریکراوی کات و شوێن، یان تایبەتمەندی کات و شوێن لە ڕۆماندا، شاخەوان سدیق دەڵێت:

**«ڕەنگە دیارترین تایبەتمەندی ڕۆمان ، دیاریکراوی شوێن و کاتی باسەکەی بێت کە هەرچەندە بە خەیاڵیش بێت، بەڵام لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا وەدەری دەخات کە گێڕانەوەکە باسی کێ و کوێیە، ئەمە ئەو تایبەتمەندییە سەرەکییەیە کە باختین گوتەنی کرۆنۆتۆپە و زەمەنی گێڕانەوە و شوێن پێوەندی زیندوو و ئۆرگانیان هەیە و بەمەش گێڕانەوەکە لە ئەفسانە و ئوستوورەکان جیادەبێتەوە.»[3]**

---

[1] حەمەسەعید حەسەن، ڕۆمان و ژیاننامە، ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٨، ل ١٢٦.
[2] عەبدوڵلا سەڕاج، ڕووداو ڕەچەڵەکی سەرەکی ڕۆمانە، گۆڤاری هەنار، ژمارە ٧٢، ٢٠١٢، ل ٧٢.
[3] شاخەوان سدیق، ئەدەب و گێڕانەوە، ل٢٢.

کاتێک ڕۆمانێکی نوێی کوردی دەخوێنینەوە، ئەو بۆچوونەمان بۆ درووست دەبێت بۆچی سەردەمی گێڕانەوە و شوێنی ئەم چیرۆکە دیار نییە، یان زۆرجار بۆ ئەوەی باوەڕ بکەی بەوەی دەیخوێنیەوە لێکچوونێک لە نێوان شوێنێکی واقیعی و شوێنی ڕۆمانەکە درووست دەکەیت، جاری واش هەبووە شوێنی ڕۆمانەکە بە گێڕانەوەی نووسەر و باسکردنی چەند تایبەتمەندییەک، لێکچوونێکی لەگەڵ شار، گوند، شەقام، یان شوێنیکی دیاریکراودا دروست کردووە. بەڵام دواتر بە وشەیەک یان وەسفێکی کورت ئەو لێکچوونەی ڕەت کردووەتەوە، شوێنەکە بووەتە شوێنێکی خەیاڵی، ئەمە پرسیاری ئەوەمان لەلا دروست دەکات، بۆچی ڕۆماننووسانی کورد نایانەوێت لە ڕۆمانەکانیاندا ناوی شوێنیکی واقیعی ببەن؟

دەکرێت ناونەهێنانی ڕاستەوخۆی شوێنی ڕاستەقینە لای نووسەران، پەیوەندی بە لایەنی هونەریی هەبێت، زۆرجار نووسەر نایەوێت بەرهەمەکەی لە تۆماری مێژووی نزیک ببێتەوە،لەوانەشە هۆکاری ئەو جیاوازییە زۆرە لە نێوان فەزای ڕۆمانە نوێیەکان و واقیعی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابوری و سیاسی کوردستان، نەناسین یان قووڵنەبوونەوەی نووسەرانە لە نێو واقیعەکە و کەوتنەژێر کاریگەری رۆمانە جیهانییەکان بێ، بەتایبەت و دیاریکراویش کەوتنەژێر کاریگەری رۆمانی فارسی و تورکی، توێژەرانی رۆمانیش بە تەواوی و ڕوونی هەستیان بەم دیاردەیە کردووە، بۆیە لە زۆر شوێن و لە زۆرێک لە دەقە ڕەخنەییەکاندا داوای ئەوە کراوە، نووسەران دەبێت پابەندیی و تێگەیشتنیان بۆ ئەو کۆمەڵگەیە هەبێت کە ڕۆمانی بۆ دەنووسن وەک لەم وتەیەی سەلاح عومەردا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

**«نووسەر دەبێت لەناو میللەتدا بژی و ئەزموونەکانی لەسەر بناغەی گوزەرانیکردن لەناو کێشەکان و هەستکردن بە کارەساتەکان داڕێژێ.»**[1]

ڕۆمان و چیرۆک گێڕانەوەی دیوی شاراوە و نادیاری مێژووی مرۆڤە، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەو ژینگەیەی نووسەر لێی دەژی یان ژیاوە و ئەو چیرۆکەدا هەیە کە دەیگێڕێتەوە، ئەگەر نووسەر ئەو ئازارانە نەگێڕێتەوە کە دەیانبینێت کەواتە چی پێشکەشی مرۆڤایەتی دەکات؟ مرۆڤ پێویستی بەوەیە ئەدەب پشت و پەنای بێت، ئاریشەکانی تۆمار بکات، ئەو ئاریشانەی هیچ کاتێک مێژوو درک و هەستیان پێناکات و باسیان ناکات. کەواتە پێویستە نووسەر بە خەیاڵێکی بەرزی هونەریی ئەو کارەساتانە بگێڕێتەوە کە بەسەر خۆی یان دەوروبەریدا دێن.

سەبارەت بە کارەکتەری ڕۆمانیش گرنگە کارەکتەری ڕۆمان کارەکتەرێکی پێشبینیکراو یان قبوڵکراو بێت لەلایەن خوێنەرەوە. خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیدا هەست بەوە نەکات هەرگیز کارەکتەری لەم شێوەیە لە ژیانی واقیعیدا بوونی نییە و کارەکتەرەکانی لە شازادە و پاڵەوانی چیرۆک و داستانە خەیاڵی و ئەفسانەییەکان دەچێت.

**«پێویستە کارەکتەری ڕۆمان بەو شێوەیە وەربگیرێت، کە نموونەی چینێکی دیاریکراوە لە خەڵک. لە ئەنجامدا، ئەو ئامانژانەی لەم کارەکتەرە دەبنەوە، هەروەها ئەو ڕووداوانەی بەسەر**

---

1 سەلاح عومەر، ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، چەند وتارێک لە بارەی چیرۆک و ڕۆمانەوە، ل ٤٣.

**ئەم کارەکتەرەدا دێت،، گوزارشت لەو چینە، هەروەها لەو ڕووداوانەی تووشی ئەو چینە دێن، دەکەن.»[1]**

نمونەی ڕۆمانی وەها هەیە لە ئەدەبی نوێی کوردی کە کارەکتەری ڕۆمانەکە کەسێکی دیاریکراو و لە توێژێکی دیاریکراوە، دواجاریش بەسەرهاتی کارەکتەری سەرەکی و سەرجەم کارەکتەرانی ڕۆمانەکە پێکەوە ئەم خاڵەیان تێدا بەدی دێت، وەک نموونەی ڕۆمانی: (نیشتمانی سارا)ی (میران ئەبراهام)، کارەکتەری سەرەکی لەم ڕۆمانەدا کەسێکی جووە بە ناوی: "باپیرە خایم" کە لە شاری سلێمانی و گەڕەکی جوولەکەکان دادەنیشێت، ئەو ڕووداوانەی لەم ڕۆمانەدا ڕوو دەدەن سەرجەمیان بەسەرهاتی نەهامەتییەکانی جووەکانە لە سەدەی ڕابردوو لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

ڕەخنەگران و توێژەرانی کورد، بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی ڕۆمانی(واقیعی و خەیاڵی) دەربڕیوە، بەشێک لە نووسەران ڕۆمان بە زادەی خەیاڵ و بەشێکیشیان بە زادەی واقیعی دەزانن، حەمەسەعید حەسەن دەڵێت:

**«نووسەری فەقیر خەیاڵ شانازی بەوەوە دەکات، ئەوەی نووسیویەتی واقیعییە، یان ئاوێنەی واقیعە، بەڵام ڕۆمان ڕەنگدانەوەی واقیع نییە، زادەی خەیاڵی نووسەرە، با لە (واقیع)یش بچێت. ڕۆمان بەرهەمی خەیاڵی دەوڵەمەندی نووسەرە، بە ماسکێکی واقیعییەوە.»[2]**

ئەم ماسکە واقیعییە هەمان تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانە واقیعییەکانە، کە لە ڕێگەیانەوە نووسەر جیهانی نێو ڕۆمانەکەی، وەک جیهانی ڕاستەقینە لێدەکات، لەبارەی بەکارهێنانی لەڕاددەبەدەری خەیاڵ و فەنتازیا لە ڕۆماندا سەنگەر زراری دەڵێت:

**«بەکارهێنانی فەنتازیا، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی بواری ئەدەبیات بە تایبەتیش لە ئەدەبیاتی گێڕانەوە ئامێز، کە تیایدا بابەتە ئەدەبییەکە لە چوارچێوەی لۆژیک و شێوازی باو دەردەچێت و پشت بە خەیاڵ دەبەستێت و خوێنەریش دەخاتە ناو دنیای خەیاڵەوە،بەڵام ئەگەر زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی خەیاڵ و فەنتازیادا بکرێت، ئەگەری ئەوە هەیە هەم چێژی گێڕانەوەکە بکوژێت هەم خوێنەریش بێتاقەت بکات.»[3]**

واتە تەنانەت داستان و چیرۆکە خەیاڵیەکانیش، نابێت لەو شێوە ژیانە لابدەن کە مرۆڤ پێی ڕاهاتووە، نابێت نووسەر بە ئارەزووی خۆی ڕووداوی جۆراو جۆر و سەیر و سەمەرە لە ڕۆمانەکەیدا باس بکات، یان سیفەتی وا بداتە پاڵ کارەکتەرەکانی ڕۆمان هەرگیز لە دونیای واقعیدا ڕێکەوتی وەها کەسێک نەکەین.
خەیاڵی بوون و واقیعی بوونی ڕۆمانی نوێی کوردی، بابەتێکی فرە ڕەهەندە، دەکرێت زۆرشت بووبێتنە هۆکاری خەیاڵی بوون یان واقیعی بوونی بەرهەمێک، حەمە مەنتک پێی وایە بە لادان لە یاسا سروشتییەکان لە نووسینی دەقدا دەقەکە دەکات بەبەرهەمێکی خەیاڵی:

---

[1] عەلی عوسمان یاقووب، ڕۆمان لە ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان، بەرگی دووەم، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٢٩.
[2] حەمەسەعید حەسەن، ڕۆمان وەک ناسنامە، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٢، ل ٩٠.
[3] سەنگەر زراری، هونەری ڕۆمان، ل٢٤٠.

**«چیرۆکە خەیاڵی و خورافییەکان دونیایەک خەڵق دەکەن، کە لە دەرەوەی یاساکانی سروشتە، تێپەڕاندن و شکاندنی یاساکانی سروشت زەمینە خۆشکەر بوونە بۆ پەیدابوونی جۆرێک لە چیرۆکی خەیاڵی.»[1]**

مرۆڤ بیرکردنەوە و عەقڵی خۆی لەسەر بنەمای یاسا و ڕێسا سروشتییەکان داڕشتووە، هەرشتێک لەو یاسایانە لابدات دەکەوێتە بەر دوودڵی و گومانی مرۆڤەوە، دەقە خەیاڵییەکان شتگەلێک دەگێڕنەوە لە دەرەوەی یاساکانی سروشت و عەقڵی مرۆڤدان.

**تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی**

تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان ناسنامەی هەر ڕۆمانێکن، دەکرێت لە چەند خاڵ و باسێکی جیادا لە توخم و پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان بە گشتی و جۆرەکانی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی بدوێین، هەر ڕۆمانێک بە پێی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی لە ڕووی: (کات و شوێن و ڕووداو و کارەکتەر و گرێچن)ەوە، بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە لە پۆلینکردنی جۆرەکاندا لە خانەیەکی جودادا جێ بگرێت.

**«توێژەرانی ڕۆمان بە هۆکاری ئاسۆی ڕوانینی بەربڵاوتریانەوە یارمەتییەکی زۆر زێدەیان بە دابینکردنی تایبەتمەندییەکانی تایبەت بەم چەشنە ئەدەبە تازەیە کرد. ئەوان بە گشتی بیرۆکەیان وایە کە ڕیالیزم ئەو تایبەتمەندییە بەرچاوەیە کە بەرهەمەکانی ڕۆماننووسانی پێشەدەمی سەدەی هەژدە لە ئەدەبی چیرۆکی دەورەکانی ڕابردوو جیادەکاتەوە.»[2]**

ڕۆمانی واقیعی دەچێتە خانەی ئەدەبی ڕیالیزمی، بۆیە خەسڵەت و تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئەدەبی ڕیالیزمی بە جۆرێک لە جۆرەکان، دەشێت تایبەتمەندی ڕۆمانی واقیعییش بن، دەشێ لە ڕێی تیشک خستنە سەر تایبەتمەندی توخمەکانی ڕۆمان و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:

**١- کارەکتەر:**

کارەکتەر ئەو توخمەی ڕۆمانە کاریگەری و کارلێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەموو توخمەکانی هەر ڕۆمانێکدا هەیە. خودی ڕۆمانیش گێڕانەوەی بەسەرهاتی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەیە. لەم بارەیەوە دکتۆر سمیر حیجازی پێی وایە:

**«کارەکتەر بکەرێکە، کاریگەری بەسەر ڕووداوەوە هەیە و هەندێک لە بەشەکانی چیرۆک بە دەوریدا دەخولێنەوە. شێوەکەی لە ڕێگەی وەسفی ڕەوشت و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی دیاری دەکرێت، تایبەتمەندییە دەروونی و جەستەییەکەی لە میانەی وەسفی حیکایەتخوانەوە بە دیار دەخرێت.»[3]**

پرۆسەی کارەکتەرسازی لە ڕۆماندا پرۆسەیەکی سەخت و دژوارە و پێویستی بە وردبینی و قوڵبوونەوەی تەواوە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کارەکتەرانەی کە لە ژیانی واقیعیدا دەیانبینین، بۆ ڕۆمانێکی واقیعی پێویستە کارەکتەر چۆن بێت و تایبەتمەندییەکانی چی و چۆن بن تاکو وەک

---

[1] حەمە مەنتک، ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢١، ل ٣٤٦.
[2] کۆمەڵێک نووسەری بیانی، تیۆری ڕۆمان، ل ٧.
[3] سمیر سعید حجازی، قاموس مصطلحات النقد الادبی المعاصر، دار الآفاق العربیە، القاهرە، ٢٠٠٣، ل ١٠٣.

کارەکتەرێکی ژیانی ئاسایی یان ڕێ تێچوو لە واقیعدا بێتە پێشچاو، بەم پرۆسەی کارەکتەر سازەییە دەگوترێت "بەکەسکردن" سەبارەت بەم بابەتەش عەتا قەرەداغی دەڵێت:

**«بە کەسکردن ئەو پرۆسێسەیە کە بەهۆیەوە نووسەر والێدەکات کە کەسێکی وەک کەسی ڕاستەقینە دەربخات.»**[1]

پرۆسەی کارەکتەرسازی لە ڕۆمان و چیرۆکدا هێندە گرنگە، لە بنیاتنانی دەبەسترێتەوە بە ئاستی توانای ڕۆشنبیری و دنیابینی نووسەرەکە خۆی. کارەکتەری بەهێز واتە ڕۆمان و چیرۆکی بەهێز، ڕۆمانی بەهێزیش واتە نووسەری بەتوانا.

**«زۆرجار توانای نووسەر و سەرکەوتنی لە کارەکەی دا پەیوەست دەکرێت بە کارەکتەرسازییەوە))[2] جەوهەر شێخانیش ڕای وایە کە : «لە ڕۆمانی ڕیالیزمیدا نەک هەر وردەکارییەکانی بنیاتی هونەریی کارەکتەر بەرچاو دەخرێن و پێشکەشی خوێنەر دەکرێن، بەڵکو ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی ئەویشەوە هەیە، وەک لایەنی جەستەیی و جل و بەرگ و ئەو خانووەی تێیدا دەژی، لە ڕێگەی وەسفەوە پیشانی خوێنەر دەدرێن.»**[3]

نووسەری ڕۆمان لە چەند ڕەهەندێکەوە باس لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی دەکات و بە خوێنەریان دەناسێنێت، ئەوانیش ڕەهەندی: فیزیکی، کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژی، دەروونی، ڕۆشنبیری-ین. مەبەست لە ڕەهەندی فیزیکی: جەستە و جل و بەرگ و کێش و باڵا و ڕەنگی چاو و جوانی و ناشیرینی و سەرنجڕاکێشی کاراکتەرەکانە. ڕەهەندی کۆمەڵایەتیش بریتییە لەو پەیوەندییە خێزانی و خزمایەتی و هاوڕێیەتیانەی کارەکتەری ڕۆمان لەگەڵ کەسانی دیکەی جیهانی ڕۆمان هەیەتی.

**«گومانی تیا نییە کەسێتی ناو ڕۆمان، بەرجەستەکردنی کەسێتی مرۆییە بە هەموو ڕەهەندە ڕواڵەتی و ڕەوشتی و هزری و دەرونییەکانیەوە، بەڵام ڕۆماننووس نایەت وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەو کەسانە بەرجەستە بکات، بەڵکو لایەن و شتە بێ بایەخەکانی مرۆڤ پشتگوێ دەخات و بایەخ بەو لایەنانەی کەسێتی مرۆڤ دەدات کە گرنگن و هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی هونەریی بەرجەستەیان بکات و کەسێتییەکی وای لە بەرهەمەکەیدا پێ بخوڵقێنێت خاوەن ڕەهەندێکی هزری و هونەریی تەواو بێت.»**[4]

پیشە و پێگەی کۆمەڵایەتی دەچنە خانەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی کارەکتەرەوە، لە ڕووی ئایدۆلۆژیشەوە باس لە بیرو باوەڕی تاک لە ڕووی ئایینی و حزبی و ئایدۆلۆژیا و فکری تاکەکەس دەکرێت، ئەمەش پەیوەندییەکی زۆری بە ڕووداوەکانی ڕۆمانیشەوە هەیە. هەرچی دەربارەی ڕەهەندی دەروونی کارەکتەرە، ئەوا ڕۆماننووس دێت و لە ڕووی زانستی دەروونناسی، بەتایبەتی بۆچوون و ڕوانینەکانی فرۆید و یۆنگ، باس لە گرفت و تایبەتمەندییەکانی کەسەکە و هەڵسوکەوت

---

[1] عەتا قەرەداغی، گەڕان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، ل ٢٥.

[2] سمیە نجیب خلیل، ئافرەت لە ڕۆمانی ئافرەتانی کوردیدا ٢٠٠٠-٢٠٠٩، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٩.

[3] جەوهەرشێخانی، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر، ٢٠١٤، ل ٢٣.

[4] محەمەد ئەمین عەبدوڵا، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی عێراقدا ١٩٩٠-١٩٩٧، هەولێر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٠، ل ٥.

و ڕووداوەکانی ژیانی، پەیوەندییە خێزانی و سۆزدارییەکانی دەکات. دەیەوێت پاڵنەرێکی دەروونی بۆ ڕەفتارو کار و کاردانەوەکانی کارەکتەرەکانی بدۆزێتەوە. نموونەی ئەم جۆرە لە کارەکتەرسازی کارکردنە بە میتۆدی دەروونشیکاری لە ڕۆمان و کۆچیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا بە ڕوونی دیارە و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانیش ئەو بابەتەیان سەلماندووە.

لە درێژەی وەسفی کارەکتەر لە ڕۆمانی ڕیالیزمی یان واقیعیدا جەوهەر شێخانی دەڵێت: **«کارەکتەر لە ڕۆمانی ڕیالیزمیدا خاوەن پێگەی تایبەتی خۆیەتی، وەک کەسێکی ناو ژیانی ڕاستەقینە دەردەکەوێ، وەسفە ورد و هەمە لایەنەکانی ڕۆماننووس وا لە خوێنەر دەکات وەک کەسێکی نزیکی خۆی یاخود وەک هاوڕێیەک مامەڵەی لەگەڵ بکات.»**[1]

دکتۆر نەجم ئەڵوەنی لەبارەی کارەکتەر و توانای نووسەر لە قەناعەت پێهێنانی خوێنەر بۆ قبووڵ کردنی کارەکتەرەکەی دەڵێت:

**«یەکێک لە بنەماکانی بەهێزکردنی بنیاتی هونەریی کارەکتەر ئەوەیە کە توانای هەبێت قەناعەت بە خوێنەر بکات وەکو بوونێکی مومکین و ڕیاڵی پەسەندی بکات و لەگەڵ ئەوەدا لەناو ڕووداوەکاندا بژیێت، بۆ ئەمەش مەرج نییە ئەو کارەکتەرە لە شێوەی مرۆڤێکی ئاساییدا وێنە بکێشرێت و باس بکرێت، بەڵکو تەنانەت ئەگەر وەک بوونێکی ئەفسانەیی و خەیاڵیش خرایە ناو ئەم پرۆسەیەوە دەبێت بە هەمان شێوە قەناعەت بە بوونی خۆی بکات لەلای خوێنەران.»**[2]

کارەکتەری واقیعی دەتوانێت کاریگەرییەکی ڕاستەقینە لە یادەوەری خوێنەر بکات و بۆ هەمیشە ببێت بە کەسێکی زیندووی ئەو یادەوەرییە. زۆربەی خوێنەرانی ڕۆمان، کەسایەتییەکانی (زۆربا) لە ڕۆمانی زۆربای نیکۆس کازانتزاکیس، یان کەسایەتی (ئورسولا) لە ڕۆمانی سەدساڵ تەنیایی مارکیز، یان کەسایەتی پاڤێل لە ڕۆمانی دایک-ی مەکسیم گۆرکی لە بیر دەمێنێت، سەبارەت بە ڕۆمانی کوردیش ئەم بابەتە هەر ڕاستە و لە زۆر شوێندا پێشهاتووە کە تەنانەت منداڵ بە ناوی کارەکتەری ڕۆمانێکەوە ناونراوە.
لەبیرمان نەچێت کاتێک باسی کارەکتەر دەکەین، وەک بوونێکی سەربەخۆ و خاوەن تایبەتمەندی ئەوا دەبێت لە هەموو ڕەهەندەکانەوە لێی بدوێین، ڕەهەندەکانی کارەکتەریش لە جەستە و ڕووی دەرەوە وەک کێش و باڵا و ڕەنگی چاو و جل وبەرگەوە بگرە، هەتا بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیای کەسەکە کە ڕێڕەوی ژیانی دیاری دەکات. کەواتە بوونی کارەکتەری واقیعی گرنگی خۆی هەیە و دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە بە خشینی ناسنامەی واقیعی بە ڕۆمانەکە، کاریگەریەکی تەواویش لەلای خوێنەر دروست بکات کە بە تێکستی دیکەی بەدەر لە ئەدەب نەکرێت.
**٢- شوێن:**

هاوشێوەی کارەکتەر شوێنیش گرنگی زۆری هەیە لە جیاکردنەوەی ڕۆمان ئایا ئەوڕۆمانە واقیعییە یان خەیاڵی. ئەگەر بێین و باسێک لە شوێن لە ڕۆمانە واقیعیەکان بکەین، ئەوا دەڵێین پێویستە شوێن هارمۆنی و گونجاویەکی هەبێت لەگەڵ ئەو ژینگە و شوێنە جوگرافییەی کە ڕۆمانەکەی تێدا

[1] جەوهەرشێخانی، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، ل٢٢.
[2] نەجم ئەڵوەنی، تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠١٧، ل٨٢.

دەنووسرێت بۆ ئەمەش دەبێت ڕۆماننووس شارەزایی لەو شوێنە هەبێت کە دەیکات بە شوێن لە ڕۆمانەکەیدا (د. نەجم ئەڵوەنی) پێی وایە:

**«زۆر گرنگە ڕۆماننووس شوێنەکان بناسێت و زانیاری پێویستی لەسەر جوگرافیای ئەو شوێنانە هەبێت کە دەیەوێت کارەکتەرەکانی لەوێدا بژین و بجوڵێنەوەو کاربکەن و بەشداری ڕووداوەکان بکەن.»**[1]

ئەو شوێنەی کە لە ڕۆمانەکەدا دەبێتە پانتایی ڕووداوەکان و شوێنی چیرۆکەکە، ئەوا دەبێت لە شوێنێکی واقیعی ئەم سەرزەمینە بچێت، کە مرۆڤایەتی لەسەر دەژی. مەرجیش نییە ڕۆماننووس هەموو ئەو شوێنانەی دیتبێت و تیایاندا ژیابێت کە لە ڕۆمانەکەیدا باسی دەکات، بەڵکو دەبێت وەسفەکە بە جۆرێک بێت کە قەناعەت بە خوێنەر بکات ئەمە شوێنێکی ڕاستەقینەیە و دەشێت ئەم شارە یان ئەو شارەی دیکە بێت. سەبارەت بە شوێن لە ئەدەبدا:

**«دابەشکردنی شوێن لای ڕەخنەگرانی جیهان جیاوازە ، هەرچی ڕەخنەگران "برۆنۆڤ" و " ئۆنیلی"ن ، شوێن تەنیا بۆ شوێنی واقیعی و خەیاڵی دابەش دەکەن.»**[2]

ڕۆمانە واقیعییەکان شوێنی واقیعی تێیاندا بەکار دێت، وەک کەرەستە و توخمی گێڕانەوە، جیاواز لە ڕۆمانی خەیاڵی شوێن لە ڕۆمانی واقیعیدا بوونێکی واقیعی هەیە، ئەو شوێنانەیە کە مرۆڤ تێیاندا دەژی و هەستیان پێدەکات :

**«شوێنە واقیعییەکان ئەو شوێنانەن بە چاوی ئاسایی، چیرۆکنووس دەبنیرێت و ناویان دەهێنێت، لە وەسفەکانیش بە شێوەیەکی واقیعی بە پێی بەرزونزمی و جوانی و ناشرینی وەسفیان دەکات.»**[3]

هەرلەبارەی گرنگی شوێن لە ڕۆماندا گاستۆن باشلار لە کتێبی (ئیستاتیکای شوێن)دا دەڵێت:
**«ئەگەر هاتوو هەر کارێکی ئەدەبی لە بەهەند وەرگرتنی شوێندا کورت بهێنێت، ئەوا تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی خۆ لەناو دەبات.»**[4]

هەندێک جار ڕۆمان گێڕانەوەی ژیانی کەسێکە، ژیانی کەسیش بەبێ شوێن نابێت، بەسەرهاتی هەرکەسێک دەبێت لە گوندێک یان شارێک یان وڵاتێک بێت، بۆیە ڕۆماننووس کە دێت باسی ژیانی کەسەکە دەکات بە هەمان ئەندازەی ڕووداوەکان، شوێنی ڕووداوەکانیش گرنگن، شوێنی ڕووداوەکان وەک بەشێک لە پرۆسەکە، وەسفیش ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لەوەی شوێنەکان لە شوێنی واقیعی و شیاو بچن یان بە پێچەوانەوە.

**«هەندێ جار نووسەر وێنەی شوێنێکی ڕاستەقینە دەکێشێت و خوێنەر دەتوانێ هەست بە بوونی ئەو شوێنە بکات، وەک ئەوەی ڕووداوەکە لە شوێنێکی ڕاستەقینەدا ڕووی داوە، واتە**

---

1 نەجم ئەڵوەنی، گرنگی کارەکتەر لە ڕۆمانی یادداشتی عەتر و ئاگر-ی بەیان سەلمان-دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٢١، ل٦٨

2 سەباح ئیسماعیل، چەمک و ستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ٢٠٠٥، ل ٣٧.

3 پەری موفتی، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٦٠.

4 جاستون باشلار، جماليات المكان، ت: غالب هلسا، دار الحريه للطباعه، بغداد، ١٩٨٠، ص٨٦ .

**ڕووداوێکی ڕاستەقینە لەو شوێنەی کە ڕوودەدات شوێنێکی ئاشکرایە. کەچی هەندێ نووسەر پەنا دەبەنە بەر شوێنی خەیاڵی درووستکراو کە دوورە لە ڕاستی.»**[1]

نووسەر لە ڕێگەی وێنای خەیاڵییەوە لە سەرەتادا شوێنەکان لە خەیاڵی خۆیدا وێنە دەکێشێت، پاشان لە شێوەی وێنەی ئەدەبیدا لە ڕێگەی زمان و گێڕانەوە ئەم وێنایە لەلای خوێنەریش بەدی دەهێنێت، ئەگەر هاتوو باس لە شوێنێکی ڕاستەقینەکرا ئەوا پێویستە بە جۆرێک بێت لەگەڵ حەقیقەتی بوون و سیمای گشتی شوێنەکەدا یەک بگرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر هاتوو باسی شارێک کرا، وا دانێین ئەو شارە شاری هەولێر بێت، پێویستە سیما گشتی و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی جوگرافی و سیمای گشتی و بوون و نەبوونەکانی شارەکە لەبەرچاو بگیرێت. نابێت باس لە شتێک بکرێت لە شارەکەدا نییە و ئەم ڕاستییەش بۆ هەمووان ڕوون بێت. بۆ نموونە نابێت باس لە بوونی چیای بەرز و ڕووبار لە شارەکە بکرێت، یان ئەو جۆرە وەسفانە پێشکەش بکرێن کە زۆر خەیاڵین و باس لەوەدەکەن لەو شوێنەدا درەختەکان سەوز نین بەڵکو ڕەنگێکی دیکەن و باڵندەکان قسە دەکەن و دەیان بابەتی دیکە کە هیچکات لە هیچ شارێکی ڕاستەقینەدا نایبینن، بەڵکو شوێنی ئەم خەیاڵانە تەنها ناو دەقە ئەفسانەییە کۆنەکان و ڕۆمانە خەیاڵییە نوێیەکانە.
بۆ نموونە ڕۆمانی "سلێکوک- هۆکلێر"ی عەبدوڵا سەراج، کە باس لە کوردستان و چوار شاری کوردستان دەکات، بەڵام کاتێک یەکەمجار ناونیشانەی ڕۆمانەکەت بەرچاو دەکەوێت هەست بە نامۆییەکی زۆری ئەو ناونیشانە لەگەڵ زمانی کوردی دەکەیت، بەڵام بە وردبوونەوەی زۆرتر دەردەکەوێت کە ئەم ناونیشانی لە ناوی هەرچواری شارەکەی هەرێمی کوردستان واتە: (هەولێر – سلێمانی-دهۆک-کەرکوک) پێکهاتووە. هاوکات بەگشتی فەزای شوێن لەم ڕۆمانەدا لە شوێنێکی سەیر و سەمەر و دوورە لە واقیعی کوردستان. دەکرێت لە وەسفکردنی شەقام و درەخت و باخ و بازاڕ و تەنانەت هاوڵاتیانی شارەکەش نووسەر توانای خەیاڵکردن و وەسفی خۆی بنوێنێت، ئەو جوانی و لایەنە شاراوانە دەربخات کە کەسانی ئاسایی ڕۆژانە بە بەردەمیاندا تێدەپەڕن و سەرنجیان ڕاناکێشێت، بەجۆرێک کە واقیع لەوەی کە هەیە سەرنجڕاکێشتر و ورد تر وەسف بکرێت، نەک وەسفێک بکرێت خوێنەر هەست بە ناراستی وەسفەکە بکات، ئەمە کاریگەری لەسەر خوێندنەوەش دەبێ، چونکە زۆرجار مەیلی خوێنەر لە ئێستادا زیاتر بەرەو واقیعیەت دەچێت، لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بە دوای خۆی و گرفتەکانیدا دەگەڕێت.
هەندێک جار شوێن لە ڕۆماندا شوێنێکی فیزیکی و جوگرافی نییە بەڵکو شوێنی باسکراو زەین و خەیاڵی کارەکتەر یان ئەندێشەی مرۆڤە، دەکرێت ڕووداوێک لە ئەندێشەی مرۆڤێکدا ڕووبدات، ڕۆمان توانای وەسفی ئەو شوێنە نەبینراو و نافیزیکیانەشی هەیە بە هەموو وردەکارییەکانەوە، هەربۆیە نووسەری ناوداری جیهانیی "ئۆرهان پامووک" دەڵێت:

**«ئاشکرایە کە ڕۆمانەکان لەبەر ئەوەی ڕۆحی قارەمانەکانیان ئاڵۆز و هاوچەرخترە و دەتوانن بەهێزەوە باس لە مرۆڤی ئاسایی بکەن و توانای ئەوەیان هەیە بچنە قوڵایی هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، جیاوازن لە داستانەکان.»**[2]

[1] ڕێزان ڕەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەڕاجدا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٣٢.
[2] ئۆرهان پامووک، ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە، و: بەکر شوانی، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٤٠.

خاڵێکی دیکە گونجاوی شوێنەکانە لەگەڵ ڕووداوەکان و کارەکتەرەکاندا، دەبێت پەیوەندییەکی مانادار و هەماهەنگیەکی تەواو لە نێوان کارەکتەر و ئەو ڕووداوەی کە بەسەریدا دێت یان بۆی دێتە پێش و ئەو شوێنەی کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوودەدات هەبێت، شوێن دەتوانێت کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر ماناکانی دەقەکە، زۆرجار بە هۆی شوێنەکانەوە خوێنەر بە قووڵی ڕۆدەچێتە مانا و لێکدانەوەی دەقەکان، بۆیە مەحمود دەروێش دەڵێت:

**«شوێن لەناو دەقدا ئەو کۆڵەکەیەیە کە هەموو ڕووداوی دەقەکەی پێوە بەستراوەتەوە، هەر شوێنیشە کەسەکان و ڕووداوەکان و گێڕانەوەکان بەرەو قوڵایی ئاراستە دەکات.»**[1]

شوێن دەتوانێت کاریگەری لەسەر ڕەوت و ئاراستەی ڕۆمانەکە و تەنانەت ڕووداوەکان و تایبەتمەندی کارەکتەرەکانیش دابنێت. شوێن کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و زمانی ئاخاوتن و شێوازی نەریت و کلتوری کارەکتەرەکان هەیە، کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانیش بە هەمان شێوەی کاریگەری لەسەر کارەکتەرە. شوێن دەبێتە پانتایی و مەیدانی ڕووداوەکان، بۆ ئەوەش ڕووداوەکان لۆژیکی بێنەوە پێویستە لە شوێنێکی واقیعی وادابن چاوەڕوانی ڕوودانی ئەو ڕووداوە لەو شوێنەدا شتێکی مەحاڵ نەبێت.

---

1 فله قارة لنيدة لكحل، بناء الشخصية و المكان فی رواية ذاكرة الجسد الأحلام مستغانمی، رسالة ماجستير، قسم اللغة العربية و ادابها،جامعة متنوری، قستنطنية، الجمهورية الجزائر، ٢٠١١، ص٢٧.

**٣-ڕووداو:**

لەنێو توخمە پێکهێنەرەکانی ڕۆماندا "ڕووداو" گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە بناغەی چیرۆکەکەی لەسەر دادەڕێژرێت و سەرجەم کەرەستەکانی دیکە لە خزمەتی باسکردن و گێڕانەوەی ئەودا دەبن. گرنگی ڕووداو لە ئاستێکدایە زۆرجار بووەتە ناونیشانی ڕۆمانەکان، بۆ نموونە لە ڕۆمانەکانی وەک: (پاشایان کوشت، داگیرکردنی تاریکی، سەردەمی گریانی بەلقیس، هەڵکشان بەرەولوتکە، مەرگی تاقانەی دووەم) و زۆری تر. ڕووداو بە سەرەکی و ناسەرەکییەوە مەیلی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکان زیاتر دەکات، لە ڕۆمانی واقیعیدا ڕووداوەکان لە سنوری عەقڵ و مەنتق و وێنای مرۆڤ بۆ ڕووداوەکە دەخرێنە ڕوو، ئەمەش جیای دەکاتەوە لە دەقێکی خەیاڵی مێژوویی چونکە :

**«مێژوو دیوی دەرەوەی ڕووداو نیشاندەدات، ئەدەب دیوی ناوەوەی، واباوە مێژوو ڕووداو وەک خۆی چۆن ڕوویداوە ئاوای دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەدەب ڕووداو چۆن (لەوانەیە) ڕوویدابێت ئاوای دەگێڕێتەوە.»[1]**

هەموو ڕۆمانێکیش بریتییە لە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێک کە لەشێوەی زنجیرەیەکی بەدوای یەکدا هاتوو، بە چنینێکی هونەرمەندانە دەگێڕدرێتەوە. شێوازی چنینەکەش لەلای هەر ڕۆماننووسێک جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. وشەی (چنین) بەرانبەر بە زاراوەی (پلۆت) بەکاردێت، کە بریتییە لە توانای هونەرمەندانەی ڕۆماننووس بۆ ڕێکخستن و ڕیزکردنی ڕووداوە سەرەکی ولاوەکییەکانی ڕۆمانەکەی. پرۆسەی گێڕانەوە بە شێوەیەکی پلە بە پلە و ڕێک و بێ گرێ پەیوەستە بە چنینی هونەری ڕووداوەکان. لەم بارەیەشەوە میران جەلال دەڵێت:

**«گێڕانەوە هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ چنین و ڕێکخستن و دابەشکردنی ڕووداوە واقیعی و خەیاڵئامێزەکان لە پەیکەری دەقی ڕۆماندا.»[2]**

هەموو ئەوەی ئێمە لە ڕۆمانێکدا دەیخوێنینەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و ڕابردووی نووسەر یان خەیاڵەکانی بۆ داهاتووەوە هەیە. نووسەر خاوەنی پاشخانی زانیاری و ڕۆشنبیرییە دەربارەی ژیان و گرفتەکانی مرۆڤی سەردەمەکەی، ئەم زانیارییانە کە سەرەتا لە شێوەی پرسیاردا لە ناخی نووسەردا سەر هەڵدەدەن، دواتر دەبن بە لێکدانەوە پاشان کە دەخرێنە سەر کاغەز دەبن بە دەق. لەم بارەیەوە بوشرا کەسنەزانی لە کتێبی: پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا دەڵێت:

**«چیرۆک نووس بەر لە دەستپێکردن بە نووسینی دەقەکەی کەرەستەیەکی خاوی لە شێوەی بیرێکی تۆپەڵبوو و کەڵەکە بوو لەبەردەستدایە، دەشێت ئەو کەرەستەیە ڕووداوێکی ڕۆژانە یان بابەتێکی واقیعی یان وێنەیەکی ئەندێشەکاری خۆی بێت.»[3]**

---

[1] ئاوارە کەمال صالح، ڕۆمانی مێژوویی ڕۆمانی "نیشتمانی سارا" بە نموونە، گۆڤاری ئەکادیمیای کورد، ژمارە ٤٨ هەولێر، ٢٠٢١، ل١٣٢.

[2] میران جەلال محەمەد، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٥٦.

[3] بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ساڵی ١٩٩٥-٢٠٠٥، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٥.

لە ڕۆمانی واقیعیدا ڕووداوەکان بریتین لەو پێشهاتە جۆراوجۆرانەی ڕەنگە ڕۆژێک بۆ هەریەکێکمان پێشهاتبێت، یان ڕەنگە ئەو ڕووداوانە بن کە لەوانەیە هاوشێوەیان لە مێژووی نەتەوەکەماندا ڕوویاندابێت. ئەمەش لەو لایەنەوە کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ڕۆمانی واقیعی و مێژوودا هەیە. بە نموونە زۆرن ئەو ڕۆمانانەی لەبارەی جەنگ و شۆڕشەکان و کارەساتە سامناکەکانی جیهان نووسراون. نووسەران نەهاتوون ئەو ڕووداوانە بە جۆرێکی سیحری بگێڕنەوە کە لەکاتی خوێندنەوەیدا سەرجەم چیرۆکەکەش بە خەیاڵی و هەڵبەستراو بزانین، بەڵکو دەبێت وەسفی ڕووداوەکان بەجۆرێک بێت مرۆڤ دڵنیا بێت لەوەی ڕۆژگارێک مرۆڤ بە ڕۆژگاری وادا تێپەڕ بووە و ئەم کارەساتانەی بەسەرهاتووە:

**«ئەو ڕووداوانەی ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا دەیگێڕێتەوە، جا ئەو ڕووداوانە لە ژیانی واقیعی وەرگیرابن،یان درووستکراوی تایبەتی نووسەر بن، پێویستە تا ڕادەیەک لە کەتوار بچن. بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بگونجێن، یان لێی نزیک ببنەوە.»**[1]

گێرانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە ڕۆمان و کتێبە مێژووییەکاندا جیاوازی زۆریان هەیە، ئەگەرچی بابەتەکە گێرانەوەی یەک مێژووش بێت، مێژوو تەنها لە دیوی دەرەوە و بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووداوەکان دەڕوانێت و دەیانگێڕێتەوە، بەڵام ڕۆمان دەچێتە قوڵایی ڕووداوەکان و ئەو دیوە شاراوانەی پشت کارەسات و چیرۆکەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە کە مێژوو فەرامۆشیان دەکات. بێگومان ئەمەش بە کەرەستەی زمان و شارەزایی نووسەر لە بەکارهێنانی هونەرمەندانەی زماندا بەدی دێت. فۆرم و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانیش لێرەوە دیاری دەکرێن، نووسەر سەرەتا خۆی بابەتەکەی لەلا دەبێت جا یان خۆی لەناویدا ژیاوە یان کۆمەڵگەکەی پێیدا تێپەڕبووە، ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی لەسەر بنچینەی دیاردە و ڕۆتین و پێشهاتەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەکەیدا دادەڕێژێت، لەم بارەیەوە دەگوترێ:

**«شێوە و ناوەڕۆکی ڕۆمان ڕاستەوخۆ لە دیاردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەرگیراوە و ڕۆمانەکان زۆربەی کات پەیوەستن بە چرکەساتی دیاریکراو لە مێژووی کۆمەڵگەدا.»**[2]

ڕووداو لە ڕۆمانی واقیعیدا گرێیەکی هێندە ئاڵۆز نییە خوێنەر ناچاربکات باوەڕ بەشتێک بکات لە سنوری عەقڵی ئەو بەدەرە. زۆرجار ڕووداوی ڕۆمانی واقیعی لەو ڕووداوانە دەچێت مرۆڤ لە ژیانیدا ئەزموونیان دەکات، یان هاوشێوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە یان دەشێت ڕووبدات، واتە شتێکی نەشیاو نییە عەقڵی خوێنەر باوەڕ بە ڕوودانی نەکات.

**٤-وەسف**

گەر بگەڕێینەوە بۆ دەقە کۆنەکان و بەراوردیان بکەین بەدەقەکانی ئێستا ئەوا دەبینین ئەو خاڵەی کۆیان دەکاتەوە بریتییە لە "وەسف"، وەسف ئەو ڕێگەیەیە مرۆڤ بۆ دەرخستنی هەست و ڕوانینی خۆی پەنای بۆدەبات. بەشێکی گەورەی سامانی ئەدەبی جیهانیی بریتییە لە وەسف. چونکە مرۆڤ لە دێر زەمانەوە وەسفی وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیام و خستنە بەرچاوی ئەو شتانە بەکارهێناوە

[1] سۆران ڕەشید حمد، بەها مرۆییەکان لە ڕۆمانی دەریاس و لاشەکانی بەختیار عەلیدا.، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٢٢، ل ١٤٩.
[2] عەبدوڵڵا ڕەحمان، کۆمەڵگا لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٦٦.

کە سەرنجیان ڕاکێشاوە، ئەم بابەتە لە ژانرێک بۆ ژانرێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز لە سەرجەم ژانرەکانی ئەدەبدا هەیە. لە داستان و چیرۆکە ئەفسانەییەکان و ئەو بەسەرهاتانەی بەشێوەی زارەکی و لە دیوەخان و گوێ ئاگردانەکاندا دەگوترانەوە. وەسف ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە بنیاتنانی وێنای ئەو چرکە ساتانەی چیرۆکەکان دەیانگێڕنەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ژانرە نوێیەکانی ئەدەب بە تایبەتی ڕۆمان، قورسایی بابەتەکەش گوازرایەوە سەر ئەم ژانرە نوێیە. باشترین ڕۆماننووس ئەوانە بوون کە باشترین وەسفیان لە دیاردە و ڕووداوەکان پێشکەش دەکرد. پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان وەسف و گێڕانەوەدا هەیە، ئەمەش بە جۆرێکە ئەگەر بە جوانی لێی ورد نەبیتەوە لە یەکتریان جیاناکەیتەوە. گەر وەسف نەبێت گێڕانەوە دەبێت بە ڕاپۆرت و ڕاگەیاندنێکی هەواڵی سادە و خوێندنەوە و گوێگرتن لێی، هیچ چێژێکی بۆ کەسی وەرگر نابێت. وەسف ئەو خاڵەیە کە بەرهەمێک لە نووسینێکی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ شاکارێکی ئەدەبی. بێگومان ئەمەش لە ڕێگای یاریکردن بە زمان و توانای هونەرمەندانەی نووسەر لە بەکارهێنانی وشە و دروستکردنی وێنەی سەرنجڕاکێش بە وشە لە زەینی خوێنەردا دەردەکەوێت.

لە ڕۆمانە واقیعی یان ڕیالیزمییەکاندا وێنەی ژیان وەک خۆی دەگیرێت. وەسفەکان وەسفی ڕاستیین و جیاوازن لەو وەسفانەی لە چیرۆک و ڕۆمانە خەیاڵییەکاندا دەکرێن. ڕۆمان بوارێکی فراوان بۆ نووسەر دەڕەخسێنێت چۆنی ویست بەوجۆرە وەسفی کەسایەتی و شوێن و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی بکات، بە وردەکارییەوە بچێتە قووڵایی وەسفکراوەکانەوە، لەمبارەیەوە ئۆرهان پاموک دەڵێ:

**«ئاشکرایە ڕۆمانەکان لەبەر ئەوەی ڕۆحی قارەمانەکانیان ئاڵۆز و هاوچەرخترە و دەتوانن بەهێزەوە باس لە مرۆڤی ئاسایی بکەن و توانای ئەوەیان هەیە بچنە قووڵایی هەموو وردەکارییەکان ژیانی ڕۆژانەوە جیاوازن لە داستانەکان.»**[1]

بۆ هەموو ڕۆماننووسێک ئاسانە وەسفی ڕوخسار و ڕواڵەتی کارەکتەرەکانی بە سەرنجڕاکێشترین شێوە بکات، تەنانەت ئەگەر بێت و هیچ وەسفێکی زیادەش پێشکەش نەکات تەنها شێوەی ڕاستی کارەکتەرەکان بە زمانێکی ئەدەبی بگێڕێتەوە دیسان سەرنجڕاکێش و چێژبەخش دەبێت. بەڵام باسکردن لە بیرو خەیاڵی کارەکتەر پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە توانای داهێنەرانە هەیە سەفەر بەناو خەیاڵ و بیر و دەروونی کەسەکاندا بکەین. لە ڕۆمانە خەیاڵییەکاندا ئەم وەسفانە تا ئەندازەی زۆر مەحاڵ دەڕۆن، بەڵام لە ڕۆمانی ڕیالیزمی واقیعیدا بە جۆرێکی ترە:

**«وەسفکردنی نێو ڕۆمانی ڕیالیزمی بە پێچەوانەوەیە وزیاتر لە پێناوی وێنەگرتن و دەرخستنی سروشتی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی پاڵەوان و کەسانی دیکەی نێو ڕۆمانەکە دەنوێنێ.»**[2]

وەسف دەتوانێت زانیاری زۆرمان لە بارەی چەندایەتی و چلۆنایەتی ڕووداو و شوێن و کاتی ڕۆمانەکە پێ بدات. هاوکات بە هەمان ئەندازە زانیاریمان لە بارەی تەواوی کارەکتەری ڕۆمانەوە

---

[1] ئۆرهان پاموک، ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە، ل٤٠.
[2] عادل گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا ١٩٢٨-١٩٩٦، ل ١١٣.

پێشکەش بکات. ئەو پانتاییەی وەسف لە ڕۆماندا داگیری دەکات لە هەموو ڕۆمانێکدا پێویستییەکی سەرەکییە. هەبوونی ئەو پانتاییە وەسفییە واتە هەبوونی وێنا لای خوێنەر و وەرگرتنی چێژ لە خوێندنەوە. لەم بارەیەوە دەگوترێ:

**«کۆپلە وەسفییەکانی ناو ڕۆمان مەودای کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوییان هەیە و لەڕێی ئەوانەوە ئاستی ڕۆشنبیری و هەڵوێستی سیاسی و ڕەوشت و ڕەفتاری کارەکتەرەکان ڕوون دەکاتەوە .هەروەها جیاوازی بیروباوەڕیان دەخاتەڕوو.»**[1]

لە ڕۆمانی واقیعیدا وەسفەکان لەگەڵ کار و کاردانەوەی کارەکتەرەکان هارمۆنی و گونجانیان هەیە، نابێ کارەکتەر لەناکاو پێچەوانەی ئەو وەسفە بێتەوە پێشتر نووسەر پێشکەشی کردووە، بە نمونە ناکرێت کارەکتەرێکی ڕۆشنبیر لەناکاو ببێت بە کەسێکی داخراو و توندڕەو و ڕەفتاری سەیر ئەنجام بدات، ئەمە بۆ هەموو توخم و پێکهاتەکانی دیکە و سەرلەبەری ڕۆمانەکە ڕاستە.

**٥-کات:**

هاوشێوەی بنچینە پێکهێنەرەکانی دیکەی ڕۆمان (کات) یش گرنگی خۆی هەیە، دەتوانین بڵێین هیچ چیرۆک و بەسەرهاتێک یان هیچ شتێک لەم سەر زەوییە نییە کاتی نەبێت. کاتی ڕۆمان جیاوازە لە کاتی ئاسایی. کاتی ڕۆمان بریتییە لە کاتی ئەو ڕووداوانەی ڕۆمانەکە دەیانگێڕێتەوە. بە گشتی کاتی ڕۆمانەکان لە دەمی ڕابردوودان، چونکە نووسەر شتێک دەگێڕێتەوە خۆی بینەری ڕوودانی بووە، یان لەناو ڕووداوەکاندا بووە و بەشێک بووە لە ڕووداوەکان، یاخود پێشتر چیرۆکەکە لە خەیاڵی نووسەردا ڕوویداوە،سەبارەت  مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ کات لە ڕۆمانەکەیدا و چۆنییەتی ڕیزبەندی کاتەکەی دەگوترێ:

**«دەبێت کاتی ڕووداوەکان بەشێوەی زنجیرەیەکی لۆجیکی خاوەن سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بێت، لای ڕۆماننووسە نوێیەکانیش ئەم جۆرە کاتانە ڕاستەوخۆ هەندێ جاریش ناڕاستەوخۆ بەکاردێت.»**[2]

کات یان (زەمەن) وەک خۆی سەختە پێناسە بکرێت. تا ئەمڕۆش لە ڕوانگەی پێشکەوتووترین فەلسەفەوە، بۆنموونە لە ڕوانگەی فەلسەفەی هایدیگەر و فەلسەفەی وجودی کات یان زەمەن بریتییە لە کۆنسێپتێک (تێگە). واتە تێگەیشتنێکی سەرەتاییمان هەیە، ئەو کاتە هەست بە کات دەکەین کە ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک دێن و بەخێرایی هەستیان پێ دەکەین. بەڵام کە دەکەوینە ناو تەنیایی، کات یان زەمەن زۆر قورس دەبێ و مرۆڤ هەست بە بێزاری دەکات. کۆنسێپتی کات هەردەم هاوڕێک و هاوتەریبی شوێنە. کات بەبێ شوێن نابێ شوێنیش بەبێ کات  نابێ. ژیانیش وەک خۆی واتە کۆنسێپتی کات و شوێن. لەبارەی کات و گرنگی کات لە ڕۆماندا دەگوترێ:

**«کات لەناو ڕۆماندا تەواو پەیوەستە بە گێڕانەوەوە و لێی جیا نابێتەوە، ئەم پەیوەندییە توند و تۆڵەی نێوان کات و گێڕانەوە بووتە هۆی داگیرکردنی پانتاییەکی گەورە لە ڕۆماندا، بە هونەری**

---

[1] نەجم ئەڵوەنی، سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری، هەولێر، ٢٠١١، ل ٩٨.

[2] جەلال ئەنوەر سەعید ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، سلێمانی ٢٠٠٩، ل ٨٧

**گێڕانەوەی کات لە ڕۆماندا ناو دەبرێت، کات توخمێکی سەرەکی ڕۆمانە بەوەی دەبێتە هۆی دروستکردنی تامەزرۆیی و ڕیزبەندی و ڕووداو.»**[1]

باسکردن لە ساتە وەختەکان بە شێکی گرنگی هەر دەقێکی گێڕانەوەیین، بەبێ باسکردن لە کات یان ڕوونی و دیاریکراوی ئەو کاتەی کە باسی لێوە دەکرێت، دەقەکە لە دەقێکی خەیاڵی نزیک دەبێتەوە. پەیوەندییەکی راستەوخۆش لە نێوان کات و ڕووداودا هەیە، زمەنی ڕووداو هەمیشە بەشێکە لە ڕووداوەکان، هەر ڕووداوێک زەمەنێکی تایبەتی خۆی هەیە و لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەدا دەخرێتەڕوو. کات لە ڕۆمانە کلاسیکەکاندا هەمان کاتی واقیعی هەستپێکراوە، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا بابەتەکە بەجۆرێکی ترە:

**«لە ڕۆمانی نوێدا چەمکی کات گۆڕاوە و کاتی ناو ڕۆمان لەیەکچوونێکی ئەوتۆی لەگەڵ کاتی واقیعی ژیان نەماوە، بەهۆی ئەو هەموو گۆڕان و تێکەڵیانەی کە لەناو کاتی گێڕانەوەدا ئەنجام دەدرێن ئەمە سەرەڕای لادانی ئاشکرا لە کاتی لۆجیکی بە دروستکردنی کاتی وەهمی.»**[2]

درووستکردنی کاتی وەهمی لە ڕۆمانی نوێدا بووەتە هۆیەک لەو هۆیانەی کە وادەکات ڕۆمانەکە بە ڕۆمانێکی خەیاڵی لەقەڵەم بدرێت، خوێنەریش لە سەرەتای خوێندنەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانە دەزانێت ئەو چیرۆک یان ڕۆمانەی کە دەیخوێنێتەوە چیرۆکێکی خەیاڵییە و دوورە لە واقیعی ژیان.

---

1 -منیر بهار عتبی، البنیه الزمکانیه فی روایات ولید الرحیب، رساله ماجستیر، قسم اللغه العربییه و ادبها کلیه الاداب و العلوم، جامعه الشرق الاوسط، عمان، ٢٠١٥، ص١١.

2 سەنگەر قادر شێخ محەمەد، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی دا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١١٧

**تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی خەیاڵی**

لە ڕاستیدا دیاریکردن و وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی یارمەتییەکی زۆرمان دەدات بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی خەیاڵی. لەکۆنەوە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی لەم بابەتە دواون و بە ڕاو سەرنجەکانیان هەوڵیانداوە بابەتەکان ڕوونبکەنەوە. ئەوەی کە لە فۆرمی خەیاڵدا لە ڕۆمان و ژانری گێڕانەوەدا دەخرێتە ڕوو دەکرێت واقیع بێت و دەشکرێت خەیاڵێکی ڕووت بێت. لەم بارەیەوە بوشرا کەسنەزانی دەڵێت:

**«ئەوەی لەچوارچێوەی خەیاڵ لە ڕۆماندا دەخرێتە ڕوو، مامەڵەکردنی بۆ بابەتی بڕوا پێهێنان کەمێک گرانترە، چونکە خوێنەر لە بارەی پرسیار و گومانی ئەوەچۆن ڕووی دا؟ پێویستی بە پاساوی ڕۆماننووسە، ئەم ئەرکە بە تەنیشت نیشاندانی ڕووداو و بابەتی نائاساییشدا خەیاڵبازی و ناباوکاری و سەیروسەمەرەییدا ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاو دەبینێت.»**[1]

مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ خەیاڵ قورسترە لە پیشاندان و خستنەڕووی واقیع لە دەقێکدا، چونکە ئەوەی کە خەیاڵیشە دواجار مەبەست لێی واقیعە. سەبارەت بە پاساو هێنانەوەش بۆ بڕواپێهێنانی خوێنەر، ئەوەیان پەیوەستە بە گرێچنی و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە، زۆرجار بابەتێکی خەیاڵی بە هۆکارێکی لۆژیکی ڕووندەکرێتەوە، ئەمەش قبوڵکردن و جۆرێک لە باوەڕهێنان بە دەقەکە لەلای خوێنەر بەدیدەهێنێت، ئەمەش زیاتر لە ڕۆمانە خەیاڵی زانستییەکان ڕوودەدات، شارەزایی و هونەرێکی گەورەی دەوێت نووسەر بتوانێت قەناعەت بە خوێنەرەکانی بکات باوەڕ بە خەیاڵەکانی بکەن و وەک واقیع قبوڵی بکەن:

**«ڕازی گێڕانەوەی ڕۆمان لە ڕووی بونیاد و چنینەوە لە نێوان شتە نا ئاسایی و شتە نەمر و جیهانییەکاندا شاردراوەتەوە،ئەو ڕۆماننووسەی دەتوانێت بەشێوەیەکی ورد ڕووداوە ئاسایی و نائاساییەکان لەنێو دەقدا دیاری بکات،ئەوا کلیلی هونەرکاری وخەیاڵکاری بە دەستەوەیە.»**[2]

کاتێک کە دێین و دەڵێین جۆرێک لە ڕۆمان هەیە ڕۆمانی واقیعییە و ئەم خاڵانە تایبەتمەندییەکان و سنورەکانی جیاکردنەوەی ئەو جۆرە ڕۆمانەیە، واتە پێچەوانەکەشی بوونی هەیە. دەکرێت پێچەوانەی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی ببێتە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی خەیاڵی. دەشێت کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیاریبکرێن لە ڕێیانەوە ڕۆمانێکی واقیعی لە ڕۆمانێکی خەیاڵی جیابکەینەوە، ئەم بابەتە تا ئێستاش زۆر ڕوون نیە و بەشێکیش لە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب لەو باوەڕەدانین شتێک هەبێت بە ناوی ڕۆمانی خەیاڵی. لێرەوە پرسیارێک دێتە پێشەوە وەڵامدانەوەی دەبێتە کلیلی کردنەوەی دەرگای ئەم بابەتە کە بوونی ڕۆمانی خەیاڵییە. پرسیارەکەش ئەوەیە: ئەگەر ڕۆمانێک بە تەواوی پێچەوانەی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی واقیعی یان ڕیالیزمی بوو دەبێتە چ جۆرە ڕۆمانێک؟ یان ئەگەر ڕۆمانێک بەشێکی زۆری خەیاڵ و فەنتازیا بوو چ جۆرێکی ڕۆمانە؟ لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەگەر تا ئێستاش لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دان بە بوونی ئەم جۆرە ڕۆماندا نەنرابێت، مانای ئەوەنییە بوونی نییە. دەکرێت لە توێژینەوە نوێیەکاندا بوونی ڕۆمانی خەیاڵی لە ئەدەبی گێڕانەوەی کوردیدا بسەلمێنرێت. ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش هەنگاوێکە بەو ئاراستەیە.

---

[1] بوشرا کەسنەزانی، جوانیناسی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل١٧٦

[2] میریام الوت، رمان به روایت رمان نویسان، طهران، ١٣٦٨، ص ٦٩.

به خسته ڕووی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی خەیاڵی دەروازەیەکی فراوانمان بەڕوودا دەکرێتەوە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی بابەتەکە. باسکردنیش لە تایبەتمەندییەکان بەدەر نییە لە باسکردن لە توخمە سەرەکییەکانی پێکهێنانی ڕۆمان کە ئەمانەن:

**١-کارەکتەر:**

گرنگی کارەکتەر لە پێکهینانی دەقی ڕۆماندا لە ئاستێکدایە کە زۆربەی زۆری قوتابخانە ئەدەبییەکان سەرنجی خۆیان خستووەتە سەر و لە بارەیەوە ڕاو بۆچوونی جیاواز خراونەتەڕوو. هەموو چیرۆک یان بەسەرهاتێک باس لە ژیانی کارەکتەر یان چەند کارەکتەرێک دەکات، سەرجەم توخمەکانی دیکە دواجار پەیوەستن بە کارەکتەرەوە. نووسەران بۆ ئەوەی فیکر و ڕوانینی خۆیان پێشکەش بکەن پێویستیان بە کارەکتەر هەیە. بەشێک لە نووسەران ئەم کارەکتەرانە ڕاستەوخۆ لە دونیای دەوروبەر بە تایبەتمەندییە ئاساییەکانی خۆیانەوە وەردەگرن و دەیگوازنەوە ناو دەقە ئەدەبییەکانیان. ئەمانە تایبەتمەندی کارەکتەر لە ڕۆمانی واقیعی پیشان دەدەن، بەڵام کارەکتەر سازی لە ڕۆمانی خەیاڵیدا پێچەوانەیە و زادەی خەیاڵی نووسەرە و خاوەنی تایبەتمەندی و توانای سەیروسەمەرەیە. لەم بارەیەوە ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕوانینە ڕەخنەییەکان:

**«لە ڕەخنەی بنیاتگەریدا چەمکی کارەکتەر تەواو خەیاڵییە و بوونەوەرێک نییە هەر لە سەرەتاوە ئامادە و دروستکراوبێت، یان بە پێی شیکردنەوەی دەروونی خاوەنی خودێکی دەروونی بێت.»**[1]

بنیادی چەمکی کارەکتەر لە ڕەخنەی بونیادگەریدا بونیادێکی واقیعی نییە و دروستکراوی خەیاڵی نووسەرە. ئەوەی نووسەر دەیەوێت لە دنیای بگەیەنێت، نایەوێت پەیامەکەی لە شێوەی وتاردا بێت و ڕاستەوخۆ لە خۆیەوە بگات بە خوێنەر، بۆیە دێت و لە ڕێگەی کارەکتەرەکانییەوە ئەم کارە ئەنجام دەدات. ڕۆلان بارتیش دەڵێت: **«کارەکتەر جگە لە بوونەوەری کاغەزی هیچیتر نین.»**[2]

خەیاڵی بوونی کارەکتەر مانای ئەوە نییە ئیدی هەرچییەک کە مرۆڤ دەتوانێ خەیاڵی بکات لە ڕۆمانەکەیدا و بەسەر کارەکتەردا جێ بەجێی بکات، خەیاڵی بوونی کارەکتەر واتای دابڕانی نییە لە واقیعییەت و ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، هەر بۆیە دەگوترێ:

**«ڕاستە کارەکتەر بوونەوەرێکی زمانیی یان خەیاڵییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زمان و خەیاڵە بارگاوییە بە هزری نووسەر و کەسەکانی ناو کۆمەڵگە و ناشکرێت زەمەن وەک قاوغێکی بەتاڵ تەماشابکرێت و خەیاڵ لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی جیابکرێتەوە.»**[3]

لە ڕاستیدا ڕۆماننووس لە دروستکردنی هەر کارەکتەرێکی خەیاڵیدا وێنای کەسێکی واقیعیمان پێشکەش دەکا. لە ڕێگای زمانیشەوە فیکر و ڕووانینی کەسەکەمان پێ دەگەیەنێت. هاوکات نووسەر دەیەوێت کارەکتەر وەک ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی بیری خۆی. لەم بارەیەوە دەگوترێ:

---

[1] جەوهەر شێخانی، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی حسێن عارف-دا، ل ٢٩.
[2] -رولان بارت، مدخل الی تحقیق البنیوی للقصص، ت: منذر عیاش، ١٩٩٣، ص٧٢.
[3] نەجم ئەڵوەنی، تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان، ل٧٢.

**«لە بەشی زۆری ئەدەبی گێڕانەوەی ئێمەدا نووسەر ونە، ئەوانەی هەن یان خوتبەدەرن یان بوونەوەرێکی جادوویین، بیست جار پاڵەوان دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە و نازانم ئەم هەموو تەلیسمە جاودووگەراییە بۆچی، ئەگەرهاتوو دوبارەکردنەوەی ئەقڵیەتی داگیرکەرنەبێت، کە نایەوێت خود ئازادانە بدوێیت، ئەم خۆ جڵەوکردنەی خودی کورد فۆڕمێکە میراتی داگیرکردنە و لە ئەدەبی ئێمەدا ڕەنگی داوەتەوە.»**[1]

لە ڕۆمانی خەیاڵیدا کردار و گوفتاری وا دەدرێتە پاڵ کارەکتەرەکان هەرگیز لە جیهانی واقیعدا بەو شێوەیە نییە. زۆرجار کارەکتەر نەخوێندەوارە و ئاستی ڕۆشنبیری سنورداره. بەڵام گوفتار و کرداری لە پڕۆفیسۆرێکی زانکۆ دەچێت، ئەمەش دەچێتە خانەی نەگونجانەوە. لەم بارەیەوە حەمەسەعید حەسەن دەڵێت: **«یەکێک لە خەوشەکانی ڕۆمانووسانی کورد ئەوەیەهەندێک ڕستەی وا دەدەنە پاڵ کارەکتەرێک کە لێی ناوەشێتەوە،بەو ئاستە بڵندە لە ڕۆشنبیری بدوێت.»**[2] هەر لەبارەی شێوازی پێشکەشکردن و گونجاندنی کارەکتەر و دەوروبەری عەلی عوسمان یاقووب دەڵێت:

**«ئێمە زۆر جار ڕەخنە لە شێوازی ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری کارەکتەری ڕۆمان دەگرین، چونکە وەکو کەسێکی ئاسایی ڕەفتارناکات، واتە ئێمە بڕواناکەین کەسێک، نووسەر ئاوا باسی لێوە بکات، لە دنیای واقیعدا بەوشێوەیە ڕەفتار بکات، کە نووسەر لە ڕۆمانەکەدا ناچاری دەکات.»**[3]

کارەکتەر لە ڕۆمانی خەیاڵیدا خاوەنی چەندین تایبەتمەندییە کە لەوانەیە هەرگیز لە دونیای واقیعیدا کەسی وا بوونی نەبێت. لە توانا جەستەییەکانەوە بگرە هەتا فۆرم و شێوەی فیزیکی کەسەکە تاکو بیرکردنەوە و توانا دەروونی و زیهنییەکانی. کارەکتەری خەیاڵی لە ڕۆمانی خەیاڵیدا جیاوازە لە کارەکتەرێکی ئاسایی ژیان، بە مەبەست کۆمەڵێک شت دەدرێتە پاڵی تاکو لە ڕاستەقینە نەچێت، تایبەتمەندییەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانی خەیاڵی وەک تایبەتمەندییەکانی کارەکتەری ئەفسانە و داستانە کۆنەکانە، هەندێکجار کارەکتەر دەمرێت و زیندوو دەبێتەوە. کاری سەیر و سەمەرە ئەنجام دەدات، خاوەنی جەستەیەکە بە جیاوازییەکی سەرسوڕهێنەر لە جەستەی هەر کەسێکی ئاسایی. لە ئەدەبی کوردیشدا ڕۆمانی وامان هەیە کارەکتەرەکانی ئەم تایبەتمەندییە سەیرانەیان هەیە کە دەیانکات بە کارەکتەرێکی خەیاڵی لە ڕۆمانێکی خەیاڵیدا.

---

[1] شاخەوان سدیق، هونەری چیرۆک، چنین لە پێناو گێرانەوەدا، ل ٤٩.
[2] حەمەسەعید حەسەن. ڕۆمان و ژیاننامە، ل ٢٢٢.
[3] عەلی عوسمان یاقووب، ڕۆمان لە ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان، ل ١٣٢.

**٢-ڕووداو:**

هاوشێوەی کارەکتەر ڕووداویش لە ڕۆمانی خەیاڵیدا خاوەنی تایبەتمەندی جیاوازە کە جیای دەکاتەوە لەو ڕووداوانەی لە ڕۆمانی واقیعیدا هەن یان دەکرێت لە جیهانی واقیعیدا ڕووبدەن. ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆمانی خەیاڵیدا ڕوودەدەن، بەشێکن لە کۆی پرۆسەی خەیاڵی بوونی چیرۆک یان بەسەرهاتەکە. لە ڕۆمانی خەیاڵیدا ڕووداوەکان بەجۆرێکن عەقڵی مرۆڤ وێنای ڕوودانیان ناکات، چونکە لەگەڵ لۆژیک و مەنتقی عەقڵدا یەکناگرنەوە. بۆنمونەبە پێی زانست و لۆژیکی سەلمێندراو لە دوای مردن هەرگیز جەستە بەرزنابێتەوە و نابێت بە تۆز و غوبار یان پەپولە نابارێت. لە ڕۆمانە خەیاڵییەکاندا مردن و ژیان و ڕووداوەکان بە جۆرێک وەسف دەکرێن زۆر دوورن لە ژیانی ڕاستەقینە و واقیعی. ڕووداوی دەقی سەر بە گێڕانەوە لە هەندێک ڕووەوە جیاوازە لە ڕووداوەکانی دنیای واقیعی، تەنانەت بەشێک لە لێکۆڵەران پێیانوایە زەحمەتە ڕووداوی هاوشێوەی واقیع لەو دەقانەدا بدۆزینەوە، لەم بارەیەوە دەگوترێ:

**«ڕووداوی گێڕانەوە بە تەواوی وەک ڕووداوێکی ڕاستەقینە نییە، هەرچەندە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر واقیعەوە دەردەچێت، چونکە کاتێک ڕۆماننووس ڕۆمانەکەی دەنووسێت، ئەو لەو ڕووداوە زیندووانە سڕینەوە و زیادکردن دەکا کە لە کۆگای ڕۆشنبیری و خەیاڵە هونەرییەکانی خۆیەوە هەڵیبژاردوون. ئەمەش وادەکات ڕووداوی گێڕانەوە شتێکی تر بێت لە واقیعی زیندووەکاندا وێنەیەکی ئاوێتە نەدۆزینەوە.»**[1]

دەشێ ڕووداوە خەیاڵییەکان لە دونیای واقیع یان مێژوو وەرگیرابن بەڵام ڕۆماننووس دێت و بە کۆمەکی خەیاڵ گۆڕانکارییان تێدا دەکات هەندێک جار گۆڕانکارییەکان لە سنوری وێنای مرۆڤ دەردەچن، ڕووداوەکان دەبن بە فەنتازیای ڕووت، هەندێکجاریش هەمان ڕووداوە مێژووییەکانە بە قووڵی و لە ڕێگای وەسفەوە واقیعیتر دەنوێنن، بەڵام کاری ئێمە لەگەڵ ڕووداوی خەیاڵییە،کە هەندێکجار لە مێژوو وەردەگیرێت و گۆڕانکاری زۆری تێدا دەکرێت:

**«مێژوونووس پابەندی حەقیقەتێکە و ئەوە دەگێڕێتەوە کە بەچاوی خۆی بینیویەتی یان بۆیان گێڕاوەتەوە. مێژوونووس هەندێ ڕووداوەکان ڕێکدەخاتەوە و ساغیان دەکاتەوە و ڕاستی و ناڕاستییان دەسەلمێنێ، کەچی ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، پشت بە خەیاڵ دەبەستێ و ئەو ڕووداوە مێژووییانە وەردەگرێ بۆ ئەوەی بیانکاتە بابەتێکی گێڕانەوەیی و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی سروشتی هونەری ڕۆمانەوە.»**[2]

پیشاندانی ڕووداو و گەیاندنی خوێنەر بە حاڵەتی وێناکردنی ڕووداوەکان کاری وەسف و تەکنیکی زمانە. ڕۆماننووس لە ڕێگای وەسفێکی ورد و لێکچواندن و کارکردنە سەر زیندوو کردنەوەی خەیاڵ و یادەوەری ناخودئاگای خوێنەر. بۆیە کاتێک ڕۆمانێکی واقیعی دەخوێنینەوە بە تەواوی هەست بە چۆنییەتی ڕوودانی ڕووداوەکان دەکەین. بە پێچەوانەی ڕۆمانی خەیاڵییەوە کە لەوانەیە

---

[1] أمنة يوسف، تقنيات السرد فی النظرية و التطبيق ،ط٢ ، المؤسسة العربية للدراسات النشر، بيروت، ٢٠١٥. ص ٣٧.

[2] ئیبراهیم حەسەن حەمەد، ڕەنگدانەوەی کەلەپور لە ڕۆمانی کوردیدا (باشوری کوردستان ١٩٨٥-١٩٩١) چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ، ٢٠١٢، ل ٦٧-٦٨.

بۆمان سەخت بێت چۆنییەتی ڕووداوەکان بهێنینە پێشچاوی خۆمان. ئەمە ئەو خاڵەیە کە ڕۆمانی واقیعی لە ڕۆمانی خەیاڵی جیادەکاتەوە.

**«هەست دەکەین ئەو دنیا خەیاڵییەی کە لە ڕۆماندا ڕووبەڕووی دەبینەوە و چێژی لێ وەردەگرین، لە دنیای ڕاستەقینە زۆر ڕاستترە، هەستی ئەوەی کە ئەو ژیانی دووەمە بەلای ئێمەوە لە دنیای ڕاستەقینە ڕاسترە،ڕێمان بۆ خۆشدەکات،پەیتا پەیتا ڕۆمانەکان بخەینە جێی ڕاستی.»**[1]

لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانانەی کە خۆیان جیهانێکی تایبەت و پڕ واتا و پڕ تایبەتمەندیین، هەست دەکەین کە دەکرێت ئەم جیهانەی کە ئێستا تێیدا دەژین وەک جیهانی ڕۆمان بێت.

**٣-شوێن**

لە سەرجەم ژانرەکانی ئەدەبی گێڕانەوەدا (شوێن) وەک خاڵی سەرەکی و وەک گۆڕەپانی ڕووداوەکان و شوێنی ژیانی کارەکتەرەکان گرنگی و بایەخی زۆری پێ دەدرێ. ئەم بایەخدانە بە شوێن لە ژانری ڕۆمانیشدا لە ئاستێکی باڵادایە، چونکە ئەوە شوێنە چیرۆکەکان بەدی دەهێنێت و بەسەرهاتەکە لەناو خۆیدا جێ دەکاتەوە:

**«شوێن توخمێکی گرنگە لە توخمەکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، لەبەر ئەوەی شوێن لە هەموو ڕەهەندە واقیعی و خەیاڵییەکاندا پەیوەندییەکی نزیکی بە تێکست و هەموو کارەکتەرەکان و ڕووداوەکانییەوە هەیە.»**[2]

پرۆسەی داهێنان و مامەڵە کردن لەگەڵ شوێن لە رۆماندا پرۆسەیەکی هەستیارە و پەیوەندی بە توانای خەیاڵکردن و توانای داهێنانە لەناو واقیعدا. لە ڕۆمانێکی واقیعیدا ڕۆماننووس شوێنێکی واقیعی هەڵدەبژێرێت و دەیکات بە پانتایی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکەی. بەڵام زۆرجار بەکارهێنانی خەیاڵ لە وەسفی شوێنەکەدا وادەکات ئەو شوێنە لە شوێنێکی خەیاڵی نزیک ببێتەوە و خوێنەر بەرانبەری هەست بە نامۆیی بکا. لە هەمانکاتیشدا دەکرێت شوێنەکە خەیاڵی بێت و نووسەر وا مامەڵەی لەگەڵدا بکات کە شوێنێکی تەواو واقیعییە و ئەو هەستەش بە خوێنەر ببەخشێت کە ئەو شوێنە بوونی ڕاستەقینەی لەم سەر زەمینەدا هەیە. واتە ڕۆماننووس ئازادە شوێنێکی واقیعی بۆ ڕۆمانەکەی هەڵدەبژێرێت یاخود شوێنیکی خەیاڵی دادەهێنێت. لەم بارەیەوە ئاری عوسمان خەیات دەڵێت:

**«بۆی هەیە هەر شوێنێک بێت،کە خەیاڵ و ئاوەزی مرۆڤ ڕێی پێ بەرێت،تەنانەت ئەگەر ئەو شوێنە بۆشایی ئاسمانیش بێت،ئەوا دواجار هەر شوێنە و بۆی هەیە ڕووداوێک تێیدا ڕووبدات.»**[3]

مەرج نییە شوێنی ڕۆمان هەمیشە شوێنێکی واقیعی بێت. ڕۆماننووس ناچار نییە وڵات و شار و گوند و شوێنێک لەو شوێنانە هەڵبژێرێت کە لە دونیای ڕاستەقینەی خۆیدا بینیویەتی یان تێیاندا

---

1 - ئۆرهان پامووک، ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە، ل ١٥.

2 حسن بحراوی، بنية الشكل الروائي، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٠، ص ٤٣.

3 ئاری عوسمان خەیات، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی پاشایان کوشتی خوسرەوجاف و پێش ئەوەی واشەکە هەڵفرێت-ی عبدولخالیق ڕکابی-دا، چاپخانەی نارین، هەولێر،٢٠١١، ل50.

ژیاوە. دەکرێت شوێنێک هەڵبژێرێت کە لە ژیانیدا نەیبینیێ، بەخەیاڵ وەسفی شوێنەکە و ئەو ڕووداوانە بکا کە تێیدا ڕوودەدەن. بەڵام دەبێت خەیاڵەکە لە سنورێکی دیاریکراودا بێ تا ئەو ئاستەی عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤ قبووڵی دەکات. سەبارەت بە شوێنی خەیاڵی یان فانتازی دەگوترێ:
**«شوێنی فانتازی زۆر دوورە لە واقیع و تا ڕادەیەک بەرگی ئەفسانەیی دەپۆشێت، بە مانایەکی دیکە شوێنی فانتازی زادەی خەون و خەیاڵی نووسەرە، ئەو شوێنانەیە کە تۆوی ئەو حەز و ئارەزووانەی کە مەحاڵن لە زەوی واقیعدا تێدا دەنێژرێن.»[1]**

پێشتر لە بارەی شوێن لە ڕۆمانی واقیعی دواوین و چەند سەرنج و پێناسەیەکمان خستووەتە ڕوو. لە بەرانبەر شوێنی واقیعی لە ڕۆمانی واقیعی شوێنێکی دیکەمان هەیە خەیاڵییە و لە ڕۆمانی خەیاڵیدا بەکاردێت. شوێنی خەیاڵی ئەو شوێنانەن تەنیا لە چیرۆک و ڕۆمان و بەسەرهاتەکاندا هەن و داهێنراوی خەیاڵی نووسەرن. لە بارەی پێناسەیەک بۆ شوێنی خەیاڵی ئەم ڕوانینە هەیە پێیوایە:
**«شوێنی خەیاڵی،ئەو شوێنەیە کە بوونێکی ڕاستەقینەیان نییە لەسەر زەوی،ناتوانین هەستیان پێبکەین و بە چاو بیانبینین،بەڵکو نووسەر بە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی دایهێناوە و بەرگی ڕاستەقینەی بەبەردا کردووە،بەڵام دەکرێت هاوشێوەیان هەبێت لە واقیعدا.»[2]**

دەکرێ نووسەر شارێکی خەیاڵی دابهێنێت لە دنیای ڕاستەقینە هاوشێوەی شاری هەولێر بێ، بەڵام هەولێری ڕاستەقینە نییە و داهێنراوی خەیاڵە. ئەمەش جۆرێکە لە شوێن و دەکرێت وەک بوویەکی کاریگەر لە ئاراستەی ڕووداو و بیری گشتی ڕۆمان و چیرۆک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. ئەمەش ئەو جۆرە شوێنە خەیاڵییەیە باسی دەکرێ و دەگوترێ:

**«لە هەمانکاتدا جۆرێکی تر لە شوێنی خەیاڵی هەیە کە ئەو شوێنە بوونی واقیعی نییە و لەم جۆرەدا چیرۆکنووس پشتی بە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی بەستووە و شوێنێکی تەواو خەیاڵی دروستکردووە، کە هیچ بوونێکی واقیعی نییە و لە هیچ کات و شوێنێکدا نەبووە.»[3]**

ئەمەش واتای ئەوەیە دەکرێ شوێن دابهێنرێ، ئەگەر داهێنرا واتە بەرهەمی خەیاڵە و شوێنێکی خەیاڵییە. بەڵام نووسەر لە ڕێگای وەسفی تێرو تەسەل و بە مانا وا دەکات شوێنەکە لەو شوێنە واقیعییانە بچێت کە خوێنەر لە ژیانی خۆیدا تێیاندا دەژی.

**«وەسفی ورد و بە دیقەت و دوور و درێژی شوێن،سنوری جوگرافی سروشت و هەڵەت و کەشەکەی وەسف دەکەن،یان وەسفێکی دورودرێژی کەلوپەلەکانی ناوی دەکەن تا بەم ڕێگایە شوێنەکانیان هاوچەشنی واقیع بکەن.»[4]**

ئەگەرچی شوێنەکان تەواو خەیاڵی و داهێنراوی ئەندێشەی نووسەریش بن، دیسان نووسەران پابەندن بەوەی شوێنەکە وەک شوێنێکی واقیعی پیشان بدەن کە عەقڵ و هزری خوێنەر قبوڵی بکات.

---

[1] ئاوارە صالح، شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا (ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکە سوور) بە نمونە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٢٠، ل ٦١٣.
[2] ڤیان قانع حسێن، هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا، هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٢٢، ل ١٨٤.
[3] معتصم حمد ئەمین، بنیاتی توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٢. ل٧٥.
[4] تانیا ئەسعەد محەمەد، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٨١.

کەواتە، شوێنی خەیاڵی لە ڕۆماندا هەیە، نووسەر ئازادە لەوەی بۆ ڕۆمانەکەی خۆی شوێنێکی واقیعی هەڵبژێرێ یان شوێنیکی خەیاڵی دابهێنێ.

**٤-کات:**

هەموو ڕووداوێک پێویستی بە کاتێکە تا تێیدا ڕووبدات واتە هیچ ڕووداوێک نییە لە دەرەوەی کات. هیچ چیرۆک و بەسەرهاتێکیش نییە خاڵی بێت لە کات، (کات) وەک توخمێکی سەرەکی لە پێکهاتەی هەر ڕۆمانێکدا ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێت. ئێمە دەڵێین ڕۆمان خۆی بریتییە لە گێڕانەوەی زنجیرەیەک ڕووداو کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن. واتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و زیندوو لە نێوان ڕووداو و کاتدا هەیە. ژانری گێڕانەوەش مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووداودا دەکات. کەواتە گێڕانەوەکان بریتیین لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سەردەمێکی دیاریکراو. ڕۆمانیش سەرلەبەری گێڕانەوەی چیرۆکێکی پڕ لە ڕووداوە.

**«ڕۆمان وەک یەکێک لە ژانرە گێڕانەوە بەندەکان ناتوانێت لە دەرەوەی چوارچێوەی کاتدا بەرهەم بێت،چونکە ڕۆمان واتا زنجیرەیەک لە ڕووداو،ڕووداویش پابەندە بە کاتەوە.»**[1]

بەهەمان شێوەی ژیانی ڕاستەقینە ژیانی ناو ڕۆمان و دەقە گێڕانەوەییەکانی دیکە پەیوەستە بە کات. هیچ ڕووداوێک نییە لە دەرەوەی کاتدا ڕووبدات. بەڵام تەوزیف کردن و هەماهەنگی کردن لە نێوان کات و ڕووداوەکان لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە دەگۆڕێت.

**«کات لە ڕوانگەی چەمکی تەقلیدیدا بە شێوەیەکی زنجیرەیی لە گێڕانەوەی ڕۆماندا بە دوایەکدا هاتووە،بەڵام لە ڕوانگەی ڕۆمانی نوێوە، ئەم جۆرە بەکارهێنانەی کات لە گێڕانەوەدا تێک شکێنراوە، ڕۆماننووس سەربەست بووە لە چۆنییەتی بەکارهێنان و پەیڕەوکردنی کاتەکان لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیدا.»**[2]

لە دەقە کۆنەکاندا کات لە خاڵێکەوە دەستی پێ دەکرد و بە هێڵێکی ڕێک لەگەڵ گێڕانەوەدا دەڕۆیشت. بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا چەندین تەکنیکی نوێی بەکارهێنانی کات هەن، نووسەر بۆ گێڕانەوەی ڕابردوو سوودیان لێ وەردەگرێت. کاتی گێڕانەوە و کاتی ڕووداوەکانیش لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی دیکە خاوەنی تایبەتمەندی جیاوازە: **«کات ڕەهەند و پێوانەیە، کە تێیدا ڕووداوەکان دەتوانرێت لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و داهاتوو هەروەها پێوانەی ماوەی ڕووداوەکان و مەوداکانی نێوانیانە.»**[3]

تەکنیکەکانی تەوزیفکردنی کات لە دەقە ئەدەبییەکاندا نوێگەری زۆریان بە خۆوە دیوە. دەتوانین بڵێین چەندین شێوازی جیاوازی باسکردن و خستنەڕووی کات لە دەقە نوێیەکاندا بەکار دەهێنرێن.

---

[1] -کانیاو ڕەحمان حەمەد، ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی (کەریم کاکە)دا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠١٥، ل ٨١.

[2] ڕێزان ڕەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەراجدا، ل ١١٩.

[3] Christopoulos. D.T. 2014. A simple Definition of time. Univercity of Athen. Reaserch.gate. Google. P1.

بەڵام ئەوەی تایبەتە بە ڕۆمانی خەیاڵی ئەو کاتەیە لە دەرەوەی سنوری کاتی واقیعیدایە و لەوانەیە کاتی هاوشێوە هەرگیز نەبووبێت، یان لەوانەشە باس لە زەمەنێک بکات هەرگیز نەیەت.

**٥- وەسف:**

وەسف بەشێکی گرنگ و کاریگەری هەر تێکستێکی ئەدەبییە. ژانری گێڕانەوەش بریتییە لە وەسفکردنی: ڕووداو و کات و شوێن و کارەکتەر. .گێڕانەوە بریتییە لە گێڕانەوەی پڕ لە وەسفی بەسەرهاتی کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە. نووسەر لە ڕێگای وەسفەوە کارەکتەر و شوێنی ڕۆمانەکەی بە خوێنەر دەناسێنێ. هەر لە ڕێگای (وەسف)یشەوە وێنەی زەینی لە مێشکماندا دروست دەکات. گرنگی وەسف لە ئاستێکدایە بگوترێت (وەسف) چێژ و ڕەسەنایەتی بۆ دەقەکە بەدیدەهێنێ. وەسف لە ڕۆمانی خەیاڵیدا لە ئاستێکی ئەندێشەیی وا دایە نووسەر ڕێگا بەخۆی دەدات وەسفی سەیر و سەمەرە و نەشیاو بۆ کەس و شتەکان پێشکەش بکات. لە ڕێگای وەسفەوە توانای گەورە و بێ سنور، جوانی بێسنور، ناشیرینی لە ڕادەبەدەر بدات بە کارەکتەرەکانی. بە گشتی ئەرکەکانی وەسف لە ڕۆماندا زۆرن. بەشێک لەم ئەرکانە جوانی بەخشینە بە ڕۆمانە خەیاڵییەکان تاکو سەرنجی خوێنەر ڕاکێشێ. هەروا دروستکردنی وێنای زەینی لە خەیاڵی خوێنەردا بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکی وەسف لە ڕۆمان.

**«یەکێک لە ئەرکەکانی وەسف ئەوەیە وێنەیەکی زەینی لە خەیاڵی خوێنەردا درووست دەکات،بەڵام ئەم وێنەیە لە ڕۆمانی کۆن و نوێدا وەکو یەک واتا نابەخشن.»**[1]

وەسف بەشێکی گرنگە لە گێڕانەوەی هەر دەقێکی سەر بە گێڕانەوە، چونکە نووسەر لە ڕێگای وەسفەوە دیمەنەکان دەخاتە بەرچاوی خوێنەر، لە ڕێگای وەسفەوە گێڕانەوەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت:

**«وەسف لە ڕۆمان وەک وەستانی گێڕانەوەیە، گێڕانەوە ناوەستێ بەڵکو لە ڕێگەی وەسفەوە بەردەوامی هەیە، بەڵام کاتی گێڕانەوە دەوەستێت، بگێڕەوە وەسفی شوێن دەکات کە ڕووداوەکان تێیدا ڕوو دەدەن، یان وەسفی کەسایەتییەکان دەکات.»**[2]

مەبەست لە وەستانی گێڕانەوە ئەوەیە کە زۆر جار نووسەر لە باسکردنی ڕووداوی نوێ ڕادەوەستێ. بە وەسف دیمەنی شوێن یان کارەکتەر یان کەرەستەکانمان بۆ دروست دەکا. دەکرێ ئەمە لە ناوەندی گێڕانەوەی ڕووداوێکدا ڕوویدا یان لە هەر کاتێکی تری تایبەت بە گێڕانەوەکە.

**«وەسف ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە خاوکردنەوەی ڕووداوەکان لە نێو ڕۆمانەکەدا یان بە پێچەوانەوە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان، ئەمەش ڕۆماننووس خۆی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ئەم تەکنیکە کاتێ زانی پێویستی بەوەیە درێژە بە ڕۆمانەکە بدات لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفەوە**

---

[1] ساکار دڵشاد عثمان، بنیاتی ڕووداوی سیاسی لە ڕۆمانەکانی (ماردین ئیبراهیم)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٢٢. ل ١١٤.

[2] Pierre Louis Rey. 1992. Ibide. P157.

**درێژە بە بابەتەکە دەدات، هەرکاتێ زانی یان هەستی بەوەکرد پێویستە ڕووداوەکان خێراتر تێپەڕێنێ ئەوا لە ڕێگەی هەر ئەم تەکنیکەوە بە ئەنجامی دەگەیەنێت.»** [1]

وەسف ئامراز یان وەسیلەیەکی چەند کارەیە، نووسەر دەتوانێت بە چەندین جۆر سوودی لێ ببینێ. دەکرێ بۆ (کورتکردنەوە) یان (درێژکردنەوە)ی بابەت، دروستکردنی وێنەی هونەریی یاخود خاوکردنەوە و خێراکردنی ڕیتمی گێڕانەوە سوودی لێببینێ، ئاستی هونەریی لە سوود وەرگرتن لەم تەکنیکەش دەگەڕێتەوە سەر ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفی و خەیاڵیی خەستی نووسەر. وەسف لە ڕۆمانی خەیاڵیدا ڕۆمانەکە وەک دەقێکی (ئەفسانە)یی لێدەکا، وەسفی ساتە وەخت و ڕووداو و شوێن و کارەکتەرەکان بە جۆرێکە لە دنیای واقیعیدا هاوشێوەیان نییە، وەسفەکان دیمەنی خەیاڵی ئەوتۆ دروستدەکەن زەحمەتە خوێنەر وێنایان بکا، ئەمەش تایبەتمەندی وەسفە لە ڕۆمانی خەیاڵیدا.

## بەشی سێیەم: شیکاری ولێکدانەوەی کردەکی.

### - داگیرکردنی تاریکی ..ناساندن

ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی یەکێکە لە ڕۆمانە نوێیەکانی (بەختیار عەلی) کە ساڵی (٢٠٢٠) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دەنگدانەوەیەکی باشی لە دونیای ڕۆشنبیری و خوێندەواری کوردی و جیهانیدا هەبوو، بەو پێیەی بۆ چەند زمانێکی جیهانی لەوانە (ئینگلیزی. فارسی، تورکی) وەرگێردراوە، لە وڵاتی (ئەڵمانیا)ش، ڕۆمانەکە کرا بە شانۆگەریی، ڕۆمانەکە باس لە قۆناغێکی گرنگ و هەستیار لە مێژووی کورد لە باکوری کوردستان کە ڕووداوەکانی دەکەونە نێوان ساڵانی( ١٩٤٥-١٩٧٨)ی سەدەی ڕابردوو، ڕۆمانەکە باس لە مێژوویەکی ون و نەبینراو دەکات، ئەم ڕۆمانە یەکێکە لەو ڕۆمانانەی لە هەناوی واقیعی تاڵی کۆمەڵگەی کوردییەوە سەریهەڵداوە.

لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی (١٩٢٣) لەسەر دەستی (مستەفا کەمال ئەتاتورک)، قۆناغێکی نوێ لەو وڵاتە دەست پێ دەکات. ئەم قۆناغە قۆناغی دامەزراندن و چەسپاندنی پایەکانی دەوڵەت نەتەوەی تورکە. لەو پێناوەشدا هەرچی پێویستە بۆ سەرخستنی فاشیزم دەکرێ. جگە لە تورک، گەلانی دیکەی ناو سنوری جوگرافی تورکیا ڕووبەڕووی دەردەسەری و ئازار و ئەشکەنجەی زۆر دەبنەوە. تورکی دەکرێتە زمانی فەرمی کۆمارە نوێیەکەی تورک. دەبوو هەموو دانیشتووانی تورکیا بە تورک و کورد و ئەرمەن و یۆنانی و گەلانی دیکە بە تورکی بدوێن و خۆیان بە تورک بزانن. ئەوەی ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی قبوڵ دەکرد ژیانی پارێزراو دەبوو، بەپێچەوانەشەوە هەرکەسێک سەرپێچی لە یاساکە بکردایە یان کوشتن یان زیندان چارەنووسی بوو. پرسی زمان لە ڕۆمانەکەدا بایەخی سەرەکی پێدراوە. لە ڕاستیشدا پرسەکە نەک تەنیا لە ڕۆمانەکەدا بەڵکو لە واقیعیشدا و لە بیرو باوەڕی دەوڵەتی تورکیاشدا بەهەمان شێوە بووە. مانەوەی زمانی کوردی واتە بوونی نەتەوەیەکی تری غەیرە تورک لە تورکیادا. قبوڵکردنی ئەم ڕاستییەش بۆ دەوڵەتی تورکیا زۆر ئەستەم بوو. بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا دەیەوێت بڵێت ئەگەر زمانی کوردی

[1] دیمەن عەبدوڵڵا صالح، شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلیدا، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، ٢٠٢٣، ل ٨٦.

لەناوبچووایە ئەوا ئەمڕۆ شتێک نەدەبوو بەناوی گەلی کورد، هەرچەندیش بیەوێ لە واقیع و ڕیشەی خۆی حاشا بکا، شتێک لەناخیدا دەمێنێتەوە هیچ هێزێک لەناوی نابات و ڕۆژی خۆی سەرهەڵدەدا، ئەویش ئەو تاریکییەیە کە دەوڵەتی تورکیا بۆی داگیرناکرێت.

تاوانەکانی دەوڵەت بەرانبەر خەڵکی غەیرە تورک و کورد بەتایبەتی و ئەو ڕووداوە پڕ زیانانەی کە لە ئەنجامی سیاسەتی داپڵۆسێنەرانە و بیروباوەڕی توندڕەوانە سەرچاوەی دەگرت، بەشێکی دیکەن لە پێکهاتەی ڕۆمانەکە. شاری ئامەد و ئیستەنبوڵ شوێنی سەرەکی چیرۆکەکەن. ڕۆمانەکە زیاتر لە بەسەرهاتێکی دوورو درێژی واقیعی دەچێت بەڵام بە ڕەنگ و بۆیەکی ئەدەبی. کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی گرنگ سەبارەت بە سەرهەڵدانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان لە تورکیا و باکوری کوردستان لەم ڕۆمانەدا بایەخیان پێدراوە. ئەنجامدانی چەندین خۆپیشاندان و چەندین چالاکی نهێنی و دەستپێکردنی خەباتی چەکداری کورد بۆ بەرهەڵستی سیاسەتی دڕندانەی دەوڵەتی تورک. ناکۆکی ناوخۆیی و هەڵبژاردنەکانی تورکیا و ململانێی حزبەکان لەسەر دەسەڵات بەشێکی ترن لەو مێژووەی لەم ڕۆمانەدا دەگێردرێتەوە. بەشێک لە ڕووداوەکان و گێرانەوەکە زۆر نزیکە لە کتێبی یادەوەری یان کتێبە مێژووییەکان، تەنانەت گەر بەراوردێک لە نێوان کتێبی یادەوەرییەکانی موسا عەنتەر لەگەڵ داگیرکردنی تاریکی بکەین بە ڕوونی ئەو لێکچوون و نزیکییە دەبینین.

بەختیار عەلی بە نەفەسێکی هیومانیستی پاک و لە پێناو پیشاندانی نەهامەتی ئەم میللەتە بەجیهان، باسکردنی ئەو تراژیدیایەی بەسەر کورددا هاتووە، هەوڵ و ڕەنجی ئەم میللەتە بۆ ژیان دەخاتە بەرچاوی جیهان. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا گرنگە و بەوردی کاری لەسەرکراوە بریتییە لە پیشاندانی هەردوو ڕووی دراوەکە، واتە پیشاندانی ڕەگ و ڕیشەی پرسی کورد لە تورکیادا کە تاکو ئێستاش پرسێکی ئاڵۆزە و دەوڵەتی تورکیا نایەوێت چارەسەری بکات. قوربانی و جەللاد، بکوژ و کوژراو لەم ڕۆمانەدا وەک خۆی پیشاندەدرێت، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە دوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە ئیدی تۆی کورد ڕقت لە هاوڵاتی تورک نابێتەوە، بە پێچەوانەی بەشێک لە مێژوونووسان یان ئەدیبانی دیکە کە دوای خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان وات لێ دەکەن ڕقت لە نەتەوەی بەرانبەر بێتەوە، لێرەدا سیستمەکە وا ڕێکخراوە نووسەر بە ئاژەڵێکی مەترسیدار ناوی دەبات مەحکوم دەکرێت. ئەو سیستەمەی کە لە پێناوی مانەوەی خۆیدا براکان لەیەک جودا دەکاتەوە، هاوڵاتیان دەکات بە دوژمنی یەک، هەموو شتێک وێران دەکات بۆ مانەوەی خۆی.

داگیرکردنی تاریکی یەکێکە لەو ڕۆمانە جیهانییانەی لە پێناو مرۆڤ و تێگەیشتن لە ئازارەکانی مرۆڤدا نووسراوە. مێژوویەکی تاریک و ون دەگێڕێتەوە. ئەو مێژووەی کە هیچ کات مێژوونووسەکان ناینووسنەوە. ئەو مێژووەی لە ڕێگای خەیاڵ و وێنای ئەدەبییەوە نەبێت کەس لێی تێناگات. داگیرکردنی تاریکی گەشتێکە بەناو مێژووی مانەوەی زمانی کوردی. ئومێد حەمەعەلی کە کتێبێکی بە ناونیشانی: ڕەمزییەتی بوونێکی نەگیراو لە بارەی ڕۆمانەکەوە نووسیوە دەڵێ: **«بەختیار عەلی لەم کارەیدا وێنای فاشیزمی کردووە کاتێک دەخزێتە هەموو جێیەکەوە، دەخزێتە هەموو پەیوەندییەکەوە،ڕۆدەچێتە پەیوەندی دەسەڵات و خەڵکەوە، ڕۆدەچێتە پەیوەندی مرۆڤ و**

**مرۆڤەوە،نەتەوەوە نەتەوەوە،هاوڕێ و هاوڕێوە،پێدەنێتە پەیوەندی باوک و کوڕ،براو براوە،ژن و مێرد،تەنانەت فاشیزم دەخزێتە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتیشەوە.»[1]**

داگیرکردنی تاریکی بریتییە لە گێڕانەوەی چەند چیرۆکێک لەناو یەک چیرۆکدا. هێڵی گشتی چیرۆکەکە گێڕانەوەی بەسەرهاتی نێردراوی دەوڵەتە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (باکوری کوردستان). نێردراوەکە (تاریق ئاکانسو) دوو کوڕەکەی (عەلی ئیحسان و ئارسین ئاکانسو) کە بە فەرمانێکی کۆماری لە ئیستەنبوڵەوە دێنە شاری ئامەد، تاریق ئاکانسو پێشتر مامۆستای زانکۆ بووە. کەسێکی نەتەوە پەرستی توندڕەو بووە و باوەڕی بە بوونی یەک نەتەوە و یەک زمان لە تورکیادا هەیە، بۆ سەلماندنی ئەمەش هەر شتێک لەدەستی بێت دەیکات. چیرۆکی هاتنیان و نیشتەجێبوونیان لە خانوویەکی گەورە و ڕاهاتنیان لەگەڵ ژیانی نوێ، کۆی ئەو کارە دڕندانانەی تاریق ئاکانسو دەیکا بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی زمانی کوردییە. چیرۆکی کوڕەکانیشی بەشێکی ترە، ئەوان جیاوازن لە باوکیان، ئەوان فێری کوردی دەبن. کوڕە گەورەکەی (ئارسین ئاکانسو) لەماڵ ڕادەکات و پەیوەندی بە چەند گروپێکی هونەری و شۆڕشگێری دەکا. هەرچی کوڕە بچوکەکەشە عەلی ئیحسان لە دەزگای میت دەبێتە وەرگێر، چەندین کەس بە گەواهی ئەو و بە وەرگێرانەکانی ئەو تیائەچن.

چیرۆکی ئەم خێزانە و ڕووداوەکانی ژیانیان و دابڕایان لەیەک بەشێکی سەرەکییە لە ڕۆمانەکە، لەلایەکی دیکەشەوە چیرۆکی ئەو نەخۆشییەی کە لەناو خەڵکانی غەیرە توركدا بڵاو بووەتەوە و ترسانی دەوڵەت لە تەشەنەسەندنی نەخۆشیەکە و ڕێگاکانی ڕووبەڕوو بوونەوە و چارەسەرکردنی دۆخەکە لەلایەن دەوڵەت و وەزارەتەکان و کەسوکارەی نەخۆشەکانەوە باس دەکرێ. نەخۆشیەکەش بریتییە لە بیرچوونەوەی زمانی تورکی و وەبیرهاتنەوەی زمانی دایکیی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشییەکە دەبن. نەخۆشیەکی سەیر و چاوەڕوان نەکراوە و هیچ چارەسەرێکیشی نییە. هەموو ڕێگایەکی زانستی پزیشکی دەگیرێتە بەر و سودی نابێت. تاکو دەوڵەت ناچار دەبێت لە شوێنێکی دوور زیندانێکیان لەژێر ناوی نەخۆشخانەی دەروونی بۆ دروست بکات و بیانگوازێتەوە ئەوێ. ئەمەش دواتر ئاڵۆزی و ڕووداوی زۆری لێدەکەوێتەوە و بەشێکی گرنگ و سەرنجڕاکێشە لە بەسەرهاتی ڕۆمانەکە. لە سەرەتاوە دەوڵەت دەیەوێت نەخۆشییەکە بشارێتەوە و خەڵک و ڕۆژنامەکانی لێ ئاگادار نەبن، بەڵام هەر زوو هەواڵەکە بە هەموو تورکیا تەشەنە دەکا و کاردانەوەی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە.

لەلایەکی ترەوە نووسەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە ڕووە چاکەخوازییەکەی مرۆڤمان پیشانبدات، بە تایبەت ئەو کەسانەی بە ڕێکەوت دەکەونە نێو تاوانەکان و ئەو بوارانەی کوشتن و توندوتیژیان تێدا ڕوودەدات. وەک کارەکتەری سەرەکی ئارسین ئاکانسو کە لە توندوتیژییەکانی باوکی ڕادەکات و دواتر خۆی دەبێت بە شۆڕشگێڕێکی بکوژ. عەلی ئیحسان ئاکانسو بەڕێکەوت و بەهۆی باوکییەوە ڕاهێنانی پێ دەکرێ و دەخرێتە ناو دەزگای میت. لەگەڵ ئەوەی لە تاوانی زۆرەوە دەگلێت، بەڵام ئەم کوڕە ڕوویەکی ئینسانی هەردەمێنێ و زۆرجار یارمەتی زیندانییەکان دەدات و ئازار شکێنیان دەداتێ. زەکی ڕەزا باکلان کە زۆر ئارەزووی بۆ هونەر و گۆرانی هەیە، بەڵام لە

---

[1] -ئومێد حەمەعەلی، ڕەمزییەتی بوونێکی نەگیراو، داگیرکردنی تاریکی وەک شەڕی وەهمییانەی سیستمی فاشیستی، چاپخانەی نوا، سلێمانی، ٢٠٢١، ل ٣٨٣.

دەزگای میت بەرپرسی بەشی وەرگێرانە. دواتر ئەم کارەکتەرە واز لە کارەکەی دەهێنێ و دەست دەکا بە فێربوونی زمانی کوردی و دواتریش گۆرانییەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

هەموو ئەو ڕووداوە سەرەکی و لاوەکییانەی دێنە پێش ئەم کارەکتەرانە لە سیاسییەوە بیگرە تا دەگاتە ڕووداوی گشتی لە تورکیا ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەن. داگیرکردنی تاریکی ڕۆمانێکی فرە ڕەهەندی سەرنجڕاکێش و وردە لە چوونە ناو ناخی ئینسان و باسکردنی کێشەکانی کورد لە تورکیا و ئەو باجە گەورەیەی کورد داویەتی بۆ مانەوەی خۆی وەک کورد.

**دەستپێک لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی:**

لە هەموو چیرۆک و گێڕانەوەیەکدا دەستپێکی سەرنجڕاکێش دەتوانێ وا لە خوێنەر و وەرگر بکات چاوەڕوانی درێژەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش بێت. ئەمەش حەزی خوێندنەوە زیاد دەکات. بێگومان ئەم بابەتە بۆ ڕۆمانیش ڕاستە. بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە ڕۆمان بەرهەمێکە کە لە تەنیاییدا دەخوێنرێتەوە. پێویستە دەستپێکێکی سەرنجڕاکێشی وای هەبێت نەتوانی دەستبەرداری بیت. بەختیار عەلی لە کۆی گشتی ڕۆمانەکانیدا بە سەرەتایەکی زۆر سەرنجڕاکێش دەستپێدەکات. سەرەتایەک خوێنەر ناچار بە خوێندنەوەی تەواوی ڕۆمانەکە دەکا. لە ڕۆمانی: داگیرکردنی تاریکی، سەرەتا لە بەیانییەک دەستپێدەکات تێیدا هەموو شتێک واقیعی و شیاوە، دەکرێت بەیانییەکی وا لە ماڵی هەر خێزانێکی دانیشتووی تورکیادا هەبێت. ئەویش لەخەو هەستانی عیسمەت ئۆکتای و دەستکردنە بە ڕۆژێکی نوێ:

**«عیسمەت ئۆکتای بەیانی کاتێک خەبەری بووەوە، هەستی بە شتێکی تایبەتی نەکرد. ڕۆژێکی ئاسایی بوو، هەتاو وەک هەموو ڕۆژێکی دیکەی سەرەتای هاوین لە پەنجەرەی نهۆمی دووەمی خانووەکەیانەوە هاتبووە ناو ژووری نووستنەکە. ژنەکەی ئویزار هانم لە تەنیشتییەوە خەوتبوو. هەموو شت پێدەچوو ئاسایی بێت، هیچ شتێک ناسروشتی دەرنەدەکەوت. ویستی بانگ لە ئویزاری ژنی بکات و پێی بڵێت هەستێت بەرچایی ئامادەبکات، بەڵام وەک وشەکانی بۆ نەیەت و شتێک بەرگەرووی بگرێت هیچی نەوت.»**[1]

تا ئێرە هەموو شتێک ئاسایی و واقیعییە و دەکرێت لە ژیانی ئاساییشدا بەم شێوەیە بێت. پیاوێک بەیانییەک لەخەو هەڵدەستێت ،سەرەتای وەرزی هاوینە هەتاو لە ماڵیان دەدات. ژنەکەی لە تەنیشتییەوە خەوتووە. وەک هەموو پیاوێکی تری ڕۆژهەڵاتی یەکەم قسە کە لە بەیانیاندا دەیکات بانگکردنی خێزانەکەیەتی بۆ ئامادەکردنی نانی بەیانی. بەڵام عیسمەت ئۆکتای ناتوانێ بانگی خێزانەکەی بکات چونکە گۆڕانێکی سەیری بەسەردا هاتووە کە هەتا ئێستا هاوشێوەی لە هیچ شوێنێک نەبووە:

**«ماوەیەکی درێژ لەبەر دەرگای ژووری خەوتنەکەدا وەستا. لە هەموو ئەو ماوەیەدا لە یەک شت دڵنیابوو، ئەویش ئەوەیە بیرناکاتەوە، لەبەردەم دەرگای ژوورێکدا وەستاوە و دەیەوێت بیربکاتەوە و ناتوانێت، دەیزانی ناوی (عیسمەت ئۆکتای)یە، بەڵام ناوی خۆی وەک ناوێکی نامۆ هاتە بەرگوێ، ڕۆژانی تر کاتێک هەڵدەستا ڕاستەوخۆ لە زۆر شت دڵنیابوو، لە ڕاستیدا بێ ئەوەی**

[1] بەختیار عەلی، داگیرکردنی تاریکی ڕۆمان، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٥.

**بیربکاتەوە لە هەموو شتێک دڵنیابوو، بەڵام ئەمڕۆ نازانێت لە چی دڵنیابووە، ئەمڕۆ بە جۆرێکە خەریکە دەکەوێتە دوو دڵییەوە لە ناوەکەی خۆشی.»[1]**

لێرەوە چیرۆکی ئەو نەخۆشییە دەست پێ دەکا کە نەخۆشی لەبیرچوونەوەی زمانی تورکی و لەناکاو فێربوونی زمانێکی ترە کە کەسی نەخۆش خۆشی نازانێت ئەو زمانە تازەیەی فێری بووە چییە و چۆن فێری بووە. عیسمەت ئۆکتای کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەشێکە لە ڕووداوەکان و چیرۆکەکەی زۆر سەرنجڕاکێشە، یەکەم کەسە لە شارەکەی خۆیدا تووشی ئەم نەخۆشییە دەبێت. نەخۆشیەکە بۆ خۆی و کەسوکار و پزیشکەکانیش نامۆیە، بۆیە دەگوازرێتەوە بۆ شارێکی تر و چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێی دەکات. عیسمەت ئۆکتای ڕەمز و سیمبولی ئەو کەسانەیە لە پرۆسەی سڕینەوەی ناسنامە (ئاسیمیلاسیۆن)ی تورک بەرانبەر کورد بووەتە قوربانی و خۆشی نازانێت لە بنەڕەتدا دایکی کوردە، ئەو زمانە تازەیەش کە فێری بووە زمانی کوردییە. کاتێکیش دەزانێت ڕەتی دەکاتەوە و پێی باشە بمردایە بەڵام ئەمەی بەسەر نەهاتایە، چونکە عیسمەت ئۆکتای خۆی بە تورکێکی ڕەسەن دەزانێت و تەنانەت ئەندامی توندڕەوترین ڕێکخراوی تورکی (گورگە بۆرەکان)ە، کە پێیوایە دێن و ڕزگاری دەکەن، بەڵام نەک ڕزگاری ناکەن بەڵکو ئەوان پێیان باشە ئەویش و هەموو ئەوانەش کە لەو نەخۆشخانەیەدان دەبێت بکوژرێن.
ئەگەرچی کەمێک زیاتر لەوەی کە دەکرێت لە جیهانی ئاساییدا هەبێت ئاسایی پیشاندراوە، بەڵام ئەوەی کە نووسەر لەم ڕۆمانەدا کردوویەتی بە تێمای سەرەکی کارکردنی خۆی کە نەخۆشیەکەی عیسمەت ئۆکتای و کەسانی دیکەیە، شتێکی ناواقیعی نییە. توێژینەوە زانستییە نوێیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە کۆرپەلەی تەمەن ٤ مانگی لە سکی دایکیدا ئاگاداری ئەو زمانە دەبێ کە دایکی پێی دەدوێت. ئەمەش بێگومان کاریگەری بۆ داهاتووی ئەو منداڵە دەبێ. ڕۆمانەکە لێرەوە ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێت و ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانی دەست پێ دەکەن. بەڵام گەڕانەوەیەک هەیە بۆ مێژوو، ئەو ڕووداوانەی دوای بڵاو بوونەوەی نەخۆشییەکە باس دەکرێن مێژوویان بۆ نزیکەی سی و پێنج ساڵ لەوەوبەر دەگەڕێتەوە.

**کارەکتەر لە ڕۆمانی واقیعو خەیاڵی داگیرکردنی تاریکی:**

وەک لە بەشەکانی ڕابردوودا ئاماژەمان پێدا، کارەکتەرسازی لە هەموو ڕۆمانێکدا خاڵی سەرەکی و کاریگەرە بۆ بەهێزی ڕۆمانەکە، چونکە ئەوەی باس دەکرێت پەیوەستە بە ژیانی کارەکتەر و ئەوەی لە دەوروبەری ڕوودەدات. لە ڕۆمانی: داگیرکردنی تاریکی پرۆسەی کارەکتەرسازی هاوتەرییە لەگەڵ کات شوێن و ڕووداوەکان. ئەم هاوتەرییبیە بەشێوەیەکی زۆر ڕێک و گونجاو ڕۆیشتووە. مەبەست لەمەش هەموو ئەو شتانەیە پەیوەندییان بە کارەکتەرەوە هەیە، لە ناوەوە و دەرەوە، مەبەست لە ناوەوە: ئاستی مەعریفی، بیرکردنەوە، زمان، ڕوانین و جیهانبینی کەسەکان زۆری تر، مەبەستیش لە دەرەوە:( پۆشاک و دیمەنی کەسەکان، ستایلی قژ، کارکردن، پیشە، شێوازی ژیان....هتد)، دەبێ ئەمانە هەمووی گونجانیان لە نێواندا هەبێ، شیاو بن بۆئەوەی ئێمەی خوێنەر وەک بەشێک لە جیهانی واقیعی قبوڵیان بکەین.

کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە بە پلەی یەکە ئەمانەن: (عەلی ئیحسان ئاکانسو، تاریق ئاکانسو، ئارسین ئاکانسو، عیسمەت ئۆکتای). ئەمە جگە لە چەندین کارەکتەری دیکە کە ڕۆڵ و

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

پێگەی گرنگ و یەکلاکەرەوەیان لە ڕۆمانەکەدا هەیە. بەڵام ئەوانەی لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی دەمێننەوە و سەرجەم ڕووداوەکان بە جۆرێک پەیوەست دەبێتەوە پێیان ئەم کارەکتەرانەی سەرەوەن. نووسەر لە ڕێگای وەسفەوە کارەکتەرەکانی بە خوێنەر دەناسێنێت. وەسف وادەکات خوێنەر وێنا یان (تەسەوری) ئەو کارەکتەرە بکات و بیهێنێتە پێش چاوی خۆی، ئەمەش ڕۆڵی گرنگی وەسفە لە بە واقیعی کردنی کارەکتەرەکاندا. بۆ نموونە لە ناساندنی کەسایەتی "عیسمەت ئۆکتای" وەسف تێکەڵی گێرانەوە دەبێت و دەڵێت:

**«عیسمەت نەیزانی دەڵێت چی، سەرسامانە سەیریکرد و هیچی نەگووت. عیسمەت دڵنیابوو، بێدەنگی باشترین شتێکە هەڵیبژێرێت، چونکە نە لەخۆی تێدەگات و نە لەکەسیش تێدەگات. بەڵام نا، گەمەی وا سەرناگرێت. ئەو پیاوێکی کەمدوو نەبوو، ئاژاوەچییەک و تورکێکی توندڕەو بوو، مێژوویەکی درێژی لەگەڵ گورگە بۆرەکاندا هەبوو، چەندین وێنەی لەگەڵ باشبوگ ئالپ ئارسەلان خۆیدا گرتبوو، لە خۆپیشاندانەکانی نەتەوەپەرستە تورکەکاندا بەهۆی دەنگی گڕ و پاراویی زمانییەوە، لەوانەبوو هەمیشە لە ڕیزی پێشەوە دروشمدەدەن و خەڵکی دەخرۆشێن. هیچکات بێدەنگی خەسڵەتی ئەو نەبووە، لەماڵیشەوە هەموو بە دەنگە دەنگی زۆری ڕاهاتبوون، هەتا زۆرجار گرمە و قرمەی زۆری نویزار و منداڵەکانی دەترساند. بەڵام ئێستا هەستدەکات نە لەکەس تێدەگات و نە کەس تێیدەگات.»**[1]

لێرەدا نووسەر زیرەکانە لە گەرمەی گێرانەوەدا وەسفێک لە کەسایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خەسڵەتە تایبەتییەکانی کارەکتەرێک پێشکەشدەکات، لەڕێگەی ئەم وەسفەوە زانیاری گرنگ دەربارەی "عیسمەت ئۆکتای"بە خوێنەر دەگات، وەسفەکە هەمووی وەسفێکی واقیعیی و فرە ڕەهەندە لە پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکەیەوە بگرە هەتا ئەندامێتی لە ڕێکخراو و پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسان، کەسایەتی توندڕەو و ئاژاوەچی و بە دەنگە دەنگ، لە هەمووشی گرنگتر وەسفەکە بەشێک لە ڕابردوو و ئێستای کارەکتەرەکە دەردەخات.

لە وەسفی تاریق ئاکانسودا دەڵێت: **«پرۆفیسۆر پیاوێکی تێکسمڕاوی باڵابەرز و سمێڵ ئەستور و بە هەیبەت بوو.»**[2]ئەگەرچی وەسفەکە کورتە و چەند وشەیەکی کەم و سنوردارە، بەڵام وەسفێکە دەکرێت خوێنەر تەسەور یان وێنای بکات، پیاوێکی باڵەبەرز بە سمێڵیکی ئەستوری ڕۆژهەڵاتییانە، دەکرێت هەر خوێنەرێک لە ژیانیدا چەندان کەسی لەو شێوەیەی بینیبێت. هەر لە وەسفی هەمان کارەکتەردا بەڵام لە قۆناغێکی دیکەی ژیانیدا دەڵێت: **«تاریق ئاکانسو بە ڕیشێکی درێژ و چاکەتێکی چڵکن و کڵاوێکی گەورەوە لەسەر ئەسپێکی سپی تەوێڵ ڕەش دەرکەوت.»**[3]

دوای تێپەڕینی ساڵانێک و شکستێکی گەورە ئەو پرۆفیسۆرە سمێڵ ئەستور و بە هەیبەتە ئێستا گۆڕاوە بۆ ئەو پیاوە ڕیش درێژەی کە بە جل و بەرگە کۆن و چڵکنەکانیدا دەناسرێتەوە. ئەم وەسفە زۆر گونجاو و واقیعییە بۆ کەسێک کە وەک ڕاوچی لە چیاکان بژیت، ڕاوچی پێویستی بە کڵاوی گەورە و چاکەتی ئەستور و درێژ هەیە، مانەوەشی لە دەشت و دەر وادەکات کە هەم خۆی هەم جل وبەرگەکانی چڵکن دەربکەون. وەسفی واقیعی بریتییە لە پیشاندانی حەقیقەتی کارەکتەر و

---

1 سەرچاوەی پێشوو، ل٨.
2 سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.
3 سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٢.

هەماهەنگی لە تەمەن و شێوازی ژیان و پێگەی کۆمەڵایەتی و کار و پیشەکەی. لە شوێنێکی دیکەدا و لە وەسفی کارەکتەری تاریق ئاکانسودا دەڵێ:

**«پیری و تێکشکان بە ڕوخسارییەوە بوو، وردە وردە کێشی زیادیکردبوو، لە هەموو شت سەیرتریش چیتر ئەو شکۆ و غرورە قووڵە لە دەموچاویدا نەبوو پێشتر تاریقی پێ دەناسرایەوە، چیتر پایپی نەدەکێشا، بەڵکو وەک جووتیارەکان تورەکەیەک توتن و قوتویەکی پەڕەسیگاری پێ بوو و خۆی جگەرەکانی خۆی دەپێچایەوە.»**[1]

نووسەر دەیەوێت بە جارێک گۆڕانکارییەکی گرنگ و ڕیشەیی لە ڕووخسار و ناخی کەسێکدا پیشانبدات، کە هەردوو پەیوەستن بەیەکەوە، گۆڕانکاری لە ڕووخسار ڕاستەوخۆ دەرئەنجامی گۆڕانکارییە لە ناخی مرۆڤ. نووسەر وشەکانی: پیری، تێکشکان-ی بەکارهێناوە، دەکرێ بەجۆرێکی تریش لێکدانەوەی بۆ بکرێت، وەک ئەوەی پیرییەکە دەرەنجامی تێکشکانەکە بێ یان گۆڕانی لە کەسێکی پایپ کێشەوە بۆ جگەرەکێشێکی ئاسایی کە خۆی جگەرەکانی خۆی دەپێچێتەوە، دەکرێ نیشانەی گۆڕانێک بێ لە پێگە و دەوڵەمەندی و هەژاری.

**«تاریق ئاکانسو خەریکبوو دەبوو بە خاوەنی ورگێکی زل، سەری لای یەکێک لە دەلاکە نەشارەزاکانی دیاربەکر چاککردبوو، پانتۆڵێکی دەڵب و کراسێکی چرچ و لۆچی بێجیی لەبەردا بوو، جووتێ چەکمەی چەرمی کۆنی هەڵکێشابوو.»**[2]

نووسەر دەیەوێت بڵێت ئەو کارەکتەرەی کە پرۆفیسۆرێکی زانکۆ بوو، بەردەوام بە پۆشاکی پاک و ئوتوکراوەوە دەردەکەوت. نائومێدی و تەمەن و پشتگوێ خستن گۆڕانێکی گەورەیان بەسەردا هێناوە. ئەو کەسەی چیتر جلەکانی ئوتو ناکات سەری لای دەلاکە نەشارەزاکان چاک دەکات و پێڵاوی کۆن لەپێ دەکات، واتە ئومێدی نەماوە و تەنها دەیەوێت ژیانی بڕوات. بۆی گرنگ نییە چۆن دەردەکەوێت و خەڵکی چۆن دەیبینن. هاوشێوەی ئەم کەسایەتییە لە ژیانی واقیعیشدا زۆر بەرچاو دەکەوێت و لەوانەیە لە دەوروبەری خۆمان یان لە ژیانی خۆماندا، چەندین جار ڕێکەوتی کەسی وامان کردبێت.

تاریق ئاکانسو یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی و ڕەمزی داگیرکاری و ڕۆحیەتی جەنگ و ڕقی لە ڕادە بەدەری فاشیزمی تورکییە بەرانبەر کورد. تاریق ئاکانسو نمایشی دەوڵەتێک دەکات کە لەسەر بنەمای سڕینەوەی ئەوانی دیکە بنیاتنراوە. جەنگێکی یەکلایەنەی ڕاگەیاندووە کە زادەی بیرکردنەوە و خەیاڵی خۆییەتی. تاریق ئاکانسو ڕەمزی ئەو ڕۆحە شەڕخواز و دژەکوردەی دەوڵەتی تورکیایە کە لەگەڵ هەمووشتێکی کوردیدا دەجەنگێ. هەموو شتیک بە مرۆڤ و زمان و زەوی و سروشت و چیا و هەموو شتێکی تر کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت ئەو دژیەتی، تەنانەت لە مردنیشدا دەیەوێت لە پێناوی ئەو جەنگەدا بمرێت کە خۆی ڕایگەیاندووە. شێوازی مردن و جەستەی هەلاهەلای تاریق ئاکانسو و شەڕکردنی تا دوا هەناسە نیشانەی ئەو ڕۆحییەتە شەڕخوازییەی فاشیزمی تورکییە.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٤.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٤.

کاتێک تاریق ئاکانسو داوا لە کوڕەکەی دەکات بیباتە چیایەکی زۆر دوور و بیبەستێتەوە بە دارێکەوە بۆ ئەوەی بە مردنی خۆی بەو شێوەیە بۆ دەوڵەتی تورکیا و خەڵکی بسەلمێنێت کە جەنگێکی هەتاهەتایی لەم ناوچەیە هەیە، ڕۆحێکی یاخی و چیایی ڕامنەکراو هەیە، چاوەڕوانی دەرفەتێکە بۆ دەستپێکردنی جەنگ. کاتێکیش ڕووداوەکە ڕوودەدات و تاریق ئاکانسو دەمرێت و کوڕەکەی دەچێت تەرمی باوکی دەهێنێتەوە، نووسەر وەسفێکی واقیعی ساتی گەیشتنی عەلی ئیحسان بۆسەر تەرمی باوکی و وەسفی لاشەکەی دەکات:

**«لە ئەسپەکەی دابەزی و جڵەوەکەی بە چڵێکەوە بەستەوە و بەرەو لای درەختەکە ڕۆی. دیمەنەکە سامناک بوو، لاشەکە هەلا هەلا کرابوو، بەشی زۆری ئێسکەکانی ڕووت و مەیلە و بۆر و لەو ناوەدا کەوتبوون، بەڵام هەندێک پارچە گۆشتی بۆگەن لە دەموچاو و سەریدا مابووەوە. لاشەکە وا هەڵوەشاو و لێکترازاو بوو پێدەچوو دەیان قەساب یاخود دەیان ئاژەڵی دڕندە پێکەوە پەلاماریان دابێت و ئیشیان لە لەت و کوتکردنیدا کردبێت.»[1]**

ئەگەرچی دوورنییە ڕووداوی وا لە واقیعدا ڕوویدابێت یان ڕووبدات، بەڵام بۆ خوێنەر سەختە باوەڕ بکات کەسێک خۆی ئەو شێوازی مردنە هەڵبژێرێت لەلایەن گیانداری دڕندەی کێوی هەلاهەلا بکرێت، بەڵام نووسەر پێشتر و لە پیشاندانی ڕۆحی دڕندە و توندڕەوی تاریق ئاکانسودا زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکردووە خوێنەر باوەڕ بکا کەسێکی وا لێی دەوەشێتەوە ئەم شێوە مردنە بۆ خۆی هەڵبژێرێت هەرچەندە ترسناکیش بێت. سەبارەت بە وەسفی لاشەکەش کاتێک دەیخوێنیتەوە بە یادی ئەو چیرۆکانە دێین کە دایکانمان بۆیان دەگێڕاینەوە باسی منداڵ یان کەسێکیان دەکرد کە گورگ یان ورچ خواردوویەتی، بەڕاستی وەسفەکە بە جۆرێک واقیعییە وەک وێنا دێتە بەر چاوی خوێنەر، ئەگەر کەسێک گیانداری دڕندە لە کێوان بیخۆن ئاوای بەسەر لاشەکەی دێت، تەنانەت لە وەسفی ئەم چرکە ساتە قورس و سەختەشدا نووسەر بە واقیعیترین شێوە دەریخستووە.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە: ئارسین ئاکانسو-یە. لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەمێنێتەوە، دەکرێت بڵێین ئەم کارەکتەرە ئەوکەسەیە نووسەر لە ڕێگای ئەمەوە خۆی پیشاندەدات،.ئارسین ئاکانسو کوڕی تاریق ئاکانسو هێشتا مێردمنداڵێکە کە لەگەڵ باوکی و براکەیدا دێنە ئامەد. بە خوێن کوڕی تاریق ئاکانسو-ە، بەڵام بە بیر و ڕوانین بۆ ژیان تەواو جیاوازە، تەنانەت دەبێت بە یەکێک لە ناودارترین شۆڕشگێڕەکان کە دژی کەسانی وەک باوکی و ئەو دەوڵەتە دەوەستنەوە کەسایەتی و بیری لەم جۆرە بەرهەم دێنن.

ئارسین ئاکانسو کە کۆشکی ئاکانسو بەجێ دەهێڵێت هێشتا منداڵە. کە دەگەڕێتەوە و تەمەنی گەورەتر بووە، نووسەر وەسفێکی ورد و جوانی پێشکەش دەکات کە وێنایەکی ڕاستەقینە لە زەینی خوێنەر دەخوڵقێنێت:

**«ئێستا پیاوێکی لاوازی درێژ و باریک بوو، چیتر هیچی لەو گەنجە ناسکە جوانە نەدەچوو کە لە پۆگرومی ١٩٥٥ی ئیستەنبوڵدا لەژێرخانی ئەجزاخانەی یۆنانییەکدا بەشێک لە لەشی سووتابوو. بەو زووانە پێی دەنایە چل و نۆهەمین ساڵی تەمەنی، سمێڵێکی سپی ئەستووری دانابوو، چاویلکەیەکی گەورەی پزیشکی دەکردە چاو، گەر کاسکێتەکەشی لابردایە قژێکی سپی چڕی**

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤١.

**هەبوو، بەجۆرێکی وا جوان لە ژێر کاسکێتەکەیدا دەقی گرتبوو، سەرنجی ڕادەکێشا. هەرکات کاسکێتەکەی هەڵبڕییایە و ئەو قژە سپییە چڕەی دەربکەوتایە، هەیبەتێکی تایبەتی هەبوو، بەڵام هەر کاسکێتەکەی بکردایەتەوە سەری دەم و دەست ئەو ویقار و هەیبەتە لە بەین دەچوو.»[1]**

لە ڕۆمانی: داگیرکردنی تاریکی، نووسەر دەیەوێت لە ڕێگای وێنا کردنەوەی کەسایەتی شۆڕشگێڕ و داگیرکەر و ستەمکار لە تورکیا و باکوری کوردستان لە ڕۆمانەکەیدا ڕووی ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕ و ستەمکار بۆ یەکتر دەربخات، لە دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە خوێنەر بە جۆرێک واقیعەکە لەبەرچاوی ڕوون دەبێتەوە، هەردوو لایەن بە قوربانیی سیستەمێک دەزانێ کە مرۆڤ ناچار دەکات یان لەبەرەی ستەمکار بێت یان قوربانی. تەنانەت "حەسەنی قازی" لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا دەڵێت:

«دژایەتی ئیتنیکی تێدا نییە یانی تۆ کە ئەو ڕۆمانە دەخوێنیتەوە لە ئاخرەکەیدا ڕقت لە ئینسانی تورک هەڵناستێ، بەڵکو ڕقت لە سیستەمێک هەڵدەستێ کە ئەوەی دووست کردووە، ئەو وەزعەی پێکهێناوە.»[2]

ئەگەر هێشتا وردرتر واقیعی بوون و واقیعی نەبوونی کارەکتەرە سەرەکی و ناسەرەکییەکانی بخەینە بەر سەرنج، دەبینین سەرجەم کارەکتەرەکان هەڵقوڵاوی واقیعن. هەر یەکێکیان دەشێت ئێستا یان لە ڕابردوودا لەسەر خاکی تورکیا و لەناو کۆمەڵگای تورکیادا بوونیان هەبووبێت. نەک تەنیا بۆ کارەکتەری مرۆڤ لە ڕۆمانەکەدا بەڵکو کارەکتەری دوو ئاژەڵانیش وەک بەشێک لە گێڕانەوەکە دابڕاو لە واقیع و سەیرو سەمەرە نین، ئەو دوو ئاژەڵەی کە لە ڕۆمانەکەدا وەک بەشێک لە چیرۆکەکە باسکراون، لە دوو ئاژەڵی ڕاستەقینە دەچن، ئەوانیش ورچ و پڵنگەکەن. لە وەسفی جەستە و هەڵسوکەوتیانەوە بگرە هەتا چارەنووس و کاریگەرییان لەسەر چیرۆکەکە و بەسەرهاتی کارەکتەرە مرۆڤەکان سەرجەمی دەشێت لە واقیعدا ڕوویاندابێت.

**ڕووداوی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی:**

خاڵێکی گرنگ بۆ جیاکردنەوەی ڕۆمانی خەیاڵی و واقیعی بریتییە لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، کە تا چەند شیاون بۆ ئەوەی خوێنەر قەناعەتیان پێبکات، زۆربەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە ئەو ڕووداوانەن لە سەردەمێکدا لە تورکیادا ڕوویانداوە و بوونەتە بەشێک لە مێژووی گشتی ئەو وڵات، بەتایبەت مێژووی کورد لەو پارچەیەدا، بەڵام ڕۆماننووس هاتووە و لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا و بە نەفەسی گێڕانەوەی ڕیالیزمی لە ڕۆمانەکەیدا سودی لێوەرگرتوون، لەو ڕێگایەوە مێژوویەکی پڕاو پڕ لە کوشتن و سەرکوت و زوڵم و ستەم پیشانی خوێنەر دەدات. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بە ڕاددەیەک واقیعین حەسەنی قازی لە چاوپێکەوتنێکدا لەبارەی ڕۆمانەکەوە بەم جۆرە باسی لێوە دەکات و دەڵێت:

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥٠.

[2] حەسەنی قازی. چاوپێکەوتنی ستێرک تیڤی ، لەگەڵ "حەسەنی قازی" دەربارەی ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی ٢٨-٧-٢٠٢٢ (https://www.youtube.com/watch?v=f23stePuHlI)

**«لەم ڕۆمانەدا نەهاتووە لە خۆوە کۆمەڵێک شت بهێنێت، بەڵکو مەسەلەکەی گرێداوە بە کۆمەڵێک وەقایع و فاکتی تاریخی بۆنمونە هەموو دەزانین کە قەتڵوعامی مەرعەش بووە هەموو دەزانین کە سەرکوتی دێرسم بووە،هەمووکەس دەزانێت کە لە کۆمەڵگەی تورکیادا هێزە ڕاسیستییەکانی غەیرە دەوڵەتی ،مەسەلەن گورگە بۆرەکان چ جۆرە کاردانەوەیەکیان هەبووە.»**[1]

ڕاستە ئەم ڕووداوانە لە ڕاستیدا هەبوون و لە ڕۆمانەکەشدا هەن، بەڵام ئەو وردەکاری و وەسفە قووڵەی لە داگیرکردنی تاریکیدا دەیخوێنینەوە هەرگیز لە کتێبێکی مێژوویی یان ڕاپۆرت و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەییدا نابینین، بەڵکو ئەوە ژانری گێڕانەوە و پانتایی بەر فراوانی جیهانی ڕۆمانە ئەو دەرگایەمان بە ڕوودا واڵا دەکا تا بە چاوێکی تر لە دنیا بڕوانین، وەک ئەو هەستەی لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا بۆ خوێنەر دروست دەبێ، هەر دەڵێی خۆی لەناو ڕووداوەکاندایە و بەشێکە لە هاوار و برین و تەقە و خوێن و دوکەڵ. بۆئەوەی بە تەواوی لە واقیعیبوونی ڕووداوکانی ئەم ڕۆمانە دڵنیابینەوە چەند نمونەیەک وەردەگرین.

گرنگترین ڕووداو لەم ڕۆمانەدا بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بەهۆیەوە خەڵک زمانی تورکییان بیردەچێتەوە و لەناکاو بە کوردی قسە دەکەن. بەڵام تەنانەت بۆ ئەم نەخۆشییە دەگمەنە کە ڕەنگە جێگای باوەڕی خوێنەر نەبێت، هۆکاری لۆژیکی دەهێنێتەوە و قەناعەت بە خوێنەر دەکات. بەڵێ ڕۆژگاریک نەخۆشییەکی وا هەبووە یان لەوانەیە نەخۆشییەکی وا بڵاو ببێتەوە و هۆکاری تایبەتی خۆشی هەیە. لەبەر ئەوەی عیسمەت ئۆکتای یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە بۆیە باسی هۆکاری نەخۆشییەکەی دەکات، لە زاری ئەحمەدی برای عیسمەتەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت:

**«کاتێک خەبەری ئەوە بڵاو بووەوە کە عیسمەت بووەتە کورد خێزانەکەمان لەبەر یەک هەڵوەشا، باوکم دایکمی خستە ژێر فشارێکی گەورەوە، نەخۆشییەکەی ئەو هۆکاری ئەوەبوو نهێنی زۆر دەربکەوێت، بەڵێ برای من. دایکم دانی بەوەدا نا ئەسڵ و فەسڵی خۆی شاردۆتەوە و نەیویستووە کەس بزانێت کوردە، ئەوە ترسناکترین هەواڵێک بوو لە ژیانماندا بیبیستین. دایکم گووتی دەمێک عیسمەت لە سکیدا بووە و تا بووەتە چوار ساڵیش بەردەوام بە نهێنی بە کوردی لەگەڵیدا قسەی کردووە.»**[2]

لە باسکرنی ڕووداوە ترسناکەکەی ٦ی سێپتەمبەری ١٩٥٥ی ئیستەنبوڵ، کە تێیدا تورکە توندڕەوەکان هێرشیان کردە سەر کورد و ئەرمەن و یۆنانییەکانی نیشتەجێی ئیستەنبوڵ، نووسەر بەم جۆرە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە:

**«هەردوو کوڕەکە وەک باوەڕ بە چاوی خۆیان نەکەن، وەک لە خەودا بن، لە ناکاو بێ هیچ ئامادەکارییەکی ڕۆحی پێشوەخت کەوتنە ناوەڕاستی لەشکرێکی گەورە لە تاڵانچی و شەڕەخۆر و فەرهودچییەوە، لە گاگەلێکی گەورە لە هەزاران گەنجی هیستری و دەم پڕ هاوار دروستبووبوو،**

[1] حەسەنی قازی. چاوپێکەوتنی ستێرک تیڤی ، لەگەڵ "حەسەنی قازی" دەربارەی ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی ٢٠٢٢-٧-٢٨ (https://www.youtube.com/watch?v=f23stePuHlI)

[2] بەختیار عەلی، داگیرکردنی تاریکی، ڕۆمان، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٦٢٦.

**گڕانیک وەک یەکێک دەرگای ئاهەنگێکی کێوی و دڕندانەی بۆ خستبێتنە سەر پشت، بێ ئەوەی بیر لە هیچ بکەنەوە لەزەتێکی بێوێنەیان لە تێکشکاندا دەبینی.»**[1]

بەم چەند دێڕە و بەم وەسفە پێشوەختەیە نووسەر مێشکی خوێنەر ئامادە دەکات بۆ بیستنی کارەساتێکی زۆر گەورە، کارەساتەکە لە ئاستێکدایە وەک خۆی لە دەستپێکەوە دەڵێت وەک لە خەوندا بن و باوەڕ بە چاوی خۆیان نەکەن. واتە نەک تەنیا تۆی خوێنەر تووشی شۆک دەبی لە قورسی ئەم ڕووداوە، بەڵکو ئەو کەسانەش کە بە ڕاستی لەوێ بوون تووشی سەرسوڕمان بوون و باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەکردووە. پاشان لە گێڕانەوەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

**«بینییان دەیان تێڵلا بەدەست و تەور بەدەست و پاچ بەدەست بەیەکەوە دەکێشن بە دەرگا و قفڵ و جامی دوکانەکاندا و هەموو شتێک دەشکێنن و فڕێی دەدەنە دەرەوە، دەست لە هیچ جێگایەک ناپارێزن، کورسی و قەنەفە و موبیلی دوکانەکان فڕێ دەدەنە ناوەڕاستی شەقامەکان و لەسەر یەک کەڵەکەیان دەکەن، لە دوکانی فرۆشتنی جل و بەرگدا سەدان پارچە جل تاڵاندەکەن و هەندێکیشی فڕێ دەدەنە سەر جادەکان. دەیان کەسیان بینی بە ئاسن و تێڵا لە یۆنانییەکی پیر دەدەن و بە خوێنەکەی خۆیەوە بەناو وردە شوشەی شکاوی بەردەمی دوکانەکاندا ڕایدەکێشن و بە دەیان قاچ و بە دەیان دەمە پێڵاو دەکێشن بە سەریدا، ئاگریان بینی لە بینای کڵێسەیەکی کۆن و نزیک هەڵدەستێ. هەردوکیان چ دلۆخان و چ ئارسین توند لە پاڵ یەکدا دەڕۆیشتن و دەستی یەکیان گرتبوو تا حەشاماتەکە قووتیان نەدا و جیایان نەکاتەوە.»**[2]

کاتێک لە خوێندنەوەی ئەم پارچە وەسفیەوە سەرنجی دیمەنەکانی ئەم ڕووداوە دەدەین هیچ شتێک نایەتە بەرچاو دوور بێت لە واقیع، بە تایبەتیش دووربێت لەو دڕندەییەی فاشیستی تورکی بەرامبەر نەتەوەکانی تری تورکیا، لە ڕابردوو لە چەندین ڕووداوی هاوشێوە ڕقی خۆی پیشانداوە. ئەو وشە و دەستەواژانەی نووسەر بۆ گەیاندنی ئەم بابەتە سودی لێ وەرگرتوون، سەرجەمیان دەستەواژەی سادە و بێ گرێن و دەکرێت بۆ گێڕانەوەی ڕووداوێکی واقیعی بەکاربێن. هەروەها لە ڕێگای وەسفی زۆر وردەوە لە تاڵانکردنی دوکانەکانەوە بگرە هەتا گرتن و لێدانی پیرمێردە یۆنانییەکە و ڕێکردنی ئارسین و دلۆخان، لە هەمووشی گرنگتر هەستی ئارسین و دلۆخان لەو کاتەدا بیریان لەوە کردوەتەوە لەیەکتر دانەبڕێن و ون نەبن لە یەکتر، ئەمە ئەو خاڵەیە کە چێژ بە خوێندنەوەکە دەدات و وا لە خوێنەر دەکات لەسەر خوێندنەوەکەی بەردەوام بێت و بە تاسەوە لاپەڕەکانی دواتر هەڵبداتەوە.

لە کۆی گشتی ڕۆمانەکەدا دەیان ڕووداوی سەرەکی و ناسەرەکی بچووک و گەورە بەرچاو دەکەون زۆربەی هەرە زۆریان ئەو ڕووداوانەن خوێنەر چاوەڕوانی بۆ پێشهاتن و ڕوودانیان هەیە، چونکە لە ڕێی گێڕانەوەوە نووسەر پێشوەختە زەمینی خوێنەری بۆ خوێندنەوەی ئەو ڕووداوانە ئامادە کردووە.

یەکێکی دیکە لە ڕووداوە گرنگەکانی ئەم ڕۆمانە هێرشی گورگە بۆرەکانە بۆسەر نەخۆشخانەی ئالازیگ. کورتەی ڕووداوەکە بەم جۆرەیە: دوای ئەوەی نەخۆشییەکی سەیر بڵاو دەبێتەوە و

---
[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٣.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٣-٤١٤.

هاووڵاتیان تووشی دەبن، لەناکاو زمانی تورکیان بیردەچێتەوە و بە زمانێکی تر قسە دەکەن. سەرەنجام دەوڵەت لە ئەنکەرە کەرەنتینەیەکیان بۆ درووست دەکات. لە سەرەتادا پلان وایە هەموویان پێکەوە بکوژرێن، بەڵام دوای ئەوەی ڕۆژنامەکان لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە و تووشبوونی خەڵکێکی زۆر ئاگادار دەبنەوە، دەوڵەت لە بری کوشتنی نەخۆشەکان، دوای کۆبوونەوەیەکی گرنگ و لەسەر پێشنیاری "عەلی ئیحسان"بڕیار دەدەن بیانگوازنەوە شێتخانەیەک لە ناوچەی ئالازیگ. پاش ئەوە ژمارەی نەخۆشەکان زیاتر دەبێت، یەکێک لە نەخۆشەکان کە خۆی بە تورک دەزانێت، بە نهێنی نامەیەک بۆ کۆنە ژەنەراڵێکی سەر بە گورگە بۆرەکان دەنێرێت بەو هیوایەی بێت و ڕزگاری بکات، بەڵام دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە و نەک ڕزگاری ناکات بەڵکو ئەو ژەنەراڵە ژەنەراڵەکانی تری هاوڕێی ئاگادار دەکاتەوە و لەگەڵ ئەندامانی گورگە بۆرەکاندا بڕیار دەدەن هێرش بکەنە سەر نەخۆشخانەکە و قەتڵوعامیان بکەن. دوای چەند مانگێک هێرشەکە بە ڕاستی دەستپێدەکات و گورگە بۆرەکان دێنە سەر نەخۆشخانەکە. ئەم ڕووداوە دەکرێت ڕووبدات یان ڕوویدابێت. نووسەر بە وردەکارییەکی زۆرەوە دەیگێڕێتەوە. لە بەشێکیدا دەڵێ:

**«عەلی ئیحسان بە پرتاو بەرەو ژوورەکان ڕۆیشت و کردی بە هاوار هاوار، بە هەمووانی گووت چی شتێکیان هەیە بیهێننە دەرێ و لە ڕاڕەوەکەدا کەڵەکەی بکەن. گەر ڕێگای ڕاڕەو و سەر پلەکەکان بگرن، کاتێکی گرنگیان دەست دەکەوێت، عەلی ئیحسان بە ژوورەکاندا دەگەڕا و کورت و خێرا بە سەرنشینەکانی دەگووت چیبکەن، بەڵام دیسانەوە شریخەی چەند دەستڕێژێکی تر دڵی هەمووانی داخورپاند، لە نێو هەموو ژوورەکاندا ڕاکەڕاکە و شپرزەیی دروستبوو، بەردەوام کەسانێک هاواریاندەکرد: گورگە بۆرەکانن ....گورگە بۆرەکان. لە ڕاڕەوەکاندا ئاگر بکەنەوە با نەیەنە ژوورەوە.»**[1]

لە ڕێگای هونەرکاری بە وشە و گێڕانەوەیەکی واقیعی لە خوێندنەوەی ئەم پارچەیەدا خوێنەر هەستی بینینی فیلمێکی سینەمایی بۆ درووست دەبێت. وێنا کردنی چرکە ساتی هاتنە ژوورەوەی گورگە بۆرەکان، ترسی نەخۆش و کارمەندانی نەخۆشخانەکە، ڕاکە ڕاکەی ناو ڕاڕەوەکان، شریخەی دەستڕێژی گوللە و بیرکردنەوە لە ئاگرکردنەوە لەناو ڕێگای گەیشتن بە ژوورەکان سەرجەمیان بابەتی شیاو و گونجاون لەگەڵ حەقیقەتدا، دەکرێت فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریی یان "بەڵگەنامەیی" بەهەمان شێوە دیمەنەکان لە پێش چاوی بینەردا پیشانبدات، ئەم ڕووداوەش لە ڕووداوە واقیعییەکانی ڕۆمانەکەیە.

هەر لە بابەتی گێڕانەوەی ڕووداوی هێرشی گورگە بۆرەکان بۆسەر نەخۆشخانەی ئالازیگ، نووسەر بەردەوام دەبێت و چرکە بە چرکەی ڕووداوەکە بە شارەزاییەکی زۆرەوە لە گێڕانەوە و بە گێڕانەوەیەکی سروشتی بێ ئەوەی چێژی گێڕانەوە لە دەست بچێت، باسی بەرگری بێ دەسەڵاتانەی نەخۆشەکان، دروستکردنی بەربەستی ئاگر... هەتا هاتنە ژوورەوە و ڕووبەڕوو بوونەوەی نەخۆشە کوردەکان و ئەو چەند کەسەی گورگە بۆرەکان دەکات کە گەیشتوونەتە ناو نەخۆشخانەکە:

**«لەناکاو شتێک ڕوویدا چاوەڕوانی نەدەکرد،شتێک لە دەرەوەی هەموو چاوەڕوانییەکی ئەو. دەستڕێژێکی توند و کتوپڕ گورگە بۆرەکانی ڕاچڵەکاند و چەندانی لێخستن. خۆی بە چاوی خۆی**

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩٧.

**بینی دەپێکرێن و دەکەون. یەکەم جار تێنەگەیشت چییە، بەڵام لەو شڵەژانەدا جێگای خۆی گۆڕی و لەبەری کوردەکانەوە دووکەسی بە چەکەوە بینی، بە پێوە وەستاون و ڕووەو گورگەکان تەقە دەکەن.»**[1]

ئەم بەشەی گێڕانەوەکە بە بەکارهێنانی دووجاری دەستەواژەکانی (چاوەڕوانی نەدەکرد..لە دەرەوەی هەموو چاوەڕوانییەک)دا، نووسەر ئامادەکاری زیهنی خوێنەر دەکات بۆ بیستنی شتیکی سەیر زۆر سەیر و پێشبینی نەکراو، بەڵام سەیر بە مانای ئەوەنا کە دوور لە عەقڵی مرۆڤ، بەڵکو بە مانای ئەوەی هەموو خوێنەرێک کاتێک ئەم ڕۆمانە دەخوێنێتەوە تا ئەم چرکەساتەش چاوەڕوانی ئەوەیە گورگە بۆرەکان سەرجەم نەخۆشەکانی ئەو نەخۆشخانەیە بکوژن. هیچ کەسێک بیر لەوە ناکاتەوە دەشێ بەرگرییەکی ڕاستەقینە هەبێ. پاشان لە وەسفی تەقەکردنی کوردەکاندا زۆر زیرەکانە ئاماژەی بەوە داوە کە دوو کەس لە کوردەکان، لەوانەی ڕۆژانە دەبینێ خواردن وەردەگرن و دوو کەسی ئاسایی ناو نەخۆشخانەکەن، بەو پەڕی چاونەترسییەوە بە پێوە وەستاون و تەقە دەکەن. واتە تەقە کردنەکە تەنیا بەرگری نەبووە، بەڵکو پێشڕەوی تۆڵە و هۆشدارییەکی توند و ڕاستەقینە بووە بەرانبەر کوشتن و سەرکوتکردنی چەند ساڵە، تەنانەت لە هەمان شوێندا نووسەر دەیەوێت ئەم ساتە بە ساتی دەستپێکی خەباتی ڕاستەقینەی چەکداری کورد دابنێت، بۆیە درێژە بە گێڕانەوەکە دەدات:

**«نزیکی چل ساڵ بوو دەیبینی کوردەکان تەنیا شەق دەخۆن، ئەشکەنجە دەدرێن، تیرباران دەکرێن، پێڵاو دەخرێتە دەمیان، دەخەسێنرێن، زمانیان دەبڕدرێت.... ئەوە یەکەم جار بوو گوێی لە تەقەی تفەنگی کوردێک بێت.»**[2]

وەک ئاماژە بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری کورد هاوکات وەک دەستپێکی تۆڵە و وەڵام بۆ چل ساڵ ستەم کە عەلی ئیحسان بە چاوی خۆی بینیبوو، ئەگەر ئەم پارچە وەسفە یان گێڕانەوەییە وەربگرین، تێبینی ئەوە دەکەین نەهامەتیی و چەوساندنەوەی کورد زۆر بە قوڵی باسکراوە. بەڵام هیچ وشەیەک بەکارنەهاتووە گێڕانەوەکە بەرەو خەیاڵی بوون بەرێت. ئەو جۆرە سزایانەی کە تورک کوردی پێ سەرکوت کردووە و لێرەدا باس کراونەتەوە سەرجەمیان ئەو سزایانەن کە بەڕاستی لە ڕابردوو و تەنانەت لە ئێستاشدا هەر ماون.

لەم ڕۆمانەدا نووسەر هەوڵیداوە بابەتەکانی بەشێوەیەکی لۆژیکی و دوور لە گرێی ئاڵۆز و نەکراوە نەهێڵێتەوە. بۆ نموونە بابەتی ناردنی نامەیەک لەلایەن عیسمەت ئۆکتای بۆ ژەنەراڵ هەقی سونای بە جۆرێک کە عیسمەت ئۆکتای سود لە دڵپاکی و سادەیی و بەزەیی کارمەندێکی چێشتخانەی نەخۆشخانەکە وەردەگرێت و نامەکەی پێدا ڕەوانە دەکات. یەکێکی تر لەو پرسانەی کە لەلای خوێنەر دروست دەبێ ئەوەیە کوردەکانی نەخۆشخانەی ئالازیگ چۆن چەکیان دەستکەوتووە. ئەویش پاش هەوڵە شکست خواردووەکانی عەلی ئیحسان بۆ پەیداکردنی چەک بۆ پاراستنی نەخۆشەکان، دەبینین نووسەر لێزانانە بە ڕێگایەکی لۆژیکی باسی هێنانی چەک بۆ ناو نەخۆشخانەکە دەکات. کاتێک دوای ڕووداوەکە عەلی ئیحسان لە نەخۆشخانە دێتە دەرێ و لە ماڵی دکتۆر کوبیرا عیسمەت ئۆکتای دەبینێتەوە و دەیخاتە ژێر فشارەوە تاکو ڕاستییەکانی پێ بڵێت کە کوردەکان چۆن چەکیان دەستکەوتووە. لە زاری عیسمەت ئۆکتایەوە بەم جۆرە باسی دەکات:

---

1. سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩٨.

2 سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩٨- ٥٩٩.

**«نازانم کەسانێک هەبوون ئیشیان بۆ دەکردن، کەسانێک لەوانەی ڕۆژانە ئازوقە و سەوزە و کەلوپەلیان دەهێنا، کەسانێک لە مەخزەن یان چێشتخانەکە یان لە بەشی دەرمان بە وردی نازانم، بەڵام خەڵکێک هەبوو پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا بۆ ڕێکخستبوون.»**[1]

پاشان بۆ نەمانی نەخۆشخانەکە لە ئێستادا هۆکاری لۆژیکی دەهێنێتەوە لە زاری دکتۆر کوبیرا-وە دەڵێت: **«کاتێک نەخۆشەکانیان برد بە ئێمەیان گووت بگەڕێینەوە بۆ ماڵێ و باسی ئەوە نەکەین ڕۆژێک لە ڕۆژان شێتخانەیەکی وەها لەم جێگایەدا هەبووە. دەوڵەت بڕیاریداوە جێگای بیناکە تەختبکات، هەرهەمووی بروخێنێت، بۆ ئەوەی کەس لە پاشەڕۆژدا باوەڕنەکات نەخۆشخانەی وا هەبووە.»**[2]

لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا چەندین ڕووداوی دیکەی گرنگ هەن کە بەشێکی گرنگ لە چێژی بەسەرهاتەکە پێکدەهێن. زۆربەی ڕووداوە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە لە مێژوو وەرگیراون و بە نەفەسی گێڕانەوەی ئەدەبی داڕێژراونەتەوە، بۆیە ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی واقیعییە چونکە ڕووداوەکان سەرجەمیان شیاون و خوێنەر بە ئاسانی قەناعەتیان پێدەکات و هەستدەکات ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە ڕاستەقینەیە.

یەکێکی تر لە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە قەتڵوعامی شاری "مەرەش"ە لەلایەن گورگە بۆرەکانەوە. لەڕاستیدا ئەم ڕووداوە ڕوویداوە و هەمووان ئەوە دەزانن. بەڵام ئاخۆ ڕۆمانێک چۆن ئەو ڕووداوە مێژووییەمان بۆ دەگێڕێتەوە بێ ئەوەی لە ئەدەبی بوون لابدات و بێ ئەوەی لە واقیعی بوون لابدات.

ڕووداوەکەی مەرەش ساڵی (١٩٧٨) ڕوویداوە. لە ڕاستیدا ڕووداوەکە کۆمەڵکوژییەکی ئاشکرا و ڕاستەقینەبووە. لە یەک ڕۆژدا و بە هەزاران چەکداری دڕندە و بێ بەزەیی گورگە بۆرەکان لە شارەکانی دیکەی تورکیاوە دەهێنرێنە مەرەش بۆ ئەم کوشتارە. ئەوەی کە مێژوو باسی دەکات بەشێکی کەمە لە ڕاستییەکان و تەنیا ڕواڵەتی کارەساتەکە باس دەکات. بەڵام لەم ڕۆمانەدا وردەکاری و هەموو ڕوویەکی ئەو کارەساتە باس دەکرێت. گێڕانەوەکە بە جۆرێک کاریگەرە و دیمەنەکان دەهێنێتە پێشچاوی خوێنەر هەر دەڵێی بە چاوی خۆت دەیانبینی. دەستپێکی ڕووداوەکە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە:

**«ئۆپەراسیۆنەکە بەجۆرێکی چاوەڕوان نەکراو زوو دەستی پێکرد. چەند جار گوێیان لە دەنگی تەقە و تەقینەوە بوو، دوکەڵیان بینی لە هەندێک جێگا هەڵدەستێ، هەرسێکیان دەمانچەکانیان ئامادەبوو،ئارسین پاڵتۆیەکی درێژی لەبەردابوو و دەمانچەکەی لە گیرفانی پاڵتۆکەیدابوو، بۆ شەڕێکی وەها بەجۆرێک چەکرێژ نەبوون دڵخۆشکەربێت،فیشەکێکی کەمیان پێبوو، ڕەنگە تەنیا بەشی چەند کورتە پێکدادانێک بکات.....»**[3]

پاشان درێژەی دەداتێ و لە چاوی ئارسین و هەڤاڵ ئاشینا و هەڤاڵ فەیسەڵەوە دەیگێڕێتەوە: **«دەیان چەکدار بوون بە دزە و سەرەتاتکێ بینیان ژنانیان بە قژ ڕادەکێشا و پیاوانیان بە پاڵ دەهێنایە دەرێ و لەپاڵ دیوارەکاندا ڕیزیاندەکردن و بێ هیچ قسە و پرسیارێک تیربارانیاندەکردن. لە**

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢٠.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠١.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦٢.

**سوچێکی دیوارەکەوە هەرسێکیان بینیان، ژنانیان ڕووتدەکردەوە و پەلاماریان دەدان،بینیان منداڵەکانیان ڕیزدەکرد و دەستڕێژیان بەناودا دەکردن.هەندێکیان دەچوونە سەر لاشەی منداڵەکان و بە پێڵاوەکانیانەوە لەسەر سەریان هەڵدەپەڕین. ئەوەی دەیانبینی لەوە ترسناکتربوو تووشی گێژی و ئیفلیجیان نەکات.»**[1]

نووسەر دەیەوێت لە ڕێگای وەبیرهێنانەوە و باسکردنی ئەم ڕووداوە، ئەوە بە جیهان بلێت کە کێشەی کورد لەگەڵ چ خەڵکانێکی دڕندەدایە، کە ڕەحم بە منداڵ و گەورە ناکەن و تاوانبار و بێتاوان لەلایان پێناسەیەکی جودایان نییە، ئەوان تینووی کوشتنن.

سامناکی ئەم کارەساتەی مەرەش زیاترە لە کوشتار وماڵوێرانییەکەی ئیستەنبوڵ، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ بوونی کێشەیەکی گەورە لە سیستمی حوکمڕانی و دەسەڵاتی تورکی و سیاسەتی دژە کورد لەو وڵاتە، کە ئەم سیستمە مرۆڤی ترسناکتر و بێ بەزەیی تر و خوێنڕێژتری بەرهەم هێناوە: **«ئەوەی ئارسین دەیبینی بەراورد نەدەکرا بەوەی لە ئیستەنبوڵ بینیبووی.دڕندەیی ناسیۆنالیستە تورکەکان قۆناغێکی نوێ چووبووە پێشێ.»**[2] لەگەڵ گۆڕانی سەردەم و دوای (٢٢) ساڵ ناسیۆنالیست و فاشیستی تورکی قۆناغێکی نوێی بەخۆوە دیبوو، قۆناغی ڕەوایەتی دان بەخۆی بۆ نواندنی توند و تیژی زیاتر و زەبر و زەنگ و کوشتنی بە کۆمەڵ لە پێناو مانەوەی ئەو جمهوریەتەی کە مرۆڤی دەکرد بە دوو بەشەوە بەشێک دڕندە و جەللاد، بەشێکیش قوربانی و سەرکوتکراو.

لەناو ئەم ڕووداوە گەورەیەدا چەندین ڕووداوی دیکە هەن، بە هەموویان گرێچنی ڕووداوە سەرەکییەکە پێکدەهێنن. چەندین ڕووداو لەناو یەک ڕووداودا باس دەکرێت، وەک تەقەکردنی ئارسین و هاوڕێکانی لە گورگە بۆرەکان کە بەم جۆرەیە: **«لەکاتێکدا کە ژمارەیەک لە گەنجانی گورگە بۆرەکان خەریکی ئەوەبوون دەرگاکان بشکێنن،خێزانەکان بهێننە دەرێ،هەرسێکیان بە یەکجار چوونە ناوەڕاستی کۆڵانەکە و گورگەکانیان دایە بەر گوللە،بێ ئەوەی ببینن چییان کردووە،بە پڕتاو گەڕانەوە سەر سوچەکان،بەڵام ئاشینا کەوتە سەرێکی کۆڵانەکە و فەیسەڵ و ئارسین کەوتنە بەری ئەوبەر.»**[3]

نووسەر بۆ گێڕانەوەی ئەم بەشە سوودی لە شارەزایی و زانیاری دەربارەی شەڕی پارتیزانی و کۆڵان بە کۆڵان وەرگرتووە. دیمەنی تەقەکردنی هەڤاڵەکان و گەڕانەوەیان بۆ سەرسوچەکە و دابڕانی ئاشینا لە هەڤاڵەکانی دیکە. زۆر لە دیمەنی شەڕە ڕاستەقینەکان دەچێت دەشێ بەڕاستی بەو جۆرە بووبێ، بۆیە لێرەشدا گێڕانەوەکە ڕێچکەی واقیعی بوونی خۆی وون نەکردووە. ئەم ڕووداوانەی کە باسکران یان هاوشێوەیان، ڕۆژگارێک بە ڕاستی لە تورکیادا ڕوویانداوە، بۆیە حەسەنی قازی دەڵێت: **«ئەو ڕۆمانە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی پەیدا دەکاتەوە لەگەڵ هەندێک ڕووداو کە بە عەمەل و کردەوە ڕوویانداوە، مەسەلەن سەردەمانێک لەسەر جاددە شۆڕشگێر و دژی شۆڕش لەسەر جاددە تەقەیان لەیەکتر دەکرد، ئەوانەی هەموو بە نموونە**

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦٣.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٣.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٣.

**هێناوەتەوە، وە بە تەسەورێکی زۆر جوان توانیویەتی ئەو مەسەلەیە لە زەینی خوێنەردا جێبکاتەوە.»**[1]

ئەگەرچی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە ڕووی ژمارەوە زۆرن، هەمووشیان ڕووداوی واقیعین بە وەسف و گێڕانەوەی واقیعییەوە، مەبەست لەوەی ڕووداوی واقیعین ئەوەیە ڕووداوی شیاو و ڕێتێچوو و نزیکن لەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، یان دەشێ لە داهاتوودا ڕووبدەن، لەبەر سنورداری توێژینەوەکەمان ناتوانین سەرجەم ڕووداوەکان بخەینە بەردەم لێکۆڵینەوە و سەرنجەکان.

**شوێنی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی**

شوێن ئەو پانتاییەیە کە ڕووداوەکان تێیدا ڕوودەدەن، زۆرن ئەو چیرۆک و داستان و ڕۆمانانەی کە شوێنەکانیان نادیارن و بوونی واقیعییان نییە. بێگومان لە ئەدەبی کوردیشدا بەشێک لە چیرۆک و ڕۆمانەکانمان ڕووداوەکانیان لە شوێنی نادیار و ناڕوون ڕوودەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمان و چیرۆکمان هەیە باس لە شوێنی دیاریکراو و ڕاستەقینە دەکەن. ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی یەکێکە لەو ڕۆمانانەی ڕووداوەکانی لە شوێنی واقیعی ڕوودەدەن. کارەکتەرەکانی خەڵکی شار و گوند و ناوچەی ڕاستەقینەن. ئەگەر ڕووداو و کارەکتەرەکان هاوشێوەیان لە واقیعدا هەبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین شوێنەکانی ئەم ڕۆمانە بە ڕاستی لە واقیعدا هەن. فەزای گشتی ڕۆمانەکە لە شارەکانی "ئیستەنبوڵ و دیاربەکر)ە، بەڵام لەم ناوەشدا چەندین شار و هەرێمی دیکە دێنە بەرباس کە بوونی واقیعییان هەیە کە ئەمانەن: ئەنکەرە، مەرەش، نوشەهیر، ئالازیگ، چیای هەکاری، شەمزینان، شورای ئامەد، دۆڵی زیلان. ئەم شوێنانە بوونی فیزیکی و واقیعییان لە سەر نەخشەی تورکیا و جیهان هەیە.

نووسەر سودی لەم شوێنە واقیعییانە وەرگرتووە بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی واقیعی لە بەرگێکی ئەدەبیدا بدات بە گێڕانەوەکەی، هەستی خوێندنەوەی چیرۆک و بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە کە سەر بەم جیهانە بێت و لەم جوگرافیایەدا ڕوویدابێت زۆر جیاوازە لە خوێندنەوەی چیرۆکێک لە سەرزەمینە خەیاڵییەکان، نووسەری ئەم ڕۆمانە دەزانێت نابێت گێڕانەوەی کارەساتی نەتەوەیەک دووربێت لە واقیعییەت، دەزانێت شەڕێکی ڕاستەقینە لەسەر زەمینێکی ڕاستەقینەدا ڕوودەدات، دەزانێت ئیدی کاتی ئەوە هاتووە وەک گەلانی دیکەی دونیا لە مێژووی پڕ کارەسات بەرزترین دەقی ئەدەبی بەدی بهێنین، ئەمڕۆ سەردەمی پیشاندانی حەقیقەتی نەتەوەکانە لە ڕێگای ئەدەبەوە. بۆیە نووسەری داگیرکردنی تاریکی هاتووە لە کەرەستەی حەقیقی دەقێکی ئەدەبی بەرزی نووسیوە.

ئەگەر چەند نمونەیەک لەو شوێنانە وەربگرین کە لەم ڕۆمانەدا زەمینەی ڕووداوەکان و شوێنی بەسەرهاتەکەن، زیاتر لە واقیعیبوونی دەقەکە تێدەگەین. بە نموونە: **«بەلای بورجی گەڵاتەدا بەرەو لای پردەکە دابەزین و بە پاڵ مزگەوتی ڕۆستەم پاشادا بە ئاراستەی ماڵەوەدا کەوتنە ڕێ.»**[2] بەم

---

[1] حەسەنی قازی. چاوپێکەوتنی ستێرک تیڤی ، لەگەڵ "حەسەنی قازی" دەربارەی ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی ٢٨-٧-٢٠٢٢ (https://www.youtube.com/watch?v=f23stePuHlI)

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٤.

چەند وشەیە خوێنەر دەتوانێت هەست بە حەقیقی بوونی شوێنەکە بکات، بە تایبەت ئەگەر کەسێک شارەزای ئیستەنبوڵ بێت بەم وەسفەدا دەتوانێت شوێنەکە بناسێتەوە.

لە نمونەیەکی دیکەی وەسفی شوێندا دەڵێت: **«لە ژێر مانگەشەوێکی ڕووناکدا، لەبەردەم بینایەکی کۆندا بەناوی ئوتێل یەڵدز لە ئالازیگ لە تاکسییەکی کۆن دابەزی.»**[1] جگە لە ناوهێنانی ئالازیگ کە شوێنێکی دیار و ڕاستەقینەیە، کە باس لە هۆتێلەکەش دەکات بە ناوێکی تورکی باوەوە، خوێنەر دەتوانێ پێشبینی بوونی هۆتێلێک بەو ناوە لە هەر شوێنێکی تورکیادا بکات. لەژێر تریفەی مانگ یان ڕووناکی مانگیش دەستەواژەیەکی باوە و بەکاردەهێنرێت، مێشکی خوێنەر ئامادەیی هەیە بۆ وێناکردنی ئەو شوێنە، کەواتە شوێنەکە شوێنێکی خەیاڵی نییە.

لە نمونەیەکی دیکەی شوێن لەم ڕۆمانەدا باسکردنە لە زیندانی دیاربەکر کە وەک ڕەمزی مانەوە و زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی تورکی لەناوچەکەدا دەناسرێت، لە زاری ئارسین ئاکانسوەوە بەم جۆرە باس لە زیندانەکە دەکات و دەڵێ: **«زیندانی دیاربەکر بووە بە دۆزەخی سەر زەوی،هەر شتێک شایەنی ژیان و بەردەوامییە،دەوڵەتی تورک دەیەوێت لێرە لەناوییبەرێت،ڕۆژێک ڕوخاندنی ئەم زیندانە وەک ڕوخاندنی باستیل دەبێتە سەرەتای سەردەمێکی تازە لە خۆرهەڵاتدا.»**[2]

نووسەر لە ڕوانینی کارەکتەرێکەوە و لە زمانی هەمان کارەکتەرەوە دەیەوێت باس لەم شوێنە بکات کە زیندانی دیاربەکرە، ئەم زیندانە بە قەڵای باستیل دەچوێنێت کە لە ١٤ی تەموزی ١٧٨٩دا لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە گیرا و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەوکاتی فەرەنسا هێنرا و سەردەمێکی نوێ و قۆناغێکی نوێ لە فەڕەنسا دەستیپێکرد. ئارسین ئاکانسو شۆڕشگێڕێکی چەپ و خوێندەوارێکی هۆشیارە و ئاگاداری ئەم مێژووە بووە و زیندانی دیاربەکری وەک قەڵای باستیل بینیووە.

لە زۆر جێگەی دیکەی ڕۆمانەکە نووسەر ئاماژەی بە ترسناکی و خراپی زیندانی دیاربەکر لە هەموو ڕوویەکەوە داوە. لە ڕاستیشدا ئەم زیندانە یەکێکە لە زیندانە زۆر خراپەکان تێیدا بە هەموو شێوەیەک خەڵکی بێگوناهی کورد ئەشکەنجە دراون. لە ئێستاشدا زیندانی دیاربەکر هەرماوە. ئێستا چالاکوانان و زیندانیانی سیاسی کە ساڵانی ڕابردوو لەو زیندانە بوون کار لەسەر ئەوەدەکەن زیندانەکە لە ڕیزی خراپترین زیندانەکانی جیهاندا هەژمار بکرێت.

نمونەیەکی دیکەی شوێن لەم ڕۆمانەدا: **«بەدەم گۆرانی گوتنەوە ویستی کەمێک زیاتر بڕوات تا بگاتە جێگایەک ماشێنی نێوان گوندەکان لە وێدا لە لا ڕێگایەکەوە دەهاتنەوە سەر شەقامە سەرەکییەکە.»**[3] ئەم شوێنە هەڵبەستراوی خەیاڵی نووسەرە. بەڵام خەیاڵەکە لە سنوری یادەوەریدایە، چونکە ئەوانەی لە شار دەژین دەزانن هەموو شارێک جێگایەکی لەم شێوەیەی هەیە. ڕۆژانە ئۆتۆمبێل لە شار و گوندەکانی دیکەوە دێنە ناو شارەکە. ئەم شوێنەش وەک شوێنێکی قبوڵکراو لە زەینی خوێنەر بە شوێنێکی واقیعی دادەنرێت.

لە بەشێکی دیکەدا گۆڕەپانی بەسەرهاتەکە دەگوازرێتەوە بۆ وڵات و هەرێمێکی دیکە. دوای ئەوەی عیسمەت ئۆکتای لە پەلامارەکەی گورگە بۆرەکان بۆ سەر نەخۆشخانەی ئالازیگ ڕزگاری دەبێت،

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤٩.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥٤.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨٢.

بە هەوڵ و یارمەتی عەلی ئیحسان تورکیا بەجێ دەهێڵێ و ڕوودەکاتە شوێنێکی دیکە. ئەو شوێنەش شوێنێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو وڵاتێکی واقیعی و هەرێم و شارێکی ڕاستەقینەیە:

**«دوای سەفەرێکی درێژ هاوشان لەگەڵ کابرای قاچاخبەردا گەیشتە شارۆچکەیەکی بچوک و فەرامۆشکراو بەناوی زاخۆ، لەوێوە بەرەو گوندێکی بچوک لەو نزیکانە. سیازدە ساڵ لەو هەرێمەدا مایەوە.»**[1] دوای سەفەرێکی درێژ، ئاماژەیە بۆ دووری لە شارۆچکەی زاخۆ، نووسەر لێرەدا ویستوویەتی ڕاستەوخۆ ناوی شوێنەکە بیات، دەنا دەکرا تەنیا بیگووتبا شارۆچکەیەکی بچوک و فەرامۆشکراو، ئەو کاتیش زەینی خوێنەر وێنای شوێنەکەی دەکرد، بەڵام کە ناوی زاخۆ دێ، یەکسەر شارۆچکەی زاخۆ لە دێتە پێش چاومان، دەبێت گوندێکی بچوک لەو نزیکانەش هەبێ، دیسان شوێنێکی واقیعیی و قبوڵکراوە لە زەینی خوێنەردا.

لوتکەی هونەرکاری لە پیشاندانی شوێن لەم ڕۆمانەدا ئەو کاتەیە کە شاری دیاربەکر وەک شارێکی بێدەنگ پیشاندەدات. دوای دەرچوونی بڕیارەکانی ئاکانسو بۆ قەدەغەکردنی زمان کوردی لە هەموو شوێنێک و سزادانی هەموو ئەوانەی سەرپێچی یاسا دەکەن. ئیدی شارەکە دەبێت بە شارێکی بێدەنگ. بێدەنگکردنی ئەم شارە و قورسایی دۆخەکە، لەم پارچە وەسفییەدا زیرەکانە خراوەتە بەر دیدی خوێنەر بە جۆرێک ڕەنگە خوێنەر قەناعەتی تەواو بهێنێت ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژێر زوڵم و ستەمی تورکدا شارێک لە شارەکانی کوردستان بەم جۆرە بێدەنگی هەڵبژاردبێ، نووسەری ئەم ڕۆمانە بەم جۆرە باسی ئەم دۆخە دەکات و دەڵێ:

**«ماوەیەک دوای دەرچوونی بڕیارەکان ئارسین و سامی پێکەوە لە شارێکی بێدەنگدا پیاسەیان دەکرد. لەوکاتەوە تا چەندەها ساڵ دواتریش، دوای ئەوەی هەر یەک لە هەلومەرجی جیاواز و بە هۆکاری جیاواز دیاربەکریان بەجێهێشت، ئەو بێدەنگییە بە شێوەی جۆراو جۆر بەردەوام بوو. شارێک مرۆڤەکان تەنیا بە ئاماژە یان بە هەندێ وشەی تورکی کەم هەموو شتێکیان دەبڕییەوە، ئیتر وەک جاران دایکێکیان نەدەبینی بانگ لە زارۆی خۆی بکات، باوکێکیان نەدەبینی بانگ لە کوڕی خۆی بکات. ئارسین سەرنجیدا خەڵکی شار ئیتر لەگەڵ ئاژەڵەکانیشیاندا نەیاندەتوانی زمانی جاران بەکاربهێنن، لەبەر ئەوە پەنایان دەبردە بەر دەنگگەلێک کە مانایان نییە، تا ئەسپ و گوێدرێژ و مەڕ و ماڵاتیان بە کوچە و شەقامەکاندا ئاژۆ بدەن، یاساکانی دەوڵەت تەنیا ئەو زمانەیان قەدەغە نەکردبوو مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدا پێی دەدوان، بەڵکو ئەو زمانەشیان قەدەغە کردبوو خەڵکی لەگەڵ بزن و چێڵ و مراوی و مریشکی خۆیاندا بەکاریاندەهێنا.»**[2]

زمان ئەو ئامرازەیە مرۆڤەکانی هەر کۆمەڵگە و شار و گوندێک لە ڕێگایەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەبەستن. گەر زمان نەمێنێت یان قەدەغە بکرێت ئیتر پەیوەندییەکان مانایان نامێنێت، تەنانەت پەیوەندی دایک و ڕۆڵەکەی، پەیوەندی کوڕ و باوک، تەنانەت لێرەدا نووسەر دەیەوێت بڵێت مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندی لەگەڵ ئاژەڵەکانیشدا پەیدا دەکات و وایان لێ دەکات لێی تێبگەن. لەناو کوردەواریدا دەیان وشەی جیاوازمان هەن بۆ بانگکردن و قسەکردن لەگەڵ ئاژەڵاندا بەکاردێن. ئەگەر لە گوند بژین ئەوسا لەو زمانە تێدەگەین سبەینان ژنان گۆرانی پێدەڵێن بۆ چێڵ و مریشک و مەڕ و ماڵات. بێگومان ئەو زمانە کوردییە، بەڵام کاتێک یاساکان دێن و ئەو زمانە

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠٥.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣.

قەدەغە دەکەن ئیتر مرۆڤ ناچارە پەنا بباتە بەر شێوازێکی دیکەی پەیوەندی. ڕۆماننووس لە ڕێگای تەکنیکی شارەزایانەی زمانەوە قەناعەت بە خوێنەر دەهێنێت کە دوای قەدەغەکردنی زمانی کوردی شاری ئامەد دەگۆڕێت بۆ شارێکی بێدەنگ، بێدەنگییەکی مانادار، بێدەنگییەک کە نیشانە و ڕەمزی ئەو کارەساتەیە کە بەسەر مرۆڤدا دێت دوای ئەوەی کە زمانی دایکی لێ قەدەغەدەکەن. بۆ پیشاندانی زیاتری ئەو دۆخە مێژووییە نووسەر بەردەوامی دەداتێ و دەڵێت:

**«ئەو ڕۆژە ئارسین و سامی هەر شتێکیان دەکڕی بە ئاماژە وەڵامەکانیان وەردەگرت، هەر شتێکیان دەپرسی بە هەندێ وشەی تورکی کەم وەڵامدەدرانەوە. لەو ڕۆژەوە تا شارەکەیان بەجێهێشت، دوو کەسیان نەبینی پێکەوە بە گەرمی گفتوگۆ بکەن. خەڵکی یان بە ئاماژە یان بە کەمترین و پێویستترین وشە ئیشەکانی خۆیان دەگەیاندە ئەنجام، ئەگەر دوو کەسیان بدیبایە بە ڕەوانی و بە دەنگی بەرز قسەدەکەن، یەکسەر دەیانزانی ئەوانە تورکن و خەڵکی ئەم هەرێمە نین.»**[1]

ئەم بەشە پیشانی دەدات کە نەمانی زمان دەتوانێ چ کاریگەرییەکی ڕاستەقینە و قورس لەسەر هەموو جوڵە و کڕین و فرۆشتن و هاتن و چوونێک دابنێت. ئەوەی کە لەم ڕۆمانەدا زۆر بە قووڵی کاری لەسەرکراوە مەسەلەی زمانە. زمان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. کاتێک نووسەر دێت باس لە شارێک دەکات لەبەرانبەر سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن یان لەناوبردنی نەتەوە لە ڕێگەی لەناوبردنی زمان کار دەکات، کاردانەوەی شارێک بەرانبەر ئەم لەناوبردنە بە بێدەنگ بوون پیشاندەدات، دەکرا لەبری ناوی شاری ئامەد تەنیا بیگوتبا شارەکە یان ناوێکی خەیاڵی بۆ شارەکە دابنایە، بەڵام ئەم ڕۆمانە لەسەر بنەمای واقیع و لە پێناوی واقیعدا نووسراوە و مەبەستییەتی ناوی ئەو شوێنە واقیعییە وەک خۆی بهێنێت.

سەبارەت بە شوێنی خەیاڵی لەم ڕۆمانەدا، لەوانەیە گەر خوێنەرێکی ورد نەبین پەی بەو نهێنییە گەورەیە نەبەین کە لە ناونیشانی ڕۆمانەکەدایە و وەک تێمای سەرەکی لە ڕۆمانەکەشدا کاری لەسەر کراوە، ئەویش (تاریکییە). لەم ڕۆمانەدا سیفەتی شوێن دراوەتە تاریکی، لە کاتێکدا تاریکی خۆی حاڵەتێکی زەمەنییە. نووسەر زیرەکانە ئەم سیفەتەی بە تاریکی خەیاڵ و هزری مرۆڤ بەخشیوە و وەک کۆگا و مەخزەنی زانیاری و زمان و فیکر و هزری مرۆڤە. ئەو تاریکییە هەمان ئەو شوێنەیە کە فاشیزم بۆی داگیر ناکرێت.

کاتێک کوڕە گەورەکەی کەی تاریق ئاکانسو لەماڵەوە ڕادەکات، ئەوکات باوکی نوێنەرایەتی دەوڵەتی تورکیا دەکات، تێدەگات ئەوەی نەیتوانیووە داگیری بکات تاریکییەکانی ناو مێشک و هزری داگیربکات، ئەو تاریکییەیە کە مرۆڤ نهێنییەکانی خۆی، بیرکردنەوەکانی، پلانەکانی تێدا دادەنێت. بۆیە نووسەر لە زاری ڤەگێڕ یان بگێڕەوەی ڕۆمانەکە بەم جۆرە باسی لێدەکات: **«ئەوەی ئەم لەم وڵاتەدا داگیری کردووە تەنیا بەشێکی زۆر بچوکە،هێشتا ڕووبەرێکی گەورەی تاریک ماوە داگیری نەکردوە،هێشتا تاریکییەکی بێسنوور و بێقەرار ماوە کوڕەکەی لەناویدا خۆی**

[1] سەرچاوەی پێشوو، ١٦٣.

**شاردۆتەوە و ئەم هیچی لێنازانێت و دەرگاکانی نەدۆزیوەتەوە...ئەوەی ماوە ئیشێکی سەختە،ئیشێکی دوور و درێژ و مەحاڵە، داگیرکردنی تاریکییە.»[1]**

نووسەر لەم ڕۆمانەدا بە وردی کاری لەو خەزێنە پڕ نهێنییەی مرۆڤ کردووە، کە هزر و بیر و یادەوەرییە، ئەو شوێنەشی وەک تاریکی وەسف کردووە، تاریکیش بە هیچ کەسێک داگیرناکرێت، چونکە تاریکی شوێنێکی جوگرافی یان شتێکی ماددی و هەستپێکراو نییە، تاکو مرۆڤ بە ئاسانی دەستی پێبگات و داگیری بکات. تاریکی ئەو شوێنە خەیاڵییەیە کە سەرلەبەری ڕۆمانەکەی لە پێناودا نووسراوە و هەوڵدراوە وەک بابەتێکی نوێ کاری لەسەر بکرێت.

لەم ڕۆمانەدا دوو جۆر شوێن هەیە، یەکەمیان ئەو شوێنە واقیعییانەیە کە زەمینەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و بەسەرهاتەکەن، دووەمیان شوێنێکی خەیاڵی پڕ نهێنی و تەلیسمە کە تاریکی خەیاڵدانی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەیە. یەکەم جارە لە ڕۆمانی کوردیدا تاریکی وەک شوێن بناسێنرێت. وەک شوێن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەوەی لە ڕۆمانی: داگیرکردنی تاریکی-دا کاری لەسەرکراوە، نوێخوازی و وەرچەرخانێکی گرنگە لە مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ شوێندا.

**کات لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی**

فەلسەفەی کات لە دێر زەمانەوە لەلایەن فەیلەسوفان و شارەزایانی زانستی فیزیکەوە قسەی لەسەر کراوە. لێکدانەوە و شیکاری جۆراو جۆر بۆ بابەتی کات کراوە، بەو پێیەی تایبەتمەندی (گێڕانەوە) وایە کە دەبێت لە پێشدا ڕووداوەکان ڕووبدەن، پرۆسەی گێڕانەوە لە هەر کاتێکدا بێت، دواجار شتگەلێک دەگێڕێتەوە کە بینیوویەتی ، یان بیستوویەتی، ڕۆمانیش چیرۆکێکی درێژە و گێڕانەوەی کاتێکی درێژترە لە چیرۆک. دیاریکراوی و ڕوونی لە کاتیی چیرۆک دەتوانێ یارمەتی خوێنەر بدات بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو بابەتەی کە دەیخوێنێتەوە، ئەوەشمان لەبیرنەچێت ڕۆمان هەیە پێشبینی داهاتوو دەکات، یان نووسەر مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ کاتدا دەکات، بەمەش دەقەکە لە دەقێکی گێڕانەوەی ئاسایی جیادەبێتەوە و نزیک دەبێتەوە لە دەقێکی هونەری، لەبارەی کات لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی): کاتی گشتی ڕۆمانەکە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٧٩زایینیدایە، کاتی گێڕانەوەکەش لە ساڵی (١٩٧٧)ەوە دەستپێدەکات و بە تەکنیکی فلاش باک دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕابردووەی بووەتە هۆی ڕوودانی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کە باسەکەی تێدا دەگێڕدرێتەوە،

کات لەم ڕۆمانەدا ڕوون و ئاشکراو دیارە، تەنانەت لە هەندێک شوێندا کاتەکە هێندە بە ڕوونی باسکراوە زیاتر لە مێژوو دەچێت وەک لە دەقێکی ئەدەبی، مەرج نییە ئەو ڕووداوانەی لەم ڕۆمانەدا هەن بە ڕاستی ڕوویاندابێ ئەگەر لە هەمان ئەو ڕێککەوتانەش بۆیان دانراوە، بەڵام هەماهەنگی و ڕێکخستنێکی ورد و لۆژیکی لە نێوان کات و  شوێن و ڕووداو و کارەکتەردا هەیە. لەم ڕۆمانە بەر کاتێک ناکەوین نا ڕوون بێت و سیفەتی هاوشێوەی لەگەڵ کاتی واقیعیدا نەبێ. وەرگرتن و شیکارکردنی چەند نموونەیەک دەتوانین ئەو بابەتە باشتر ڕوون بکەینەوە. لە کاتی وەزیفەی فەرمی یەکێک لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەدا بەم جۆرە کاتی کارکردنەکەی باس دەکات و دەڵێت:

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٤.

**«شەوەکانی پێشووی لە زیندانێکی بچکۆلەدا لە دەوروبەری سیلۆپی بردبووە سەر، بەڵام لە ناکاو فەرمانێکی خێرایان پێدابوو بگاتە (دیاربەکر). شەو کاتێک گەیشتە سوپاخانەکە، کۆماندانی گەورە لەوێ نەبوو، پێیانگووت بەیانی سەفەرێکی درێژ چاوەڕێتە، باشترە شەو زوو بخەویت.»[1]**

لەم دەقەدا کات و شوێن وەک دوو ڕووی دراوێک مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، چەند کاتێکی تێدایە پەیوەندییان بە کاتی واقیعییەوە هەیە وەک: بەیانی، شەو، شەوەکانی پێشوو، لەناکاو. ئەم کاتانە سەرجەمیان واقیعین، لە دنیای ڕاستەقینەدا ئەزموون دەکرێن، لەم دەقەدا بەشێوەیەکی هونەری وشەکان بەکارهێنراون، بەڵام هونەری بوونەکە لە ئاستێکدا نییە کاتەکە بکات بە کاتێکی خەیاڵی و دوور لە واقیع، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوەیە وەک کاتی کارکردن و شێوازی کارکردن لە کاتە جیاوازەکان لە دەزگا ئەمنییەکان. نموونەیەکی دیکەی کات لەم ڕۆمانەدا بەم جۆرەیە:

**«سی و دووساڵ لەوەوبەر، کاتێک تاریق ئاکانسو لە کۆتایی مایسی ساڵی ١٩٤٥ دا ڕەوانەی باشوری خۆرهەڵاتی تورکیا کرا.»[2]**

لێرەدا تەکنیکی فلاش باک بەکارهێنراوە. دوای باسکردنی نەخۆشییەکەی عیسمەت ئۆکتای و باسکردن لە ژیان و کارکردنی عەلی ئیحسان ئاکانسو. سەردەمی باسەکە ساڵی (١٩٧٨)ە، دەگەڕێتەوە بۆ سی و سێ ساڵ لەوەوبەر، وەک ئەوەی بڵێیت چیرۆکەکە لێرەوە دەستپێدەکات لە سی و سێ ساڵ لەوەو بەرەوە، بەڵام زیاتر کاتەکە ڕوون دەکاتەوە دەڵێ لە کۆتایی مایسی ١٩٤٥دا، ڕێک ساڵ و مانگەکەش دیاریدەکات، نووسەر دەیەوێت ڕاستگۆیانە لەگەڵ ئەم واقیعەدا مامەڵە بکات کە لە ڕۆمانەکەدا چەقی باسەکەیە، ئەگەر بیویستبا لەوانەبوو ئاسان بێ کاتێکی ناڕوون و نادیار بۆ گێڕانەوەکە دیاری بکا بۆ نموونە بڵێت: **کەس بە دروستی نازانێت چ سەردەمێک بوو کە تاریق ئاکانسو هاتە دیاربەکر.** بەڵام نووسەر ئەمەی نەکردووە، بەڵکو بە مەبەستی نزیک خستنەوەی دەقەکە لە واقیع ئەم ڕوونییە بەرچاوەی لە کاتدا نواندووە.

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ڕووداو و کاتدا هەیە. هیچ ڕووداوێک بەبێ کات نابێت، باسکردن لە کاتی ڕووداوەکان کاریگەری لە تێگەیشتن و لێکدانەوەمان بۆ ڕووداوەکان دەبێت. دەبێ گونجان و هارمۆنی لە نێوان ڕووداوەکان و کات هەبێ. واتە بە لۆژیک ڕوودانی فلان ڕووداو لە فلان کاتدا دەربخرێت. بۆ نموونە باسکردن لە ڕووداوی کوشتنی کارەکتەرێکی لاوەکی بە ناوی (سەلما) کە خزمەتکاری یەکێک لە ژنە تورکەکانی دیاربەکر بووە و لە ئاهەنگێکی تایبەتی تورکەکاندا گۆرانی دەڵێ، لە هەمان شەودا لەلایەن کەس یان کەسانێکی نادیارەوە دەکوژرێت و تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە. کاتی ئەم ڕووداوە بە هارمۆنییەکی زۆرەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی پێشتر و کۆی گشتی ڕووداوەکەدا گونجێندراوە. ساتەوەختی گەڕانی پۆلیس بۆ کچەکە و دۆزینەوەی تەرمەکەی بەم جۆرە دەگێڕێتەوە:

**«سێ سەعات دوای کۆتایی ئاهەنگەکە، پۆلیس لەسەر خواستی زەینەب کەوتە گەڕان بە دوای سەلمادا،شەو دوای کۆتایی ئاهەنگەکە سەلما نەگەڕابووەوە بۆ ماڵ. نزیکی بەرەبەیان پۆلیسەکان**

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

**هەواڵی کوژرانی سەلمایان بە زەینەب هانم ڕاگەیاند کە بە درێژایی شەو چاوانی نەچووبوونە خەو. زەینەب هانم بە هەڵەداوان بەو بەرەبەیانە لەگەڵ پۆلیسەکاندا چوو بۆ ناسینەوەی تەرمی کیژەکە.»**[1]

ڕووداوەکە لە شەودا ڕوودەدات گەڕانی پۆلیس و نیگەرانی زەینەب هانم و دۆزینەوەکەی نیوەشەوێک تا بەرەبەیان دەخایەنێت. کاتەکانی شەو، نزیکی بەرەبەیان، بەرەبەیان، سەرجەمیان بە شێوەیەکی سروشتی بە دوای یەکتردا دانراون، هەماهەنگییەک هەیە لە نێوان کاتی ڕووداوەکە و ڕووداوەکەدا، زۆربەی کوشتنەکان لە شەودا ڕوودەدەن، کاتی ئەم ڕووداوەش هاوشێوەی کاتی ڕووداوی کوشتن لە واقیعدا لە درەنگانێکی شەودایە.

لە ڕۆمانەکەدا چەندین نموونەی کاتی واقیعی بەرچاو دەکەون، دەتوانین لێرەدا بەشێکیان بخەینەڕوو:

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٣.

**«ڕۆژی ٢٠ و ٢١ی ئابی ساڵی ١٩٧٧.»**[1]

**«لەناکاو لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٤٧ دا و دوای مانگێک لە تیربارانی براکانی سەلما.»**

**«کۆتایی تشرینی دووەم و سەرەتای کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨.»**

**«هەرسێ ژەنەڕاڵەکە لە کۆتا ڕۆژەکانی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٧٨دا لە ئەنکەرە یەکتریان بینییەوە. هەرسێکیان لەو شەش مانگەی دواییدا ئازاری زۆریان چەشتبوو.»**

**«نزیکی سەعات چواری ئێوارە بەر لەوەی تاریک دابێت گەیشتن.»**

**«ساڵێک و پێنج مانگ بوو عیسمەت ئۆکتای شاری منداڵی و نیشتەجێبوونی خۆی نەدیبوو.»**

ئەم کاتانە نمونەی دەیان کاتی دیکەی واقیعین. ئەوەی گرنگە واقیعییەتی کاتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە، بۆ نموونە لە باسکردنی ڕووداوەکەی ئیستەنبوڵدا لە بەرەبەیانەوە دەستپێدەکات **«بەیانیی ٦ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٥٥.»**[2] کاتی ئەم ڕووداوەیان لە پێش ڕووداوەکەوە باس دەکرێت، ڕۆژ و ساڵیش دیاریکراوە، بە پلە بەندی باس لە کاتەکە دەکات هەتا دەستپێکردنی ڕووداوەکە **«بە درێژایی ڕۆژەکە دلۆخان دوودڵییەکی قووڵ لە ناخیدا بوو،لای نیوەڕۆ بیستی....»**[3] ئەم ڕووداوە لە ڕۆژی ٦ی سێپتەمبەری ١٩٥٥ ڕوودەدات، نووسەر بە وردی لە بەرەبەیانەوە تا کاتی کۆتایی ڕووداوەکەی باسکردووە، هەرچی کات بەرەو پێشتریش دەچێت دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت، نووسەر کاتەکەی بە جوانی دابەشکردووە،وەک کاتی ڕووداوێکی مێژوویی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بۆ داناوە،پێش ڕووداوەکە و دوای ڕووداوەکەشی باسکردووە،بۆ ئەوەی هیچ شتێک نەمێنێتەوە کە گومان لە ناواقیع بوونی ڕووداوەکە دروست بکات.

**وەسف لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا:**

لە ڕەخنەی کلاسیکیدا کاتێک هەڵسەنگاندن بۆ توانای شاعیرێک دەکرا، دەقەکانی دەخرایە بەر وردبینی بۆ ئەوەی بزانرێت توانای شاعیرەکە لە وەسفی وەسفکراودا لە چ ئاستێکدایە، دوای داهاتنی ڕۆمان و بڵاوبوونەوەی هەمان ئەو بیرۆکەیە بۆ ڕۆمانیش بەکاردەهێنرێت. واتە لێهاتوویی ڕۆماننووس لە وەسف و گێڕانەوەدا گرنگی لە ڕاددەبەدەری هەیە. نووسەر بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی و دروستکردنی وێنەی ئەو چرکە ساتەی باسی لێدەکات پێویستی بە ماندووبوونی زۆر هەیە بۆ وەسفکردنی دۆخەکان. بێگومان نووسەر لەم کاتەدا پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و لە ڕێگای خەیاڵەوە وەسفی کارەکتەر و کات و شوێن و ڕووداوەکان دەکات. بەڵام ئەم پەنابردنە بەر خەیاڵەش لە ڕۆمانێک بۆ ڕۆمانێکی دیکە دەگۆڕێت. لە ڕۆمانی واقیعیدا خەیاڵەکە تا ئاستێکە کە بابەتەکە لە سنوری ڕێتێچوو و بهێڵێتەوە. بە پێچەوانەشەوە لە ڕۆمانی خەیاڵیدا وەسفەکان لە ئاستێکدا خەیاڵین هیچ کات لە دنیای دەرەوە و واقیعدا شیانی ڕوودانیان یان بوونیان نییە.

[1] سەرچاوەی پێشوو، ، ل ٢٤٥، ٢٥٩، ٥٨٥،٥٩٥،٦٢٢.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٩.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٠.

لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی کە ڕۆمانێکی واقیعییە نووسەر بەشێوەیەکی زۆر واقیعی وەسفی ساتەوەخت و کارەکتەر و کات و شوێن و ڕووداوەکان دەکات. پارچە وەسفییەکان خوێنەر ناچار ناکەن بیر لە شتێکی زۆر نەگونجاو بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەقەکە هیچ لە دەقێکی مێژوویی یان ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ناچێت بەڵکو لەو ڕۆمانانە دەچێ وەک خۆی مێژووی شار و وڵات و سەردەمێک دەگێڕنەوە.

وەسفکردنی ساتی ڕووداوەکان دەتوانێت وێنەی دیمەنەکە بە شێوەیەکی تەواو لە زەینی خوێنەردا دروستبکات، ئەگەر نووسەر زۆر لێهاتووش بێت، لەوانەیە بتوانێت وابکات خوێنەر خۆی لە جێگەی کارەکتەرەکان دابنێت و بە تەواوی لەناو دۆخەکەدا بژی. لە وەسفی کارەبا لێدانی عیسمەت ئۆکتایدا نووسەر بە جۆرێک باسی دەکات وەک ئەوەی لە زاری کەسێکەوە خۆی لە کارەبا دراوە بیگێڕێتەوە:

**«سەریان تەواو تاشی، لەسەر تەختێک ڕایانکێشا و قایشێکی ئەستوریان وەک لغاو کردە دەمی، دەست و قاچیان بەستەوە. عیسمەت ئۆکتای بۆ ئەوەی دۆخی خۆی بیربچێتەوە، بیری لە ئەسپەکانی کەپادۆکیا کردەوە، لە دڵی خۆیدا گووتی "ئەسپی زۆر جوان بوون...ئاه ئەسپەکانی کەپادۆکیا، ئەسپی زۆر قەشەنگ بوون" لەوەدا بوو چاو بنووقێنێت و یەک یەک ئەسپەکان بهێنێتەوە بەرچاوی خۆی.»**[1]

وەسفەکە لە ئامادەکردنی عیسمەت ئۆکتای بۆ سزاکە دەستپێدەکات، لە ڕێگەی چەند شتێکەوە وەک بەستنەوەی دەست و قاچی و لغاو کردنە دەمی، زەینی خوێنەر بۆ سزایەکی زۆر قورس ئامادە دەکات، قوڵایی وەسفەکە لە ئاستێکدایە کە دەگاتە بیرکردنەوەی کارەکتەرەکە، کاتێک دەڵێت بیری لە ئەسپەکانی کەپادۆکیا دەکردەوە باسکردنە لەوەی لە مێشکی کارەکتەرەکەدا تێدەپەڕێت.

لە درێژەی گێڕانەوە ئاماژە بە ساتی بەرکەوتنی کارەباکە دەدات:

**«یەکەم شەپۆلی تەزوویەکی بەهێز بەناو سەریدا تێپەڕی. هەستیکرد چاوانی پڕبوون لە ئاگر، هەستیکرد فرمێسکی گەرم خەریکە گلێنەی داغدەکەن. بێئەوەی بزانێت چۆن،گوێی لێ بوو هەموو جەستەی هاواردەکات.قریشکەیەکی بەرز سنوری هەموو ماناکانی زمانی دەبڕی لە گەروییەوە هاتە دەرێ،گەرمایی تەزوەکان شەپۆل شەپۆل بە سەرتاپای جەستەیدا تێپەڕین. بەوەدا هەرچوار پەلی بەسترابووەوە،ئازارەکە بە ئاسانی و بە هێڵێکی ئاسۆیی بە جەستەیدا بڵاوبووەوە،وەک هێزێک هەڵیبدات لە جێگای خۆی بەرزبووەوە و هەستی بە توندی و قایمی قایشەکان کرد کە دەیدەنەوە بە تەختەکەدا.لیکێکی گەرم لەملاولای هاتە دەرێ و قرغەیەکی ترسناکی لێوەهات. هەموو دەمارەکانی وەک بیانەوێت لە گۆشتەکەی جیاببنەوە کەوتنە فڕین....»**[2]

دیمەنەکان وەک فیلمێکی سینەمایی دەهێنێتە پێشچاوی خوێنەر، ئەوەی کە باسی دەکات هەمووی لەکاتی لە کارەبادانی کەسێکدا ڕوودەدات، هەرچەندە لە زاری کارەکتەرەوە ناگێڕدرێتەوە بەڵام وەک ئەوەیە کەسەکە خۆی باسی ئازارەکانی بکات. ڕووداوەکەی وەک واقیع وەسفکردووە، ڕاددەی ئازارەکە و چۆنییەتیەکەی وەک ئازاری کەسێکی بەڕاستی لە کارەبادراو باسکردووە. پەنای بۆ هیچ شتێکی خەیاڵی ئەوتۆ نەبردووە وا بکات هەستبکەین ئەمەی باسی دەکات واقیع نییە و دروستکراوی

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩-٥٠.

خەیاڵە. لە بەشێکی دیکەدا باس لە نەهامەتییەکانی ژیانی کورد دەکا بەڵام بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ باسی کێشە و گرفتەکان بکا، یان شێوازی ژیان بخاتەڕوو، بە وردی جیاوازی کورد و نەتەوە سەردەستەکان دەردەخات:

**«دەبێت بزانێت، ژیانی کورد دەیان جار لە ژیانی ئاسایی خەڵکی ئەم دونیایە سەختترە. ئەگەر یەکێک لەسەرەتاوە خۆی وەک کورد لە دایک نەبووبێت سەختە بەرگەی ژیانی وابگرێت، ئینسانی کورد بە پێچەوانەی خەڵکی ئەم دونیایە لەو ڕۆژەوە لە دایکدەبێت تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت مەحکومە خەبات بۆ عەردەکەی، ئاوەکەی، ماڵەکەی زمانەکەی، جلەکەی، گۆرانییەکانی، کەرامەتی خۆی بکات. ئەوەی وەک کورد لەدایک دەبێت هیچ مافێکی نووسراو و مسۆگەری لەم سەر ئەرز و ئاسمانەدا نییە، هەر شتێک بۆ مرۆڤەکانی تری ئەم دونیایە مافی سادە و ئاساییە، کوردان دەبێت شەڕی گەورەی بۆ بکەن. ئەوەی دێتە ناوکوردان دەبێت بزانێت ئەم شەڕە زۆربەی کات شەڕێکی دۆڕاوە و هەموو جارێکیش هەمووان بە سەلامەتی لەو جەنگە ناگەڕێنەوە.»**[1]

بەم چەند دێڕە چەندین پرسی گرنگ سەبارەت بە کورد باسکراون. لەوانە بابەتی دژایەتی بەردەوامی نەتەوە سەردەستەکان بۆ لەناوبردنی زمان و کلتور و زەوی و خاکی کورد، هەروەها بێ مافی کورد لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا وڵاتێک نییە کورد بە ئاسودەیی تێیدا بژی و کورد بوونی خۆی بە ئاسانی بپارێزێت. خەباتی نەبڕاوە و جەنگی چەندین ساڵەی کورد لە پێناوی مانەوەدا بەشێکی ترە لەو بابەتەی نووسەر لێرەدا کاری لەسەرکردووە. ئەمەی لێرەدا نووسەر باسی لێ دەکا خەمی ڕاستەقینەی ئینسانی کوردە، ڕۆمانی واقیعی ئەوەیە باس لە خەمی مرۆڤی سەردەمەکەی خۆی بکات.

وەسف سنوری ماددی دەبڕێت و دەچێتە بیرکردنەوە و ڕوانینی کەسەکان بۆ دونیا و دەوروبەر باسدەکات. کاتێک دەوڵەتی تورکیا تاریق ئاکانسو دەنێرێت بۆ باکوری کوردستان، لە خۆوە نییە ئەو کەسە دەنێرێت. تاریق ئاکانسو باوەڕی بە نەتەوە و خاک و زمانێکی دیکە جگە لە تورکی نییە. بە باوەڕێکی پۆڵایین بە فیکری خۆی هاتووە تاکو هەموو شتێکی کۆن لەناوبەرێت و جارێکی دیکە لەو سەرزەمینەدا ژیانێکی دیکە دروستبکات. بەم جۆرە بیرکردنەوەی ئاکانسو دەگێڕێتەوە:
**«کاتێک تاریق ئاکانسو یەکەم جار پێی خستە ناو ماڵە نوێیەکەی خۆی و لە پەنجەرەکەیەوە سەیری هەندێک هەوری پەرتەوازەی کرد، لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەسەر سەری ئەودا بۆ باشوری خۆرهەڵات دەڕۆیشتن، ئەو هەستەی هەبوو ئەم شوێنەی ئەو لەسەری وەستاوە ئەمڕۆ لەدایکبووە، ئەو ئاسمانەی ئەم دەیبینێت ئەمڕۆ بەرزبووەتەوە و ئەو هەورانەش نیشانەی یەکەم سوڕی سروشتن لەم عەردەدا. بەبێ جۆرە هەستێکی وەها زەحمەت بوو تاریق ئاکانسو دەست پێبکات، هەستی ئەوەی ئەم عەردە ئەوڕۆژە لەدایکبووە ئەو پێی ناوەتە سەری))**[2]

شوێنی گێڕانەوە جگە لە ماڵەکەی تاریق ئاکانسو، مێشکی کارەکتەریشە، وەک ئەوەی کەسەکە خۆی لە هەستەکانی بدوێت ئاوا باس لە بیرکردنەوەی دەکات، کاتێک ئەم ڕوانینە دەدرێتە پاڵ کارەکتەرێکی وا زۆر لە جێگای خۆی و مەنتقییە، چونکە ڕاسپێردراوی دەوڵەتی تورک بۆ بە تورک کردنی ناوچەکە دەبێت خاوەنی بیرکردنەوەیەکی لەم شێوەیە بێت. لە بەشێکی دیکەدا دەڵێت:

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧١.
[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

**«بەیانییەکی زوو بوو هەستا، پرخەی ئەوانەی لە ژوورەکەدا لەگەڵی دەنووستن وەها بەرزبوو، نەیدەتوانی بخەوێتەوە، سێ پیاوی زل هەرسێکیان بە دەنگی بەرز دەیانپرخاند. هەرسێکیان لەسەر پشت خەوتبوون، هەرسێکیان سێ ورگی زلیان پێوە بوو لەگەڵ دەنگی پرخەکانیاندا بەرز دەبوونەوە و دادەبەزین.»**[1]

ئەم وەسفە هێندە بە وردی و ڕاستەقینە کراوە کە هەر خوێنەرێک دەتوانێت دیمەنەکە بهێنێتە پێشچاوی خۆی، باس لە بەیانییەک دەکا کەسێک لە ژوورەکەی خۆیدا لە خەو هەڵدەستێ و دەبینێ لە تەنیشتییەوە سێ پیاوی ورگ زل خەوتوون و دەپرخێنن، پرخەکەیان بە جۆریک بەرز و بێزارکەرە ناتوانێت بخەوێتەوە. ئەم دیمەنە لەوانەیە چەندین جار لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا بینرابێت، بۆیە دیمەنێکی واقیعییە.

بەدەم گێڕانەوەوە وەسفی ڕووخساری کارەکتەری عەلی ئیحسان دەکات **«لەبەردەم ئاوێنەکاندا وەستا و سەیرێکی دەموچاوە منداڵانە جوانەکەی خۆی کرد،سەیرێکی ئەو تاڵە سپییە کەمانەی کرد کەوتبوونە قژی.»**[2] لێرەدا نووسەر نەیویستووە ڕاستەوخۆ باس لە ڕوخسار و جوانی کەسەکە بکات بەڵکو بەدەم گێڕانەوەوە دەموچاو و شێوەی کەسەکە کە دەموچاوێکی منداڵانەی جوانی هەیە و چەند تاڵێکی کەم سپی کەوتووەتە ناو قژی، واتە لەگەڵ گۆڕانکاری سەردەم و تەمەندا گۆڕانکارییەکانی ڕووخساری کارەکتەر خراوەتەڕوو.

لەم ڕۆمانەدا پارچە وەسفی گەلێک زۆر هەن بە واقیعیترین شێوە وەسفی ساتە وەخت و ڕووداو و کارەکتەر و شوێن و هەموو شتێکی گێڕانەوەکە دەکەن، بەڵام لەبەر سنورداری لێکۆڵینەوەکەمان ناتوانین هەموو پەرەگرافە وەسفییەکان وەربگرین.

**-ڕۆمانی دێوانەیەک لەم شارەیە**

**-ناساندنی ڕۆمانی (دێوانەیەک لەم شارەیە)**

ڕۆمانی دێوانەیەک لەم شارەیە، یەکێکە لە ڕۆمانە نوێیەکانی ئەدەبی کوردی، ساڵی (٢٠١٩) لەلایەن (نەبەز گۆران) ەوە نووسراوە، کۆمەڵێک بابەتی گرنگ و پرسی زیندوو لە ڕۆمانەکەدا کاریان لەسەرکراوە، بەڵام سەراپای ڕۆمانەکە لە شێوەی چیرۆکێکی خەیاڵی دەگێڕدرێتەوە، کات و

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧١.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٤.

شوێن و کەسایەتی و ڕووداو سەرجەمیان بەرهەمی خەیاڵن، ئەمەش بەو واتایە نایێ هاوشێوەی ئەو چیرۆکە لە دونیای واقیعیدا نییە، بەڵکو بەو واتایە دێ چیرۆکەکە ڕەگی قوڵی لەناو خەیاڵدا هەیە و واقیع و زەمەن و ڕووداوێکی مێژوویی نەکردووە بە هەوێنی داهێنانی ڕۆمانەکە، بەڵکو هەموو شتێک لە خەیاڵدانی نووسەرەوە هاتووەتە دەرێ و ڕێچکەی خۆی وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەقەکە چێژ و ئاسودەیی خوێنەری لەدەستنەداوە، خوێنەر کە دەیخوێنێتەوە ئەو هەستەی بۆ درووست دەبێت ڕۆمانێکی خەیاڵی دەخوێنێتەوە.

بە کورتی ڕۆمانەکە باس لە چیرۆکی شارێک دەکات لە چەند گۆشەیەکی جیاوازەوە،سەردەمەکە سەردەمی میرنشینەکانە، بەڵام بیری کارەکتەرەکان بیرێکی نوێخوازانەیە. منداڵێک کە تا کۆتایی ڕۆمانەکە ناوی خۆشی ئاشکرا ناکات، بگێرەوەی چیرۆکی خۆی و ڕۆمانەکەیە، ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە دەگێڕێتەوە خۆی بینیویەتی، یاخود لە ڕێی کەسانی دەوروبەرییەوە بۆی گێڕدراوەتەوە. ئەم منداڵە تاقانەی دایک و باوکییەتی و لە تەمەنی هەرزەکارییەوە دەخرێتە بەر خوێندنی حوجرە. بەڵام هەر لە سەرەتاوە کێشەی لەگەڵ وانەکانی خانەقاکەی و بیرکردنەوەی ئەو مامۆستایەدا هەیە کە وانەی پێ دەڵێت. لە ڕێی ئەم منداڵەوە کە کارەکتەرێکی سەرەکی و بگێرەوەی ڕۆمانەکەیە، نووسەر ڕاو بۆچوونی خۆی دەربڕیوە. پاش ئەوەی ناکۆکی لە نێوان میری شارەکە و براکەیدا دروست دەبێت، ئیدی دۆخەکە ئاڵۆز دەبێت و براکەی بۆ تۆڵە کردنەوە لە میر، ڕوو دەکاتە وڵاتی تورکان و لەگەڵ لەشکری داگیرکەر دەگەڕێتەوە شارەکە داگیردەکات و خۆی دەبێت بە میرێکی ستەمکار. لەلایەکی دیکەشەوە میری گەورە بۆ ڕێگری کردن لە لەناوچوون و هاتنی سوپای تورک پەنا دەباتە بەر عەجەمەکان. ئەوانیش لە کاتی دروستبوونی شەڕ پشتی میر بەردەدەن و بەجێی دەهێڵن. ئیدی شارەکە دەکەوێتە دەست میری نوێ و سوپای تورک. دۆخێکی ئێجگار خراپ و سەردەمێکی زۆر تاریک سەرهەڵدەدات. کارەکتەری سەرەکی کە میر هوداره، پاش ماوەیەک لە بەجێهێشتنی شارەکە و ئاوارەبوون، شەوێک بڕیاردەدات بگەڕێتەوە، کە دەگەڕێتەوە چیرۆکی خەمناکی ژن و کچەکەی دەبیستێت و دەچێتە سەر گۆڕەکەیان بەڵام لەلایەن پیاوانی براکەیەوە دەگیرێت و دەخرێتە زیندان. ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجەی زۆری دەکەنەوە. پاشان لەسەر پێشنیاری سۆنەی جولەکە کە یەکێکی ترە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە، خۆی لە شێتی دەدات و بە ناوی دێوانە درێژە بە ژیان دەدات. ئەم منداڵە بە بیر و بۆچوون و ڕوانینی دێوانە بۆ ژیان سەرسام دەبێت و خۆی لێ نزیک دەخاتەوە. پاشان هەر جارەو بە جۆرێک هەوڵی نووسینەوەی فکرەکانی و کۆکردنەوەی دەستنووسەکانی دەدات. یەکێکی تر لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە کەسایەتی "دەلالی میرزادەیە"کە برا بچووکی میرهودارە و لە دوای شەوی داگیرکارییەکەوە لە ماڵی سۆنەی جولەکە خۆی حەشارداوە، بە ڕێکەوت بگێرەوە دەیبینێ و دەیناسێ و بەشێک لە ڕۆمانەکەش بۆ ناساندن و خستنەڕووی بیری ئەم کارەکتەرە تەرخانکراوە. بە گشتی ئەم ڕۆمانە کاری لەسەر ناکۆکی براکان لەسەر دەسەڵات و پلەو پایە کردووە. بابەتی داخراوی کۆمەڵگەیەکی نەریتی و کێشەکانی ئاین بەشێکی ترن لەو پرسە سەرەکییانەی ئەم ڕۆمانە. ماوەی گێرانەوە لەگەڵ لە دایکبوونی بگێرەوە و دەستکردنی بە خوێندن دەستپێدەکات تاکو گەورە دەبێت وخوێندنی فەقێیەتی لە شارەکەی خۆی تەواو دەکات و بۆ درێژەدان بە خوێندن ئەو شارە بەجێدەهێڵێت. کۆتایی ڕۆمانەکەش بە دیمەنی ساتی ماڵئاوایی لە شار و دەرچوونی کۆتایی دێت.

**کارەکتەری واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: دێوانەیەک لەم شارەیە**

لە بەشەکانی پێشتردا پێناسەی کارەکتەری خەیاڵی و واقیعیمان خستووەتە ڕوو، هەروەها باسمان لەوە کردووە کارەکتەری ڕۆمانی واقیعی چۆنە و هەڵگری چ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکە، بۆ کارەکتەری ڕۆمانی خەیاڵیش بە هەمان شێوە، بە گشتی پرۆسەی کارەکتەرسازی پرۆسەیەکی قورسە و پێویستی بە وردبینی و لێکدانەوەی وردی ڕۆماننووس هەیە.

ئەگەر لە ناوی کارەکتەرەکانەوە دەست پێ بکەین کە بریتین لە: میرهودار، سۆنەی جولەکە، دەلالی میرزادە، بانخانی برای میر، شارۆی بازرگان، مەلاشەش پەنجە، نەنە پونە، باپیری ئەلیاسەی کوفر، فەیازە کوێر و هی دی. لەوانەیە بەشێک لەم ناوانە ڕۆژێک لە ڕۆژان بوونیان هەبووبێت، بەڵام بە زۆری دروستکراوی خەیاڵی نووسەرن، لەم سەردەمەدا ئەم ناوانە لە جوگرافیای کوردستاندا بەکارهێنانیان لە ئاستی نەماندایە، لەوانەیە هەڵە نەبین گەر بڵێین نووسەر لە ژێر کاریگەری ناوی کارەکتەری ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی) دا، ناوی کارەکتەرانی ڕۆمانەکەی هەڵبژاردبێت، چونکە کە ڕۆمانەکانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان، ئێوارەی پەروانە، دواهەمین هەناری دونیا....هتد) دەخوێنینەوە هەست بە لێکچوون و نزیکایەتی لە نێوان ناوی کارەکتەرانی ئەو ڕۆمانەنە و ڕۆمانی (دێوانەیەک لەم شارەیە) دەکەیت.

لە ڕووی کارەکتەر سازییەوە لەم ڕۆمانەدا کارەکتەرەکان بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون، یان کەسانی زۆر باش و چاکەکارن، یان کەسانی زۆر خراپ و بەدکارن، ئەمەش بۆ میتۆلۆژیای کۆن و باوەڕ بە هێزی چاکە و خراپە دەگەڕێتەوە، واتە کرۆکی بیرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەکان کە مرۆڤیان بۆ چاک و خراپ دابەشدەکرد، ئەوەی باش بوو واتای نزیکی بوو لە خودا و هێزی چاکە، ئەوەشی خراپ بوو واتای نزیکی بوو لە هێزی بەدکار یان ئەهریمەن. ڕۆمانی واقیعی پێویستە کارەکتەرەکانی لە واقیعی کۆمەڵگەکەی خۆیەوە دروست بکات، لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆمانە لەسەر بنەمای خەیاڵ هەڵچنراوە، کارەکتەرەکانیشی هەر لە خەیاڵەوە داهێنراون.

کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە کەسایەتی "میر هودار"ە، دواتر بە هۆی چەند ڕووداوێکەوە دەگۆڕێت بۆ کەسایەتی "دێوانە" کە ئەمەیان ڕووداوێکی زۆر دەگمەنە و زادەی خەیاڵی نووسەرە. ناکرێت میرێکی عاقڵ و خوێندەوار و بە تەگبیر خۆی بکات بە دێوانەی شار و خەڵکی گاڵتەی پێبکەن، لەو کاتەی ئەم کارەکتەرە ڕۆڵی کەسایەتی "میر هودار"دەگێڕێت، وەسفێکی ئەوتۆی پێشکەش ناکات، بەڵام کاتێک دەگۆڕێت بۆ دێوانە بەم جۆرە باس لە ڕوخسار و سیمای دەکات و دەڵێت:

**«قژە درێژ و چەور و بریسکەدارەکانی بردبووە دواوە و یەواشێک شۆڕ بووبوونەوە بەسەر شانە کۆماوەکانیدا. سمێڵە سپییەکانی بە دەست لە ناوەڕاستەوە کردبوونی بە دوو کەرتەوە بە تەواوی لێوە ئەستوورەکانی کەوتبوونە دەرەوە، ڕیشە درێژەکەشی بە ئەندازەیەک لێی دەهات، لە مۆسیقارانی سەردەمانی کۆن دەچوو، برۆکانی وەک کەپرێکی چڕ بەسەرچاوییەوە خۆیان دابوو بەملاو بەولادا))**[1]

لە ڕێگای وەسفی ڕوخسار و دەرخستنی شێوە و ستایلی قژ و سمێڵ و برۆ و شان و لێو، دیمەنی دێوانەمان لەبەرچاو دەخوڵقێنێت. هەر کەسێک دەتوانێت دیمەنی پیاوێکی وا لە خەیاڵی خۆیدا

[1] نەبەز گۆران، دێوانەیەک لەم شارەیە، ئەندێشە. سلێمانی، ٢٠١٩، ل ٩٦-٩٧.

دروست بکات. بەڵام هەر کەسێک ناتوانێت بڕوا بکات میری شارێک لەوپەڕی نازو نیعمەت و پاک و خاوێنییەوە ستایلی بگۆڕێت بۆ ستایلی دەروێشێکی دێوانە، ئەمە لەکاتێکدا لە مێژووی کورددا، بەسەرهاتی وا نەبووە، لەباسکردن و ناساندنی کەسایەتی دێوانەدا نووسەر کەوتووەتە هەڵەیەکەوە کە لە چەند شوێنێکدا دژیەکی هەیە، لە جێگایەکدا دێوانە زۆر توڕە دەبێت کاتێک کوڕی پینەچییەکە پێی دەڵێ مامۆستا:

**«کتوپڕ ڕاچڵەکی! هەڵسایەوە و بە دەنگێکی زۆر تووڕەوە گوتی "من مامۆستای کەس نیم، چیتر دووبارەی نەکەیتەوە، من تا دەمرم وەک خوێندکارێک دەژیم، ئیشی خوێندکار پرسیارکردنە، ئەوانەی مامۆستا بوون لە سەدە کۆنەکاندا مردن، دوای ئەوان مامۆستایەکی ڕاستەقینە بوونی نییە.»**[1]

وەک دیارە دێوانە کەسێکی سادە و خاکییە و خۆی بە مامۆستا و زانای کەس نازانێت، بەڵکو خۆی وەک کەسێک دەبینێت پرسیاری زۆر و گەورەی دەربارەی مرۆڤ و دنیا هەیە و نایەوێ کەسیش وەک مامۆستا ناوی ببات. بەڵام لە لاپەڕەکانی دواتردا ئەم کەسایەتییە دەگۆڕێت بۆ کەسێک پێیوایە خاوەنی زانست و زانیارییەکی بێ وێنەیە و دەبێت کەسێک وەک قوتابی لێی وەربگرێت و بینووسێتەوە و دوای بیرکردنەوەکانی ئەم بکەوێت، وەک لەم وتەیەدا دەردەکەوێت کە لە بەشێکی قسەکانی دێوانەدایە: **«وەرە من گەوهەرێکم تێدایە،هەرکەسێک ئەو گەوهەرەی دەست بکەوێت تا دەمرێت بە ئاسوودەیی دەژی،گەوهەرەکەی من ئەمڕۆ بە دەست تۆ دەگات.»**[2]

هەروەها کە پەیوەندییەکەیان زیاتر و توند و تۆڵتر دەبێت دەڵێت:**«گەیشتبووینە جێگایەک من هەستی خوێندکارم هەبێت و ئەویش مامۆستا.»**[3] لێرەدا دوو شتی زۆر دژیەک لە کەسایەتییەکدا کۆکراونەتەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئەو کارەکتەرە دوور لە واقیع تەنیا لە خەیاڵی نووسەرەوە لەدایکبووە، جگە لەوەش حسابی کۆمەڵێک پرسی لۆژیکی گونجان لە نێوان قسە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتی و پیشەیان نەکراوە. کۆمەڵێک کارەکتەر هەموویان بە یەک شێوە بیردەکەنەوە بەیەک شێوە دەدوێن یەک ڕوانینیان هەیە بۆ دنیا,, ئەمانە کارەکتەری خەیاڵین و نووسەر هەوڵیداوە لە ڕێگای ئەوانەوە ڕەخنە لە ئاین و نەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەت و حکومڕانی بگرێت.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکان "مەلا شەش پەنجە"یە، ناوی ئەم کارەکتەرە لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەدا ناگونجێت، ناکرێت لە شارێکی نەریتیی و پابەند بە ئاین و گوێڕایەڵی خانەقا و مەلا و مزگەوت، مامۆستای ئایینی خانەقای سەرەکی شارەکە بەو ناوەوە بەناوبانگ بێت، وەک خۆشی دەڵێت شەش پەنجەشی نەبووە، لەم وەسفەدا شێوەی مەلا شەش پەنجەمان بۆ دەکێشێت:

**«مودەڕیسەکەمان ناوی مەلا شەش پەنجەبوو، ئێوە کەستان مەلا شەش پەنجەتان نەدیوە، سەرێکی درێژ، قوڕقوڕاگەی لە تاشەبەردێک دەچوو، لە نێوان ملیدا سەروخواری دەکرد، بیستوچوار سەعات نەعلی لە پێدا بوو، قاچەکانی گەورەبوون، پەنجە گەورەکەی قاچی هەر لەو**

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨.

**خڕە بەردانە دەچوو، کە لەناو چەمەکاندا کۆ دەکرانەوە. پەنجەکانی تریشی وەک دارەخوار و خێچەکان بەسەر یەکدا پاڵ کەوتبوون. فەقیرە شەش پەنجەیشی نەبوو، تەنها وەک بڵێیت گۆشتێکی زیادە، یان تلۆقێک لەخوار پەنجە بچووکەیەوە بوو، ئیتر ناویان نابوو مەلا شەش پەنجە.»**[1]

لە حاڵەتی ئاساییدا کاتێک وەسفی مەلایەک دەکەن بە نوورانی و جبە لەبەر و دەست و پێ نەرم باسی دەکەن، بەڵام ئەو مەلایەی لێرە ڕۆماننووس پێمان دەناسێنێت زۆر جیاواز ترە، زیاتر لەو وەسفە دەچێت کەسانی ئایینی بۆ بێ دین و خراپەکارانی دەکەن، ڕۆماننووس بە خەیاڵی خۆی وێنەی مەلایەکی توندڕەو و دڵڕەقی کێشاوە، کە خراپەی دڵی لە ڕوخساریشیدا ڕەنگی داوەتەوە.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە باپیری بگێڕەوەی هەمووشتزانە، کە دەکاتە "ئەلیاسەی کوفر"، ئەمیش کەسایەتییەکی خەیاڵییە و لە پشت بیرکردنەوە و قسەکانییەوە بە ئاشکرا هەست بە ئامادەبوونی نووسەر دەکرێت. باپیری ئەگەر چی نەخوێندەوارە و پیشەشی پینەچێتییە، بەڵام ئاستی ڕۆشنبیرییەکی بەرزی هەیە، قسەزانێکی زۆر لێهاتوو، ڕەخنەگرێکی زۆر زیرەکیشە، کەسێکی ئازادیخواز و تێگەیشتووە، نایەوێ ملکەچی ئاین و نەریتی کۆمەڵگە خراپەکارەکەی بێت، لە چەند شوێنێکدا، لە زاری باوکییەوە، یان لە زاری (نەنە پوونە) قسە و ڕەفتارەکانی باپیری دەگێڕێتەوە. هیچ لەگەڵ ئەو کەسایەتییەدا ناگونجێن، وەک لەم نموونەیەدا کە لە زاری (نەنە پوونە)وە دەیگێڕێتەوە: **«دەیگوت، ئەم ئایینە عەرەبییە هی ئێمە نییە، من شتێکم دەوێت لە خۆماندا بێت. خودا گەر ئێمەی خۆش دەوێت و ئێمەی بە دەستی خۆی درووست کردووە، نابێت زۆرمان لێبکات بچینە سەر بڕوای عەرەبەکان. بۆچی لەناو خۆماندا بڕوا و ئایینی خۆمان نەبێت.»**[2]

ئەم قسانە نیشانەی ئەوەن ئەم کارەکتەرە ئاگاداری مێژوو و جیاوازی کلتورەکان و ئازادی تاکەکەس و کۆمەڵگەیە، تەنانەت ڕەخنەگرە لە ئاین و بەزۆر سەپاندنی ئایین بەسەر خەڵکدا، ئەمە هیچ لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەم کەسایەتییەدا ناگونجێت، بۆیە کارەکتەرەکە دروست کراوی خەیاڵی نووسەرە و نووسەر بە ئارەزووی خۆی بیری خۆی داوەتە پاڵ کارەکتەرەکەی، لە زمانی ئەوەوە قسەکانی خۆی گەیاندووە.

کارەکتەری "سۆنەی جوولەکە" یەکێکی ترە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە. کاریگەری ڕاستەوخۆ و دیاری بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانەوە هەیە. ئەم کارەکتەرە دەشێت لە واقیعدا هەبێت یان لە ڕابردوودا هەبووبێت، بەڵام لێرەدا کەسایەتییەکەی وا بنیات نراوە دەڵێی پێشتر نووسەر حسابی بۆ ڕەفتار و کردارەکانی کردووە، چونکە ئەم کارەکتەرە هاوشێوەی مرۆڤێکی ئاسایی هەڵە ناکات، بەڵکو هەموو ژیانی چاکەکاری و ئاشتیخوازییە، تەنانەت ئەگەر خەڵکیش لەگەڵ ئەو خراپ بن ئەو هەر باشە و بە زەردەخەنە و کرداری باش وەڵامیان دەداتەوە. وەک لێرەدا کە دەڵێت:

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

**«بە فیتی ئاییندارەکان نەفرەتییان لێ دەکرد و تانەیان لێ دەدا. لە بری وەڵامدانەوەیان، دەم بە پێکەنین سەیری دەکردن.»[1]**

بەڵام لە وەسفی ڕوخسار و سیمای کەسایەتییەکی جوولەکەدا بەهەڵەدا نەچووە و وەسفێکی واقیعی وەک وێنە کۆنەکانی جوولەکەکانی کوردستانی بۆ کێشاوە بەم شێوەیە :

**«سیمایەکی ئایینی دەنواند، کڵاوە خڕ و بچووکەکەی سەر تەوقەسەری ، کە ئەستێرەی داودی لەسەر نەخشێنرابوو، دایم بەسەر سەریەوە بوو،دوو پرچە لوولکراوەکەی تەنیشت کڵاوەکەی، هەمیشە پاک و خاوێن و بریسکەدار بوون، ئەو کەمە ڕیشەیشی هەی بوو گوڵاوی پێدا دەڕژاند و بە زەیتی زەیتوون چەوری دەکر، کە لە دوورەوە دەهات ڕاستەوخۆ دەتزانی لە خەڵکی شار جیایە، چ بە جل و بەرگ و چ بە شێوە.»[2]**

بە ڕوونی دیارە ئەم وەسفە لە دیقڤەت و وردبینی لە سیمای جوولەکەیەکی کورد وەرگیراوە، واتە بابەتەکە پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە، نووسەر لێرەدا تا ڕاددەیەکی زۆر لە بەکارهێنانی خەیاڵ دوورکەوتووەتەوە و بە واقیعی دیمەنی ئەم کارەکتەرەی بۆ وێنا کردووین.

**ڕووداوی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: دێوانەیەک لەم شارەیە**

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە هیچیان ڕووداوی مێژوویی و تۆمارکراوی ڕاستەقینە نین پێشتر لێرە و لەوێ ڕوویاندابێت. زۆربەی ڕووداوەکان خەیاڵی و دروستکراون،بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا زۆرینەی ڕووداوەکان ڕووداوی شیاون و دەکرێ ڕووبدەن. ڕووداوی سەرەکی ئەم ڕۆمانە بریتییە لە ناکۆکی براکان و ڕۆیشتنی یەکێکیان و هاتنەوەی لەگەڵ سوپای داگیرکەردا کە دەبێتە هۆی داگیرکردنی شارەکە و نەمانی میری گەورە و دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ و حکومڕانییەکی ستەمکار. ڕووداوەکە لە ڕۆیشتنی "بانخان"ی برای میر هودارەوە دەستپێدەکات. ڕووداوەکە لە زاری "دەلالی میرزادە" دەگێڕێتەوە، پاش ڕۆیشتنی بانخان بەیانییەک ئەندامانی خێزانی میر لەسەر سفرەی نانی بەیانی کۆدەبنەوە، کاتێک دایکی میر هەواڵی کوڕەکەی دەپرسێت، میریش خزمەتچییەکەی دەنێرێت بەدوایدا،خزمەتچییەکە دەگەڕێتەوە و پێیان ڕادەگەیەنێت کە ڕۆیشتووە و نامەیەکی بەجێهێشتووە.

**«ڕۆیشت و پاش کەمێک گەڕایەوە، لەبەردەم میردا خۆی چەماندەوە و لە ژێر لێوەوە چرپاندی بە گوێیدا لە ژوورەکەی خۆی نەبووە و نامەیەکی جێهێشتووە! خۆی ئاسا نامەکەی کردەوە. پاش کەمێک ناوچاوانی گرژ بوو، بێ هیچ خۆشڵەژاندنێک گوتی ڕۆیشتووە.»[3]**

پاشان ناوەڕۆکی نامەکە دەخاتەڕوو تێیدا بانخان گلەیی و گازەندەی خۆی و هۆی توران و ڕۆیشتنی خۆی باس دەکات، هەڕەشەی گەڕانەوە و تۆڵەکردنەوە دەکات، ئەم ڕووداوە دەستپێکی کۆمەڵێک ڕووداوی دیکەیە، ئامادەسازییە بۆ ئەو ڕووداوانە، نامەکەی بانخان بۆخۆی بەشێکە لە پرۆسەی گێڕانەوەکە، مێشکی خوێنەر ئامادە دەکات بۆ ڕووداوی جێبەجێ بوونی هەڕەشەکانی بانخان.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

**«ئای خودایە، چ نامەیەکی هەڕەشە ئامێز و سەخت بوو، کە دەتخوێندەوە وات دەزانی نانەکەی بەیانی تەواو ناکەین و بە خۆی و لەشکرێکی بێگانەوە دەدات بە سەرماندا.»**[1]

لەڕێگەی ئەم وتەیەی دەلالی میرزادەوە، خوێنەر دەخاتە دۆخی سترێس و چاوەڕوانییەکی زۆرەوە بۆ ڕوودانی قورسترین و ئاڵۆزترین ڕووداو. بەڵام تەکنیکی جیاواز لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتووە، پێش ئەوەی ڕووداوی ڕۆیشتن و بەجێهێشتنی نامەکەی "بانخان"بگێڕێتەوە، بەشە سەرەکییەکەی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە.

**«سەردەمێک برای دووهەمی میر بەخۆی و لەشکرێکی زمان خواری تورکمانەوە دەوری شاری دا، شار بە تەواوی تێک چوو، شەڕێکی گەورە لە دەروازەی شار ڕووی دا. شەڕەکە بووە هۆی تێکشکاندنی عەجەمەکان و هاتنە ناوەوەی تورکمانەکان. میری گەورە هەڵهات ڕووی کردە شاخەکان، لەوێیشەوە ڕۆیشت بۆ ناو عەجەمەکان. بەهاتنی لەشکری سوپای تورکەکان نیوەی شار تاڵان کرا و میری نوێ چووە ناو کۆشکی میری گەورەوە.»**[2]

وردەکاری ڕووداو وەسف نەکراوە، چۆنییەتی ڕووبەڕوو بوونەوە و چەکی بەکارهاتوو، شوێن و کاتی ڕووداوەکە دیارنییە، تەنها بەشێوەیەکی هەواڵی یان ڕاپۆرتی باسی ڕووداوەکەی کردووە، دوولایەن کە تورکمان و عەجەمەکانن بە ڕوونی ناویان هاتووە، بەڵام کە باس لە شوێنی شەڕەکە دەکات، تەنیا ناوی دەروازەی شار دەهێنێت، ئیتر ناڵێت کام شار و کام دەروازەی، خوێنەر دیمەنی دەروازەی دەیان شاری خەیاڵی وێنا دەکات.

پاش ئەوەی میری نوێ دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئیتر دۆخەکە زۆر ئاڵۆز دەبێت و ڕەوتی ڕووداوەکان ڕوو لە هەڵکشان دەکەن، میری نوێ براژن و برازاکەی خۆی دەدۆزێتەوە و دەستگیریان دەکات، ئەوەی هیچ جێگای باوەڕ نییە ئەوەیە ئەم میرە تەنانەت بەزەیی و سۆزی بۆ برازاکەشی نییە و خراپترین مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، دەیانکات بە سۆزانی و سۆزانیخانەیەکیان بۆ دەکاتەوە، پاشانیش هەرخۆی بە پلانێک سۆزانیخانەکە لەناو دەبات و دوو ئافرەتەکەش بە سزای بەردبارانکردن تا مردن سزا دەدات.

نووسەر لێرەدا کەوتووەتە هەڵەیەکی واقیعی مەنتقییەوە، مرۆڤ چەند دڵڕەق و کینە لە دڵیش بێت، زۆر زەحمەتە ئەو کارە لەگەڵ براژن و برازای خۆیدا بکات، لەوەش بترازێت بە جۆرێک وەسفی خاتوونی میری گەورە دەکات کە بە ئاسانی ملی بەو کارە داوە و بووە بە سەردەستەی سۆزانییەکانی شار: **«ئەو ژنانەی لە گەنجییەوە بە دەست پیاوەکان فێری لەشفرۆشی بووبوون، سەریان لەو ماڵە دەدا و خاتوونیش بە کرێ دەیدانە کڕیارەکانی.»**[3]

لە واقیعدا ئەو ئافرەتانەی کە لە پێگە و جێگەی خاتوونی میردان، کاتێک ڕووبەڕووی ڕووداوێکی وا دەبنەوە، یان کەسێک هەوڵی دەستدرێژیکردنە سەریان دەدات، ئەگەر هیچیان پێ نەکرێت خۆیان دەکوژن، بەڵام ئەوەی لێرەدا باسکراوە پێچەوانەی ئەم واقیعەیە، خاتوونی میر بە ئاسایی دۆخەکەی

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

قبوڵکردووه و هیچ کاردانەوەیەکی نییە. ڕووداوی سوتاندن و تێکدانی سۆزانیخانەکە و بەردبارانکردنی هەردوو خاتوونەکەش بەم جۆرە دەگێڕێتەوە:

**«لە مینبەرەکانی خۆیانەوە بانگی خەڵکی شاریان کرد بۆ چوارڕێیانەکەی ناوەڕاستی شار. پاش کەمێک حەشاماتێکی زۆر خەڵک کۆبووەوە و مەلاکان پێشیان کەوتن بۆ بەردەم سۆزانیخانەکە. کۆمەڵێک گەنجی دونیا نەدیدیان هان دەدا، بچنە ناوەوە و چی ژنی تێدایە بە قژ ڕایان بکێشنە دەرەوە. پەلاماری سۆزانیخانەکە درا چی پەنجەرە و کەل و پەلی تێدابوو هەمووی سوتێنرا و ژنەکان هێنرانە دەرەوە.من بەچاوی خۆم دیم و لێرەدا بۆتانی باس دەکەم.»**[1]

ڕەنگە بۆ خوێنەری کورد زۆر قورس بێت باوەڕ بەم ڕووداوە بکات، لە سەرەتای دروست کردنی سۆزانیخانەکە هەتا پەلاماردان و سوتاندنی، چونکە نە هیچ کات لە کوردستان ڕووداوی وا هەبووە، نە پێشبینی ڕوودانیشی دەکرێت، پاشان کە باس لە هێنانە دەرەوەی ژنەکانی ناو سۆزانیخانەکە دەکات، دەڵێت چی ژنی تێدابوو هێنرانە دەرەوە، کەچی لە بەردەوامیدا تەنیا چارەنووسی شازادە و خاتوونی دایکی دیارە و لە ناکاو چیرۆکەکە دەبێت بە گێڕانەوەی ساتی ئازاردان و مردنی ئەوان. ئەمەش ناڕوونییەک بۆ خوێنەر درووست دەکات، نووسەر گەر بییەوێت ڕووداوێک بە واقیعی بگێڕێتەوە، دەبێت وردەکاری چۆنییەتی ڕووداوەکە، تەنانەت هەستی کەسایەتییەکان بە وردی وەسف دەکات.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

**کاتی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی "دێوانەیەک لەم شارەیە"دا.**

لە بەشەکانی ڕابردوو باسمان لە کت  و گرنگییەکەی لە ڕۆماندا کرد، تایبەتمەندییەکانی کاتی واقیعی و خەیاڵیش ڕوونکرانەوە، بەگشتی ڕووداوەکان بریتین لە کات، چونکە هەموو ڕووداوێک خاوەنی کاتێکی دیاریکراو و تایبەتە کە تێیدا ڕوودەدات، کاتێکی دیکەش هەیە کە کاتی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەیە، لەم ڕۆمانەدا بە گشتی کات وەک بوونێکی ڕوون و ئاشکرا مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە.

لە کۆی چیرۆکەکەدا نە کاتی گێڕانەوە دیارە نە کاتی چیرۆکەکە. ئەمە لە کاتێکدا لە ڕۆمانە واقیعییەکاندا کات بە دیاریکراوی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دەستەواژەی ناڕوونی وەک: ئەو ڕۆژەی، سەردەمی میرمنداڵی من، سەرەتای دروست کردن، بەیانییەکەی، دەمەوئێوارە، ڕۆژی یەکەم، ڕۆژی دووەم و هی دی، لەم رۆمانەدا زۆر بەکارهاتوون. هیچیان کاتی ڕوون و دیار نین. بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر چەند تێکستێک وەک نمونە وەردەگرین و کاتەکەیان شی دەکەینەوە.

**«کەمێک لە سەردەمی میری گەورەم لەبیرە، ناتوانم بڵێم هەموویم لەبیرە، ئەما هێندەم لە بیرە وێنەی شارەکە و جووڵەکانی وەک خۆی بکێشم. سەردەمی میری گەورە سەردەمێک بوو هەم خۆش و هەم سەخت، سەردەمێک بوو ئەو کاتە شارەکە بەس هی ئەو خەڵکە بوو کەتێیدا دەژیان.»**[1]

سەردەمی میری گەورە، چ ساڵ و چ کاتێک بوو، کاتەکە ناڕوون و نادیارە، ئەگەر وا دابنێین میری گەورە کەسایەتییەکی واقیعییە، لە سەردەمێکدا دەسەڵاتداری شارێک بووە،دەبوایە ئەو سەردەمە بە ساڵ دیاری بکرایە، خوێنەر بیر لە کاتی زۆر دەکاتەوە لەوانەیە خوێنەر هەبێت پێی وابێت مەبەست لەم سەردەمە، سەدەی ١٨ بێت، خوێنەریش هەبێت پێی وابێت سەردەمێکی خەیاڵییە و نووسەر بۆ چیرۆکەکەی خۆی دروستی کردووە، لە زاری دەلالی میرزادەوە باس لە کاتی گرتنی شارەکە دەکات و دەڵێت:

**«گەر بە باشی بیستبێتت کاتی هەڵگیرسانی شەڕەکە،دەمەو ئێوارە بوو سوپای تورکی هاتنە ناو شار.»**

لێرەشدا کات ناڕوون و نادیارە. لە ڕۆمانی واقیعی بە تەواوی کاتەکە دیاری دەکرێت، ناگوترێت دەمەو ئێوارە بەڵکو ڕۆژ و مانگ و ساڵەکە دیاریدەکرێت. پاشان باس لە ئێوارەی ئەو ڕۆژە دەکرێت، لێرەدا دەڵێت دەمەوئێوارە، بەڵام ناڵێت دەمەو ئێوارەی کام ڕۆژ، ئێوارەیەکە لەو هەزاران ئێوارانەی کە لە ژیانی هەر یەکێکماندا تێدەپەڕێت، خەیاڵ دیاری دەکات، بۆیە کاتەکەی بە کاتێکی خەیاڵی دادەنرێت. لە بەشی دوایی ڕۆمانەکەشدا کاتێک بڕیار دەدات شارەکە بەجێبهێڵێ، کاتەکەی بەم جۆرە دیاری کردووە: **«دوا ڕۆژی من لە شارەکە.»**[2]

ئەگەر ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی واقیعی وەک "داگیرکردنی تاریکی" بەراورد بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین لە ڕۆمانە واقیعییەکە لەم جۆرە کاتە بەرچاو ناکەوێت، چونکە ئەوەی دەیگێڕێتەوە وەک

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٠.

واقیعە و واقیعیش خاوەنی کات و ساتی دیاریکراوە. بەڵام لە ڕۆمانی "دێوانەیەک لەم شارە" ئەوەی دەگێڕدرێتەوە خەیاڵە، کات و ساتی خەیاڵیش ناتوانرێت دیاری بکرێت، بەڵکو دەبێت بە خەیاڵ بۆی بگەڕێین و لەناو خەیاڵدا کاتەکەی بدۆزینەوە.

**شوێنی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: دێوانەیەک لەم شارەیە**

ئەدەبی گێڕانەوە بە گشتی بریتییە لە گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداو یان بەسەرهات کە لە کات و شوێنیکی دیاریکراودا ڕوودەدەن. ڕۆمانیش وەک یەکێک لە بەرهەمەکانی سەر بە گێڕانەوە پابەندی ئەم ڕێسایەیە، لە دیاریی شوێن و کاتی ڕووداوەکانیدا، شوێنیش بە پێی چیرۆکەکە دەگۆڕێت، ڕۆماننووس ئازادە لەوەی شوێنێکی واقیعی بۆ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی بەکاربهێنێ یان شوێنێکی خەیاڵی لە هزری خۆی و خوێنەردا دروست بکات، گرنگ ئەوەیە شوێنێک هەبێت ببێتە گۆڕەپانی ڕووداوەکان.
لە ڕۆمانی "دێوانەیەک لەم شارەیە"دا، شوێنی سەرەکی هیچکام لەو شارە واقیعییانە نین کە هەریەک لە ئێمە بینیومانە یان ناومان بیستووە، نە ناوی هیچ شارێک دەهێنرێ نە هیچ شوێنێکی دیار لە هیچ شارێکی کوردستان. دواجار ئەم ڕۆمانە لە کوردستان و بۆ خوێنەری کورد نووسراوە، بەڵام خوێنەر نازانێت ئایا ئەو شارە کە ئەم چیرۆکەی تێدا ڕووی داوە، کام شاری کوردستانە، لە سەرەتاوە کە دەست پێدەکات ناونیشانێکی تەم و مژاوی دەداتە خوێنەر بەم جۆرە: **«شارەکە کەوتبووە نێوان تەبرێز و بەغداوە، شاڕێگای کاروانەکانی ئەم دوو شارە گەورەیە بوو، ئیدی کەم جار ڕووی دەدا کاروانەکان لێرەوە تێنەپەڕن.»**[1]
وەک دەبینین ڕاستەوخۆ ناوی شارەکەی نەهێناوە، بەڵکو دەڵێت کەوتووەتە نێوان تەبرێز و بەغداوە، دیارە مەودای نێوان ئەم دوو شارە مەودایەکی دوور و درێژ و پان و بەرینە، دەیان شاری گەورە و سەدان شاری بچووکی تێدایە، دەکرێت خوێنەر وێنای هەریەکە لەم شارانە بهێنێتە پێشچاوی خۆی، دەشکرێت دیمەنی شارێکی خەیاڵی لە زەینی خوێنەردا دروست بێت. بە بەراورد بە ڕۆمانی "داگیرکردنی تاریکی"کە ڕۆمانێکی تەواو واقیعییە، ناوی شار و شوێنەکان وەک ئەوەی لە واقیعدا هەن تێدا هاتووە، ئەم ڕۆمانە شوێنەکانی زۆر ناڕوون و نادیارن و شوێنی واقیعی جیهانی ڕاستەقینە نین. پاشان هەر لە بارەی شارەکەوە دەڵێت:

**«بەشی باشووری شارەکە گەڕەکی جوولەکەکان بوو، زۆربەی بازاڕی قەیسەری و دووکانی وشکە فرۆشی و زێڕ و عەتارەکان بەدەست ئەو جوولەکانەوە بوو کە لە باشووری شار دادەنیشتن.»**[2]

دەکرێ خوێنەر بپرسێت باشووری کام شار، لە ڕابردوو لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستان و بەتایبەت هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، جوولەکە ژیاون، ڕۆڵی گەورەیان لە ئاوەدانی و جموجوڵی بازرگانی و کارو کاسبی شارەکاندا بینیوە. بۆیە لە ڕێی ئەم خستنە ڕووەی شوێنەکەوە دەکرێت بە تەواوی بگەینە دڵنیایی ئەم شارە یەکێکە لە شارەکانی کوردستان، بەڵام کام شار، ئەوەیان بۆ خەیاڵی خوینەر بەجێ دەمێنێ. لە شوێنێکی دیکەدا باسی مێژووی دامەزراندنی شارەکە دەکات و لە یادەوەری باوکییەوە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت:

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل9.

**«باوکم بۆی گێڕاومەتەوە بە ئەسڵ خەڵکی یەکێک لە شارە کۆنەکانی ئەودیو سنوورین. کاتی خۆی ئەم شارە دروست کراوە میری گەورە نامەی بۆ دۆستەکانی خۆی لە شار و دەوربەر ناردووە، هەندێک خەڵکیان بۆ بنێرن بێن بۆ شارەکە و میرنشینەکەی ئاوەدان ببێتەوە و شارە نوێیەکەی گەورە بێت.»**[1]

باس لە سێ شاری جیاواز دەکات بێ ئەوەی ناوی هیچ کامیان بهێنێت، ئەگەر بکرایە و لانی کەم ناوی یەکێک یان دوو لە شارەکانی بهێنایە، لەوانەبوو خوێنەر وێنای شارێکی واقیعی لە سەردەمی یەکێک لە میرنشینە کوردییەکان بکردایە، بەڵام نووسەر زیرەکانە بەم جۆرە گێڕانەوەکەی داڕشتووە و نەیویستووە بە واقیعی ناوی شوێنەکان بهێنێت، چونکە ئەوەی کە دەگێڕێتەوە نە مێژوویەکی ڕاستەقینەیە و نە ڕووداوەکانی و بە گشتی بەسەرهاتەکەی ڕاستەقینە نین، بۆیە لە شارێکی ڕاستەقینەدا ڕوونادەن، بەڵکو چیرۆکەکە بە گشتی و شوێنی چیرۆکەکەش زادەی خەیاڵ و ئەندێشەی نووسەرن.

لە ڕۆماندا جگە لە شوێنی سەرەکی چەندین شوێنی لاوەکیش هەن لەناو شوێنە سەرەکییەکاندا وەک کوچە و کۆڵان و بازاڕ و ماڵ و دووکان و دەیان شوێنی بچووکی دیکە لە شارەکەدا کە لە ڕێگای گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە پێیان ئاشنا دەبین. کە باس لە کەسایەتی دێوانە دەکات، وا وەسفی دەکات کە شوێنی ئەو ناو خەڵکی نییە، بەڵکو پێویستی بە شوێنێکی باڵاتر لەو شار و کۆڵان و بازاڕانە هەیە کە خەڵکی ئاسایی تێدا دەژین، لێرەدا شوێن بە جۆریکی خەیاڵی وەسف دەکرێت لە باسی شارێک و وەسفی کۆشکێک تێدەپەڕێت و دەڵێت:

**«کاتێک خۆی بوو، کە بە کووچە تاریک و چۆڵەکاندا گوزەری دەکرد. شار لەبەرچاوی جەهەنەم بوو، یان باشتر بڵێم شوێنی ونبوونی مرۆڤ بوو.»**[2]

دێوانەی بیرمەند و لە دونیا گەیشتوو بە مانەوە لەو شارە ڕازی نابێت کە بە گوتەی خۆی مرۆڤەکان تێیدا وون دەبن، ئەو دەیەوێت ڕوو لە شوێنێک بکات کە بتوانێت تێیدا پارێزگاری لە تاکایەتی خۆی بکات، نەبێت بە بەشێک لەو گشتەی کە پێکەوە دەژین و بەیەک جۆر بیردەکەنەوە.

لە درێژەدا دەڵێت:

**«بە تەواوی پەرێشان بووبوو لەخۆی، کاتی هاتبوو ڕوو بکاتە شوێنێکی دی، شوێنێک شوێنێک زیاتر بۆخۆی بیگەڕێنێتەوە نەک بیداتە دەست دەرەوە،نەیدەویست ڕێگا کۆنەکە بگرێتەبەر و ڕوو بکاتە ئەشکەوت و کێوەکان، نەشیدەویست لەناو شارەکاندا بە تەواوی ون بێت.»**[3]

لێرەوە دەیەوێت ڕەخنە لە ژیانی ناو شارەکان و بە ئامێر بوون و نەمانی بیرکردنەوە و تاکایەتی مرۆڤ لە شارەکان بگرێت، هاوکات ناشیەوێ بگەڕێتەوە بۆ دواوە و وەک سۆفییە کۆنەکان ڕووبکاتە ئەشکەوت و کێوە دوورەکان، بەڵکو دەیەوێت شوێنێکی دیکە بدۆزێتەوە کە خەیاڵی پێی

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

ڕازی بێت، ئەویش ئەو شوێنەی کە بتوانێت لێیەوە پەیامێک بە گوێی خەڵکی بدات و کاریگەری لەسەر ئاینده هەبێت.

ڕووداوی سەرەکی ئەم ڕۆمانە هێرشی تورکەکانە بۆسەر شارەکە، کە بە هاوکاری برا ناوەنجییەکەی میر هێرشدەکەن و شارەکە دەگرن، میری گەورە ڕادەکات و سەردەمێکی نوێ لە ترس و تۆقاندن و کوشتن و برین دەستپێدەکات. ڕووداوەکە بە شێوەی شەڕێکی ڕاستەقینە باسی لێوە نەکراوە، شوێنیش بە ڕوونی دیارنییە. کاتێک لە شەڕێکی مێژوویی واقیعی دەدوێین دەبێت ناوی شوێنەکەش بهێنین، هەرچەندەش لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا باسی لێوە بکەین، چونکە جەنگی ڕاستەقینە لەسەر زەمینێکی ڕاستەقینەدا ڕوودەدات، بەڵام لە ڕۆمانی "دێوانەیەک لەم شارەیە" کاتێک گرنگترین ڕووداوی ڕۆمانەکە کە شەڕێکە و دەیگێڕێتەوە، هیچ باس لە شوێن ناکات، دەستپێکی شەڕەکە بگێرەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە شەوی شەڕەکە لە ماڵی خۆیانەوە بینیوویەتی و بیستوویەتی، باس لەوە دەکات لەگەڵ تاریک داهاتن و چوونەوەی خەڵکی بۆ ماڵەکانیان و داخستنی دووکان و بازاڕەکان، وردە وردە دەنگە دەنگ و هات وهاوار لە خوارووی شار دەست پێ دەکەن، ئەمانیش وەک خەڵکی دیکەی شار لە ترسدا لە ماڵەکەی خۆیان دەمێننەوە و ناچنە دەرەوە. بەم جۆرە باس لە شارەکەی دەکات لە شەوی شەڕەکەدا:

**«شارەکە وەک کەڕولاڵێکی شەکەت خۆی دابوو بە ئەرزا،لە سەد لاوە خەنجەری پێدا دەکرا و دەنگی لێوە نەدەهات.»**[1]

لە ڕاستیدا ئەم وەسفە وەسفی مەیدانی جەنگ نییە، لە واقیعدا کاتێک بە ڕاستی سووپایەکی بێگانە پەلاماری شارێک دەکەن، دوو حاڵەت هەیە، یان خەڵکەکە و هێزە سەربازییەکەی بەرگری دەکەن یان ڕادەکەن و شارەکە بەجێدەهێڵن. بەڵام نووسەر هیچکام لەم دوو ئەگەرە شیاوەی هەڵنەبژاردووە و شارەکەی بە تەسلیم بوویەکی بێدەنگ وەسف کردووە. مەیدانی جەنگ لە کەڕولاڵێکی بێدەنگ ناچێت، لە شەوی کوشتن و سوتاندن و برین و دەستدرێژی بێسنووردا ناکرێت شارێک بەو شێوەیە بێدەنگ بێت.

یەکێکی تر لە ڕووداوە دیارەکانی ئەم ڕۆمانە، ڕووداوی سووتاندنی قەیسەرییەکەیە، لەم ڕووداوە خۆی بۆخۆی دیارە کە شوێنەکەی ڕوونە قەیسەری شارەکەیە و لەناو بازاڕی شارەکەیە. بگێرەوەی هەمووشتزان خۆی بینەری ڕووداوەکە بووە، کاتێک شەو لە دەنگەدەنگی خەڵک بەخەبەر دێ و دەچێ باوکی خەبەردار دەکاتەوە، بەم جۆرە باس لە ڕووداوەکە و شوێنی ڕووداوەکە دەکات: **«لە ناوەڕاستی شار ئاگرێکی زۆر بەرز بووەتەوە و دەنگی خەڵکی دێت.»**[2]

لێرەدا هێشتا بەروونی دیار نییە شوێنە سەرەکییەکە کوێیە و چی لەو شوێنەدا ڕوویداوە، پاشان لە زاری دراوسێکەیانەوە دەبیستن کە **«کاک حەمە گیان، قەیسەرییەکەیان سووتاندووە، فریای کەلوپەلەکانتان بکەون.»**[3]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٧.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

ئەو کاتەیە کە خوێنەر تێدەگات شوێنی ڕووداوەکە قەیسەری یان بازاڕی سەرەکی شارەکەیە و سووتێنراوە. لەم ڕووداوەدا شوێن ڕوون و ئاشکرایە، بەشێکە لە بازاڕی شارەکە و سووتێنراوە. بەڵام بە گشتی شوێن یان فەزای ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکە نادیار و ناڕوونە. وەسفێکی باشی شوێن پێشکەشکراوە بەڵام ناو نەهێنراوە کە گرنگرین ئامرازە بۆ واقیعی بوونی شوێنێک. لە دوا بەشی ڕۆمانەکەشدا کاتێک بگێڕەوە شار بەجێدەهێڵێ و دەڕوا، بەڵام نە دەزانین بۆ کوێ دەڕوا نە دەزانین لە کوێ دەڕوا، ئەوەی بەدەستەوە دەدرێت ئەوەیە شارێکە و ئەم کەسە بەجێی دەهێڵێت. لە زاری خۆیەوە بەم جۆرە باس لە ڕۆیشتنی و دوا ماڵئاواییەکەی دەکات:

**«ئەو شارەی پڕبوو لە چیرۆکی سەیر و سەمەرە جێمهێشت. هەریەک لە ئێمە ڕۆژێک شارەکەی خۆی جێ دێڵێت. جێهێشتنی شارەکان بە ئارەزوو خۆشترە لە جێهێشتنێک بە ناچاری.»[1]**

هەموو ئەو گرفتانەی ئێستا بەرۆکی کۆمەڵگە و شارەکانی کوردستانی گرتووە، لە ناکۆکی مەزهەبی و ئایینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بگرە هەتا ناکۆکی حزب و براکان لەسەر پلە و پۆست و دەسەڵات، بە شێوەیەکی خەیاڵی لەم ڕۆمانەدا لە کات و شوێنێکی خەیاڵیدا خراونەتە ڕوو. ئەم ڕۆمانە ئەگەرچی مێژووی گێڕانەوەکەی کۆنە و باس لە کۆمەڵێک چیرۆک و بەسەرهات دەکات کە ڕەنگە لە ڕابردووی ئەم وڵاتەدا ڕوویاندابێت، بەڵام بە نەفەسێکی نوێخوازانە و زیندووی وا نووسراوە دەشێت وەک هەڵگری خەمی تاکی ئێستای کورد تەماشا بکرێت.

### وەسف لە ڕۆمانی: دێوانەیەک لەم شارەیە

لە پێکهاتەی هەر دەقێکی ئەدەبیدا، وەسف پانتاییەکی بەرچاو داگیر دەکات، وەسف ڕۆڵی دەبێت لە چێژبەخشین بە خوێنەر، لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدەبی هەر تێکستێک، ڕۆمان وەک دەقێکی ئەدەبی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا گەشەکردن خاڵی نەبووە لە وەسفی چڕ و پڕ و مانابەخش. لە ڕۆمانی کۆندا وەسف ڕۆڵی کاریگەری دەگێڕا لەوەی شتەکان بە واقیعی پیشانبدات، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا ئەرکی وەسف گۆڕاوە بۆ سەرنجڕاکێشکردنی وەسفکراو، ڕۆمانی نوێی کوردیش بەدەر نییە لەم بابەتە.

لە ڕۆماندا وەسف بۆ دروستکردنی وێنەی کارەکتەر و ڕووداو و شوێن و پێکهاتەکانی دیکەی ڕۆمان پێشکەش دەکرێت، لە ڕێی وەسفەوە جیاوازییەک لە نێوان دەقە ئەدەبییەکە و ئەو دەقە زانستی و مێژووییانەدا دروست دەبێت کە خوێنەر زوو لە خوێندنەوەیان بێزار دەبێت، لە ڕێگای چێژی وێناکردن و هەستکردنەوە خوێنەر لە خوێندنەوە بەردەوام دەبێت.

ڕۆمانی (دێوانەیەک لەم شارەیە) یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە بە شێوازێکی نوێ وەسفی توخمە پێکهێنەرەکانی دەکات، وەسفەکە بەشێکە لە پرۆسەی گێڕانەوەکە و ئاوێتەی یەکتربوون، نووسەر لە ڕێگای وەسفەوە سەرنجمان بۆ ئەو گۆشە جیاوازانەی ژیان ڕادەکێشێت، کە ڕەنگە هیچکات لە ژیانی خۆماندا بیرمان لێنەکردبێتەوە، زۆر شارەزایانە لە ڕێگای وەسفەوە جوانی و دزێوییەکانی ژیان دەخاتەڕوو.

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٤.

ئەگەر لە وەسفی شوێن لەم ڕۆمانەدا دەستپێبکەین، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ شوێنی گرنگ و سەرەکی ڕۆمانەکە کە شارەکەی میر هودارە، نووسەر خۆشی بەم جۆرە ناوی شارەکە دەهێنێ، لەناو شارەکەشدا چەند شوێنێک هەن دەبنە شوێنی ڕووداوەکان و بڕیارەکان، یەکێک لە شوێنە دیارەکان کە بە شێوەیەکی ئەدەبی وەسفی دەکات و دەیخاتە ڕوو، کۆشکی میری گەورەیە کە بەشێکی زۆر لە کێشە و ململانێ و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لێرەدا ڕوودەدەن. نووسەر بەم جۆرە باس لە دیزاین و شێوەی دەرەوە و ناوەوەی کۆشکەکە دەکات :

**«کۆشکەکەی ماڵی میر دیوارەکانی بە بەردە ڕەشە چوارگۆشەکان دروست کرابوون، بۆ دروست کردنی چەندین وەستای دەستڕەنگینی شاری سنە ئیشیان تێدا کردبوو، ژێر زەمینەکەی هۆڵێکی گەورەی پڕ لە دانەوێڵە. نهۆمی یەکی هەیوانێکی گەورە، بە دوو کۆڵەکە داری نەخشکێشراو خۆی ڕاگرتبوو. دیوەخانەکەش کەوتبووە لای ڕاستەوە و لە پەنجەرەیەکی شینی گەورەوە دەیڕوانییە سەر ڕێگاکەی نێوان خانەقا و کۆشکەکە، میری گەورە بۆخۆی لە سەری سەرەوە دادەنیشت و ئەشرافەکانی شاریش بەڕیز وەک کۆتری سەرمابردە لە ژێر پاساردا، لە تەنیشت دیواری ژوورەکە دادەنیشتن.»**[1]

نووسەر بە زمانێکی سادەوە دەستی بە گێڕانەوە کردووە، وەک ئەوەیە ڤەگێر لە تەنیشتت دانیشتبێت و باسی ئەم شوێنەت بۆ بکات. وەسفەکە لە ماڵ و کۆشکی میر و کەسایەتییە دەوڵەمەندەکانی سەدەی ڕابردوو دەچێت کە لە سەدەی ڕابردوودا ژیاون، تەنانەت کاتێک دەڵێت: «هەیوانێکی گەورە بە دوو کۆڵەکە داری نەخشێنراو خۆی ڕاگرتبوو.» یەکسەر خوێنەر خەیاڵی بۆ لای ئەو خانووە کەلەپوورییانە دەچێت ئێستا لەناو قەڵای هەولێر ماون و ماڵی بازرگان و میر و سەرۆک عەشیرەت و دەوڵەمەندەکانی سەدەی رابردوو بوون. بۆیە ئەم وەسفەی ماڵی میر هەم سەرنجڕاکێش و چێژێکی زۆری تێدایە، هەم زۆر واقیعییە. پاش سووتاندنی سۆزانیخانەکە و کوشتنی ژنەکان، کاتێک نووسەر وەسفی شوێنی ڕووداوەکە دەکات، لە وەسفی ئاسایی و واقیعی دەچێتە دەرەوە، هەرچەند دیمەنەکەش لە پێشچاوی خوێنەر دروست بکات، نەیتوانییوە باوەڕ بە خوێنەر بهێنێ کە ڕاستە، وەسفەکە بەم جۆرەیە :

**«خوێنە ئاڵەکەی ژنان بەناو کۆڵانەکاندا قەتارەی بەستبوو، تا ئەم دواییە خوێنەکە وەک خۆی مابووەوە. چەند جار لەو کۆڵانانەوە چوومەتە بازاڕ،ئەوەندە جار گوێم لە قیژەی ژنەکان و پێکەنینی بەردەوەشێنەکان بوو، پەڵە خوێنەکانیان وەک شاهیدێک کاڵ نەبووبووەوە. هەتا شارەکەشم جێهێشت وەک خۆی مابووەوە، دوایی من نازانم چی بەسەرهات و چۆن پاکیان کردەوە. لەوانەشە تا ئێستاش هەر مابێت.»**[2]

خوێنەر دەزانێت خوێن و پەڵەی خوێن لەو جۆرە پێکهاتانەن زوو لەسەر زەوی و کەل و پەلەکان دەچنەوە، ئەگەر وەرزی هاوین بێت لەبەر هەتاو ڕەش دەبنەوە، بە ئاڵی نامێنن، ئەگەریش وەرزی باران و زستان بێت بە ئاوی باران دەشۆردرێنەوە، ناکرێت ماوەیەکی زۆر وەک ئەوەی کە نووسەر دەڵێت خوێنی ڕژاو لە کۆڵانەکان بە ئاڵی مابێتەوە، پاشانیش کە دەڵێت هەرجارێک کە لەوێوە دەچووم گوێم لە قیژەی ژنەکان و پێکەنینی بەرد وەشێنەکان دەبوو، لێرەدا وەسفەکە دەبێتە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥.

وەسفێکی ناواقیعی و خوێنەر باوەڕی پێناکات، دەکرا بیگوتبا هەستێکی لەو جۆرەم بۆ دروست دەبێت. ئەوکات واقیعی تر دەینواند.

بە گشتی وەسف لە ڕۆمانی (دێوانەیەک لەم شارەیە) وەسفێکی پوخت و بە زمانێکی سادە پێشکەشکراوە، لە هەندێک شوێندا نووسەر ویستوویەتی شتەکان وەک خۆیان بخاتەڕوو، لە هەندێک شوێنی دیکەش زیادەڕەوی و وەسفی ناواقیعی بەرچاو دەکەون. بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەشدا وەسفکردن لەم ڕۆمانەدا لە ئاستێکی ئەدەبی بەرزدایە، بەشێکی گرنگ و کاریگەرە لە پڕ چێژ کردن و سەرنجڕاکێشکردنی ڕۆمانەکە.

**- ڕۆمانی شازادە و شاعیر لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا**

**- ناساندنی ڕۆمانی شازادە و شاعیر**

ئەم ڕۆمانە یەکێکە لە ڕۆمانە ناسراوەکانی (خوسرەوجاف) کە ساڵی (٢٠١٨) بە چاپی گەیاندووە. ڕۆمانەکە هەوڵێکە بۆ ساغکردنەوەی ژیانی شاعیری گەورەی کورد (خدری ئەحمەد شاوەیس) ناسراو بە (نالی)، وەک خۆی دەڵێت بەشێکی زۆر لە کتێبخانە و ئەرشیفخانەکانی وڵاتانی ئێران و تورکیا گەڕاوە، سەردانی شوێنی ژیان و لە دایکبوونی شاعیر و دانیشتنی بێ شوماری لەگەڵ خزم و ناسیاوانی (نالی)ئەنجامداوە. تاکو چەندین زانیاری نەبیستراوی بەدەست گەیشتووە و بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە بەکاریهێناوە.

ڕۆمانەکە لە سەرەتادا لە زاری کەسێکی سەر بە هۆزی جاف دەگێردرێتەوە، کە لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەدوای زانیاری و دۆزینەوەی گۆڕی (نالی) دەچنە ئیستەنبوڵ لە وڵاتی تورکیا. لەوێ پارێزەرێک دەگرن و لە ڕێگەی یاساییەوە دەچنە ئەرشیفخانەی ڕۆژنامە کۆنەکانی تورکیا، لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا ڕۆژی کۆچی دوایی (نالی) دەبیننەوە، هاوکات ناوی خاتوونێکیش لە هەواڵنامەکەدا هاتووە وەک هاوسەری "نالی". ئەمە دەبێتە ڕێبەرێک بۆ دۆزینەوەی بنەماڵەی ئەو خاتوونەی کە هاوسەری نالی شاعیر بووە، تاکو دەگەنە ماڵی یەکێک لە نەوەکانی ئەو بنەماڵەیە، کە لە ڕێگای باپیرییەوە چەند دەستنووسێکی کۆنی هەڵگرتووە، کاتێک دەستنووسەکان دەخوێننەوە تێدەگەن ئەمە دەستنووسی خودی (نالی)یە لەگەڵ چەند شیعرێکدا، دوای ئەوە ڤەگێر دەبێتە (نالی) شاعیر، چونکە دەستنووسەکە باس لە ژیان و بیرەوەرییەکانی شاعیر دەکات، لە خاک و خۆڵەوە و لە قۆناغی منداڵییەوە هەتا چوونی بۆ حەج و گەڕانەوەی بۆ تورکیا و تا نزیکی وادەی کۆچی دوایی شاعیر.

ڕۆمانەکە پێکهاتووە لە چەند چیرۆکێک لەناو یەک چیرۆکدا. چیرۆکی هۆزی جاف و داب و نەریت و شێوازی ژیانیان، میرنشینی بابان و سلێمانی، میرنشینی ئەردەڵان و سنە، کۆتاییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و کۆدێتا و شۆڕش و شەڕەکانی وڵاتانی ناو ئیمپراتۆرییەت، هەژموونی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و ڕێکخراوی جیهانیی ماسۆنیەت و بڵاوبوونەوەی بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەشێکن لەو کۆچیرۆکانەی کە پێکهاتەی گشتی ڕۆمانەکە پێکدەهێنن.

خاڵێکی دیکە کە لەم ڕۆمانەدا بە دیاریکراوی و وەک تێمای سەرەکی ڕۆمانەکە کاری لەسەر کراوە بریتییە لەو تێکستەی لە دیوانەکەی نالیدا هەیە و گوایە بۆ مەستوورەی نووسیوە. ڕۆماننووس پێی وایە ئەم شیعرە هی نالی نییە، بۆیە لە ڕۆمانەکەدا چیرۆکێکی دیکەی وەک چیرۆکی ڕاستەقینەی

پشت نووسینی تێکستەکە و خاوەنی ڕاستەقینەی تیکستەکە. بەڵام ئەوەی کە کەلێنێکی هێشتووەتەوە ئەوەیە ڕۆماننووس لە شوێنێکدا ڕۆمانەکەی کۆتایی پێدێنێت، ڕوونی ناکاتەوە چۆن ئەم تێکستە خراوەتە نێو دیوانەکەی (نالی).ئەمەش گرفتێکە لەم ڕۆمانەدا، چونکە کارکردن لەسەر تێما سەرەکییەکەی بە ئەنجام ناگات.

کارەکتەرانی ڕۆمانەکە بە گشتی کارەکتەری واقیعین. پێشتر لە ژیاندا بوون یان دەکرێت هاوشێوەیان لە ژیان هەبێت. ڕووداوەکانیش ئەگەرچی بەشێکیان خەیاڵین بەڵام مومکین و ڕێتێچوون، دەکرێت ڕووداوی هاوشێوە لە دونیای ڕاستەقینەشدا ڕووبدەن، هاوکات شوێنیش لەم ڕۆمانەدا ئەو شوێنانەن کە لە ڕابردوو و ئێستادا هەن و شوێنی ڕاستەقینەی ژیان و تەمەنی "نالی"شاعیرن. بەڵام کات ڕوون نییە چ ساڵ و سەردەمێکە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕۆمانەکە بەشێکی زۆری داهێنراوی خەیاڵی نووسەرە، بەشێکی چیرۆکەکە زۆر جیاوازە لەو هەوڵە زانستییانەی بۆ ساغکردنەوەی ژیان و بەرهەمی "نالی"دراون. ڕۆمانەکە بەرهەمێکی ئەدەبی ئاست بەرز و پڕ چێژە، جگە لە بەهای هونەریی و ئەدەبی دەکرێت وەک ڕۆمانێکی مێژوویش سوودی لێوەربگیرێت. لە بەشەکانی داهاتوودا، هەوڵدەدەین بە نمونەی تێکست و شیکردنەوە ئاستی بەکارهێنانی خەیاڵ و واقیع لە ڕۆمانەکەدا دیاری بکەین.

**کارەکتەری واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: شازادە و شاعیر**

هەموو ڕۆمانێک گێڕانەوەی بەسەرهاتی کارەکتەرێک یان چەند کارەکتەرێکە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا. ئەم ڕۆمانەش گێڕانەوەی بەسەرهاتی شاعیری ناسراوی کورد "نالی"ە، کارەکتەری سەرەکی و ڤەگێڕی هەمووشتزانی ڕۆمانەکەش خودی نالییە کە کارەکتەرێکی واقیعییە و لە جیهانی واقیعیدا بوونی هەبووە و هەمو خوێنەرێکیش ئەو زانیارییە دەزانێت.

وەک لە ناونیشانی ڕۆمانەکەشەوە دیارە، یەکێکی تر لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی (مەستورەی ئەردەڵان) کە شاعیر لە ناونیشانەکەیدا بە شازادە ناوی بردووە، ئەمیش کارەکتەرێکی ڕاستەقینە واقیعییە و بەشێکە لە مێژووی ئەدەبی کوردی. هاوکات هەریەک لە (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) و باوکی شاعیر (ئەحمەد بەگی جاف)، براگەورەی نالی (قادر بەگی جاف) ، (کەیخوسرەو بەگی جاف) ، (سلێمان پاشای بابان) ، (مەلا جەمیل سدقی زەهاوی) چەندین کەسایەتی دیکە کە لە ڕابردوودا بەشێک بوون لە مێژووی شاری سلێمانی و هۆزی جاف.

نووسەر بۆ پرۆسەی کارەکتەر سازی لەم ڕۆمانەدا زیاتر پشتی بە واقیع بەستووە و خۆی پاراستووە لە بەکارهێنانی کارەکتەری خەیاڵی، بەڵکو تەنها لەو بەشانەدا کە مێژووی ژیانی (نالی) بە تەواوی ناڕوون و نادیارە و لە وڵاتانی سوریا و تورکیایە، چەند کارەکتەرێک بەشداری لە تەواوکردنی چیرۆکەکەدا دەکەن، ئەمەش داهێنراوی خەیاڵی نووسەرن، بەڵام دەشێ لە واقیعیشدا کارەکتەری هاوشێوە هەبووبن یان هەبن.

لەبارەی پێشکەشکردنی کارەکتەرەکانییەوە، ئەوەی ناسنامەیەکی واقیعی بە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانەدا دەدات، بە تەنیا ئەوە نییە کارەکتەری ڕاستەقینەی ناسراون، بەڵکو نووسەر لە پیشاندانی کەسایەتی و ڕوخسار و تایبەتمەندییەکانی کارەکتەرەکانیدا سوودی لە واقیعی مرۆڤایەتی وەرگرتووە

و خۆی لە بەکارهێنانی وەسفی سەیر و سەمەر و خەیاڵی ئەوتۆ پاراستووە کە عەقڵ قبوڵیان ناکات، کارەکتەری سادە وەک ئەوەی کە دەشێ هەبن، هەم قسەی باش هەم قسەی خراپ و ڕەفتاری باش و خراپیش ئەنجام دەدەن.

چونکە نالی خۆی بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە، ناکرێت خۆی وەسفی خۆی بکات، بەڵام بەشێکی زۆر لە کارەکتەرانی دیکە بەشێوەی جیا باسیان لێوەکراوە و بە خوێنەر ناسێندراون. یەکێک لەوانە کارەکتەری (مەستورەی ئەردەڵان)ە، نالی لە ڕێگەی ئەم تێکستەوە دەیەوێت ڕاددەی تێگەیشتن و خوێندەواری مەستوورە بە خوێنەری کورد بگەیەنێت، کاتێک بۆ یەکەم جار یەکتر دەبینن و مەستورە پرسیارێکی ئاراستە دەکات، سەرسامی خۆی بە وردبینی و زیرەکی ئەم خاتوونە دەردەبڕێت، بەم جۆرە :

**«ماهشەرەف پرسی: مامۆستا دەتوانم پرسیارێک بکەم.**

**فەرموو.**

**مامۆستا تۆ لە شیعرە فارسییەکانتا پەیڕەوی چ شێوازێکی شیعریت.**

**پێم سەیربوو کچێک لەو تەمەنەیدا پرسیاری وا بکا، یا بۆ خۆی بە وردی ئاگاداری شێوازەکانی شیعری فارسییە یا دەیەوێ بزانێ من ئەو شێوازانەی دەناسم.»**[1]

نووسەر لە ڕێگای دیالۆگێکی کورتی نێوان هەردوو کارەکتەری نالی و مەستوورە، زیرەکی و شارەزایی و ئاستی بەرزی خوێندەواری مەستورە بۆ خوێنەر دەردەخات، هەر لە درێژەی هەمان دیالۆگدا و لە وەڵامی نالیدا شارەزایی نالی لە شێوازەکانی شیعری فارسی و ڕابەرانی دەردەخات و ئەمەش جۆرێکە لە پیشاندانی کارەکتەرانی ڕۆمان.

هەرچەندە بە درێژایی چیرۆکەکە (نالی) لە پێگەی خۆیدا پیشاندراوە و وەسفێکی واقیعی بۆ کراوە بەڵام لە چەند شوێنێکدا چەند وتەیەک هاتوون ناکرێت ئەو قسانە بدرێنە پاڵ (نالی) بەتایبەت ئەمە لە کاتێکدایە کە نووسەر خۆی بۆیە ئەم ڕۆمانەی نووسیوە تاکو بڵێت ئەو شیعرەی کە پڕە لە وشە و دەستەواژەی ئیرۆتیکی و باو لە (نالی) ناوەشێتەوە.

نموونەی ئەو وتانەی کە لە ڕۆمانەکەدا دراونەتە پاڵ کارەکتەری (نالی) ناکرێت وتەی ئەو کەسێتییە بەرزە بن. لێرەدا چەند نموونەیەک لە زاری (نالی) خۆیەوە دەخەینەڕوو: **«پیاو لە گەوادی بترسێت ژن ناهێنێت.»**[2] هەرچەندە ئەمە قسەیەکی نەستەقی کوردیش بێت لە کەسایەتییەکی وەک (نالی) ناوەشێتەوە، لەناو خەڵکیدا و لەناو دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا بیڵێتەوە، بەتایبەت ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا بە شێوەیەکی دیاریکراو لەسەر ئەوە کاردەکات بە خوێنەری بسەلمێنێت کە (نالی) شاعیر دوورە لەوەی تێکستێکی (ئیرۆتیکی) بنووسێت،بەڵام چەند قسە و دەربڕینێک دەداتە پاڵ کارەکتەری (نالی) کە هەندێکجار (ئیرۆتیکی) و هەندێکجار دەستەواژەی تایبەت بە (هەجوو)ی بەرامبەرە.

## ڕووداوی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: شازادە و شاعیر

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە زۆربەیان ڕووداوی ئاسایین و دەکرێت ڕووبدەن، جگە لە ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە کە گرفتیکە لە شاری سنە دێتە بەردەم (نالی) و بە هۆیەوە دەگیرێت و بە شێوازێکی زۆر خراپ ئازار دەدرێت و شار بەدەر دەکرێت. ئەم ڕووداوەش دەکرێت لە جیهانی واقیعیدا ڕووبدات، ئەوەندە هەیە بۆ شاعیرێکی پایەبەرزی وەک (نالی) کە لەو کاتەشدا مامۆستای

[1] خوسرەو جاف، شازادە و شاعیر ژیانی نالی، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٨، ل ٢٨٥.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

شیعر و مەلای مزگەوتی (دارالاحسان)دەبێت لە سنە، کەمێک زەحمەتە کەسێک لەو پلەو پایەیەدا ئاوا ئازار بدرێت و سوکایەتی پێبکرێت و شاربەدەر بکرێت.

کورتەی ڕوداوەکە بریتییە لە دژایەتی کردنی مەلا (مەقسوود) ناوێک لەگەڵ (نالی)دا، ڕق و کینەکە لە دامەزراندن و لەسەرکار دانانی (نالی) لە مزگەوتی (دار الاحسان) دەست پێ دەکات، تا کار دەگاتە ئەوەی مەلا (مەقسوود) تێکستێک بە ناوی (نالی)یەوە بۆ (مەستوورە) بنووسێت، کە هەمان ئەو تێکستەیە کە لە دیوانەکەی (نالی)دا هەیە. دواتر ئەم تێکستە ئاشکرا دەبێت و (نالی) دەستگیر دەکرێت و ئازاری زۆر دەدرێت، دواتر بە هەوڵی (مەستورە) و (مەلا خورەم) لە بری سزای کوشتن سزای ڕسواکردن و شەرمەزارکردن و دەرکردنی لەناو شاردا بەسەردا جێبەجێدەکەن.

بەشێک لە ڕووداوەکە لە ڕۆمانەکەدا بەم جۆرە هاتووە: **«دوای دوانزە ڕۆژی تر زیندان سواری گوێدرێژێکیان کردم،بەناو بازاڕدا گێرامیان و لە زۆر لاوە درامە بەر توێکڵە شووتی وو میوەی گەنیاو و شار بەدەریان کردم.»**[1] نالی هەر خۆی دەڵێت: **«مامۆستای دارولئیحسان ڕێز و پێگەی خۆی هەیە،هەموو کەس ناتوانێ بێ ڕێزی پێ بکا...»**[2]

کەواتە مامۆستایەک لەم پێگەیەدا ناکرێت و ناگونجێت، بە ئاسانی تاوانێکی بەسەردا ساغ بکرێتەوە و ڕووبەڕووی سزا و گرتن و ئەشکەنجە بکرێتەوە. ڕووداوەکە ڕووداوێکی خەیاڵییە و لەگەڵ واقیعی کارەکتەر و دۆخەکەدا ناگونجێت.

بە درێژایی ڕۆمانەکە دەیان ڕووداوی سەرەکی و نا سەرەکی هەن، ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی چیرۆکەکەدا هەیە، یەکێک لە ڕووداوە سەرنجڕاکێشەکانی پەلاماری سوپای ئێرانە بۆسەر میرنشینی بابان، بەشداریکردنی هۆزی جافە لە شەڕەکەدا، کە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژووییە و نووسەر لێرەدا بە فۆرمی گێڕانەوە جارێکی دیکە دەیخاتەڕوو. دوای پیشاندانی وردەکارییەکانی جەنگ و ئامادەکاری بۆ جەنگەکە دەستپێکردنی شەڕەکە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە:

**«دوای چەند وردە شەڕ و پێکدادانێک لەلای قەرەگوڵدا شەڕە گەورەکە ڕوویدا. بەکارهێنانی تۆپ و تفەنگ و شمشێر و تیر و کەوان و شمخاڵو ئەوەی ئامێری کوشتن بوو بەکاریان هێنا. دەمەو ئێوارە شڵەژاوی کەوتە ناو لەشکری بەغدا و مەحموود پاشاوە. لەشکری ئێران دەکۆشان گەمارۆی هێزی دوژمن بدا. سەرەنجام لەشکری مەحموود پاشا کەوتنە بیری خۆ ڕزگارکردنەوە تا دەهات تەنگیان پێ هەڵدەچنرا،لە ئاکامدا کەیخودا و بڕێک لە فەرماندەی لەشکری بەغدا دەستگیرکران. مەحموود پاشا توانی خۆی لە بازنەی گەمارۆکە دەرباز کات و خۆی بگەیەنێتە بەغدا، عەبدوڵڵا بەگی کەیخوسرەو بەگ لەشەڕدا بریندارکرا، عەبدوڵڵا پاشا فەرمانڕەوایی سلێمانی گرتە دەستەوە.»**[3]

جگە لەوەی ئەم شەڕە ڕووداوێکی واقیعی مێژووییە، گێڕانەوەکەشی گێڕانەوەیەکی واقیعی و پڕ لە وردەکاریی و شارەزاییە. چۆنییەتی شەڕو ئامێری بەکارهاتوو لە شەڕدا و شوێنی شەڕەکە، لایەنەکانی بەشدار لە شەڕەکە، سەرکردایەتی شەڕەکە و ئەنجامی شەڕەکەش بە دروستی و بێ کەم

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٣.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦.

و کورتی خراونەتە ڕوو، وەک ئەوەی نووسەر باس لە شەڕێکی ڕاستەقینە بکات خۆی تێدا بەشداربووە، بینەری ساتە وەختەکە بووە. دەیان ڕووداوی دیکە لەم ڕۆمانەدا دەبینرێت کە هەریەکەیان شایەنی ڕوونکردنەوە و هەڵوەستە لەسەرکردنە، بەڵام لەبەر سنورداری لێکۆڵینەوەکە، ناکرێت باس لە هەموویان بکرێت.

**شوێن و کاتی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: شازادە و شاعیر**

شوێن و کات مەیدان و زەمەنی ڕووداوەکانن، هیچ ڕووداوێک لە دەرەوەی شوێن و کاتدا ڕوونادات، هیچ چیرۆکێکی واقیعیش بەبێ شوێن و کات نابێت. لە ڕۆمانە خەیاڵییەکاندا زۆربەی جار شوێن و کات نادیار و نامۆ و خەیاڵین. بە پێچەوانەشەوە لە رۆمانی واقیعیدا شوێن و کات بوونی واقیعی و هەستپێکراویان هەیە. لە رۆمانی (شازادە وشاعیردا)، شوێن و کات بە گشتی ئاسایی و واقیعین، ئەگەرچی بەشێکی ڕۆمانەکە خەیاڵییە، بەڵام چونکە گێڕانەوەکە باس لە ژیانی کارەکتەرێکی واقیعییە، زۆربەشمان تا ڕاددەیەک مێژووی ئەو کارەکتەرە دەزانین، بۆیە ناکرێت شوێنەکان شوێنی ناڕوون و خەیاڵی بن.

پانتایی شوێن لە ڕۆمانەکەدا فراوان دەبێتەوە تا ڕاددەی چەند وڵاتێک و لەگەڵ سەفەر و ڕۆیشتنی کارەکتەرەکەدا شوێنەکەش دەگوازێتەوە. چەند وڵاتێک لەوانە (کوردستان، عێراق، ئێران، تورکیا ، سوریا ، سعودییە، میسر) وەک یەکەی دیاری شوێن لە ڕۆمانەکەدا هەن، هاوکات شارەکانی: (سلێمانی، سنە، ئیستەنبوڵ، دیمەشق، مەککە) بەشێکن لە پێکهاتەی شوێن لە ڕۆمانەکەدا.

لەناو ئەم یەکە گەورانەی شوێندا، یەکەی بچوکتری شوێن بەرچاو دەکەون وەک: مزگەوت و ڕێگا و شەقام، قاوەخانە، کۆشکی سوڵتان و پاشاکان. ئەمانیش هاوشێوەی شوێنە سەرەکییەکان زۆربەیان ڕاستەقینەن و بوونی هەقیقییان لە دنیای ڕاستەقینەدا هەیە.

نموونەیەک لە شوێنی واقیعی لە ڕۆمانەکەدا **«خاک و خۆڵ و دەوروبەرەکەی نە مزگەوتی تێدا دەبینرا، نە خانەقا و تەکیە... نزیکترین مزگەوت مزگەوتی زەردی "ئاوا"ی قەرەداغ بوو.»**[1]

ئەو شوێنانەی لەم تێکستەدا ناویان هاتووە، سەرجەمیان شوێنی واقیعین ئێستا و ڕابردووش بوونیان هەبووە. نموونەیەکی دیکەی کات و شوێن: **«لە بەرە بەیانێکدا مەولانا و ماڵ و منداڵی شاری سلێمانییان بەرەو بەغدا بەجێهێڵا.»**[2]

لێرەدا کاتەکە ڕوون نییە، ئایا بەرەبەیانی کام ڕۆژ و ساڵ، چونکە ئەو ڕووداوە ڕووداوێکی واقیعی لەبیرنەکراوە، بۆ پەیڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی، بۆیە پێویستبوو، کاتەکەی دیارتر بووایە، بەڵام شوێن زۆر بە دروستی باسکراوە، (مەولانا) شوێنێک بەجێدەهێڵێت ئەویش سلێمانییە، دەچێت بۆ شوێنیکی تر ئەویش بەغدایە، کەواتە کات و شوێن لەم تێکستەدا هەن، بەڵام کات ناڕوونە، بە پێچەوانەشەوە شوێن وەک ئەوەیە کە لەواقیعدا هەیە.

1 سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.
2 سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧١.

نموونەیەکی دیکە بۆ کات و شوێن ئەو دەمەیە کە (نالی) شانازی بە خۆیەوە دەکات، بەوەی کە لە منداڵێکی کۆچەریی دەوارنشینەوە گەیشتووەتە کۆشکی سوڵتانەکانی عوسمانی و شارانی گەورەی دنیا و مەجلیسی گەورەپیاوان، دەقەکە بەم جۆرە هاتووە :

**«منێکی خاک و خۆڵنشین لە دایکبووی ژێر ڕەشدەواری هەوارگەیەک لە هەوارگەکانی هۆزی جاف لە کام دۆڵا لەجێ بەندەن و لە وەرگایەکدا لە بندەست چ کانی و ڕووبارێکدا لەدایکبووم، ئەوەیان نازانم! ڕۆژ چ مانگێک ساڵی بەفرە زۆرەکە یا تاعوونە ڕەشەکە یا پەتا هەموو جێگرەکە، ئەوەش نازانم!»**[1]

هەوارگەکانی هۆزی جاف لە هەردوو کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشور بێ شومارن، بەو پێیەی کە دەڵێت خۆی نازانێت لە کام هەوارگە لەدایکبووە، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر ڕوونکراوەتەوە کە لە خاک و خۆڵ لەدایکبووە، کەواتە شوێنی ئەم تێکستە خەیاڵی فراوانی نووسەرە، لەلایەکی دیکەشەوە، کاتەکەشی دیار نییە، وەک مێژوو و بەرواری ڕاستەقینە، ئەگەرچی ئەو جۆرە کاتانە وەک ساڵی بەفرە زۆرەکە و تاعوونەکە لە کوردەواریدا بەکاردێن، بەڵام لە کاتێکدایە کە نەزانرێت کام ساڵ و مانگ و ڕێکەوت.

لە ڕۆمانی (شازادە و شاعیر) دا، کات و شوێن وەک دوو بوونی لەیەک دانەبڕاو، وەک تەواوکەری ماناکانی ڕووداو و بەسەرهات، ئامادەیی تەواویان هەیە، بەڵام ئەوەی کە زۆر ڕوون و دیار و واقیعییە بریتییە لە شوێن لە ڕۆمانەکەدا، ئەگەرچی چەند ڕووداوێکی مێژوویی واقیعیش لە ڕۆمانەکەدا هەن، بەڵام کات وەک یەکەیەکی هەقیقی نەهاتووە و بەردەوام لە دۆخی گریمانەیی و خەیاڵیدایە.

**وەسفی واقیعی و خەیاڵی لە ڕۆمانی: شازادە و شاعیر**

لەم ڕۆمانەدا پارچە وەسفییەکان پانتاییەکی گەورە لە ڕۆمانەکەدا داگیر دەکەن، هاوکات پڕن لە زانیاری نوێ دەربارەی ئەو شوێن و کەل و پەل و ساتەوەختانەی وەک بینای هونەریی چیرۆکەکە لە ڕۆمانەکەدا بەشدارن. هێزی وەسف لە ڕۆمانەکەدا لە ئاستێکدایە گەر بێتوو پارچە وەسفییەکانی لێ دەربهێنین هەست بە لەنگی و نا هاوسەنگییەکی تەواو دەکەین، دەقەکەش لە دەقێکی مێژوویی ڕووت نزیک دەبێتەوە.

نووسەر بەوپەڕی وردبینییەوە توانای هونەرمەندانەی خۆی خستووەتەگەڕ بۆ دروست کردنی چەندین تابلۆی وێنایی لە خەیاڵی خوێنەردا، بێگومان ئەمە پێویستی بە شارەزایی تەواو و سەلیقەی بەرزی هونەری هەیە. بە درێژایی ڕۆمانەکە و لە چەندین شوێنی جیا جیادا چەند تێکستێکی وەسفیی باڵا بەرچاودەکەون، هەریەکەیان بۆخۆی شاکارێکە، ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو پارچە وەسفییانە لە سنوری واقیعدان و نەکەوتوونەتە ناو بازنەی خەیاڵ. دەتوانین چەند نموونەیەکی تێکستە وەسفییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکەمان بخەینەڕوو. لە وەسفی کۆشکی خوسرەو ئاوادا کە یەکێکە لە شوێنەوارەکانی ئەمارەتی ئەردەڵان لە سنە و ئێستاش ماوە دەڵێت:

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٥.

**«کۆشک و ساختمانی خوسرەو ئاوا سەرسامی کردم،دارودرەخت و حەوز و فەوارە و گوڵوگوڵزار و ڕەنگ ئامێزی دەرودیوار و جاتمە و گوڵتە و موقەرنەس و شووشەی ڕەنگی و مەشخەڵانێک بوو لە زەرافەت و ڕەنگ و ڕواڵەت و تەناسووب.»**[1]

نووسە زیرەکانە بە سەرسام بوونی خۆی بە شوێنەکە دەست پێ دەکات. بەم جۆرە بیروهزری خوێنەر بۆ خوێندنەوەی وەسفێکی زۆر سەرنجڕاکێش لە بارەی شوێن یان شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشەوە ئامادە دەکا. ورد و بە دیققەت لە دار و درەختی حەوشەی کۆشکەکەوە دەستی پێکردووە هەتا دیوار و شووشەی پەنجەرەکان و وردەکارییەکانی دیکەی ناوکۆشک، وەسفەکە وەسفێکی واقیعییە، بەڵام زۆر سەرنجڕاکێشە و وشەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکارهاتوون.

لە وەسفی وەرزی بەهاریشدا، شاکارێکی دیکە دەنەخشێنێت، بێ ئەوەی بڵێت مەبەستی وەرزی بەهارە لە شارەزوور و دۆڵ وچیاکانی کوردستان، بەم جۆرە دەستپێدەکات :

**«دەشت ودەر مەخمەڵ ئاسا سەوزی دەکردەوە، دارو درەختەکان شانازیان بە گەڵا تازە وەدەرهاتووەکانیانەوە دەکرد، تیشکی هەتاو لەناو ئاونگدا دەبریسکایەوە، وردەجۆگەلە و ئاوی کانیاوی بەرەلای تازە تەقیو، لە زۆربەی دامێنی گرد و چیاکانەوە بەڕێ کەوتبوون. تاشەبەردەکان دڵۆپ دڵۆپ ئاویان لێ دەچۆڕا، بەفر بە لاپاڵ و نزارەکانەوە لاسارانە وەدەردەکەوت.»**[2]

کاتێک لە خوێندنەوەی ئەم تێکستە دەبینەوە و چاومان دادەخەین، دیمەنەکانی وەرزی بەهار و بەیانییەک کە تازە خۆر هەڵدێت، لە خەیاڵماندا دەنەخشێ، هەمووان دەزانین ئەو دیمەنانە و زۆر زیاتریش لە وەرزی بەهاردا لە کوردستان دەبینرێت، بۆیە ئەگەر زیاتریش بووایە دەمانگوت وەسفێکی واقیعییە.

لە وەسفی (مەستورە)ی ئەردەڵاندا دەڵێت : **«ئەستێرە شەڕەف و هەتاو شەڕەف و ڕۆشنایی شەڕەف و زەرافەت شەڕەفی لایەقە نەک تەنها ماهشەڕەف، شەڕەف کەهکەشانی پێ بوترێ یەشتا کەمە... بەهار شەڕەف، هەواو هەناسە شەڕەف بۆ ئەو پەری لە ئاسمان وێڵە کەمە، هەرچی بۆ ئەو شازادە سەلارە بە ویقارە، ناز پەروەرە بوترێت کەم وتراوە. ئەم خانمە لە مۆڵگەی فریشتەکان وێڵ بووە و کەوتووەتە سەر زەوی. زەرافەت ،جوانی، عەقڵ و هۆش و دیرایەت، وردەکاری ،سەواد، ئەوانە هەموو خووخسڵەتی پەریانی ئاسمانە. لە گیانلەبەرێکدا کۆبوونەتەوە، پەنام بە پەروەردگار!»**[3]

نووسەر سوودی لەو وشانە وەرگرتووە کە لە سەردەمی (نالی)دا بۆ وەسف و سەنای کەسێک بەکارهاتوون، وشەکان نزیکن لە ناوی (ماهشەرەف) خۆیەوە، وەسفەکە لە ئاستێکی وا دایە کە دەبێتە جۆرێک لە نرخ پێدان و بەرزکردنەوەی کەسایەتی و جوانی ڕووخساری (ماهشەرەف) بەیەکجار، چونکە هەم لە عەقڵ و تێگەیشتنی بەرزی دەدوێت هەم لە جوانی ڕوخساری. وەسفەکە لە سنوری واقیع دەردەچێت، وەک وەسفی نێو چیرۆک و داستانە ئەفسانەییەکانی لێدێت، لە یەک

1 سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.

2 سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧-٢٣٨.

3 سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٠.

کاتدا زۆر خەسڵەتی زۆر بەرز لە کەسێکدا کۆکراوەتەوە،هەرچەند بەشێکی زۆریشی ڕاستی بێت و لە واقیعدا وابووبێت دیسان دەتوانیت بڵێین وەسفەکە لە نێوان خەیاڵ و واقیعدایە.

**ئەنجام:**

دوای خوێندنەوە و نووسین و لێکدانەوە، لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانە:

١-بە ڕوانین لە مێژووی ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی، بۆمان دەرکەوت: ڕۆمانی کوردی لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە تا گەشەکردن لە فۆرمی ڕۆمانی واقیعیدا بووە، بە نموونەی ڕۆمانەکانی (مەسەلەی ویژدان، شڤانێ کورد، ژانی گەل، نازدار یان ژنی کورد لە لادێ، پێشمەرگە...هتد)، هەروەها چیرۆکی درێژی (لەخەوما) بە ناوەڕۆکێکی واقیعی نووسراون، زۆربەی هەرە زۆری ڕۆمانەکانی ئەم سەرەتایەش ئەو ڕۆمانانەن کە لەو قۆناغە مێژووییە دیاریکراوەدا ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەبووە. وەک ڕۆمانەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم تا دەگاتە ناوەڕاست و کۆتایی هەر ئەو سەدەیە، ئەگەرچی لە ڕووی چەندایەتی و لایەنی تەکنیک و هونەرەکانی گێڕانەوە وەک بەرهەمهێنان دیاریکراو بوون.

٢-لە ساڵانی نەوەدی سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەک، لەگەڵ گەشەکردن و زیاتر بوونی ژمارەی ڕۆمان و چیرۆک لە ئەدەبی کوردیدا، چەند فۆڕم و شێوازێکی نوێ لە نووسیندا دەردەکەون، بەشێکی بەرچاو لە ڕۆمانەکان بە فۆڕم و ناوەڕۆکێکی خەیاڵی دەنووسرێن، دەتوانین نموونەی بەشێک لە ڕۆمانەکانی( بەختیار عەلی، عەتا محەمەد، محەمەد میرزەنگی، بەیان سەلمان)، وەربگرین، لێرەوە دەتوانین بڵێین هەردوو جۆری (خەیاڵی و واقیعی) لە ڕۆمانی کوردیدا هەن.

٣- لەم ڕۆمانەنانەدا کە ئێمە لە توێژینەوەکەی خۆمان کارمان لەسەرکردوون، هەریەکەیان خاوەنی ئاستە ڕێژەی جیاجیای واقیع و خەیاڵە، هەندێ، لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) ئاستی سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی واقیع تیایدا لە ئاستێکی زۆربەرزدایە، بەسەر ئاست و ڕەگەزی خەیاڵدا زاڵە، بێگومان مەبەستمان لە خەیاڵ پێچەوانەی واقیع نیە، بەڵکو ئەو تایبەتمەندیەیە کە لە واقیعدا بوونی نیە بەڵام وەک هەقیقەتێک دەشێ ببێتە کەرەستە و خەیاڵچنی ئەدەب و ڕۆمان، واتە دەکرێ ببێتە کەرستەی ڕۆمان و جۆری تری ئەدەبی، ئەم ڕۆمانە مێژوویەکی ڕاستەقینە لەسەر زەمینێکی واقیعی و کۆمەڵێک ڕووداوی واقیعی کردووە بە بنەمای ڕۆمانەکە، بۆیە دەکرێ بگوترێت ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی واقیعییە.

٤-ڕۆمانی (دێوانەیەک لەم شارەیە) زیاتر لەسەر بنەما و بنچینەیەکی خەیاڵی و (فەنتازی) بنیاتنرااوە، کەمتر پشتی بە واقیع و مێژوو و ڕووداو و کەسایەتی ڕاستەقینە بەستووە، چیرۆکەکە بە گشتی لە حەقیقەتێکی تۆمارکراو و بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی واقیعی وەرنەگیراوە، بەڵکو زادەی خەیاڵی نووسەرە، لەبەر ئەوەش کە ڕێژەی بەکارهێنانی خەیاڵ لە ڕۆمانەکەدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، ڕۆمانەکە بووە بە ڕۆمانێکی خەیاڵی.

٥- لە سەروبەندی ڕۆمانی واقیعی و خەیاڵی لە سنوری توێژینەوەکەی ئێمەدا، جۆرێکی دیکەی ڕۆمانمان هەیە کە دەتوانین بە جۆری سێیەمی دابنێین، ئەویش ڕۆمانی خەیاڵی و واقیعییە، واتە کەرستە و ناوەڕۆکی خەیاڵی و واقیعی بەیەکەوە لە ڕۆمانەکەدا هەن، تێکەڵەیەک لە هەردوو ڕەگەزی خەیاڵ و واقیع (هەروەها مێژووش)، ئەم هەڵکەوتەش لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە نێوان دوو ئاست و جۆری واقیع و خەیاڵی لە ململانێن، ڕۆمانی (شازادە و شاعیر) لە ڕووی پێکهاتن و

داڕشتن و بنەمای گشتی چیرۆک، توخمەکانی (ڕووداو، کارەکتەر، کات و شوێن) نووسەر سوودی لە دوو کەسایەتی ئەدەبی و مێژوویی کورد وەرگرتوە کە ئەوانیش ( نالی و مەستوورە)ن کە دوو کەسایەتی واقیعین، نووسەر بە هێزی خەیاڵ و خەیاڵچنی خۆی جیهانێکی خەیاڵی و واقیعی داڕشتووە، ڕۆمانەکە باس لە ژیانی چەند کارەکتەرێکی واقیعی دەکات، بەڵام بە کەرەستەی خەیاڵ بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە، لەبەرئەوە ڕۆمانەکە بە تێکەڵەیەک لە خەیاڵ و واقیع دادەندرێ، ئەم ڕۆمانە لە بەکارهێنانی خەیاڵ و واقیع هاوسەنگییەکی تایبەتی هەیە، بۆیە ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی خەیاڵی و واقیعییە.

## لیستی سەرچاوەکان


### کتێبە کوردییەکان

- ئازاد حەمە شەریف، جەمیل سائیبی شاکار نووس، کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر،(٢٠١٢).
- ئاری عوسمان خەیات، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی پاشایان کوشتی خوسرەوجاف و پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت-ی عبدولخالیق ڕکابی-دا، چاپخانەی نارین، هەولێر،(٢٠١١).
- ئاوارە صالح، شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا (ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکە سوور) بە نمونە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، (٢٠٢٠).
- ئومێد حەمەعەلی، ڕەمزییەتی بوونێکی نەگیراو، داگیرکردنی تاریکی وەک شەڕی وەهمییانەی سیستمی فاشیستی، چاپخانەی نوا، سلێمانی، (٢٠٢١).
- ئۆرهان پاموک، ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە، و: بەکر شوانی، سلێمانی، (٢٠١٤).
- ئیبزامر مالکام برادبری نوتروپ فرای، ڕۆمان چییە، و: جەواد مستەفا، چاپخانەی خانی، دهۆک،(٢٠٠٨).
- -ئیبراهیم حەسەن حەمەد، ڕەنگدانەوەی کەلەپور لە ڕۆمانی کوردیدا (باشوری کوردستان ١٩٨٥-١٩٩١) چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ، (٢٠١٢).
- ئەحمەد موختار جاف، مەسەلەی ویژدان یان چۆن بووم بە خانەدان، دکتۆر ئیحسان فوئاد، ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٨).
- بوشرا کەسنەزانی، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ساڵی ١٩٩٥-(٢٠٠٥)، سەردەم، سلێمانی، (٢٠٢١).
- بوشرا کەسنەزانی، جوانیناسی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، سەردەم، سلێمانی، (٢٠٢٢).
- بەختیار سەجادی، گێڕانەوەی کوردی لە نێوان واقیعی خوازی و دژە واقیعی خوازیدا، کۆنفرانسی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، هەولێر، خانەی کتێبی کوردی، (٢٠١٩).
- پەری موفتی، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (٢٠١٢).
- جەلال ئەنوەر سەعید ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، سلێمانی (٢٠٠٩).
- جەودەت هۆشیار، ڕۆمان لە نێوان ئەندێشە و واقیعدا، وە: سەباح ئیسماعیل. سەردەم، سلێمانی (٢٠٢٠).
- جەوهەر شێخانی، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر، (٢٠١٤).
- -حەمەسەعید حەسەن، ڕۆمان و ژیاننامە، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر، (٢٠١٨).
- حەمەسەعید حەسەن، ڕۆمان وەک ناسنامە، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، (٢٠٢٢).
- حسێن سابیر عەلی، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکە مەم بۆتانیدا، هەولێر، زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٠٨).

- حەمە مەنتک، ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی، سەردەم، سلێمانی، (٢٠٢١).
- دیمەن عەبدوڵڵا صالح، شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلیدا، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، (٢٠٢٣).
- دیوانی حاجی قادری کۆیی، انتشارات کردستان، سنندج، (١٣٩٠).
- دەریا جەمال حەوێزی، دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی لە ئاوێنەی ڕیالیزمدا ، هەولێر، (٢٠١٩).
- ڕێزان ڕەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەراجدا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٠٧).
- سەباح ئیسماعیل، چەمک و ستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، (٢٠٠٥).
- سەلاح عومەر، ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، چەند وتارێک لە بارەی چیرۆک و ڕۆمانەوە، چاپخانەی خانی، دهۆک، (٢٠١٠).
- سەنگەر زراری، هونەری ڕۆمان، بڵاوکراوەی تەفسیر، هەولێر، (٢٠١٨).
- سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە وپرسیار، ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٧).
- شاخەوان سدیق، ئەدەب و گێڕانەوە، سلێمانی، (٢٠٢١).
- شاخەوان سدیق، هونەری چیرۆک، چنین لە پێناو گێڕانەوەدا، لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوی (کەریمی ئەلەکە)، سلێمانی، (٢٠٢٢).
- شاخەوان سدیق، ڕۆمان و ناساندن، ڕانان و خوێندنەوەی چەند ڕۆمانێکی کوردی و بیانی، سلێمانی،(٢٠٢٠).
- عادل گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخی باشووری کوردستاندا ١٩٢٨-١٩٩٦، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،(٢٠١٩).
- عەبدوڵڵا ڕەحمان، کۆمەڵگا لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر، (٢٠٢٠).
- عەتا قەرەداخی، گەڕان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، سلێمانی. سەردەم، (٢٠١٧).
- عەتا قەرەداغی، گەڕان لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەک لە ڕۆمانی کوردی، سەردەم، سلێمانی، (٢٠١٧).
- عەتا قەرەداغی، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، سەردەم، سلێمانی، (٢٠٠٤).
- عەرەبی شەمۆ، شڤانێ کورد، گۆڕینی لە پیتی لاتینییەوە: موحسین ئەحمەد عومەر، ئاراس، هەولێر، (2006).
- عەلی عوسمان یاقووب، ڕۆمان لە ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان، بەرگی دووەم، سەردەم، سلێمانی، (٢٠٢٠).
- فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، هەولێر، بڵاوکراوەی خانەی کولتوور، (٢٠١٩).
- ڤەنسان ژووڤ، بووتیقای ڕۆمان. و: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، ئاراس، هەولێر، (٢٠١٢).
- کۆمەڵێک نووسەری بیانی، تیۆری ڕۆمان، و: محەمەد کەریم، سەردەم. سلێمانی، (٢٠٢٢).
- میران جەلال محەمەد، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستاندا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، (٢٠٠٩).
- نەجم ئەڵوەنی، تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،(٢٠١٧).
- نەجم ئەڵوەنی، سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری، هەولێر، (٢٠١١).

- نەجم ئەڵوەنی، گرنگی کارەکتەر لە ڕۆمانی یادداشتی عەتر و ئاگر-ی بەیان سەلمان-دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٢١).
- هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٧).

**گۆڤارە کوردییەکان**


- ئاوارە کەمال صالح، ڕۆمانی مێژوویی ڕۆمانی "نیشتمانی سارا" بە نموونە، گۆڤاری ئەکادیمیای کورد، ژمارە ٤٨ هەولێر، (٢٠٢١).
- عەبدوڵڵا سەراج، ڕووداو ڕەچەڵەکی سەرەکی ڕۆمانە، گۆڤاری هەنار، ژمارە ٧٢، (٢٠١٢).
- موحسین ئەحمەد عومەر. ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی. توێژینەوەیەکی پراکتیکی بۆ پێنج ڕۆمان. پژوهشنامەی ادبیات کردی دورەی ٥، ژمارە ٨، دانشگاه کردستان. سنە، ایران، (١٣٩٨).
- هیوا وەیسی، محەمەد زاهید، عەتا ئەڵماسی، ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلیدا، پژوهشنامەی ادبیات کردی-دەورەی ١ ژمارە ١، دانشگاه کردستان-سنە-ایران،(١٣٩٤).


**نامە زانستییەکان**


- ساکار دڵشاد عثمان، بنیاتی ڕووداوی سیاسی لە ڕۆمانەکانی (ماردین ئیبراهیم)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٢٢).
- سمیە نجیب خلیل، ئافرەت لە ڕۆمانی ئافرەتانی کوردیدا ٢٠٠٠-(٢٠٠٩)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠١٠).
- سەنگەر قادر شێخ محەمەد، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی دا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٠٩).
- سۆران ڕەشید حمد، بەها مرۆییەکان لە ڕۆمانی دەریاس و لاشەکانی بەختیار عەلیدا.، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠٢٢).
- ڤیان قانع حسێن، هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا، هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٢٢).
- کانیاو ڕەحمان حەمەد، ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی (کەریم کاکە)دا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،(٢٠١٥).
- کارزان موحسین قادر، سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠١٩).
- معتصم حمد ئەمین، بنیاتی توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا، زانکۆی کۆیە، (٢٠١٢).
- محەمەد ئەمین عەبدوڵا، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠)-١٩٩٧، هەولبێر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٠.


**٤- ڕۆمانەکان**


- ئەحمەد موختار جاف، مەسەلەی ویژدان یان چۆن بووم بە خانەدان، پێشەکی دکتۆر ئیحسان فوائد، ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٨).

- -بەختیار عەلی، داگیرکردنی تاریکی، ناوەندی ڕەهەند سێمانی، (٢٠٢٠).
- -خوسرەو جاف، شازادە و شاعیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، (٢٠١٨).
- عەرەبی شەمۆ، شڤانێ کورد، گۆڕینی لە پیتی لاتینییەوە موحسین ئەحمەد عومەر، ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٦).
- -نەبەز گۆران، دێوانەیەک لەم شارەیە، دەزگای ڕۆشنبیری ئەندێشە.چ٣، سلێمانی،(٢٠١٩) .

### سەرچاوە عەرەبییەکان

### کتێبەکان

- أمنة یوسف، تقنیات السرد فی النظریة و التطبیق ،ط٢ ، المؤسسة العربیة للدراسات النشر، بیروت، (٢٠١٥).
- جاستون باشلار، جمالیات المکان، ت: غالب هلسا، دار الحریە للطباعە، بغداد، (١٩٨٠).
- جون فیتشر، نقد المقارنە، مجلە فصول (المجلد الثالث) العدد الثالث، (١٩٨٣).
- حسن بحراوی، بنیة الشکل الروائی، المرکز الثقافی العربی، بیروت، (١٩٩٠).
- رولان بارت، مدخل الی تحقیق البنیوی للقصص، ت: منذر عیاش، (١٩٩٣).
- سمیر سعید حجازی، قاموس مصطلحات النقد الادبی المعاصر، دار الآفاق العربیە، القاهرە، (٢٠٠٣).

### نامە زانستییەکان

- بهاء بن نوارە، العجائبیە فی الروایە العربیە المعاصرە، مقاربە موضوعیە التحلیلیە، رسالە الدکتوراە. جامعە الحاج لخضر، باتنە جزائر، (٢٠١٣).
- قارة لنیدة لکحل، بناء الشخصیة و المکان فی روایة ذاکرة الجسد الأحلام مستغانمی، رسالة ماجستیر، قسم اللغة العربیة و ادابها،جامعة متنوری، قستنطنیة، الجمهوریة الجزائر، (٢٠١١).
- منیر بهار عتبی، البنیە الزمکانیە فی روایات ولید الرحیب، رسالە ماجستیر، قسم اللغە العربییە و ادبها کلیە الاداب و العلوم، جامعە الشرق الاوسط، عمان، (٢٠١٥).

### سەرچاوە فارسییەکان:

- سیما پور مرادی، رضا صادقی شهپر، فراداستان شگردی پسامدرن: مطالعه در موردی رمان تماشای یک رؤیای تباه شده، اثر بیژن بیجاری، مقاله پژوهشی انتشارات دانشگاه علامه طباطبائی، دوره ٢٥ شماره ٨٩ ، (١٤٠٠).
- کرامت نسیم، فقیهی حسین، از خیال عارفان تا تخیل ژیلبر دوران. ادبیات عرفانی. علوم انسانی زهرا نشریه ادبیات عرفانی دوره ١٠ شماره ١٨، (١٣٩٧).
- محمدرضا ریختەگران، تأملی در مبانی نظری هنر و زیبایی،حقیقت و نسبت آن با هنر، فصلنامه هنر شماره ١٨ طهران، (١٣٨٩)

- میریام الوت، رمان به روایت رمان نویسان، طهران، (١٣٦٨).

**سەرچاوە فەرەنسی و ئینگلیزییەکان.**

- LOUIS REY, PIERRE. LE ROMAN. HACHETTE. . (1992)
- CHRISTOPOULOS. D.T.. A simple Definition of time. Univercity of Athen. Reaserch.gate. Google. (2014)

**چاوپێکەوتن:**

- حەسەن قازی. چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی ستێر تیڤی لەبارەی ڕۆمانی: داگیرکردنی تاریکی. لینکی بابەتەکە لە ئەنتەرنێت. https://www.youtube.com/watch?v=f23stePuHlI

## Abstract

Finally, in this research on the problem of real and fictional novels in Kurdish literature, due to the depth and sensitivity of the subject, it will always remain as a theoretical and practical problem on the agenda. Our simple effort goes in this direction.

In this study, we will get several characteristics as a result. Kurdish novels have been in the form of realistic novels since their inception. In the sense that we have very few completely fictionalized novels, if any. Most of the novels of this early period were those that had social and political content at that particular historical period. Like early-to-mid- and late-twentieth-century novels, though distinct in quantity and aspects of storytelling techniques and arts as production.

Another point that follows from this is the existence of different levels of reality and imagination in contemporary Kurdish novels. There are novels in which the amount of reality is very high and dominates the level and genre of imagination. Of course, we do not mean the opposite of reality, but the characteristic that does not exist in reality, but as reality can become the tools and imagination of literature and novels, that is- ie can become the tools of novels and other types of literature. So, we have a novel. All materials, thoughts and general content of the novel are imaginary, devoid of reality.

There is another type which can be categorized as the third type in this study, namely fictional and realistic novels, that is, there are both fictional and realistic materials and content in the novels. Mixing both fiction and reality (as well as history), this position opposes end to end between two levels and types of reality and fiction.

In this study, we have selected three new Kurdish novels published in the last two, three or four years. In these three novels, we put all our views and theoretical analyzes into practical analysis. In this regard, the novel "The

Occupation of Darkness" is one of the new realistic novels in Kurdish narrative literature. It contains all the criteria of reality, of course, in terms of content, narrative technique and constituent elements of the novel. The reality aspect is strong and there may be similarities and occurrences in the real world. However, A Madman in This City, is more of a fiction novel and wants to talk about a certain reality through imagination and the power of imagination. But in general, it can because its constituent elements are drawn from fiction and are more within the framework of fiction novels.

The novel The Prince and the Poet is an example of the third type, which can be considered a realistic and fictional novel. In this sense, the author used two ancient Kurdish literary and historical figures such as Nali and Mastura Ardalani, who are two real figures. The author has created an imaginary and realistic world with the power of his imagination. The novel chronicles the lives of several real characters, but tells the story with the tools of the imagination. Therefore, the novel is considered a mixture of fiction and reality.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Problem of Real and Fictional Novels in New Kurdish Literature

A Thesis
Submitted to the Council of the College of language- Salahaddin University- Erbil in partial Fulfillment of the requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish Literature

**By**
**Hawara Ramazan Wali**
B.A. in Kurdish Department- Suleimanieh Universty- 2015

Supervised By
**Prof. Dr. Mohsen Ahmad Omer**

Erbil-KURDISTAN
July 2023